CIHAN UNIVERSITY

2007 ERBIL

زانكۆی جیهان ● جامعة جيهان

هەولێر

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

١٠٧٨ - ١٣٣٩ کۆچی
١٦٦٧ - ١٩٢٠ زایینی

بەرگی دووەم


بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان
خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان


٢٠٢١

ئامادە و پێشکەشکردنی: **د. نەوزاد یەحیا باجگر**

وەرگێڕان: **ئاشتی رەحمان**

پێرســت





- ناوی کتێب • **هەولێر** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا
- بەرگی دووەم ١٠٧٨ - ١٣٣٩ کۆچی/ ١٦٦٧ - ١٩٢٠ زایینی
- ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
- وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان
- بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
- دیزاینی ناوەڕۆک • سومەییە موڕادی
- بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان-خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان
- تیراژ • ١٠٠٠ دانە
- چاپ • دووەم ٢٠٢١ هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٣٢١)ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری

ئەم وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

پێشەکی

بوونی بەڵگە نەك تەنیا لە بوارەکاندا بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەشدا گرنگن و جێگای بایەخن، زۆربەی کات لە بچووکترین قسە کە دەکرێت، دەڵێن بەڵگەت هەیە؟، واتە لە رابردوو و لەم ڕۆژگارەدا بەڵگە متمانە دەبەخشێتە ناخی تاك و دڵی تاك ئاسوودە دەکات، لەم گومانەی کە لە ناخیدایە، وا دەکات ببێتە جێگای باوەر پێکراو، جگە لەمەش وا لە بابەتەکە دەکات کە دروستکراو نەبێت، بە تایبەتی لە بابەتی مێژوویی و دادگاییدا.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی لێرەدا زۆر پێویست و گرنگە، بایەخەکەی بە هیچ شتێك یەکسان ناکرێت و ناخرێتە هەمان قاڵبەوە، رووداوە مێژوویەکانە، کە بە هەزارەها ساڵ لەمەوبەر روویان داوە، یا ئەوەتا بە باس کردن پشت لە دوای پشت بۆ یەکتری گێردراوەتەوە دواتر کراوەتە کتێب، یاخود ئەم دەستنووس و بەڵگانەیە کە لەم سەردەمانەدا نووسراونەتەوە و بۆ رۆژگاری ئەمرۆماندا ماوەتەوە، هەر خۆی لە خۆیدا هەمیشە رووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکان جێگای گومانن، هەردەم بە چاوی گومانەوە سەیری کتێبە مێژووییەکان کراوە، بۆیە بە پلە یەك دەستنووس و بەڵگەکانی مێژووی لە سەرووی هەموو سەرچاوە مێژووییەکان هەژمار کراوە و بە رادەیەکی بەرز گومانی تاکی رەواندۆتەوە و مێژوونووسان بەم رێگەیەوە توانیویانە پاکتاوی مێژوو بکەن و لە رووداوەکاندا زانیاری پوخت و باوەر پێکراو بخەنە ژێر دەستی خوێنەر، ئەم زانیاریانەی کە ناراست و نادروستن پشتگوێ بخرێن و سەرچاوەی بەڵگە بکەنە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان.

بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی خاکی کورد بە درێژایی مێژوو لە ژێر دەسەڵاتی بێگانە بووە، هەر بۆیە نووسینەوەی مێژووەکەشی لەلایەن بێگانەوە نووسراوەتەوە، جگە لەمەش ئەم نووسراوانەش لەم وڵاتانە پارێزراون کە کوردستانیان لە ژێر دەستدا بووە، ئەمەش وایکردووە مێژووی کورد لە رووی زانیاری راست و دروستەوە هەژار بێت و بۆشاییەکی گەورە دروست بکات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئەم بۆشاییە پر بکرێتەوە و ئەم زانیاری راست و دروستانە شوێنی ئەم کەلێنانە پر بکەنەوە کە لە مێژووی کورددا دروست بوون، هەڵبەتە هێنانی ئەم بەڵگانە و وەرگێرانیان هێندە ئاسان نییە، هیلاکی و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت، بەڵام بە ئامانجی گەیشتن بە راستی و مێژووییەکی پوخت و دروست، لەگەڵ ئاشکرا کردن و دۆزینەوەی ئەم زانیاریانەی کە هێشتا لە ناو بەڵگەکاندا پەنگیان خواردۆتەوە و بە دەست مێژوونووسان نەگەیشتوون، هەر بۆیە بەشێکی تری بەڵگەکان کە تایبەتن بە شاری هەولێری دێرین، لەسەر ئەرکی زانکۆی جیهان لە بەرێوەبەرایەتی ئەرشیفی عوسمانی لە ئیستەنبۆڵ هێنران و وەرگێردران، لە پەرتوکێکی تر کۆمانکردەوە.

ئەوەی شایەنی باسە شاری هەولێر یەکێکە لە شارە کۆنەکانی جیهان، گرنگیەکی تایبەتی هەیە، ئەم تایبەتمەندیە وایکردووە لە زۆربەی پەرتوکە جیهانیەکاندا باسی بکرێت و ناوی بهێنرێت، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم شارە دێرینە بە چەندین سەردەمی زێرین تێپەرێوە و لەلایەن چەندین نەتەوە و هێزەوە دەستی بەسەر داگیراوە، بەهۆی تێپەربوونی بەم هەموو قۆناغەوە، هەر میللەتێك و هێزێك بە هەولێر تێپەری بێت، ناوی هێناوە و باسی دێرینی ئەم شارەی کردووە. یەکێك لەم هێز و نەتەوانە نەتەوەی عوسمانی بووە، دوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەولێر کەوتە ژێر دەستی عوسمانیەکان و بۆ ئەم دەوڵەتە شوێنێکی گرنگ و بە بایەخ بووە، لە رووی کارگێری و سیاسیەوە پێگە و پلەوپایەکەی بەهادار و بە نرخ بووە، نووسراو و بەڵگەکانیش گەواهیدەری ئەم سەردەمەن.

دوای ئەم ماندووبوون و هیلاکیەی کە کێشامان، هیواخوازین سوودێکمان بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی کوردستان گەیاندبێت و مێژوونووسان سوود لە زانیاریەکانی ئەم پەرتوکە وەربگرن.

د. نەوزاد یەحیا باجگر

سەرۆکی دەستەی ئەمیندارییەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

چەند ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان

١ • لە بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ، مانگ و ڕۆژ کراوە؛ لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکان ئەوا مێژووی کۆچی و ڕومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی ڕومی یا کۆچییەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە ڕومییەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • هەڵەی ناوی تێدایە، بۆ نموونە ناوی کەسێتی، شوێن و عەشیرەت بە هەڵە نووسراوەتەوە، ئەم نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە توّی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، بۆیە بە هەڵە نووسیویەتیەوە، لە کاتی وەرگێرانیش هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ •لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان، هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێڕانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابووایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش بۆ ئەوە بووە تا بەڵگەکان ڕەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەم سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەم بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەمەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان، ڕوون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک بەڵگەدا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە، کە ئەم ووشەیە نەخوێندراوەتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە، کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود ڕاستترە بڵێین زاراوە هەیە لەم سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەم مانایە نادەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەمەش وەرگێرانی ئەم ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەم ئاستە نابێت، واتە مانای پڕ بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و ڕوون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

٧ • بەڵگە هەیە لە چەندین لاپەڕە پێک هاتووە، ئەم چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەم چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز و هەر لاپەڕەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا مووی وەرگێردراوە.

٨ • دووبارە بوونەوەی بەڵگە، هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆبکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

٩ • لە کاتی نووسینەوەی ڕووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە، بە گشتی باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باسکراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

١٠ • لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و ڕستەی دووبارە بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

١١ • لە بارەی ساڵی بەڵگەکان، بۆ ڕیزبەندی بەڵگەکان ساڵی کۆچی و زایینی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و ڕۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر بەرگەکەی گۆڕانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کە گەیشتۆتە لای پاشاش ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە، کە نووسراوەکەی بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک بەڵگەدا چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

١٢ • هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ ەکەی فڕێ داوە، یا ئەگەر نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ ەکەی فڕێ داوە.

وەرگێڕ

شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

ئاڵای (الای)	ئاڵای بە مانای کۆمەڵ و قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە، لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدایە.
ئەعیان (اعیان)	بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت، ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، لە ساڵانی ۱۸۷۷ و ۱۹۰۸ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە.
ئەنبار	شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و کەلوپەل بەکارهاتووە.
ئەنجوومەنی والا (مجلسی والا)	ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ۱۸۳۷ دامەزرا، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ دەکرد، لە ساڵی ۱۸٦۷ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا.
ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره)	تەوێلەی کۆشکی پاشا.
ئۆچاقلق (اوجاقلق)	ئەم زەوییانە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک بوو.
ئۆن باشی (اونباشی)	ئەم سەربازە قوماندانیەتی ۱۰ کەسی کردووە.
ئیستدعانامە (استدعانامە)	ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە .
ئیستعلامنامە (استعلامنامە)	ئیستعلام نووسراوی بە زانیاری بووە، هەرچی ئیستعلامنامەیە نووسراوی بە بەڵگە بووە.
ئیستیناف (استیناف)	دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەم بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر، واتە لە ئەم بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە.
بابی عالی	بنکەی سەدری ئەعزەم، دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە.
باش کاتیب (باش کاتب)	نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، لە فەرمانگە فەرمییەکاندا ئەرکەکەشی نووسینی نووسراو بووە.
باش کیتابەت (باش کتابت)	کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیب، واتە سەرۆکی نووسین.
باشبوغ	قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک.
باش مودیرەت (باش مدیرت)	باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت.
بەرائەتی شەریفە	واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن، دەبووایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت.
برادەر زادە	برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات.
برادەری	واتە برا.

بلۆک (بلوک)	دەستەی سەربازی.
بلۆک باشی (بلوک باش)	سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک.
بینباشی (بیکباشی)	بین بە مانای هەزار دێت، باش واتە سەر، بینباشی، ئەم ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە.
پلەی حەرەمەین (درجه حرمین)	بەم کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە، زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە، کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە.
تابور	لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا.
تاتار	نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەم کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ وتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا رۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە پێیان ووتراوە تاتار.
تەحسیلدار (تحصیلدار)	ئەم فەرمانبەرەیە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە.
تەرسانە (ترسانە)	تەرسانە یاخود تەرسخانە واتە کارگەی دەریایی، ئەم شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکان و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانە عامرە).
تەغار (تغار)	٤ ربە ١ تەغارە.
تەنزیمات (تنظیمات)	لە رووی زاراوەدا بە مانای رێکخستن و رێکوپێکی و خستنە سەر رێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ٣ قاسمی ١٨٣٩ لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریە) بوو.
تیمار	ئەم زەوییە کشتوکاڵیە داهاتی ساڵانەی لە نێوان ٣٠٠٠-٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەم سەربازانە دراوە، کە بەشداری شەڕیان کردووە یاخود بەم کەسانە دراوە کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرا بوو، بەم داهاتەش بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین کردووە، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا.
پارە	وشەیەکی فارسیە، ١ قوروش ٤٠ پارەیە، ١ پارەش دەکاتە ٣ ئاقچە.
پۆست نشین	بەشێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە.
حەرەم (حرم)	ئەم شوێنەیە، هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەم شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت.
جەبەخانە (جبەخانە)	ئەم کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە.
جەلیلە (جلیلە)	جەلیلە بە مانای ناوداری گەورە یاخود شکۆدار دێت، کە نووسراو بۆ فەرمانگەی وەزیر و موشیر دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە.
خاخام	زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین.
خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی)	خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر کاری کردووە، ئەم ئەرکە لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەو دەردەچێت.

خەیل (خیل)	تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت.
خولعە (خلعە)	ئەم جلە چەند جۆرێکی هەبووە، جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە وەکو پاداشت یاخود رێزلێنان بە کەسێک دەدرا.
داعی	ئەم کەسە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردن بووە.
دەرسەعادەت	ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.
دەفتەردار (دفتردار)	سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی.
دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی)	دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە، فەرمانگەیەك بوو، کاروباری پارەی دەوڵەت و موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ.
دزدار	پارێزگاری قەڵا.
دوخان	تووتن.
دوخانچی	تووتنچی؛ ئەو کەسە کاری تووتنی کردووە.
ژورنال	ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە.
رایج	رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی.
رەدیف (ردیف)	بەم سەربازانە وتراوە رەدیف، کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و لە کاتی پێویستیش چەکیان پێ دەدرا.
رەژی (رژی)	فەرمانگەی تووتن.
روزهزر و روزقاسم	(Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەم سەردەمە، لەم رۆژەدا لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین دەکات.
رسوم (رسوم)	باج و باجی گومرگ.
رسومات (رسومات)	باجەکانی گومرگ.
ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی)	پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پەیوەستە بە کارەکانی پاشا.
ریال	ریال پارەی زیوی ئاسیاویە، دەکاتە ٢٥ قوروش.
ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە)	سەربازە سوارەکانی پاشا.

ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی	بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا.
زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە)	ئەم شوێنە پارەی دەوڵەتی تێدا دروست دەکرا.
سالیانە	ئەم باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بەرامبەر بە ئەرکەکەیان، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە.
سەدارەت (صدارت)	شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی.
سەدارەتپەناهی	پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم.
سەدری ئەعزەم (صدر اعظم)	پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە.
سەر عەسکەر (سر عسکر)	سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت.
سەر کاتیب (سر کاتب)	سەرۆك یاخود یەکەم نووسەر.
سەعادەت (سعادت)	واتە خۆشی.
سەفەربەرلیك (سفربرلك)	بەم کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە، تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە.
سەلاملك (سلاملك)	لە کۆشکە گەورەکاندا بەم ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو.
سوریچی	ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بەکرێ گیراوە، تا بارگیرەکان بە رێگا ببات.
سیپاهی (سپاهی)	ئەم سەربازە سوارەیە خاوەنی زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەم دە یەکە (عشر) کە لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد، بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا.
سیپاهیدار (سپاهدار)	گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر.
سیلاحشۆر (سلاحشور)	واتە پیاوی چەکدار، ئەم پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە جەنگدا بە چەك شەڕیان کردووە.
شاهنشاه	گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان.
شەهبەندەر (شهبندر)	بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم، بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد، تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات.
شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت)	پێش ئەم دامەزراوەیە، ئەنجومەنی والا کارەکانی ئەنجام دەدا، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی والا، لە ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو.

چاوش	وشەیەکی تورکیە، لە رووی سەربازییەوە سەربازی پلە بچووکە، ئەمڕۆش بە پلەی پاسەوان دێت.
چەڵتوک (چلتوك)	برنج.
قۆیقۆدە	لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەرێک بووە سەر بە خەزینە، ئەم داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن خانم، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەمانە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، لە بەڕێوەبردندا پیاوی بەهێز بوون، بۆیە ناوە ناوە کێشەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد.
عولوفە (علوفە)	ئەم زاراوەیە بەم سەربازانە دەوترا، کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت.
فەریق (فریق)	واتە تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو.
فرقە	دەستە، کۆمەڵ.
قەپوچوقدار (قپوچوقدار)	ئەم فەرمانبەرانە بوون کە لە بابی عالی ویلایەت، لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد.
قەپوچی باشی	بەڕێوەبەری ئەم چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون.
قەپوکەتهودا (قپوکتهودا)	قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوو.
قەساس (قصاص)	سزای شەرعی بکوژی کوژراو و بریندارکاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن.
قپوچی باشی (قپوچی باشی)	قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا، کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەم دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەمە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە، دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب هومایونی قپوچی باشی).
قۆڵ ئاغا (قول اغا)	بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا.
قولی	قول؛ ئەم پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکردرێت، هەرچی قولی؛ ئەم فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت.
قوماندان	قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئالای، قوماندانی ژاندارمە.
قۆناغ (قوناغ)	قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە هەبوایە هەژمار دەکرا، جگە لەمە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت.
قیە	دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە ١٠٠٠ گرام دەکات.
کەتهودا (کتهودا)	واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار.
کەلەك (کلك)	ئەم پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەڕێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان ئەم کرێیە بووە، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەم کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە.

کیل	کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە.
گاردیان	فەرمانبەری گرتووخانە.
مەشروتیەت(مشروطیت)	مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتەش لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەم حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە.
مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە)	وڵاتی عوسمانی.
مەمالیك(ممالك)	وڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وڵاتێك.
مەملوک (مملوک)	کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە.
مەنزل	لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە.
موشیر (مشیر)	بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی یەکسانە بە وەزارەت، کە گەورەترین پلەی سەربازییە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە.
موعەجەجەلە (معجلە)	موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت.
موقاتەعە (مقاطعە)	ئەم زەویانە بوونەن، کە خاوەندارییەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە شێوەی ڕێککەوتن و بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان، جگە لەمەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەم پارەیەش ڕاستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت.
میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی)	سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە.
نازر (ناظر)	لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی.
نەزارەت (نظارت)	لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. لەم سەردەمەدا بە مانای وەزارەت دێت.
هومایۆن (همایون)	پاشا.
وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی)	پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەم کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار.
یوزباشی	لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە ڕووی سەربازییەوە ئەم ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی بلۆکێک دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی ڕەدیف.
یوک	یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت، کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قورووش.

کـۆد و ووشـەی ڕەسـەنـی کـۆدەکـان


A.AMD.	Bab-i Âsafî Âmedî Kalemi	بابی عەسافی
A.DVN.	Sadaret Divan Kalemi Evrakı	سەدارەت، کاغەزەکانی دیوانی قەڵەم
A.E.I. ABDÜLHAMİD.	Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid	پۆلینکردنی میری عەلی، عەبدولحەمیدی یەکەم
A.E.III. OSMAN.	Ali Emiri Tasnifi III. Osman	پۆلینکردنی میری عەلی، عوسمانی سێیەم
A.E.III.AHMED.	Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed	پۆلینکردنی میری عەلی، ئەحمەدی سێیەم
A.E.III.MUSTAFA.	Ali Emiri III. Mustafa	پۆلینکردنی میری عەلی، مستەفای سێیەم
A.MKT.	Sadaret Mektubi Kalemi	سەدارەت، قەڵەمی تۆمار
A.MKT.DV.	Sadaret Mektubi Kalemi Deavî	سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار
A.MKT.MHM.	Sadaret Mektubi Kalemi Mühimme	سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان
A.MKT.MİTM.	B.E.O. Sadaret Evrakı	بابی عالی، کاغەزەکانی سەدارەت
A.MKT.MVL.	Sadaret Mektubi Kalemi Meclis-i Vala	سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا

A.MKT.NZD.	Sadaret Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair	سەدارەت، قەڵەمی تۆماری نەزارەت و دیوان
A.MKT.UM .	Sadaret Mektubi Kalemi Umum Vilayet	سەدارەت، قەڵەمی تۆماری گشت ویلایەتەکان
BEO.	Babıali Evrak Odası	کاغەزەکانی ژووری بابی عالی
C.AS.	Cevdet Tasnifi Askeriye	جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی
C.EV.	Cevdet Evkaf	جەودەت، ئاوقاف
C.NF.	Cevdet Nafia	جەودەت، نافیە
C.T.	Cevdet Timar	جەودەت، تیمار
DH.EUM.EMN.	Dâhiliye Nezareti Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi	نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
DH.EUM.MKT.	Dâhiliye Nezareti Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası	نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی پۆستەی ئەمنیەتی گشتی
DH.I.UM.EK.	Dâhiliye Nezareti İrade-iUmummiye Ekleri	نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی فەرمانی گشتی
DH.ID.	Dâhiliye Nezareti İrade	نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان


DH.MB.HPS.	Dâhiliye Nezareti Meban-i Emiriye-Hapishâneler	نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان
DH.MB.HPS.M.	Dâhiliye Nezareti Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti	نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری
DH.MKT.	Dâhiliye Nezareti Mektubi Kalemi	نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار
DH.ŞFR.	Dâhiliye Nezareti Şifre Kalemi	نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە
DH.SN.THR.	Dâhiliye Nezareti Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi	نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن
DH.TMIK. M.	Dâhiliye Nezareti Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela	نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە
DH.TMIK.S.	Dâhiliye Nezareti Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu	نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە
DH.UMVM.	Dâhiliye Nezareti Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu	نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت
HR.MKT.	Hariciye Nezareti Mektubi Kalemi Evrakı	نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار

HR.SYS.	Hariciye Nezareti Tahrirat-ı Hariciye Odası	نەزارەتی دەرەوە، ژووری تۆماری دەرەوە
I.AS.	Irade Askeri	فەرمانی سەربازی
İ.DH.	Irade Dâhiliye	فەرمانی ناوەخۆ
I.DUIT.	Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifî	ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە، پۆلینکردنی فەرمان
I.HB.	Irade Harbiye	فەرمانی جەنگی
I.HUS.	Irade Hususi	فەرمانی تایبەتی
İ.ML.	Irade Maliye	فەرمانی دارایی
İ.MMS.	Irade Meclis-i Mahsus	فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت
I.MVL.	Irade Meclis-i Vâlâ	فەرمانی ئەنجوومەنی والا
I. ŞD.	Irade Şura-yı Devlet	فەرمانی شورای دەوڵەت
İ.TAL.	Irade Taltifat	فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین
İE.EV.	Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf)	پۆلینکردنی وەقفی ئیبنولئەمین
MF.MKT.	Maarif Mektubi Kalemi	قەڵەمی تۆماری مەعاریف
MV.	Meclis-i Vükela Meclis-i Vükela Matbataları	ئەنجوومەنی بریکارەکان، چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی بریکارەکان


MVL.	Meclisi Vâlâ	ئەنجوومەنی والا
MVL.	Meclis-i Vâlâ Meclis-i Vâlâ Evrakı	ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی ئەنجوومەنی والا
Ş.D.	Şura-yı Devlet Evrak	کاغەزەکانی شورای دەوڵەت
Y.A.HUS.	Yıldız Sadâret Hususi	ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت
Y.MTV.	Yıldız Mütenevvi Maruzât Evrakı	ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە وون بووەکان
Y.PRK. AZJ	Yıldız Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu	ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی داواکاری و ژورنال
Y.PRK.ASK.	Yıldız Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat	ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی کاغەزەکانی داواکاری سەربازی
Y.PRK.DH.	Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı	کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی ناوەخۆ
Y.PRK.PT.	Yıldız Perakende Posta ve Telgraf	ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی نارێك
Y.PRK.SH.	Yıldız Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı	ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی تەندروستی
Y.PRK.UM.	Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı	کاغەزی گشتی، تۆماری ویلایەتەکان




IE.TCT	00004.00431	28 موحەررەم 1078 (٢٠ تەمموز ١٦٦٧)
وەلی بەگ موتەسـەرفی پێشـووی سـانجەقی هەولێر، سـانجاقی شـەهربازاری پێدراوە، بڕیارەکە نووسراوەتەوە. 28 موحەررەم 1078		




IE.AS	00012.1109	29 موحەررەم 1078 (٢١ تەمموز ١٦٦٧)
جەنابی سوڵتانی میهرەبانم سەلامەت بێت، لە داواکاری بەندەتان هاتووە، وەلی دزداری قەڵای هەولێری سەر ئەیالەتی شارەزوور، باوکی منە، بەم دواییە لە خزمەتەکەیدا کاری باشی ئەنجام نەداوە، بۆیە کاری ئەم دزداریە بدرێتە بەندەتان، تکا دەکەم وەکو سەدەقە و ئیحسان داوای دەکەم، داواکاریم بەرز کردۆتەوە، ئەم فەرمانەی ماوەتەوە بۆ جەنابی سوڵتانم. بەندە محەمەد		




<table>
<tr><td>IE.AS</td><td>00007.00595</td><td>11 جەمادی کۆتایی 1079 (١٦ تشرینی دووەم ١٦٦٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بەنـدە سـلێمان بەگـی ئـاڵای پێشـووی سـانجەقی هەولێر جێگیـر و دیندار بـوو، هەروەهـا لە قـەڵای ناوهاتوو کاری خێـری کـردووە و سـوود و خزمەتی کردووە، دڵسـۆزیەکەی پاکە، بەبێ هیچ هۆیـەك لە خزمەتەکەی دوور خراوەتەوە و کەسێکی تر بە ناوی سەلیم لە شوێنی دانراوە، بەم شێوەیە ناوبراو زوڵمی لێکراوە بەوەی کەسێکی تریـان هێناوەتـە شـوێنی، بۆیـە تـکا دەکرێت لـە ئەرکەکـەی بمێنێتـەوە، راگەیەنـدراوە، فەرمانیش بۆ سـەرووە.
داواکاری بە واژووی مستەفا بەگ پارێزگاری بەغداد</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>IE.AS</td><td>00019.01800</td><td>7 زیلحیجە 1079 (٨ مایس ١٦٦٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سانجەقی هەولێر و ناحیەکەی لە ..... و ئەوانی تر بە ٤٤٨٨ ئاقچە مەزرەعە خالیە، بە کۆی ١٠٠٠ ئاقچە، ٥٤٨٨ ئاقچە زەوی کشتوکاڵی لەسەر ناوی ئیبراهیم بووە، ئەم مردووە، شوێنەکەی بەتاڵە و خزمەتەکەی وەستاوە، بۆیە بەندە محەمەد کەسێکی شیاوە و بۆ ئەم کارە لێهاتووە، لە نەبوونی ئیبراهیم بە تکا و سەدەقەوە داوا دەکرێت بدرێتە محەمەد، بریار و فەرمان بۆ ئێوەیە.
بەندە سەلیم میری ئالای هەولێر</td></tr>
</table>



IE.AS	00016.01517	23 جەمادی کۆتایی 1081 (٧ تشرینی دووەم ١٦٧٠)
لە قەڵای هەولێر میرزا محەمەد ووتاربێژی جامیعی شەریف رۆژانە بە ١٠ ئاقچە ئەرکی هەبووە، دوای مردنی شوێنەکەی بە تاڵ بووە و ئەرکەکەی خالیە، لە شوێن ئەو مەلا محەمەد خەلیل بۆ ئەم کارە گونجاوە و شایەنی ئەوەیە ئەم ئەرکەی پێ بدرێت، بە تکاوە بە سەرووم راگەیاندووە، فەرمانیش بۆ سەرووە. دزداری قەڵای هەولێر		




<table>
<tr><td>AE.SMMD.IV</td><td>00016.01767</td><td>4 جەمادی کۆتایی 1092 (٢١ حوزەیران ١٦٨١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">٤ جەمادی کۆتایی ١٠٩٢
بۆ جەنابی سوڵتانم
بەندەتان لە سانجەقی هەولێری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بۆ سانجەقی موسڵ دوور خراوەتەوە، لەم بارەیەوە چاوەڕێی میهرەبانی دەکرێت، ئەم فەرمانەی ماوەتەوە بۆ جەنابی سوڵتانمە.
محەمەد</td></tr>
</table>




IE.TCT	23.2422	**10 رەمەزان 1126 (١٩ ئەیلوول ١٧١٤)**

لە ١٠ رەمەزان ١١٢٦ نێردراوە
ئەوەی پەیوەستە بە عەبدولرەحیم بەگی ئاڵای ئەیالەت، هەموو ساڵێك لە سانجەقی هەولێر ئەوەی پێویستە کردوویەتی لەگەڵ ئەمەش ئەوەی پێویوت بووە بۆ منداڵی هەژار کردوویەتی، دواتر لەسەر داوای خۆی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەندەتان محەمەد کەسێکی شیاوە و مەرجەکانی تێدا هەیە، لە لیوای ناوهاتوو عەبدولرەحیم لابدرێت و محەمەد دابنرێت، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ رەبیعی کۆتایی ١١٢٦.




IE.AS	00060.05418	16 رەبیعی یەکەم 1126 (١ نیسان ١٧١٤)

پاشای پارێزگاری شارەزوور
لە سانجەق و ناحیەی هەولێر مەزرەعە بە ناوی گردە عروە سەلیم فەوزی ئەیوب بە بری ٥٠٠٠ ئاقچە بەڕێوەدەبردرێت، بەڵام ئێستا خالیە، هەروەها دیسان لە لیوای ناوبراو و ناحیەی ناوهاتوو مەزرەعە بە ناوی قرەیتام بە بری ١٥٠٠ ئاقچە لەلایەن کەسێك بە ناوی وەلی بەڕێوەبردراوە، بەڵام بەهۆی کەموکوری خۆی بۆشایی بە جێ هێشتووە لەگەڵ ئەوەی زەویەکە خالیە، بدرێتە ئەحمەد کە چاوی کاڵ و برۆ زەرد و باڵا مام ناوەندە، ئەم کەسە شایەنی وەرگرتنی ئەم زەوییەیە، وەلی، بەگی ئاڵای لیوای ناوبراو رایگەیاندووە ئەوەی باسکراوە ٥٠٠٠ ئاقچە کراوەتە ٣٠٠٠ ئاقچە لەگەڵ ئەوەی باسکراوە لە ١٥٠٠ ئاقچە کۆبکرێنەوە و لە سانجەقەکەی خۆی نیشتەجێ بێت و لە ژێر بەگی ئاڵا بە مەرجی چوونە شەڕ لە ساڵی ١١٢٤ موحەررەم رۆژی هەشتەم پێی بدرێت ئەگەر پێویست بکات لە ئەمڕۆ بە دواوە لە ژێر دەستی بمێنێتەوە چ خەرجیەکی کردبێت، هەروەها لە ئەرکەکەیدا جێبەجێ بکرێت، بە سوپاسەوە هەوڵ و کۆششی سەربازانی مەنسورە لە دەفتەر و دەفتەر خاقانی هیچ کەموکوریەکی تێدا نەکرێت، لە مێژووی باس کراو نووسراوەتەوە.



<table>
<tr><td>IE.TCT</td><td>00014.01574</td><td>29 جەمادی کۆتایی 1133 (٢٧ نیسان ١٧٢١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە ٢٩ جەمادی کۆتایی ١١٣٣ نێردراوە
ئێستا لە سانجەقی هەولێر کارەکان جێبەجێ ناکرێت، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان و وەرگرتنی بەگایەتی لیوای ناوهاتوو، خضر کوڕی محەمەد کەسێکی باشە و هەڵبژاردنێکی گونجاوە، هەروەها کەموکوری نابێت، بەندەتان لە هەموو لایەك شایەنی ئەم پلەیە و گونجاوە، بەهۆی کەموکوری عومەر بەگی لیوای ناوهاتوو لە شوێن ئەم خضر کوڕی محەمەد دابنرێت و کارەکەی پێ بسپێردرێت، بۆیە تکا دەکەین فەرمانی شەریفەی عالیشانی پێ بدرێت بۆ ئەمەش ڕاگەیاندن ڕێکخراوە ئەوەی ماوەتەوە بریار و فەرمان بۆ پاشایە، لە ٢٢ ڕەبیعی یەکەم ١١٣٣.
عەبدولرەحمان بەگ میری میرانی ئەیالەتی شارەزوور</td></tr>
</table>





C.ML	00112.04971	15 سەفەر 1145 (٧ ئۆغستۆس ١٧٣٢)

پێشتر لە مزگەوتی شەریفەی شێخ سەفەددین قودسی هەولێر، وەکو ئەرك ڕۆژانە ١٨٠ ئاقچە و ساڵانە ١٨٠ کیلۆ زەخیرە بە بەرائەتی عالیشانی دراوەتە شێخ سەید مستەفا ئەفەندی ئیمام و ووتاربێژ و بانگخواز، کە خاوەن زانست و زانیاری، بە دین و لە پیاوچاکان بوو، شەش مانگ لە ئاپڵوقەدانی قەڵای ناوهاتوو وەکو خەڵکی تری ئیسلام لەم قەڵایە بوو، هەر لەم ساڵە پیرۆزە لەگەڵ سوپاکە بووە، بە فیشەك چاوی ڕاستی لە دەست دا و بریندار بوو، بۆ پارەی نان جێگەی بەزەیی و شایستەی میهرەبانییە، لەبەر ئەم حاڵەتەی کە تووشی بووە، داواکراوە لە پارەی موقاتەعەی ڤۆیڤۆدەی دیاربەکر بە سەدەقە و میهرەبانیەوە بڕێك پارە و ئەرکێکی بۆ دابین بکرێت، ئەوەی ماوەتەوە فەرمان بدرێت.
عەلی بەگ سەر عەسکەر

ناوەڕاستی سەفەر 1157 (٣٠ مارت ١٧٤٤)	0858.036713	C.AS

هەر ئێستا فەرمانە بۆ ئەحمەد پاشا والی بەغداد
پارێزەرانی قەڵاکانی هەولێر و کەرکووک کە لە ناو سەرحەدی مەنسورەی ئیسلامیەدان، لە گونوللویانی چەپ و راست، یەرلو قولو، یەنیچەری عازەبان، یەنیچەری سەرد و هەموو تائیفەی سەربازی، هەر لە کۆنەوە نان و نیعمەتی ملوکانە دەخۆن، ئەم ئەرکەی کە ئێستا هەیانە ئەمەش دەخرێتە پاڵ ئەم میهرەبانی و دڵسۆزیەی کە ملوکانەم هەیانە، ئەم ئەرکەی کە ئێستا تێدا کار دەکەن، بە فەرمانی پارێزگار و هەموو خزمەتەکانی هومایۆنەوە، دڵسۆزی و پاکی خۆیان بۆ دین و دەوڵەت نیشان داوە، لەگەڵ ئەوەی کە بەندەی دەوڵەتن، کەچی خیانەت و پیسی خۆیان نیشان داوە، چوار پێنج ساڵ دەبێ خیانەت دەکەن، نادر شا لە گەشتەکەیدا بۆ ناوچەکە لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی چیا ملکەچی خۆیان دەربریوە، ئەم سەربازانەی کە لە سەربازانی مەمالیکی مەحروسەن ئەم کارانە دەکەن لەگەڵ ئەوەی قەدەغەیە، کەچی زەخیرە و ئەسپ بۆ نادر شا دەگوازنەوە، بوێریان کردووە ئەم جۆرە چالاکییە ناماقوڵانە ئەنجام بدەن، لە چەند ناوچەیەك هەر یەکە ٨ هەزار سەر ئەسپ و زەخیرەیان بۆ لەشکرەکەی عەجەم گوازتۆتەوە، هەرچی زووە و بە پەلە ئەوانەی خیانەتیان لە دەوڵەت کردووە و ئاشکران، دەست نیشان بکرێن، پێویستە ئەوانەی خیانەتیان لە دین و دەوڵەت کردووە، خاکیان لێ پاك بکرێتەوە، قەڵای کەرکووك کە لەسەر خدێوانەیە رێك بخرێت و جێگیر بکرێت، پێشەکی بەگی بەگانی شارەزوور حوسێن پاشا بۆ پاراستنی قەڵاکە دامەزرێت، هەروەها قەڵای ناوبراو لە موسڵ نزیکە، ئەم تاکانەی کە بوێری ئەوەیان کردووە ئەم کارە ئەنجام بدەن و پیشەیان بۆتە ئەم کارە، دوور بخرێنەوە، با ئەم مەملەکەتی ناوهاتووە زیانی پێ نەگات، لەم بارەیەوە فەرمانی شەریفەی عالیشانی والی موسڵ و وەزیر حوسێن پاشا لە قەڵای کەرکووك بۆ پاراستنی قەڵاکە ئەوەی باسکراوە ئەم سەربازانەی کە بوێری خیانەتیان کردووە و ئەم خائینانەی بە نهێنی و ئاشکرا چاودێری و سیخوری دەکەن، هەر هەمووی بهێنرێن بە شارەزای پۆلیس و زانیاری شەرعەوە چ سزایەکیان شایەنە جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ ئەمەش قەڵا و دەورووبەری قەڵای ناوهاتوو لە خائینی دین و دەوڵەت و کافیری یاسا و نیعمەت ئەمانەی کە پیشەیان خیانەتە پاك بکرێنەوە، لەگەڵ ئەمەش کاروبارەکان رێك بخرێنەوە، لەم بارەیەوە فەرمانی شەریفە دەرچووە و
نێردراوە، ئێستا لەگەڵ گەیشتنی وەزیری ناوبراو بە نووسراو میری میرانی ناوبراو، لە ئەیالەتی ناوهاتوو بۆ لایەنەکەی تر نێردراوەتەوە، هەروەها پاك کردنەوەی تاکەکان و جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی قەڵای ناوهاتوو هیوای هومایۆنم بووە، ئەم سەربازانەی خیانەت و خیانەتکاریان دیارە لە رێگەی سیخوری و چاودێریەوە هەر هەمووی بهێنرێن و بە شارەزایی پۆلیس و زانیاری شەرعی سزا بدرێن، ئەمانە هەر لە کۆنەوە دڵسۆزی خۆیان بۆ دەوڵەت نیشان دابوو، ئەوانەی کە لەلایەن هومایۆنەوە ئەرکیان پێ سپێردرا بوو کۆتایی پێ بێت و قەڵای ناوهاتوو و دەورووبەری لە خائینی دین و دەوڵەت و کافیری یاسا و نیعمەت پاك بکرێنەوە، بۆ نیشاندانی رازی بوون بە خەلافەتیش، فەرمانی عالیشانی دەرچووە.
ناوەراستی سەفەر ١١٥٧






C.AS	01149.51065	12 زیلقەعدە 1158 (6 کانوونی یەکەم 1745)

راگەیەندراوی بەندەتانە

هەندێك لە گەرەکەکانی قەڵای کەرکووك و هەولێری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، وێران بووە، جگە لەمەش باروت، فیشەك، پێداویستیەکانی تر و زەخیرە نەماوە، داواکراوە ئەم گەرەکانەی کە پێویستیان بە نۆژەن کردنەوەیە، نۆژەن بکرێنەوە لەگەڵ دابینکردنی پێداوێستی جبەخانە و تۆبخانە، هەر ئێستا بەگی بەگانی شارەزوور حوسێن پاشا بەشیر، لە دوو پارچە نامەی بە مۆر لەگەڵ داواکاری جیا جیای خەڵکی کەرکووك و هەولێر تکای کردووە، تا کارەکە جێبەجێ بکرێت، کەلوپەلی دیاری کراو هەر ئێستا حەواڵەی والی دیاربەکر جەنابی عەبدوڵڵا پاشا کراوە، تا جێبەجێی بکات، ئەم کارەش پەسەند کراوە، لەلایەن ناوبراوان راستەوخۆ میری میران و ئاغا و پۆلیس دامەزراون، ئەم گەرەکانەی نۆژەنکردنەوەیان پێویستە دەرخستەیان بۆ کراوە، لە ژێر چاودێری دیاربەکر تۆپ و کەلوپەلی جبەخانە و تۆپخانەکان لەگەڵ زەخیرەکانیش بگوازرێتەوە بۆ گەرەکە گونجاوەکان، دوای گواستنەوە لە دەفتەر بنووسرێتەوە، هەروەها دوای ئەوەی دەفتەرەکانی بە مۆر و واژوو رەوانەی دەرسەعادەت کرا، دووبارە چاوەڕێ بکرێت تا فەرمانی شەریفە دێت، لەگەڵ ئەوەی کاتەکەی دیار نییە، خەرجیەکە لەلایەن میریەوە دەدرێت، لە ژێر چاودێری ناوبراو نۆژەنکردنەوەکان بکرێت، جگە لەمە خەرجی گواستنەوەی تۆپ و کەلوپەلی جبەخانە و تۆپخانەکان لەلایەن میریەوە دابین بکرێت، وەزیری ناوبراو بە ئامادەبوونی والی دیاربەکر تۆپچی بۆ شوێنی دیاریکراو بچێت و بنێردرێتە هەردوو قەڵا، ئەمەش لە سەرۆکایەتی ژمێریاری تۆمار کراوە، بە گوێرەی یاساش نووسراو دەکرێت، فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانە.




C.ML	233.9800	3 زیلحیجه 1159 (١٧ کانوونی یەکەم ١٧٤٦)

فەرمان بۆ عەبدوڵڵا پاشا بەرپرسی داهاتی قبرس

ئـەم یەنیجەرانـەی سـەرحەدی مەنسـورە، کـە بـۆ پارێـزگاری کـردن لـە قەڵایەکانـی کەرکـوك و هەولێـر و قـرم دامـەزراون، لـە ١١٥٧ بـۆ دەسـت بـە کاربـوون لـە ئەرکەکانیـان بـە فەرمانـی مالیکانـە خراونەتـە سـەر باجـی قـبرس و حەواڵـە کـراون، بـۆ ئاسـانکاری و گواسـتنەوەی باجـی باسـکراو، لـە کەناراوەکانـی ئیزمیـر یاخـود ئەنـادۆڵ کەشـتییەك لـە کەشـتیەکان ئامـادە بکرێـت، نـووسراو بکرێـت ئـەم پارەیـەی پێویسـتە لـە دوورگـەی ناوبـراو هەڵبگیرێـت و بگوازررێتـەوە بـۆ کەنـار دەریـا و ئاسـانکاریان بـۆ بکرێـت، لەلایـەن ئۆچاقەکانیانـەوە هـەواڵ دراوە و کۆتایـی پـێ دێـت، بـۆ ئـەم کارەش فەرمانـی عالـی شـەریفە راگەیەنـدراوە و ئەوانـەی بـە شـێوەی ساڵیانە دامـەزراون بەیەکـەوە نێـردراون و ئێسـتا لە سـەر گەیشـتنە، هـەر لەگـەڵ گەیشـتن و حەواڵـە بوونـی، هـەروەك ئامـادە و حـازر بـووە بـە هیـچ شـێوەیەك دوانەکەوێـت و نەوەسـتێت، ئاقچـەکان بـە تەواوەتـی وەربگیرێـن و بـۆ ناوچەکانـی خۆیـان بنێردرێـن، ئـەم کەشـتیەی ئەرکـی پـێ سـپێردراوە، ئـەم ساڵیانەی لـە دەسـتییەتی بـە مەرجـی رادەسـت کـردن، لـە کەناراوەکانـی ...... و ئیزمیـر یاخـود ئەنـادۆڵ، کەشـتیەکی گونجـاو ئەم ئەرکـەی پێ بسـپێردرێت و نووسراوی بـۆ بکرێـت، دوای وەرگرتنـی متمانـە لەگـەڵ را و زانیـاری بایەخـداران ئاقچـەی دیـاری کـراو بـە کەشـتی دیـاری کـراو هەڵبگیرێـت و حەواڵـە بکرێـت، بـە فەرمانـی هومایۆن کار بکرێـت و دەسـت بـە جولـە بکرێـت، لـە کاتـی دواکەوتـن و فەرامـۆش کـردن، دەبێتـە هـۆی نـان بریـن و پەرێشـانی، بەرژەوەندییـەکان تووشـی زیـان دەبـن، لـەم حاڵەتـەدا بـۆ ئـاگادار کردنـەوە و دوورخسـتنەوە فەرمانـی عالـی دەردەچێـت.


لە ٣ زیلحیجە ١١٥٩



D.MKF.D	30032	**11 سەفەر 1177 (٢١ ئۆغستۆس ١٧٦٣)**

راگەیەندراوی بەندەتانە
لـە روزهـەزری ١١٧٥ تـا روز هـەزری ١١٧٦، ئـەم پۆسـتەچیانەی بـە ئەحكامـی ئینعـام (احـكام انعـام) لـە مەنزیلـی هەولێـر هاتووچۆیـان كـردووە، ئـەم بارگیرانـەی لـە مەنزیلـی هەولێـر پێیـان دراوە، ژمـارە و كرێیەكانـی لـە دەفتـەر نووسراوەتـەوە و راگەیەنـدراوە و هەژمـار كـراوە و جێبەجـێ كـراوە، سـاڵی رابـردوو تـا كۆتاییەكـەی ٤٤٨٩٥ ئاقچـە داواكـراوە، دوای جێبەجـێ كردنـی، بـری ٤٨٩٥ ئاقچـە كـەم كراوەتـەوە، جگـە لەمـە لیسـتی ٤٠٠٠٠ ئاقچـە كـراوە، تـا بدرێـت، فەرمـان بـۆ جەنابـی سـوڵتانمە.
لە ١١ سەفەر ١١٧٧






13 ڕەبیعی کۆتایی 1179 (٢٩ ئەیلوول ١٧٦٥)	00066.03132	C.AS.

- بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی ساڵانەی ئەم کەسانەی کە لە قەڵای هەولێری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور ئەرکی دەوڵەت جێبەجێ دەکەن، لە پارەی موقاتەعە بە شێوەی ئۆجاق ٨٦ هەزار و ٤٠٠ قوروشە، لە هەر ١٦٠ ئاقچەیەکدا بۆ یەك قوروش ٥٤٠ قوروش، لە ساڵی ١١٢٠ لە پارەی موقاتەعەی موسڵ حەواڵە بووە، لە دەفتەری خەزینەی عامیرەم تۆمار کراوە، بەڵام قەڵای ناوبراو لە دەوڵەت دوورە، بۆیە زەحمەتە و ئەم توانایانەیان نییە هەموو ساڵ پیاو بنێردرێت و داوای پارە بکرێت و حەواڵە بکرێت، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان و نەبوونی کەموکوری، هەموو ساڵ ٥٤٠ قوروش لە داهاتی موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاق بە پێشکەش کردنی بەرائەتی عالیشانی و دامەزراندن کەسانی ناوبراو و دیاری کراو بانگ بکرێن، لە لایەن پارێزگاری موسڵ سەید محەمەد ڕایگەیاندووە بە پێی ڕاگەیەندراوی ئەو، ئۆجاقلق دامەزرێن و بەرائەتی عالیشانیان پێ بدرێت و فەرمانی منی لەسەرە کە بە شێوەی ئۆجاق دامەزرێن و بەرائەتیان پێ بدرێت، لە ساڵی ١١٢١ جەمادی یەکەم ڕۆژی ٢٨ بەرائەتی همایۆنم پێیان دا و فەرمووم کەسانی ناوبراو ساڵانە ئەرکیانە لە داهاتی هەموو موقاتەعاتەکان لە ئۆجاقلقەکانیان تەنیا بۆ هەر ساڵێك بۆ تەواوکردنی مووچەی ئەرکەکانیان ئەوەی دەمێنێتەوە بری دیاری کراو کە پێك دێت لە ٥٤٠ قوروش لە سەرەتای ١١٢١ بۆ هەر ساڵێك لە پارەی موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاقلق پارەکە وەردەگرن و دابەشی دەکەن، هەروەها لە ئەیالەتی ناوهاتوو قەرزی ئەوانەی پارەکە وەردەگرن لەسەریان هەژمار دەکرێت، بۆ ئەم کارە بە وێنەی بەرائەتی عالیشانی و بیانووی شەرعی پۆلیسەکان پارەی هەموومان وەردەگرن، لە کاتی هەژمارکردن، قەرزەکان هەژمار دەکرێن و لە دەفتەری همایۆن بۆ تۆمارکردنی داهاتوو و خەرجی ئەوەی لە دەستیانە دەپارێزرێت و لە لایەنەکەی تریش هیچ تاکێك لاری نییە و پشت بە ڕاگەیاندنی شەریفە دەبەستن، لە ڕۆژی سێیەم مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ١١٢١ نوسراوەتەوە.


ڕاگەیەندراوی بەندەتانە

ئەم پۆلیسانەی کە پارێزگاری لە قەڵای هەولێری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور دەکەن، لامانە پارەی ساڵانەی کۆمەڵەی پیادە ٧٧٧٦٠ ئاقچەیە، لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆجاقلق جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ تۆمارکردنی ساڵی ١١٧٣، لە داهاتی موقاتەعەی ناوهاتوو هەژمار کراوە، بۆیە نووسراو دراوە، کە بری پارەی دیاری کراو لە ئۆجاق خەرج بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانمە. نووسراوی هاتوو لە ١٣ شەعبان ١١٧٩

- ئەم کارە بە گوێرەی بەرائەتی عالیشانی باسکراوە و پەسەند کراوە، پۆلیسی پاراستنی قەڵای هەولێر، کە لە قەڵا ئەرکیان هەیە، کاتبی ئۆجاق عوسمان ئەفەندی و سەر بلۆکەکان خان ئاغا و موستەفا چاوش هاتوونەتە ئەنجوومەنی شەرع و سوێندیان خواردووە و مەرامی خۆیان دوویات کردۆتەوە، کە لە موقاتەعەی موسڵ بە شێوەی ئۆچاق ساڵانە بۆ ئەم کەسانەی کە ناویان هاتووە، ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن و ٥٤٠ قوروش وەربگرن، لە ساڵی ١١٧٣ هەژمار کراوە، یەکسەر لەلایەن والی شاری موسڵ محەمەد ئەمین پاشا خوا کارەکانی ئاسان بکات و چۆنی دەوێت ئاوا خێری بۆ بنووسێت، لە پارەی موقاتەعەی ناوهاتوو بری پارەی دیاری کراو ٥٤٠ قوروش بە تەواوەتی و هەر هەمووی بدرێتە پۆلیسەکانمان بە ناوی هەموو ئەوانەی ئەرك جێبەجێ دەکەن، ئەوەی لە دەستیانە پەسەند کراوە.
حاجی قاسم سەلام / یەحیا جەلەبی / مەولانا حەسەن ئەفەندی مودەریس



D.MKF.D	30693	29 جەمادی یەکەم 1191 (٥ تەمموز ١٧٧٧)
راگەیەندراوی بەندەتانە لە روزقاسمی ١١٩٠ تا روزهەزری ١١٩١ بە ئەحکامی ئینعام (احکامی انعام) ئەم ئەسپ سوارانەی لە مەنزیلی هەولێر هاتووچۆیان کردووە و لەم مەنزیلە بارگیریان وەرگرتووە، بە تکای وەرگرتنی کرێیەکەیان ئەم دەفتەرەی واژوو کراوە، هەژمار کراوە و جێبەجێ کراوە، جگە لە کەم کردنەوەکە ئەوەی ساڵی رابردوو دابین کراوە لە ١٤١٩٠٣ ئاقچە بری ١٩٩٠٣ ئاقچە کەم کراوەتەوە، تەنیا لیستی ١٢٢٠٠٠ ئاقچە کراوە و دراوە، فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانە. لیست لە ٢٩ جەمادی یەکەم ١١٩١		




12 رەجەب 1196 (٢٣ حوزەیران ١٧٨٢)	00079.03738	C.AS


چۆنیەتی راستی ئەم بابەتە لە دەفتەرداری بەرێز پرسیار دەکرێت، بە داواکردنی رێك دەخرێت موقاتەعـەی هەولێـر بە فەرمانی شـەریفە رێك دەخرێت و رەوان دەکرێت، ئەوەی باسـکراوە لـەم نووسراوانەی نێـردراوە لەلایـەن سـەروو نووسراوەتـەوە، بـەڵام موقاتەعـەی شـوێنی ناوهاتـوو بـە فەرمـان ئاماژەی پێکـراوە، بەرگـەی میـری و موعەجەجەلـە (معجلـە) ناگرێـت، ئـەوەی لە دەسـتی خاوەنەکەیەتی دیـار و ئاشـکرایە لە دوا تۆمـار لەگـەڵ میـری و موعەجەجەلـە (معجلـە)، بەرائەتـی رێـك بخرێـت و جێبەجێ بکرێـت و رەوانـە بکرێت.

دەدرێتە دەفتەرداری ئەفەندی

لـە تەکیـەی مزگەوتـی شـێخی کـۆی سـانجەق سـەر بـە کەرکـووك، دەروێـش عومـەر و دەروێـش مەحمـود نیشـتەجێیە، بـە دارایـی موقاتەعـەی ماردیـن دەبەسـترێتەوە، رۆژانـە یـەك قوروشـی پـێ دەدرێـت، بـەڵام لـە موقاتەعـەی ناوبراو سـاڵی رابردوو یەك شـت دەسـت نەکەوتووە، هەروەها سـاڵی رابـردوو داهاتی لە دیاربەکر و دەوروبـەری رێکخـراوە و بـۆ سـەربازەکانی خـەرج کراوە، بەڵام داهاتی شـوێنی ناوهاتوو بـۆ خەرجی ناوبراو بـە نادڵسـۆزی و کەموکـوری ئاماژەی پـێ کـراوە، ئەمـرۆش لـە دارایـی سـاڵی رابـردوو لـە سـەر نـاوی ڤۆیڤودە ٣٠٠٠٠ قـوروش ماوەتـەوە، هەروەهـا ئـەوەی داواکـراوە، دارایـی بەرگـەی ناگرێـت جێبەجێـی بـکات، چونکـە ئێسـا حاڵـی حـازر زیـاد کـردن و پێدانـی ئـەرك دەبێتـە بـار قورسـی بـۆ میـری و جێگـەی بەرگـە نییـە، لایەنـی ناوهاتـوو ئـاگادار کراوەتـەوە، بـە دوورخسـتنەوەی یەکێـك لـە ئەرکـی ناوهاتـوو کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت.



<table>
<tr><td>HAT</td><td>B.00092.003777</td><td>29 زیلحیجه 1218 (١٠ نیسان ١٨٠٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە بارەی ڕووداوەکان لیستی بەندەی والی بەغدادە، فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات پێش ئێستا حاکمی کۆی سانجەق بێ دەنگ بووە، بۆ هێنانی هەواڵیش لە وەڵامی نووسینی نووسراومان ئەمجارە ئەم کاغەزەی هاتووە کافری مۆسکۆ هێرشی کردۆتە سەر خوی و دەستیان بەسەر داگرتووە، ئەوەی ووتراوە نووسراوەتەوە و پێشکەشی سەروو کراوە، جگە لەمەش لە شوێنە نزیکەکان ئەم کاغەزانەی لەلایەن بازرگانەکانەوە هاتووە، شوێنەکانمان لەگەڵ مۆسکۆی کافیر نزیکە، ئەم شوێنە نزیکانەش هێرشیان کراوەتە سەر و داگیریان کردووە، ئەمەش بە ڕوونی و بە درێژی نووسراوەتەوە و ڕاگەیەندراوە، هەرچی خویە، ئەوا نێوانی لەگەڵ ناحیەی هەولێر سێ قۆناغە، لە کاتی لێکۆڵینەوە ئەم زانیاریە لە سەروو ئاماژەی پێکراوە، ئەم ڕووداوە گەورەیەی کە باسکراوە زانینی هەواڵی پێویستە و ڕاستییەکان پێشکەشی دەوڵەت کراوە، هەموو موسڵمانان لە مۆسکۆی کافیر و دوژمن بپارێزرێت و منداڵی دەوڵەت لە خراپەکاری پارێزراو بن و لە ئارامی دابن، دیارە ئەگەر چاوی هاوکاری و میهرەبانی بفەرموویت لە هەر حاڵەتێك بڕیار و فەرمان بۆ دەوڵەتی بە میهرەبان و دڵسۆزە، بەزەیی و میهرەبانی زۆریش لە جەنابی سوڵتانەوەیە.</td></tr>
</table>



HAT. 791/36812-D

HAT. 0791

HAT	D.00791.36812	کۆتایی شەوال 1230 (٤ تشرینی یەکەم ١٨١٥)

نووسراوی والی موسڵە
ئـەم رووداوانـەی لـە دەورووبـەری بەغـداد و ئێـران روویانـداوە، بـە سـیخوریکردن نێـردراوە، لـەم بارەیەوە بۆ ئـەوەی لێـی دابڕێـت بـەردەوام چاودێـری بارودۆخەکەی کـردووە، ئەمجارە بـە بیانووی هەندێـك تایبەتمەندی بـە تایبەتـی لەسـەر چۆنیەتـی رووداوەکان سـیخوری کـردووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پیـاوی خـۆی ناردۆتـە لای بەغـداد، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی ئـەم هەواڵانـە بگاتـە لای ئێمـە، بـرادەری هۆجـە خەرفیـل بـە نـاوی هۆجـە غـوررەی بـە نهێنـی بـۆ ئـەوەی کـەس نەزانـێ بیخوێنێتـەوە بـە زمانـی یەهـودی لـە کاغەزێـك نووسراوەتـەوە و نێـردراوە، ئـەم کاغـەزە باسـکراوەش بـۆ دڵسـۆزان نێـردراوە، لـەم کاتـەدا بریـکاری هەولێـر حاجـی قاسـم ئاغـا لـەم ناوچەیـە ئـەم پارچـە نامەیـەی کـە بـۆ هەندێـك بـازرگان هـات بـوو، لەگـەڵ نامـەی خـۆی، بـە هاوپێـچ نـاردووە، جگـە لەمـەش بـۆ رۆژێکیش بێـت گـوێ بیسـتی رووداو نەبووین، لـە کۆتایی شـەوال ١٢٣٠.

دڵسۆزکار
لـە کۆتایـی نووسراوماندا هاتـووە، جگـە لـە حاجـی قاسـم ئاغـا، یـەك پارچـە کاغـەز بـۆ هەندێـك بـازرگان هاتبـوو، بـە کورتـی لـە کـۆی سـانجەق سـەربازانی ئێـران دەسـت درێژیـان کردۆتـە سـەر عەشـیرەتی بلبـاس، کەلوپـەل و پارەوپولیـان تـاڵان کـردووە، دواتـر یەکێـک لـە قەڵایەکانـی رواندز، بـە نـاوی قـەڵای سـیدەکانیان ئابڵوقـە داوە، دوای گەرانەوەیـان رایانگەیانـدووە، ئەمـەش بـۆ ئامـادەکاری ئامـاژەی پێکـراوە.




HAT	F.00791.36812	کۆتایی شەوال 1230 (٤ تشرینی یەکەم ١٨١٥)

- سەعادەتکار

بەم شیوەیە گوێ بیست بووین، پێش ئەم ماوەیە سەربازانی ئێران لەگەڵ بلباسەکان ناوچەکانی سیکنە و لاجانیان وێران کردووە و تالانیان کردووە، ئەمجارە کاغەزی بەگی رواندز بۆ لای ئێمە هاتووە، بە پشت بەستن بەم کاغەزە ٥٠ هەزار عەجەمی سوارە هاتوون لە سیدەکان شەڕیان کردووە و دوای رووبەڕووبوونەوە قەڵای ناوهاتوویان دەست بەسەر کردووە و داگیریان کردووە، هەروەها بۆ سەر رواندز دەڕۆن، لەلایەن ئێمەوە داوای تۆپ و بارود کراوە، لە موسڵیش ئەم پیاوانەی بوونیان هەیە عەبدوڵلا خەزینەدار و کامیلا و محەمەد نووسراویان نووسیوە و بۆ ئێمەیان ناردووە، نووسراویان کردووە بۆ لای ئەوان بنێردرێت، لە راستییدا ئەم سەربازانەی ئێران کە ناویان هاتووە خوا نەکات، ئەگەر بێتۆ بێنە سەر رواندز و داگیری بکەن، ئەوا دیارە دەست بە سەر هەموو عێراق دادەگرن، ئەگەرنا بە تەمای خوا هەر لە سیدەکان بگەڕێنەوە، هەروەها ئەم عەشیرەتانەی بوونیان هەیە، لە ناوچەکە هەموو بۆ یارمەتی رواندز رۆیشتوون، بە یارمەتی خوا سەرکەوتن بۆ کۆمەڵەی سوننەت و جەماعەتە، بۆ خۆیان داوای تۆپ و عارەبانە کراوە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەش چیایە عارەبانە ناتوانێ بڕوات، ئەم کاغەزە بۆ لای ئێمە هاتووە، هەروەها میری ناوبراو رادەستی پیاوەکانی خۆی کردووە و بۆ لای ئێمەی ناردووە، لە ٢٢ شەوال ١٢٣٠.

حاجی قاسم بریکاری هەولێر


- بۆ جەنابی برام یاسین جەلەبی لە موسڵ



HAT	H .00791.36812	22 زیلحیجە 1230 (٢٥ تشرینی دووەم ١٨١٥)


پوختەی لیستێك لە ٢٢ زیلحیجە ١٢٣٠، لەلایەن حاجی قاسم بریکاری هەولێر هاتووە
بە دوورودرێژی راگەیەندراوە، برێك سەربازی ئێران هاتوون و هەندێك لە گەرەکەکانی بلباسیان تاڵان کردووە، هەروەها لە گەرەکێك بە ناوی سیکنە، بە تەواوەتی کەلوپەلەکانیان تاڵان کردووە، ئەمجارە بەگی رواندز مستەفا بەگ لەگەڵ سەربازانی ناوبراو قەڵای سیدەکانیان ئابڵوقەداوە، کە سەر بە رواندزە و پێنج شەش کاتژمێر دوورە، لەگەڵ ئەوان شەری کردووە، لە عەجەمەکان ١٠٠ کەس مردووە و لە لایەنی بەرامبەریش نزیکەی ٢٠ شەهید هەیە. لەگەڵ ئەوەی راگەیەندراوە نیازیان هەیە بچنە سەر رواندز، یەك تۆپ و یەك یوك باروت داواکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراو نێردراوە، ئەم رووداوە وایکردووە خۆشناو و عەشیرەتەکانی کوردستان کە گوێ بیستی ئەم رووداوە بوونە، بە مەبەستی جیهاد و غەزا هەموو روویان لە رواندز کردووە، هەروەها بە تەواوەتی سەرباز نێردراوەتە خاکی عەقرە و عەمادییە، بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتەش لەلایەن بریکاری ناوبراو، یەکێك نێردراوەتە ئەو لایە، لە کاتی گەرانەوەی پیاوەکە بە تێروانین لە راپۆرتەکەی، تەنیا لە سیدەکان دوو کەس شەهید بووە، لە عەجەمیش چەند کوژراوێك هەیە، لەمە زیاتر شەر رووی نەداوە، هێشتا سەربازانی ئێران بوێری ئەوەیان نەکردووە بێنە سەر رواندز، راوێژ و چاوپێخشاندنەوە دەکەن، لەلایەن میری ناوبراو کاغەز هاتووە و پێشکەش کراوە.
کاغەزی ناوهاتوو بوونی نییە

ساڵی رابردوو لەگەڵ هاتنی سەربازانی ئێران، بەگی رواندز میری و برادەری یەحیا بەگ و برادەرزادە بەکر خان بەگ و چەند بەگزادەیەك و لایەنگرانیان بە ناهەقی کوژران، کەسێك بە ناوی یوسف بەگ لەگەڵ چەند کەسێك بۆ شنۆ هەڵاتن و بە یارمەتی دادوەر هانایان بۆ شاهزادەی تەبریز برد، لە ناو سەربازانی ناوبراو دامەزراون، هەروەها لە هێرشی سیکنە کەلوپەل و پارەوپولیان تاڵان کرد، لە چەکیش ئەوا بە هەژمار نایەت، ئەگەر بەهۆی چاوچنۆکی هەوڵیان دابێت بچنە سەر رواندزیش، بەڵام راگەیەندراوە بە مەرامیان نەگەیشتوون و گەراونەتەوە، ئەمە یەك پارچە لیستی نووسراوی وەکیلی ناوبراوە.




24 زیلحیجە 1236 (٢٢ ئەیلوول ١٨٢١)	C.00792.36828	HAT

لیستی نێردراوی موتەسەرفی بابان مەحمود پاشا بۆ والی بەغداد
لەلایەن بەندەتانەوە راگەیەندراوە
لە ٢٢ی ئەم مانگە، رۆژی دووشەممە، دوای بەیەکگەیشتنمان لەگەڵ شازادە شەڕەکەمان یەکسەر روویندا، دوای ووتووێژ لەگەڵ بەندەی شکستخواردوو، باش ئاغای بەندەتانْ لەگەڵ برێکی سوارە لە رۆژی چوارشەممە کاتی رۆژئاوا بوون، گەیشتینە شاری کۆی سانجەق، لە شەوی پێنج شەممەش لە ناوچەی ناوهاتوو چواردەوری خۆمان کۆکردەوە و پێنج شەممە هەموو دەستەکان و دەستەراستتەکانت و عوسمان بەگ لەگەڵ سەربازەکان بە خێزان و منداڵەوە لە کۆی سانجەق رۆیشتین، هەروەها رۆژی هەینی کاتی عەسر، گەیشتینە هەولێر، لە پێش قەڵاکە خێمە لێدرا، بە بەزەیی و میهرەبانییەوە چاوەڕێی فەرمانی جەنابتان دەکەم، هەر چ فەرمانێك بفەرمووێت، جێبەجێ دەکرێت، بریار و فەرمانی میهرەبانی و بەخشندەیی بۆ سوڵتانمانە، لە ٢٤ زیلحیجە ١٢٣٦.
مەحمود عەبدولرەحمان پاشازادە




HAT	00770.36177	17 رەجەب 1237 (٩ نیسان ١٨٢٢)

لە ئیبراهیم ئاغا سیلاحشۆری تایبەتی باشبوغی ئەدەنە بۆ والی بەغداد نێردراوە
بۆ جەنابی سوڵتانم
دەوڵەت سەلامەت بێت، بە فەرمانی جەنابی سەروو، چەند رۆژ لە هەولێر نیشتەجێ بووین، حاجی قاسم ئاغا دادوەری هەولێر کاروباری تایبەتی ئێمەی جێبەجێ کرد، بە قەت تۆزقاڵێك کەموکوری نەبوو، لە هەموو لایەنێك لە بەندەی ئاغای ناوبراوتان رازیم و مەمنوون بووم، خودا هەموو لایەکتان سەرکەوتوو بکات و هاوکارتان بێت، ئەم سەربازانەی لەوێن هەموو بە را و ئامادەکاری ئەفەندی ناوبراو بۆ بەندەتان حەواڵە کراوە، بۆ ئەوەی بە رێوشوێنی ئەم جولە بکرێت، بریار و فەرمان دەرچووە، فەرمانی ئەفەندیمە بە را و ئامادەکاری ناوبراو لە مێژووی ئەم داواکاریەوە، بە پشت بەستن بە خودا، بۆ لای کۆی سانجەق بەرێکەوتووین، هەر لەگەڵ گەیشتنیان بریار و فەرمانی میهرەبان و دڵسۆز بۆ جەنابی سوڵتانمە، ١٧ رەجەب ١٢٣٧.
سەر عەسکەر ئیبراهیم بەگ سیلاحشۆری تایبەت


HAT 826/37449-D
HAT. 0826

HAT	D.00826.37449	کۆتایی شەعبان 1237 (٢١ مایس ١٨٢٢)
چاکەکار یاخـی بـوو عەبدوڵـڵا پاشا بـە هـاوکاری فەرمانبەرانـی ئێـران و ئـەم شـا و شـازادە خۆبەخشـانەی کـە لـە لەشـکرەکەدا هەیـە، هـەوڵ دەدەن دەسـت بـە سـەر دەورووبـەری هەولێـر و کەرکـووك دابگـرن، ناوبـراوی یاخـی بـوو، ئەم سـەربازە پیسـانەی کە لە ژێر دەسـت و هـاوکاری ناوبراو دامـەزراون، لەگەڵ سـەرکردەکانیان چەنـد پارچـە نووسراویـان نووسـیوە، ئەوانـەی لـەلای ئێمـە دامـەزراون هەندێك لە سـەرکردەکانی سـەربازی ویژدانیـان قەبوڵـی نەکـردووە، بـۆ لای ئێمـە هاتـوون، ئێرانیـەکان لـەم لایەنە مەبەسـتی خـراپ و توندوتیژی شـەرانگێزی و رق و کینەیـان دیـارە، هـەر بۆیـە لـە نامەکـە باسـکراوە و نێـردراوە، لـە کۆتایی شـەعبان ١٢٣٧.		


HAT. 0651

5 جەمادی کۆتایی 1238 (١٧ شوبات ١٨٢٣)	00651.31813	**HAT**

بۆ جەنابی سوڵتان

لەم رۆژانە موتەسەرفی پێشووی بابان مەحمود پاشا لە ملکەچی ئێمە دەرچووە و چۆتە پاڵ ئێران، بە هاوکاری عەجەم هاتۆتە دەورووبەری کۆی سانجەق و کۆپری و هەولێر، بۆ ئەوەی زیان و ئاژاوەی ئەوانە دوور بخرێتەوە، ئەگەرچی کەتهودای جەنابی داود پاشا لەلایەن والی بەغداد و بەسرا و شارەزوور دامەزراوە و بە سەربازەوە رەوانە کراوە، بەڵام بە گەیشتنی یارمەتی ئێران، دەستیان بەسەر ئەم ناوچانە داگرتووە، بە گوێرەی دەستوور ئەم سەربازانەی کە ئەرکیان پێ سپێردراوە، دەبێ پەلە بکرێت بە ناردنی زەخیرە، بە تێروانین لە بارودۆخەکەش پێش یەك رۆژ فەرموودەی پاشا پێیان گەیشتووە، بۆ ئەم لایەنە جولەیان کردووە، هەرچی دەکرێت بە پەلە ئەم ناوچانە پاك بکرێنەوە و دوور بخرێنەوە، لە ٥ جەمادی کۆتایی ١٢٣٨.

یەحیا

لەلایەن یەحیا پاشا والی موسڵ بۆ والی حەلەب نێردراوە.


28 سەفەر 1238 (١٤ تشرینی دووەم ١٨٢٢)	00771.36182	HAT

٢٨ سەفەر ١٢٣٨ پوختەی نووسراوی والی بەغداد داود پاشایە
دانیشتوانی شارۆچکەی مەندەلیچین لەگەڵ ئێرانیەکان هەمان لەسەر هەمان مەزهەبن، بێ ئابڵوقەدان ملکەچی خۆیان بۆ ئێرانیەکان راگەیاندووە، لەلایەن ناوبراوەوە سەرباز دامەزراوە و نێردراوە، گوندی بەدرەوجەسان کە لە ریزی شارۆچکەی ناوبراوە، هێرشی کراوەتە سەر، بۆ نەهێشتنی ئەم هێرشانە بە یارمەتی خوا شارۆچکەی ناوبراو لە دەستی عەجەم رزگار بکرێت، پێویستە دەست بەکار بکرێت.

سەبارەت بە سەپاندنی دەسەڵات بە سەر شارۆچکەی ناوبراو، بلوك باشی سوارە دامەزراوە و گوندەکانی ناوبراو لە دەستی عەجەم رزگار کراوە.

لە سانجەقی کۆی سانجەق، عەشیرەتی بلباس لە سەر مەزهەبی سوننی شافیعی کە تائیفەیەکی بوێر و دیندارن، بە حەوت هەشت هەزار ئەسپ سوار و تفەنگچی، لە چواردەوری تەبریز هاتووچۆیان کردووە، جۆرەها زیانیان لە ئێران گەیاندووە، هەر چەند لەلای تەبریزی ئێران ماونەتەوە، بەڵام سەرباز تێدا نیشتەجێ کراوە، بۆ تەمبێ کردنی عەشیرەتی ناوبراو لەگەڵ سلێمان پاشا رێککەوتوون ناوبراو بۆ موتەسەرفی کوردستان نووسیویەتی، والی بەغداد لە سەر ناوبراو کاریگەری نەبووە، عەشیرەتی ناوبراو لە دەوروبەری هەولێر و کۆی پەرشوبڵاو بوونەتەوە، بۆ چاودێری کردنیشیان سەرباز دامەزراون، هەندێك ئاسانکاری تێدا کراوە، هێرشیان کردۆتە سەر خانەکانیان لەگەڵ یەکەم رێگا عەشیرەتی ناوبراو بۆ لایەنێك دوورخراوەتەوە، لەم کاتەوە لە سەر خاکی ئێران بە سەربەستی هاتووچۆ دەکەن، لە سەر هەندێك داواکاری، لە هەولێر و دەوروبەری زەوی کشتوکاڵیان بۆ دابین کراوە، بە کۆی گشتی لە سەر خاکی ئێران بیانهێنن و لە شوێنی کۆنی خۆیان نیشتەجێیان بکەنەوە و پێیان لە ئێران ببڕن، ئەمەش بۆ ئەوان هۆکارێکی گرنگە.

بە یارمەتی میری میران مەحمود پاشا، لەم ساڵە موبارەکە لە کاتی دامەزراندنی برێك سەربازی روم داوای یارمەتی کراوە، لە سەر پروپاگەندەی جولەی ئێرانیەکان لە شوێن خۆیان تێکچوونە، بە بێ شەڕ خاکیان چۆڵ کردووە و هەڵاتوون، هەروەها ئەوەندە سەربازە تووشی خورپە و پەرێشانی و شکان بوونەتەوە، جگە ئەوانەی کرمانشا نەبێت، شەهزادە چۆتە سەر بەغداد، پاشای ناوبراو لەگەڵ سەربازی کوردستان لەلای کەرکووك بینراون، بە چەندین جۆر لێبووردن کاتی تێپەراندووە، هەروەها پاشای ناوبراو لە یارمەتی و هاوکارییەکانی بێ دەنگ بووە، ئەمەش لەبەر رازی نەبوونی ئەم پەیوەندییە، لە سەر دوورخستنەوەی ئەمانە رەزامەندی داوە.



HAT 771/36182
HAT. 0771


7 موحەرەم 1238 (٢٤ ئەیلوول ١٨٢٢)	E.00795.36868	HAT

نووسراوی والی بەغدادە نێردراوە

چاکەکار

پشت بەستن بە خزمەتی پێشووی و دڵسۆزی و راستگۆیی میری میران مەحمود پاشا موتەسەرفی سانجەقی بابان، لەم ماوەیەدا بە سەرفرازیەوە بە باوباپیرانەوە خزمەتی باشیان کردووە، لە پێش ئێستاش پاشاکانی کوردستان لە کاتی باوباپیرانمان بە تەواوەتی خزمەتیان کردووە و نەبراوەتەوە، ئەمەش لە شەری عەرەبستان دەردەکەوێت، لەگەڵ سەرکردەیەک ١٠٠٠ سوار دامەزرا و لە خزمەتی ئەودا بوون، یەك دوو جاریش دیاریان ناردووە، بەڵام ئێستا لە بەرژەوەندی ئێران یەك کەموکوریان نییە، بۆ سەرهەڵدانی فتنە و شۆرش داهاتی کوردستانیان بۆ خۆیان بردووە، لەگەڵ برا و دۆستان رۆژ بە رۆژ بە پارە و بە رەگەز لە زیادبوون دان. بۆ تەمبێ کردنی عەشیرەکانی کوردستان، یەك دوو جار هاوکار و یارمەتیدەر بووە و سەربازی ناردووە، بە تایبەتی ئەم ساڵەی بە مەبەستی دوورخستنەوە و نەهێشتنی شازادە لە کوردستان، ئاغاکان لەشکرکێشیان کردووە، ئەم سەرباز و کەتهودایەی کە دامەزراون نمەك حەرام بوون، لەگەڵ سەربازەکان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە، تابورەکەی خۆی تووشی دۆران بوون، دوای ئەم دۆرانە ئەم سەربازانەی مابوونەوە تووشی هیلاکەت و پەرێشانی بوونەوە، مردن و برینداری تێدا بووە، خۆی هۆکار بووە لەم رووداوە، بەڵام خۆی بەرگەی ئەم رووەرەشییە و نمەك حەرامیە و ناهەستیاری و خیانەت و کەموکورییە دەگرێت، هەروەها ئەم ساڵە بەهۆی روودانی ئەم رووداوانە، سەربازی یەکگرتوو لەگەڵ سەربازانی کەرکووك دابمەزرێن، تاڵانکردنی پارەوپول و لایەنگری سانجەقەکانی سلێمانی و کۆی و هەریر لەگەڵ دەستتێوەردانی ئێران کەم بکرێتەوە، ئەم سانجەقانەی ناویان هاتووە خستویەتیە ژێر دەسەڵاتی خۆی، هەڵاتنی ١٠ سوار و ١٠٠٠٠ سەربازی پێ ئاسایی بووە، پاشای ناوبراویش ئاوا چاوی تاریك بووە، پروپاگەندە کراوە کە ئەمجارە لە شوێن شازادە عەبدوڵڵا میرزا جولە دەکات، ئەویش بە شێوەیەك شڵەژاوە و شپرزە بووە، خانەکانی گواستۆتەوە موسڵ و براکەی عوسمان بەگ لە ژێر چاودێری عەشیرەتە چەتەگەرەکانی سانجەقی کۆی سانجەق بەجێ هێشتووە، مەحمود پاشاش خاکی خۆی بەجێ هێشتووە و سەربازەکانی ناردۆتە کەرکووك، بە خۆشی لە نێوان هەولێر و کەرکووك نیشتەجێ بووە، عوسمان بەگیش کۆی سانجەقی بێ خاوەن بەجێ هێشتووە و داویەتیە خاڵی، بە گوێرەی کات بۆ جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی کاروبارەکانی سانجەقی ناوبراو لە ژێر خزمەتی ئێمە دایە و دراوەتە خالد پاشازادە محەمەد پاشا، ئەویش بێ ئەوەی خۆی و براکەی سەرکۆنە بکات و سەرزەنشتی بکات، دوای ئەم هەموو چاکەی لەگەڵی کردوومان، لە بیری کردووە و لە بەرامبەرمان دەستی بە گلەیی کردووە، تا ئێستا خێمەکانتان بەتاڵە، لە ٧ موحەررەم ١٢٣٨.


HAT 795/36868-E
HAT. 0795



36750-I

HAT 788/36750

HAT. 0788

HAT	I.00788.36750	17 شەوال 1239 (١٥ حوزەیران ١٨٢٤)


لیستی والی بەغدادە، بەم دواییە هاتووە
لـە داواکاریەکـە بـە درێـژی باسـکراوە و راگەیەنـدراوە، بـە پشـت بەسـتن بـە ئێرانیـەکان موتەسـەرفی کوردسـتان مەحمـود پاشـا نمـەك حـەرام داوای هـاوکاری لـە ئێـران کـردووە، بـەم هاوکاریـە لەشکرکێشـی بـۆ سـەر کەرکـووك و هەولێـر کـردووە، موتەسـەرفی پێشـووی کوردسـتان محەمـەد پاشا ئـەم سـەربازانەی کـە لـە لایەتـی، نییـەت پاکـی خـۆی دەرخسـتووە و چۆتـە ناوچەکـە، رووبـەرووی یەکـتر بۆنەتـەوە لـەم شـەڕەدا پاشـای ناوبـراو سـەرکەوتووە و سـەربازی خائیـن بـە شـکاوی رایـان کـردووە، دیسـان بـۆ چاودێـری کردنێـان دەسـت بـەکار کـراوە، لێـرە دەرکەوتـووە کـە مەحمـود پاشـا لەشـکرەکەی تووشـی تـرس بـووە، هەروەهـا خـۆی فرۆشـتۆتە ئێـران، هەمـوو کـەس بەمـە دەزانێـت، جگـە لەمـە خـان و کەسـوکار و خانەوادەکـەی بەجـێ هێشـتووە، ئـەوان هەڵنەهاتـوون و لـە شـوێن خۆیـان ماونەتـەوە، پاشـای ناوبـراو چۆتـە سـلێمانی، هـەر لـە کۆنـەوە دوورخسـتنەوەی موتەسـەریفەکانی کوردسـتان بۆتـە پیشـەی حکوومـەت ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی بوێریـان کـردووە چالاکـی ناهەمـوار و پێشـێلکاری ئەنجـام بـدەن، بۆیـە دوورخراونەتـەوە و گـۆڕدراون، خـودی والیەکانـی بەغـداد بـە سـەرباز و پێداویسـتییەوە چوونەتـە سـەریان، ئـەم سـەربازە کوردانـەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی محەمـەد پاشـا دامـەزراون، ناوبـراو هەڵساوە بـە جێگیـر کردنـی ناوچەکـە و گەرانـەوەی سـەقامگیری بـۆ ناوچەکـە، سـەربازانی عوسـمانیش تێکەڵـی ئـەم بابەتـە نەبوونـە، جگـە لەمـەش گونجـاو نییـە کـورد لەگـەڵ کـورد شـەڕ بـکات. بـە درێـژی و بـێ زیـادە نووسراوەتـەوە و راگەیەنـدراوە، لـە کاتـی جێبەجـێ کردنـی کارەکانیـش بـۆ لایەنـی مەبەسـتدار راگەیەنـدراوە، لـە هـەر حاڵەتێکـدا بریـار و فەرمـان بـۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسـۆزە، لـە ١٧ شـەوال ١٢٣٩.



7 جەمادی کۆتایی 1239 (٨ شوبات ١٨٢٤)	J.00808.37196	HAT

دەستی کەرەم


ئـاگاداری نێـردراوە، بـە هاندانـی عوسـمان بەگـی نەگبـەت بـرای مەحمـود پاشـا، خانـی سـاوچبۆلاق بەناوی ئیبراهیم خان، هاتۆتە دەورووبەری هەولێر و هێرشـی کردۆتە سـەر کۆشـکەکەم، لە هەولێر ئەم سـەربازانەی کـە بوونیـان هەیـە، بە کاریگـەری جەلادەکان، بە هـاوکاری خوا و هێزی پایـەدار دەرفەتیـان نەداوەتە ناوبراو، بـە بـێ بەختـی و پەرێشـانی دوای ئەوەی دووچاری خەم و شـکان بۆتـەوە، خانی ناوبراو بـە داهاتی تۆپخانە کۆچـی کـردووە و هاتۆتـە سـلێمانی، هـەر چەنـدە لـەلای مەحمود پاشـا بەڵێنـی بە شـەهزادە عەبـاس میرزا داوە، ئەلحەمدولیلـلا لـە دەورووبـەری هەولێر و کەرکووك یەك تاك لە سـەربازی عەجـەم نەماوە، لەم حاڵەتە خەڵکەکـەش لـە سـایەی پاشـا گەیشـتوونەتە ئیسراحـەت و ئاسایشـی خۆیـان، لە ٧ جەمـادی کۆتایـی ١٢٣٩.



HAT	A.00811.37219	19 رەبیعی کۆتایی 1239 (٢٣ کانوونی یەکەم ١٨٢٣)
پشت بەستن بە نووسراوێک، بە بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئێرانیەکان، لە بارەی پەرشوبڵاوکردنی ئەم سەربازانەی ئێستا لە سەر سنوورن، بە فەرماننامەی سەروو فەرمان دراوە، ئەم سەربازانەی دامەزراون زیاتر پتەو بکرێن و رێك بخرێن، ئەوەی راگەیەندراوە برادەری مەحمود پاشای خائین، عوسمان بەگی گەندەڵ لەگەڵ خانی ساوچبۆلاق بە ناوی ئیبراهیم خان بیرۆکەی دەست گرتن بەسەر هەولێری هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ٥٠٠ تا ٦٠٠ سەربازی عەجەم لە خاکی کۆی سانجەق نیشتەجێ بوونە، دەیانەوێت بێن دەوروووبەری هەولێر تاڵان بکەن و ئاژاوە دروست بکەن، ئەمانەش یەك کاتژمێر لە هەولێر دوورن، بە هەواڵگری بەگی هەولێر بە ناوی میران بەگ زادە ئیبراهیم بەگ موتەسەرفی پێشووی سانجەقی هەریر، وەکو سەرکردە دامەزراوە و لەگەڵ سەربازەکانی تر بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەم هێرشە ئامادە کراوە، میری ناوبراو دوای ئەوەی لەگەڵ کوردە نەگبەتەکان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و شەڕ رووی داوە، تێدا عوسمان بەگ دۆراوە، بە حەمدی خوا و سوبحانە و تەعالە سەرکەوتوو نەبوون لە دەست بەسەرکردنی دەورووبەری هەولێر و تووشی شپرزەیی و حەپەساوی بوون، بریار و فەرمان بۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسۆزە، لە ١٩ رەبیعی کۆتایی ١٢٣٩.		



<table>
<tr><td>HAT</td><td>C.00811.37219</td><td>27 رەبیعی یەکەم 1239 (١ کانوونی یەکەم ١٨٢٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">راگەیەندراوی بەندەتانە
ئێستا ٢٧ ی رۆژی دووشەممە، عوسمان بەگ بە سەرکردایەتی ئەحمەد زەنگەنە ٥٠٠ تا ٦٠٠ ئەسپ سواری بۆ لای هەولێر ناردووە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندی گردە رەش، کە یەك کاتژمێر لە هەولێر دوورە، گوندەکەیان تالانیان کردووە، دوای ئەوەی ئەم هەواڵە بڵاو بۆتەوە، یەکسەر بریکاری هەولێر ئیسماعیل ئاغا برێکی باش لە منداڵی دوکان و خانەکانی دامەزراندووە و سەرکردەیەکی بۆیان داناوە و ناردوویەتیە سەریان، بە خۆشی هێشتا لەگەڵ تفەنگچیەکانی ویلایەت ماوەتەوە، لەگەڵ ئەسپەکەی لە کاتی پێویست دێتە یارمەتیمان، لە گوندی باغمرە، ئەحمەد زەنگەنە و بەندەمان رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و لەم شەڕەدا کە نیو کاتژمێری خایاندووە، هەموو تێکەڵ یەك بوون بە هاوکاری خوا، ئەحمەد زەنگەنە بە ڤیشەکێ یەکێکمان بریندار بوو و رایکرد، ئەوانەی ناویان دیار بوو، کوڕی ئیبراهیم بە ناوی عوسمان بەگ لەگەڵ ٨ پیاوەکانی لە شەڕ هیلاك بوون، هەروەها ١١٦ پیاوی بریندار بوون و چەك و کەرستەکانیان برد، بریار و فەرمان بۆ دەوڵەتی میهرەبان و دڵسۆزە، ٢٧ رەبیعی یەکەم ١٢٣٩.
ئیبراهیم فیران بەگزادە</td></tr>
</table>


HAT. 766/36116-E
HAT. 0766

HAT	E.00766.36116	29 زیلحیجه 1243 (١٢ تەمموز ١٨٢٨)

نامەی فارسی وەرگێردراو هاتووە، کە لە ساوچبۆلاق لەلایەن حاکم عەبدوڵڵا بەگ بۆ جەنابی والی بەغداد هاتبوو


هەر لەمەوپێش باوباپیرانی بەردەوام لە خزمەت کردنی دەوڵەتی پایەبەرز هەستیان بە شانازی کردووە، هەروەها خۆیان خەڵکی سوننەت و جەماعەتن، لە کۆنەوە لەلایەن والیەکانی بەغداد بە پایەدارانی دەوڵەت راگەیەندراوە، باوباپیرانی نییەتی باشیان بۆ دەوڵەت هەبووە، تا ئێستا ئەوەی لە فەرمانی سەروو بۆیان هاتووە لەلایەن خۆیانەوە پاراستویانە و بەردەوام بۆ سەڵتەنەتی پاشا سەرقاڵی نزاکردنن. ماوەیەکە ئێرانییەکان بەهۆی ملکەچیان بۆ دەوڵەت، تووشی کێچەڵی ئێرانیەکان بوونەتەوە، ئەمەش وایکردووە رێگر بێت لە ملکەچ بوونیان بۆ دەوڵەتی پایەدار، لەلایەکی تر رووسەکان لەم دەوروبەرە دەستیان بە دەست درێژی کردووە، ئەوانیشی تووشی حەپەسان کردووە، ئەمانە لەگەڵ مۆسکۆی کافیر توانای رووبەرووبوونەوەیان نییە، بە خۆشیان لە سەر مەزهەبی حەنەفین و خاکەکشیان هیچ پەیوەندییەکی بە ئێرانەوە نییە، هەر لەمەوپیش پەیوەندیان لەگەڵ دەوڵەتی پایەدار سنووردار بووە، بە تێروانین لە دەستدرێژی مۆسکۆی کافیر، دیارە چاویان بریوەتە ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر لایەنی هەولێر و کەرکووك و سلێمانی، بۆ رێگەگرتن لە هەرەشەکەیان بۆ سەرکردەکانی دەوڵەتی پایەبەرز نووسراو نووسراوەتەوە، یاخود کاتی یارمەتی و خۆراگری نییە، بە تایبەت بۆ لایەنی ناوبراو نووسیویەتی، هەروەها لەمەودوا بۆ ملکەچ بوونیان بەڵێنیان داوە، لە رێگا برادەرەکەی وەکو بارمتە و بۆ نیشتەجێ کردن رەوانی بەغداد کراوە، خودی خۆشی بریار دەدات، لە بەرامبەر میهرەبانی پاشا ساڵانە ٣٠٠ کیسە ئاقچە بۆ لایەنی دەوڵەتی پایەبەرز دەنێرێت، هەروەها ١٠٠٠ تاکی سوارەش ئامادەیە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست بیانێرێت.

نووسراوی ئەم نامەیەی باسکرا، لەلایەن حاکیمی ناوبراو بۆ کەتهودای والی ناوبراوی ناردووە.



HAT	K.00771.36181	9 سەفەر 1243 (١ ئەيلوول ١٨٢٧)


راگەیاندنیبەندەتانە
لەگـەڵ ڤۆیڤـۆدە ئاغـا بەیەکـەوە لـە شـێخان نیشـتەجێ بوویـن، ئـەم هەواڵـە لەلایـەن بەنـدەی ئاغـای ناوبـراو نێردراوەتـە ماردیـن و لەگـەڵ رێککەوتنـی ئـەوان رێکخسـتنی نیشـان دراوە بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی تاقمـی چێشـتخانە و سـێ دانـە خێمـەی سـپی دراوە و هەمـوو کەلوپەلـەکان بیـنراوە و نێـردراوە، ئـەوەی لەگـەڵ منـە بەگـی میـران لەگـەڵ ئەسـپ سـواری شـەمامك و دزەیـی بەیەکـەوە بـە رەزامەنـدی ئـەوان و هاوەڵـی ئەوانـەوە گەراونەتـەوە، هـەردوو ئاغـای ناوبـراو هێشـتا لـە رێگـەی فیشـخابور دەڕۆن، هەروەهـا ئـەوەی بـە دەمـی خۆیـان نووسراوەتـەوە و باسـکراوە، بـە گوێـرەی داواکاری ئێمـە جولەیـان کـردووە، هەروەهـا هـەردوو بەنـدەی ناوبـراو کـە لـە کەنـداو پەریونەتـەوە، هـەواڵ گەیشـتۆتە بەندەیـان، جگە لەمە کـە گەیشـتینە سـەر ئـاوی خـازر، ئەسـعەد بـەگ بـرادەری والـی موسـڵ لـە ئەسـتانە، دوو نیشـان لەگـەڵ پلـەی میـری میرانـی پێشـکەش کـردووە، کـە گـوێ بیسـتی تـۆپ و تفەنـگ بوونـە کاردانـە و شـادومانی خۆیـان نیشـان داوە، ووتوویەتـی برادەرەکـەم والـی موسـڵ بـەرەوە موسـڵ بەرێدەکـەوم، لـەم پروپاگەندەیـە بینیویانـە لـە گونـدەکان ئێسـتر کۆدەکەنـەوە و دەهێنـن، هەروەهـا بـۆ لای بەگـی شـێخان و عەشـیرەتەکان پیـاوی نـاردووە، لەگـەڵ کاهیـەی بەگـی شـێخان، دایکـی بـۆ موسـڵ نـاردووە، پاشـای ناوبـراو رۆژ لـە دوای رۆژ لـە هەمـوو لایـەک پروپاگەنـدەی نادروسـت و درۆ بڵاودەکاتـەوە و پیـاو بـۆ لای عەشـیرەتەکان دەنێریـت، بـە هـۆکاری چاوچنۆکـی عەشـیرەتی شـەمامك و دزەیـی هێنـاوە، هێشـتا بەندەکانـی بـە کۆمـەڵ دەهێنێـت و بـە ئیمانـی نەشـیاو و ئاڵـۆز بـروا بـە بەندەکانـی هێنـاوە، هەمـووی لـە رێگـەی کەنـداوەوە هاتنـە خـوارەوە، کارەکانیـان سـەری نەگـرت، ئەوەیـان کۆتایـی پـێ هـات و هیـچ حاڵەتێـك نەمـاوە، ئـەم هەواڵانـە بـە بەندەمـان راگەیەنـدراوە و بریـار و فەرمـان بـۆ ئەفەندیمانـە، لـە ٩ سـەفەر ١٢٤٣.
مەحمود بەگ وەکیلی هەولێر



HAT	B.00449.22346	27 شەوال 1250 (٢٦ شوبات ١٨٣٥)

محەمەد پاشا بەگی رواندز دوای ئەوەی دەستی بەسەر قەزای سەعرد داگرتووە، زوڵم و زیانی بە هەژارەکان گەیاندووە، دانیشتووانی قەزای ناوهاتووش داوای کەلوپەلی تاڵانکراوی خۆیان دەکەن و دەیانەوێتەوە، بە گوێرەی هەندێك چیرۆك دەڵێن پاشای ناوبراو بە فەرمان و رەزامەندی جەنابی والی بەغداد هاتۆتە شوێنەکە، بۆ ئەوەی ئەم مەمالیکانە دەست بەسەر بکات کە یاخی بوونە، فەرمانامەی پاشا دەرچووە بۆ ئەوەی دەریبخەن لەبەر چی ناوبراو، قەزای ناوهاتووی تووشی ئەم حاڵەتە کردووە، لەم حاڵەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پاشایە، پاشا سێ چوار ساڵ دەبێ لە ئەیالەتی شارەزوور دەستی بەسەر قەزاکانی کۆی و هەریر و کۆپری و هەولێر داگرتووە، هەر زۆر بە ئاشکراش لە دەسەڵاتی ئێمە چۆتە دەرەوە، بۆ تەمبێ کردنی لەلایەن جەنابی ناوبراو لە مێژووی ١٢٤٨ هەموو سەربازمان رێك خستووە، لە دەوروبەر تووشی تەنگانە بووە، لەگەڵ ئێرانییەکان هاوسنوورە و هەم برێکی زۆر ئاقچەی پێداون، بەهۆی چاوچنۆکی و چاوبرینەوە پەریونەتەوە لایەکەی تر، هەروەها حکوومەتی سەڵتەنەت بۆ ئەوەی ئاژاوەگێران دووربخاتەوە، پشتی بە هێزی نزیك بەستووە، بە تێروانین لە بەرژەوەندی کات و بارودۆخ بە تایبەتی بۆ ناوبراو، لە بابی عالی یەك پارچە لیستی سەدارەت دروست کراوە، جەنابی ناوبراویش فەرمانامەی دەرکردووە، جەنابی ناوبراو سەربازەکانی دوور خستۆتەوە و بە گوێرەی بەرژەوەندی، ئاشتەوایی نیشان داوە، کەچی ناوبراو دەستی بەسەر سانجەقی عەمادییە داگرتووە، بۆ گرتنەوەشی هێشتا کاتەکە گونجاو نییە، پێویستی بە راگەیەندراویش نییە، بەندەکانی بۆ ئەم لایە هاتوون، قەزاکانی دەوروبەری جەزیرە و سەعرد لەگەڵ جەزیرە و سەعرد هەر لە کۆنەوە نەچوونەتە باری هیچ لایەك و ملکەچ نەبوونە، بۆیە ناوبراو حەز دەکات بیخاتە ژێر رکێفی خۆی، بۆیە چۆتە جەزیرە و ئەوەی دەستی کەوتووە فرۆشتوویەتی، ئەم شوێنانەی کە لەوێشەوە نزیکن دەستی بۆ درێژ کردوون، پارەوپولی زۆری تاڵان کردووە، دوای ئەوەی بەرگری لە ئاژاوەگێریەکەی کراوە، لە سەر رێگا راستەوخۆ دەستی بە نۆژەنکردنەوەی کردووە، گوندی جلفە و ئەوانی تر دوای رووبەڕووبوونەوە، ناوبراو وەکو ئاگادارکردنەوە بۆ بەندەمان نامەی نووسیوە، هەروەها دوای گەرانەوەی لە ناوچەکان ووتوویەتی دووبارە دەگەرێمەوە، لەم حاڵەتە چالاکی و جموجۆڵی هەیە، لە دووری چوار کاتژمێر لە موسڵ نیشتەجێ بووە، هەموو کاتێکیش لەگەڵ ٥ تا ١٠ هەزار جانەوەر هاتووچۆیانە، دێتە ناوچەکە، بەڵام ئاشکرایە لە ترسی تۆ هێرش ناکات. سەرەتا ناوبراو کە هاتە لایەنی جەزیرە بە پایەبەرزی سەروو راگەیەندرا بوو، ئێستا ناوبراو هەروەکو خۆی مەترسی هەیە، من دڵسۆزم بۆ دوورخستنەوە و نەهێشتنی ئاژاوەی ناوبراو serww پێویستی بە هەر جۆرە هیممەتێك هەبێت، ئەوا ئامادەین، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە میهرەبانە، لە ٢٧ شەوال ١٢٥٠.

محەمەد عەبدە




<table>
<tr><th>HAT</th><th>A.0694.34457</th><th>17 رەجەب 1251 (٨ تشرینی دووەم ١٨٣٥)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ دەوڵەت
لە شاری موسڵ لە ئەرکەکەمدا بۆ جێگیرکردنی ئاسایش خەریکم، ئەم ناوانەی کە بە گەندەڵی دیارن و بە بونیادنەری نەزانی خەریکن، ژمارەیان ١٠ کەسە، لە سەر داواکردنی من، دەرکردن و دوورخستنەوەیان بۆ دەرچووە، ئەگەرچی دەرکردن و دوورخستنەوە و تەمبێ کردنیان جێبەجێ کراوە، بەڵام موتەسەرفی رواندز بە پشت بەستن بە عەقڵی خۆی، هەولێر و عەمادییەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەڕێوەی دەبات، بیرۆکەی دەست بەسەرداگرتنی شاری موسڵیشی هەیە، کە ئێستا خراوەتە ژێر دەسەڵاتی وەزیر، دەست درێژی دەکاتە سەر هەموو لایەك، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەش ئەوانەی بریاری دەرکردنیان بۆ دەرچووە، لە لای خۆی کۆیکردونەتەوە، هەروەها لەم لایەنە بۆ داگیرکردنی شارەکە سەربازی دامەزراندووە، ئەمرۆش بە فیڵ و سیخورییەوە بەم ئومێدەیە کە دەست بە سەر موسڵ دابگرێت، دەیەوێت کات بەدەست بهێنێت، بۆ پاراستنی خەڵکی هەژار، ناوبراو لە دەرەوە بینراوە، بۆ دۆزینەوەی ئەم دەست بەسەرانە، پلانی یەکەم و کۆتایی دارشتووە، متمانە و رای داوە، لە ئەوانە خۆش بووە و بەڵێنی لێ وەرگرتوون، کە بەڵێنی پەشیمانیان داوە، هەندێکیانی هێناوەتە ناو موسڵ، ئەوانەی ماوەتەوەش لە دەرەوەی شار سەرقاڵی کردوون، دەست بە کارکراوە، بەم مەرجەی بێنە ناو موسڵ کە چاودێری جموجوڵیان بکرێت، بۆ ئەمەش مۆڵەتی پاشا وەربگرن، ١٧ رەجەب ١٢٥١.</td></tr>
</table>

HAT	D.01264.48949	19 رەبیعی یەکەم 1252 (٤ تەمموز ١٨٣٦)


ئـەم بەرژەوەندییـەی جەنابـی محەمـەد رەشـید پاشـا لـەلای جەزیـرە هەیبـوو، دوای تـەواو بوونـی گەراوەتـەوە، لـە مێـژووی داواكارییەكـە بـۆ لایەنـی ئێمـە نـووسراو هاتـووە، ئەمجارە دەسـت گرتـن بەسـەر چەتـەی رەوانـدز و ئاڵتـون كۆپـری، كـە دوو كاتژمێـر دوورە، لـە ناوچـەی گـون تەپـە بـە تاتـارەكان یـەك پارچـە نـووسراو هاتـووە، لـە لای عەجەمـەوە ٢٠٠٠٠ سـەرباز دەنێردرێتـە سـەر رەوانـدز، بـۆ ئەوەی ئـەم كارە سـەر نەگرێـت پێویسـتە رۆژێـك زووتـر شـەڕ و ئـاژاوەی رەوانـدز دوور بخرێتـەوە، بـە فەرمـان و رەزامەنـدی پاشـای شـاهانە ئەركەكانیـان دەسـت نیشـانْ كـراوە، هـەر پێـش ئێسـتاش بـە بـێ ئـەوەی سـەرقاڵی قـەڵا و قەڵایـەكان بـن، راسـتەوخۆ چوونەتـە سـەر رەوانـدز، هەروەهـا لـە بـارەی گواسـتنەوەی هەندێـك تـۆپ و هاوەنـەكان ئـاگاداری نێـردراوە، لـە دوا ناوچـەش هێنانـی تـۆپ و هـاوەن پێویسـت نەبـووە، جگـە لـە تۆپـی عبـوس و چرخـە سێ پارچـە بانیمـر و سێ پارچـە هـاوەن لەبـەر دەسـتمان دایە، دوای سـەیركردن ئـەوە بەسـە بـۆ رەوانـدز، بـە نـووسراو دووبـارە بـە تاتـارەكان راگەیەنـدراوە، هەروەهـا ئـەم چەكانـەی كـە بۆ ئاڵتـون كۆپـری هاتـووە بـۆ بەرامبـەر نێـردراوە، لـە مـاوەی ١٨ كاتژمێـر رووبەڕووبوونـەوە نەبـووە، پیـاوەكان پەریونەتـەوە، ئـەم تفەنگچیانـەی كـە رەوانـدز پشـتی پـێ دەبەسـتن لـە قەڵاكـە هاتوونەتـە خـوارەوە و پاراونەتـەوە، لـە كاتـی بینیـن ئـەوەی پێیـان دەووت عەبدولرەشـی نەفرەتـی نزیكـەی ٢٠ تا ٣٠ لـە هاوكارانی بـۆ خـوارەوە راكێـشراون و بـە زینـدووی دەسـت بەسـەركراون و مەملەكـەت جێگیـر كـراوە، پشـت بەسـتن بـە خـوا و هێـزی جەنابـی شـەهریاری، هیممـەت كـراوە بـۆ كاری بـاش و بـۆ دەسـتكەوتنی بەرژەوەنـدی ئاسـانكاری كـراوە، هێشـتا لەلایـەن سـانجەقەكانی هەولێـر و كـۆی و هەریـر پەیتـا پەیتـا دێـن دەپارێنـەوە، هەروەهـا لـە مێـژووی داواكاریەكـەم بـەرەو هەولێـر بـەڕێ دەكەویـن، ئینشـائەڵڵا كـە گەیشـتینە ئـەوێ، بـەم ئومێـدەم خۆیـان بـە دەسـتەوە بـدەن، ئەگـەر نەشـكرا ئـەوا بـە لێدانـی تـۆپ و خەمپـەرە بە یـەك دوو رۆژ دەسـت بەسـەر دەكرێـت، دوای ئەمـەش بـۆ سـانجەقەكانی كـۆی و هەریـر دەڕۆیـن، بـە ماوەیەكـی نزیكیـش هەمـوو شـوێنەكانی تـر دەكەوێتـەوە ژێـر دەسـتمان، گواسـتنەوەی تۆپـەكان لـە رێـگای رەوانـدز ئاسـان نییـە، لـەلای عەمادییـە رێگاكـە ئاسـانترە، بۆیە ئەگەر پێویسـتی كـرد بچینە ئـەم لایە ئـەوا تێدەپەرین و گومانـی مـن لـە بـێ دەنـگ بوونـی جەنابـی رەشـید پاشـایە بەرامبـەر بـە محەمـەد پاشـا، ئومێـدەوارم ئەنجامێكـی كۆتایـی بدۆزێتـەوە، رەوانـدز دەكەوێتـە سـەر سـنووری ئێـران، لـە ژێـر هەڕەشـە و هێرشـە، بـۆ ناردنـی سـەربازیش پێـش حـەوت هەشـت مانـگ نـووسراو نێـردراوە، ئـەوەی پێـی دەوترێـت میـری نیـزام سەرعەسـكەری بـە ئـەرك ناردۆتـە تەبریـز، هەروەهـا بـۆ ناردنـی سـەرباز بـۆ رەوانـدز، ئـەم سەرعەسـكەرەی لەلایەنـی سـنە و سـادقبۆلاق دامـەزراوە، لەلایەنـی ناوبـراو كەسـێك بـە نـاوی فـەرزی خـان ئـاگاداری نێـردراوە، بـەم شـێوەیە ئەركەكەیـان بـە تونـدی راگەیانـدووە، بـۆ تەمبـێ كردنـی رەواندزیـش لەلایـەن دەوڵەتـی پایەبـەرز ئەركـم پـێ سـپێردراوە، هەروەهـا هومایۆنی شـاهانە دڵی چـۆن بخوازێت بەڵێـن دەدەم ئـاوا تەمبـێ دەكرێـن، لەلایـەن خۆشیانەوە ئـەوەی سـنوور ببەزێنێـت، ئەگـەر سـەرباز رەوانە بكرێـت، ئەوا بـە گوێـرەی سـوودی حكوومـەت دەبێـت، رەوانـدز ناچـار دەبێـت هـاوكار بێـت و لـە ژێـر فەرمانـی ئێمـە بمێنێتـەوە، بـە گفتوگـۆش وەڵامـی یەكجارەكـی دەرچـووە، ئـاگاداری دراوەتـە جەنابـی رەشـید پاشا، ئەگـەر هاتـوو ئەوانـە بێـن بـە چ شـێوەیەك مامەڵەیـان لەگـەڵ دەكرێـت، تـا ئێسـتا لـە بـارەی لیـوای رەوانـدز یـەك كاغـەز و هـەواڵ نەهاتـووە، ئەگەرچـی نووسـیویەتی كـە موتەسـەرفی بابـان سـلێمان پاشـا چەنـد رۆژ پێـش ئێسـتا لەگـەڵ ١٢٠٠٠ سـەرباز بـۆ رەوانـدز دێتـە لاهیجـان، بـەڵام خـۆی پەیوەسـتە بـە عەجەمـەوە و بـۆ دروسـت بوونـی ئـاژاوە، بـە درۆ ئـەوەی نووسـیوە، ئەمـەش دیـار و ئاشـكرایە. كۆمەڵێـك لـە شـازادەكانی عەجـەم یـەك لـەم شـازادانە بـە نـاوی هۆلاكـۆ میـرزا لـەلای حـەران دەركەوتـووە، هەروەهـا بـە یارمەتـی كامـەران میـرزا دادوەری حـەران كـە لـە تائیفـەی ئەفغانـە، هەمـوو توركمانەكانـی كۆكردۆتـەوە و هەرێمـی خۆراسـان و شـاری كرمانـی گرتـووە، هەروەهـا ئـەم سـەربازانەی لـەلای كرمانشـا و خـورەم ئابـاد و شـشتەر و دزفـول بـووە، شـای عەجـەم بـۆ لای خۆراسـانی دەبـات، بۆیـە ئێسـتا ئێرانیـەكان كاتیـان نییـە سـەرباز رەوانـەی رەوانـدز بكـەن، ئینشـائەڵڵا و بـە هاوكاری و پشـت بەسـتن بـە جەنابی بونیادنـەر و جەنابـی تاجدار هیممـەت بكرێـت، ئـەم بابەتـەی لیـوای رەوانـدز هیـچ شـتێك نییـە، بـەم نزیكانـە شـەڕ و ئـاژاوەی تێـدا نامێنێـت و سـەركەوتن بەدەسـت دێـت، لـە هـەر حاڵەتێـك بریـار و فەرمـان بۆ ئەم كەسـەیە كـە میهرەبانە.

١٩ رەبیعی یەكەم ١٢٥٢




HAT	E.01264.48949	19 رەبیعی یەكەم 1252 (٤ تەمموز ١٨٣٦)

دوای تـەواو بوونـی كاری جەنابـی محەمـەد رەشـید پاشـا كـە لـەلای جەزیـرە هەیەتـی، دەگەڕێتـەوە، لـە مێـژووی داواكاریەكـەم نووسراوەتـەوە، ئەمجـارە نەگبەتـی ڕواندز كە دەسـتی بەسـەر ئاڵتون كۆپـری داگرتبوو وەرگیراوەتـەوە، لـە گـون تەپـە دوو كاتژمێـر دووریەكەیەتـی، بـە تاتارەكانـەوە یـەك پارچـە نـووسراو هاتـووە، لـەلای عەجـەم بـە نزیكـەی ٢٠ هـەزار سـەرباز بـۆ سـەر ڕوانـدز دەڕۆن، تـا دەسـتیان بەسـەر دانەگرتـووە پێویسـتە ئـەم شـەڕە دوور بخرێتـەوە، بـە بڕیـار و فەرمانـی سـەدارەتی شاهانە، ئەركەكانیـان پـێ دراوە، هـەر لـە كۆنـەوەش ئـەم قـەڵا و قەڵایانـەی كـە بوونیـان هەیـە بـێ ئـەوەی خۆیـان پێـوە خەریـك بكـەن، ڕاسـتەوخۆ بـۆ سـەر ڕوانـدز بـڕۆن، تـۆپ و هاوەنەكانیـش بـە چ شـێوەیەك دەنێردرێـت ئەویش باسـكراوە، .. .. ئاسـانكاری كـردووە، لـە سـانجەقەكانی كـۆی و هەولێـر و هەریـر پەیتـا پەیتـا دێـن دەپارێنـەوە، هەروەهـا لـە كاتـی ڕۆیشـتن بـۆ هەولێـر، ئومێـد دەكـەم ئینشـائەڵڵا هـەر كـە گەیشـتینە ناوچەكـە خۆیـان رادەسـت دەكەنـەوە، ئەگـەر وانەبـوو یەكسـەر بـە لێدانی تـۆپ و زەمبـەرە بـە یـەك دوو ڕۆژ دەسـت بەسـەر دەكرێـت، دوای ئـەوە ڕوو دەكەینـە سـانجەقەكانی كـۆی و هەریـر بـە ماوەیەكـی كەمیـش ئەوانیـش دەگیرێـن، ناردنـی تـۆپ لـە ڕێگـەی ڕوانـدز ئەسـتەمە، لـەلای عەمادییـە ڕێگاكـە ئاسـانترە، ئەگـەر پێویسـتیش بـكات بـا بـەم ڕێگایـە بـڕۆن، لـە كاتـی بـێ دەنـگ بوونـی جەنابـی ڕەشـید پاشا بەرامبـەر بـە محەمـەد پاشـا هیـوادارم ڕێگـە چارەیەكـی ئاسـان بدۆزرێتـەوە، هەروەهـا ڕوانـدز لـە سـنووری عەجـەم نزیكـە، لـە كاتـی هێـرش دەتوانن دەسـت بەسـەر ناوچەكـە دابگرن، حـەوت هەشـت مانـگ پێـش ئێسـتا بۆ لایەنـی سـەروو نـووسراو كراوە، سـەر عەسـكەر بـە ئـەرك نێردراوەتە تەبریـز و بـۆ ناردنـی سـەربازیش بـۆ ڕوانـدز لەلایەنـی سنە و سـادقبۆلاق دامەزراوە، لەلای سـەر عەسـكەری ناوبـراو پیاوێـك بـە نـاوی فـەرزی خـان ئامـاژە نێردراوە، بـەم شـێوەیە ئەركەكەیـان جێبەجـێ كـردووە، جگـە لەمـە بـۆ تەمبـێ كردنـی ڕوانـدز بەنـدە لەلایـەن دەوڵەتـی پایەبـەرزەوە ئەركـی پـێ سـپێردراوە، لـە سـایەی شـاهانە بـە خواسـتی دڵـی تەمبـێ دەكرێـن، ئەگـەر سـنوور بەزێنـدرا، ئەگـەر سـەرباز ڕەوانـە كـرا، ئـەوا ڕوانـدز ناچـار دەكرێـت بـە پێـی سـوود و بەرژەوەنـدی حكوومـەت بمێنێتـەوە و هـاوكار بێـت، بـە ووتـە وەڵامێكـی یەكجارەكـی دراوە، پێـش ئـەوە بـە سـەدارەتی وەكالەتپەناهـی ڕاگەیەنـدراوە، لەلایـەن جەنابـی ڕەشـید پاشـا بـە شـێوەی ئاگاداركردنـەوە پێـی ڕاگەیەنـدراوە، سـەبارەت بـە ڕوانـدز تـا ئێسـتا یـەك پارچـە كاغـەز و هـەواڵ نەهاتـووە، بـەڵام نووسراوەتـەوە سلێمان پاشـا موتەسـەرفی بابـان، چەنـد ڕۆژ پێـش ئێسـتا بـە نـاوی میـری نیـزام لەگـەڵ ٢٠٠٠ سـەرباز دێنـە لاهیجـان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی خـۆی پاڵپشـتی عەجـەم دەكات و بەشـێكە لـە گەندەڵیـەكان، زۆر ڕوون و ئاشـكرایە كـە بـە درۆ ئەوەی نووسـیوەتەوە، لە شـازادەكانی عەجـەم شـازادەیەك بـە نـاوی هولاكـۆ میـرزا لـە ناوچـەی حـەران دەركەوتـووە و بە هـاوكاری كامـەران میرزا دادوەری حـەران هەمـوو توركمانەكانـی كۆكردۆتـەوە و هەرێمـی خۆراسـان و شـاری كرمانـی داگیركـردووە، ئـەم سـەربازانەی لەلایەنـی كرمانشـا و خـورەم ئابـاد و ششـتەر و دسـپول هەیـە، هـەر هەمـووی ناردۆتـە لای خۆراسـان، ئێسـتا ئێرانیـەكان كاتـی ئەوەیـان نییـە سـەرباز بنێرنـە ڕوانـدز، ئینشـائەڵڵا و بـە هـاوكاری جەنابـی تاجـدار و هیممەتـی والیـەكان لەگـەڵ وەكالەتپەناهـی بابەتـی ئـەم ڕوانـدزە شـتێك نییـە، بـەم نزیكانـە بـۆ دوور خسـتنەوەی شـەڕ و ئـاژاوە گرنگـی پـێ دەدرێـت و سـەركەوتن بەدەسـت دێـت، لـە هـەر حاڵەتێكـدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم كەسـەیە كـە میهرەبانـە، لـە ١٩ ڕەبیعـی یەكـەم ١٢٥٢.


HAT. 1264


HAT. 1264/ 48349-E



HAT	F.01264.48949	19 رەبیعی یەکەم 1252 (٤ تەمموز ١٨٣٦)

بۆ جەنابی سوڵتانم

جەنابی محەمەد رەشید پاشا ئەفەندی لەلای جەزیرە بەرژەوەندەییەکانی تەواو بووە و خەریکە دەگەڕێتەوە، مێژووی نووسراوی کوڕەکەی، پێش پێنج تا دە رۆژ لەلایەن کوڕەکەیەوە نووسراوەتەوە، ئەمجارە چەتەکانی رواندز، ئاڵتۆن کۆپریان لە ژێر دەستە، لە گەرەکێك بە ناوی گون تەپە کە دوو کاتژمێر ماوەکەیەتی، لەلایەن تاتارەکانەوە یەك پارچە فەرماننامە هاتووە، لەلایەن عەجەم نزیکەی ٢٠٠٠٠ سەرباز بۆ لایەنی رواندز دەروات، بۆیە هەرچی زووە پێویستە رۆژێك پێشتر شەڕ و ئاژاوەگێری رواندز کۆتایی پێ بێت، بە فەرمانی پاشای شاهانە بۆ فەرمانبەرانیان یەك پارچە فەرماننامەی جەنابی سەدری ئەعزەم لە سەدارەتپەناهی هاتووە، ئەم ووتەی کە تێدا نووسراوەتەوە لەگەڵ قەڵا و قەڵایەکان راستەوخۆ برۆنە سەر رواندز، هەروەها لە بارەی بردنی تۆپ و هاوەنەکان، ئەوا مەترسییەکانی روون کردۆتەوە، لە کۆتا ناوچە بردنی تۆپ و هاوەنەکان بە پێویست نازانرێت، ئەوەی لە دەستە سێ تۆپ و سێ هاوەنە، ئەوەش بۆ رواندز بەسە، بە نووسراو بۆ تاتارەکانی ناردووە، هەروەها لە کاتی هاتنتان بۆ ئاڵتون کۆپری سێ پارچە عبوس و یەك پارچە تۆپ بۆ بەرامبەر بگوازرێتەوە، هەروەها لە ماوەی هەشت کاتژمێر بەرگری نەبووە، بە پێی قسەی پیاوەکان رواندزەکان ئەم تفەنگچیانەی کە پشتیان پێ دەبەست، لە قەڵا دەهاتنە خوارەوە، دەپارانەوە و تکایان دەکرد، لە کاتی بینینی ئەم بەندە بە نەفرەتیە خۆی و نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ لە هاووەڵانی بۆ خوارەوە راکێشران و لایەنگرانیان بە زیندووی بردران و کێشەکەیان کۆتایی پێ هات و مەملەکەت قایم کرا، سوپاس بۆ خوا جەنابی شەهریار و هێزەکە بەهۆی ئەم سەرکەوتنە، لەلایەن هەولێر و کۆی و هەریر کۆمەڵ بە کۆمەڵ دێن و تکا دەکەن و دەپارێنەوە، هەروەها ئەم هێزە دەچێتە سەر هەولێر و دوای ئەویش بۆ کۆی و هەریر و رواندز دەروات، لە بارەی ئێرانەوە بۆ بابی عالی و بابی سەر عەسکەر نووسراو دەنێردرێت، هەروەها بۆ ئاڵتون کۆپریش یەك پارچە وێنە نەخشێنراوە و دەنێردرێت، ئینشائەڵڵا و تەعالە ئەم وەڵامنامانەی سەدری ئەعزەم کە پێشکەش کراوە وەردەگیریت و بە تاتارەکانمان دەنێردرێت، لە ١٩ رەبیعی یەکەم ١٢٥٢.



HAT. 1264/48949-G


HAT. 1264

<table>
<tr><td>HAT</td><td>G.01264.48949</td><td>21 ره‌بیعی یه‌كه‌م 1252 (٦ ته‌مموز ١٨٣٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی سوڵتانم
دوای دەست بە سەر داگرتنی ئاڵتون کۆپری، بەرەو هەولێر کەوتوونەتە ڕێگا، هەروەها لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ڕۆژی ٢١ گەیشتوونەتە شوێنەکە و خێمەکانیان هەڵداوە و جێگیر بوونە، بە کۆمەڵ ملکەچی فەرمانی جەنابی پاشا دەبن، هاتوون بە بێ شەڕ قەڵاکە ڕادەست بکەنەوە و تکایان کردووە و پاڕاونەتەوە، ئەم خیانەت کارانەی کە خۆیان قایم کردبوو، داوەتی ملکەچ بوون کراون، بەڵام خودی ئەمانە بە سروشت خوی کوردیان هەیە، کوردیش ملکەچ بوون نازانێت، بە بوێریەوە شەڕیان ڕاگەیاندووە، هەر ئێستا بەم کاتژمێرە لە دەوروبەری ئابڵوقە بدرێت و تۆپی بالیمز و هاوەن و عبوس و چەرخە بۆ قەڵاکە بهاوێژرێت، ئینشائەڵڵا پێویست بە هاوێشتن نابێت، تەنیا بە ڕۆیشتن و لێدانی تەپڵ بە هاوکاری و پشت بەستن بە جەنابی شەهریار و هێزە پاکەکە بە ماوەی یەك دوو ڕۆژ وەکو کۆپری دەست بەسەر دەکرێت، ئا لەم کاتەی بە پێی ئەم هەواڵەی وەرگیراوە، ئەم ووتەی تاتار هێناویەتی ئینشائەڵڵا تەعالە لەگەڵ گەیشتن هەواڵ بدرێتە بابی عالی و جەنابی سەر عەسکەر، لە ٢١ ڕەبیعی یەکەم ١٢٥٢.</td></tr>
</table>

HAT	A.01264.48948	13 رەبیعی یەکەم 1253 (١٧ حوزەیران ١٨٣٧)

ساڵی رابردوو ئیسماعیل بەگی عەمادییە بۆ وەرگرتنی دادوەری عەمادییە، لەلایەن رەشید پاشا بابەتەکە دووپات کراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەحمەد بەگ ئەمینی ئاڵای نێردراوەتە شوێنەکە، بۆ پێشکەشکردنی خولعەتەکەشی، لەلایەن جەنابی محەمەد پاشا والی موسڵ نێردراوە. بەم دواییە عەمادییە رادەستی محەمەد پاشا کراوە، بەهۆی ساردوسریەکەیەوە ناوبراو لادراوە، ناوبراو سەربازی ناردۆتە سەر جەنابی ناوبراو، بەبێ رەوشتی جولەی کردووە، بۆیە جەنابی ناوبراو بە غەمباری مەیلی خستۆتە سەر رەسول بەگ و قەڵای عەمادییە داخراوە، هەر یەکە لەلایەك خەڵك تاڵان دەکات، ئەوەی بە چاو بینراوە شایەدی ئەوەن، محەمەد پاشا داوای دوو تابور سەربازی کردووە، ئەوەی لە ژێر دەستی ئێمەشە لە دوو ئاڵای تەنیا سێ تابور سەربازە، لەگەڵ یەك قۆڵ ئاغا، ٣٠٠ تاك لە سلێمانیەیە، ئێمە هێشتا ناچارین دەبێ بۆ لای بەسرا برۆین، ئێوە خۆتان دەزانن ئەگەر سەرباز بدەمە ناوبراو، ئەوا ئاژاوەگێریەکەی بەردەوام دەبێت، هێشتا جەنابی حافز پاشا لەلایەنی سنجارە، بۆ پاككردنەوەی سنجار دیسان هیممەتێکی باشی کردووە، خودا سەرکەوتووی بکات، جەنابی حافز پاشا نییەتی باشە و لەگەڵ ئەمەش خەمی پاراستنی هەژار و بێ تاوانانە، جگە لەمەش رەزامەندی شاهانەی لەسەرە، هەر بابەتێك هەبێت بە رێکوپێکی جێبەجێی دەکات، بە خۆتان دەزانن ئەوانەی پێش ئەو چەند نەزانن و تووشی بێ هیوای بووین، هەروەها ئیسماعیل بەگ خەڵکی عەمادیەیە، محەمەد پاشا متمانەی پێ ناکرێت، هەموو کوردەکان لەگەڵ ناوبراو رێککەوتوون و تەنانەت پێش چەند رۆژ لە لایەنی رواندز هەندێك لە مەلا و ئەم پیاوانەی کە بە ئەو پەیوەستن نووسراوی نووسیوە، ئەوەی لە کاغەزەکان هاتووە، دەرکەوتووە زێباری و برادۆست و شێروان و مزوری و هەموو عەشیرەتەکانی کورد لەگەڵ ئیسماعیل بەگ بە رێککەوتن هێرشیان کردۆتە سەر رواندز و شەریان کردووە، جگە لەمە عەشیرەتەکانی کۆی و هەریر، سەرۆکەکانی عەشیرەتی خۆشناو و بلباس، هەروەها ئاکۆ حارس ئاغا و بالەك و باڵەکیەکان و سورچی و هارونی لەگەڵ ئیسماعیل بەگ گفتوگۆیان کردووە، بەیەکەوە چاویان بریوەتە رواندز، بەگەکانی هەریر و کۆی لەگەڵ هەموو عەشیرەتە ناوهاتووەکان زاڵن، ئەگەر ئەوانە دەربکرێن و بە شایستەوە رواندز خزمەتی دەوڵەت بکات، ئەوا لەگەڵ هەموو زوڵم لێکراوەکان بمێننەوە، هەر چۆنێك بێت لەگەڵ خەڵکەکەی مێشکیان بشورێتەوە، ووتوومە بۆ لایەنی ئێمە رەوان بکرێن، ئێستا لە عەمادییە و جەزیرە و هەولێر و کۆی و هەریر و رواندز بەڵێنی داوە ٣٥٠٠ کیسە بدات، ئەمەش سەیرە. سانجەقی عەمادییە هەر لە کۆنەوە خانەدانەکانی عەمادییە بە شێوەی یورتلق و ئۆچاقلق خراوەتە ژێر دەستیان، ئەم ساڵە بە دانی داهات، جگە لە ئەسپ و ئێستر و هەموو ئەوانەی پێشکەشی دەکەن لە ٤٠ هەزار پێك دێت، لەم قوروشەی وەردەگیرێت بە رایجی ئیستەنبوڵ ٧٠٠-٨٠٠ کیسەیە، لەگەڵ ناردنی بۆ خەزینەی بەغداد رێك بووە، هەرچی هەولێر و کۆپری لە رووی زەخیرەوە بە کیلۆی عیراقی لە چیاکان کەرستە و کەلوپەلیان بۆ دێت، لە رووی کارگێریەوە قەزایەکە هیچ پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە، بۆیە گواستنەوەی بۆ سەر رواندز شتێکی سەیرە، هەروەها ئەوەی پێی دەڵێین کوردستان سانجەقەکانی رواندوز و هەریر و کۆی لە چ ئاستێك شوێنی جەنگن؟، ساڵی رابردوو عەشیرەتەکان و لایەنگرانی رواندز بە چ شێوەیەك هێنراون و چەند دوورخستنەوە بووە و بە چ شێوەیەك دەست بەسەرداگرتن ئەنجام دراوە؟، ئێوە ئاگادارن ئەگەر ئەم بابەتە لەسەر سەرباز و جەنگ بمێنێتەوە، چەند ساڵ درێژە دەکێشێت و چ زەحمەتیەك دەکێشرێت، ئیدی ئەوەی کوردستان بناسی ئەوە دەزانی، ئەگەر ئەم پیاوە دووبارە توانای بەدەست بهێنێتەوە لە کۆتاییدا ئاژاوەیەك روو بدات، لە بەرژەوەندی ئەو دەبێت، بە تێروانین لە جەزیرە بەڵێنی ٥٠٠ کیسە دراوە و داواکراوە، بەڵام بەهۆی دڵرەشی و بێ ویژدانی بەڵگەیە، لە جەزیرە هیچ سوودێکی نابێت، هەروەها بۆ سوود وەرگرتن نییە، میر سەعدەددین بەگی جەزیرە لە رێکخستنی عەمادییە یارمەتیدەر بووە، ساڵی رابردوو رەشید پاشا بە چاوی رێزەوە سەیری دەکات، ئێستا داواکردنی ئەوانە لە جەزیرە بۆ ناوبراو بووە، هەروەها بەگی جەزیرە دوو برای هەیە، لە رەشید پاشا هەڵاتوون و بەم هیوایەی کە هیچ ئاژاوەیەك لە چیاکان دروست نەکەن، بۆ ئەمنیەت بە زانینی سەید حەسەن رای خۆی داوە و هێنراونەتە لای ئێمە، یەکێکی مردووە، ئەوی تریش ئێستا لەلای منە، لەلایەن جەنابی حافز پاشا ئەگەر پێویست بکات بەکار بهێنرێت، ئەوا خزمەت دەکات و دەبێتە بەندەی دەوڵەت، بەڵام ناردنەوەی بۆ رواندز سوودی دەبێت، هەر خۆی پیاوانی ئەم لایە ساختەچی و سیخور و مامۆستای ئیبلیسن، ئەوەی ئێمە بزانین، وەکو پیاوانی تر نین، خۆشتان ئەوە دەزانن، ئەم ووتانە بە نووسراو نێردراوە، لە ١٣ رەبیعی یەکەم ١٢٥٣.


HAT. 1264



HAT	A.00323.18920	19 زیلقەعدە 1254 (٣ شوبات ١٨٣٩)


بـە فەرمانـی پاشا بەنـدەی هاوکارەکانـم ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە، میـر لیـوا عەلـی ڕزا پاشـا لەگـەڵ ئـاڵای سـەربازی سـوارەی ڕێکخـراوی شـاهانە لـە سـەرەتای مانگـی شـەوال چوونەتـە موسـڵ هەروەهـا بەندەتـان لەلایەنـی عەقـرە بینیومـە، هـەر چەنـدە نووسراویـان کـردووە، کـە لەگـەڵ ئـاڵای ناوهاتـوو دێنـە لایەنـی بەندەتـان، زسـتان و ڕەشـەبا و بارانـە، لـە دەوروبـەری بەغـداد پۆلیـس و میـر ئـاڵای لـە ئـاڵای ناوهاتـوو دەنێردرێنـە بەغـداد، ئـەوەی نێـردراوە لەگـەڵ بلۆکێـک سـەرباز نیشـتەجێ دەکرێـن، لـە موسـڵیش تیـمار و سـیپاهیەکان بـە گوێـرەی نیـزام ڕێـك دەخرێـن و دەفتـەر و ڕاگەیەندراویـان ڕێـك دەخرێـت، دوای ئـەوەی گەیشـتوونەتە لای خزمەتکارانـی بەندەتـان بـۆ ئەمـەش ئـاگاداری نێـردراوە، هەروەهـا ئـاڵای ناوهاتـوو بـۆ لای بەغـداد نێـردراون و خۆیـان لەگـەڵ بلۆکێـک سـەرباز لـە موسـڵ ماونەتـەوە، تیـمار و سـیپاهیەکان لـەم نیزامیەیـە تۆمـار کـراون، هەروەهـا دەفتـەر و تۆماریـان هاتۆتـە لای بەندەتـان، ئـەوەی باسـکراوە سـیپاهیەکانی موسـڵ دەفتـەری بلـۆك و خانەنشـین کردنیـان و ئەوانـەی لەسـەر هـەق قازانجیـان کـردووە، ڕاگەیەنـدراوی تیـمارەکان پێشکەشـی ئـەم کەسـانە کـراوە، کـە میهرەبانیـان نیشـان داوە، هەروەهـا ئـەم تیمارانـەی لەلایەنـی هەولێـر و کۆپـری و کەرکـووك و شـارەزوور هەیـە، بـە نیزامـی سـیپاهی بـۆ بەسـتنەوە و تۆمارکـردن، ڕزا پاشـا لەگـەڵ قەپوچـی باشـی عەلـی یـاوەر بـەگ ئەرکـی پـێ سـپێردراوە و نێـردراوە، ئینشـائەڵڵا جەنابـی پاشـا هیممەتـی تـەواوی کـردووە، لەگـەڵ حەواڵـە کردنـی بـە ماوەیەکـی کـەم بـە نیزامێکـی ڕێکوپێـك جێبەجـێ کـراوە، دەفتـەر و ڕاگەیەنـدراوەکان پێشکەشـی کەسـی دڵسـۆز کـراوە، تیمارەکانی موسـڵ بـە دەفتـەر و ڕاگەیەندراوەکانـی بەرائەتـی عالیشـانی هاوشـێوەیە، هەمـووش بۆ ڕێکخسـتنی کارەکـە یـەك بـە یـەك بـۆ لایەنـی بەندەمـان نێردراوە، دووپاتـی بەندایەتیشـم کراوەتـەوە، بـە هـەر شـێوەیەکیش بێـت بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کە میهرەبانـە، لـە ١٩ زیلقەعـدە ١٢٥٤.



HAT	B.00323.18920	19 زیلقەعدە 1254 (٣ شوبات ١٨٣٩)


بە فەرمانی پاشا، لە عیراق بلۆکی دووەمی سەربازی مەنسورەی سوارە کە لە سەر شێوازی تیمارن، ئەم تیمارانەی هەولێر کە پەیوەستە بەم لایەنەوە، بۆ جیاکردنەوەیان لە دەفتەر رێکخراوە، بۆ واڵای ناوهاتوو راگەیەندراوە، ئەم پۆستانەی لە قائیمقام و بینباشی کە پێویستە جێگیر بکرێن، لەگەڵ تیماری ناوهاتوو کە لە دەفتەر نووسراوەتەوە بۆ لایەنی سەروو نێردراوە و راگەیەندراوە، هەروەها ناوبراوان لەگەڵ فەرمانی شەریفەی ئەرکەکانیان نیشانیان لەلایەن واڵای ناوهاتوو تەواو کراوە، ئەم نیشانانەش لەگەڵ یەك پارچە ئاڵای سانجەقیان پێ دراوە، جەنابی والی بەغداد نووسراوەکانی هاتووە، لەسەر فەرموودەی واڵای سەر عەسکەر هاوپێچ بۆ دەوڵەت نێردراوە، بە خوێندنەوەی بیروبۆچوونی سەروو ئاماژەی پێکراوە و نووسراوی ناوهاتوو دووبارە نووسینەوەی بە فەرمانی ئەفەندیمە.

راگەیەندراوی بەندەمانە
نووسراوەکانی والی بەغداد روون بۆتەوە، ئەوەی باسکراوە، ئاڵای سوارە لەلایەن بەندەوە راگەیەندراوە و تاقمێک بە تیمارەوە لە دەفتەری ئاڵای نووسراوەتەوە و دامەزراوە، راگەیەندراوی قائیمقام و بینباشیەکان نێردراوە، هەروەها فەرمانی پاشای جەنابی شاهانە فەرموویەتی کارەکەیان جێبەجێ دەکرێت، لەسەر رەزامەندی و راگەیەندراوی جەنابی همایۆن ئەم نووسراوانەی باسکراون، بۆ لایەنی بەندە رەوان دەکرێت، ئەوانەی نێردراوە لەگەڵ تاقمەکە بۆ واڵای وەکالەتپەناهی نێردراوە، فەرمانی پاشای شاهانەش بۆ لایەنی بەندە رادەگەیەندریت و دەفتەر و نووسراوەکانی باسکراو بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانیان دووبارە دەکرێنەوە و دەنووسرێنەوە، فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.




HAT	H.00323.18920	19 زیلحیجە 1254 (٥ مارت ١٨٣٩)

بە فەرمانی پاشا، بۆ ڕێکخستنی ئاڵای سەربازی شاهانەی مەنسورەی عیراق، عەلی رزا پاشا میری لیوای سەربازانی سوارەی مەنسورە و عەلی یاوەر بەگ قەپوچی باشی دەرگای عالی ئەرکیان پێ سپێردراوە و دامەزراون، بابەتەکە بە بابی عالی و والی ڕاگەیەندراوە و کۆتایی پێ هاتووە، پاشا و میری ناوبراو لە کاتی ئەرکەکەیان چوونەتە هەولێر و بە گوێرەی نیزام کاریان کردووە، لەگەڵ هەموو کەس بە ڕەفتاری باش ڕەفتاریان کردووە، هەموو ئەم تیمارانەی کە سەر بە هەولێرن، بە چواردەوریشیەوە ئەوانەی بە هەقی خۆیان قازانجیان کردووە، وەریانگرتووە، سەربازانی سوارەی بلۆکی دووەمی ئاڵای ناوبراو، کە سەرکەوتنیان لە ناوچەی دیاری کراودا ڕێکخراوە و ڕاستییەکەی بە کار و خزمەتە باشەکانیانەوە هەموو کەسیان دڵخۆش و مەمنون کردووە، پاشا و میری ناوبراو لە هەولێرەوە بەرەو کەرکووك بەڕێکەوتوون، لەوێش بە پێی نیزام دەستیان بە کارەکان کردووە، ئەوەی بە ڕێك خستن ناردوویانە لە تیمارەکانی هەولێر و دەفتەری بلۆك ڕاگەیاندنیان لە واڵای ناوبراو جێگیر کراوە، ناوەکانی بەندەی قائیمقام و بینباشی پۆست کراوە، ئەمجارە بەگی ئاڵای پێشووی کەرکووك لە دەفتەری جەبە (جبە) یەك پارچە وێنەی پێشکەشی پلەبەرزەکانی سەدارەت کراوە، هەروەها تیماری ئەیالەتی شارەزوور و سەربازەکانی بە هاوکاری خوا لە کۆتاییەکەیەتی، بە پێی پێویستیش دەفتەر و ڕاگەیەندراوی بە نووسراو نێردراوە، ئەم کارەش بە گوێرەی دەفتەر و ڕاگەیەندراوەکان جێبەجێ دەکرێت، بە بەرائەتی شەریفە قائیمقام و بینباشی بەندەکانی ناوبراو لەگەڵ نیشان و نیشانەکانیان و ئاڵای ڕێکخراوی ناوهاتوو ئەویش بە گوێرەی داواکاری نیشانەکانیان تەواو بکرێت، لە هەر حاڵەتێکیشدا بڕیار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە جەنابیان میهرەبانن، لە ٢٣ زیلحیجە ١٢٥٤.




HAT	B.00396.20886	9 شەوال 1254 (٢٦ كانوونی یەكەم ١٨٣٨)

بۆ جەنابی دەوڵەت
ئەمجارە جەنابی عەلی پاشا والی بەغداد بە لەشكرەكەی گەیشتۆتە لای هەولێر، ئەمڕۆش بەگی رواندز سلێمان بەگ، كە برادەری كۆچكردوو محەمەد پاشای رواندزییە، كەسێكی كەم عەقڵە، لەبەر ئەوەی خەڵكەكەی لێی رازی نین، لەگەڵ خەڵك بە رێككەوتن میری ناوبراو خراوەتە زیندان، لە قەڵای عەمادییەش رەسول بەگ ئابڵوقە دراوە، لەلایەن ناوبراو داواكراوە، لەشكرەكەش بۆ ئەوێ رۆیشتووە، ئیسماعیل بەگ موتەسەرفی عەمادییە تووشی دەردەسەری هاتووە، لە قەڵای عەمادییەش لە كاتی هاتنی رەسول بەگ بۆ موسڵ، پێش ئەم هاتۆتە لای لەشكرەكە، بەگایەتی رواندزی داوەتە ناوبراو، هەروەها دوای ئەوەی لەشكرەكە لە رێگای رووباری زاب بۆ لای عەمادییە هاتووە، لە رۆژی چوارەمی شەوالی شەریف، بەهۆی ئەم نووسراوانەی كە بۆ جەنابی ناوبراو هاتوون، بە گوێرەی راپۆرتی تاتارەكان و بە تێڕوانین لەم راپۆرتانە، دیسان ئیسماعیل بەگ لە ناو خاكی عەمادییە بۆ سەر چیاكان هەڵاتووە، هەروەها لە قەڵای عەقرە پیاوەكانی نەماوە، ئەم شارۆچكانەی لە دەورووبەری قەڵای ناوبراو هەن، بۆ پێشوازی كردن لە جەنابی ناوبراو هاتوونەتە لای لەشكرەكە، هەروەها جەنابی ناوبراویش لەگەڵ لەشكرەكە لە كاتی نیشتەجێبوونیان لە هەولێر، جەنابی محەمەد پاشا والی موسڵ هاتووە و بۆ ماوەی دوو رۆژ بەیەكەوە بووین، ناوبراو داوای لە محەمەد پاشا كردووە، بچێتە سەر قەڵای دهۆك، بە گەیشتنی محەمەد پاشا بۆ دهۆك، ئەوانەی لە قەڵاكە بوونە هەڵاتوون، لە ٩ شەوال ١٢٥٤.



HAT	B.00449.22343	19 زیلقەعدە 1254 (٣ شوبات ١٨٣٩)

بۆ جەنابی بە میهرەبان و بە بەزەیی سوڵتانم
بە فەرمانی پاشا، رزا پاشا میر لیوا لەگەڵ ئەم سەربازە سوارانەی لە لیواکاند هەیە، لە سەرەتای شەوالی شەریفە، بە ئاڵایەکی رێکخراوی شاهانە چوونەتە موسڵ، ئەگەرچی نووسراوە ئەم بەندانەی کە لەلایەن عەقرە دۆزیومەتەوە لەگەڵ ئەم ئاڵایەی ناوی هاتووە بۆ لایەن پایەدار دێن، هەرچەندە زستان و باو و بارانە، بەڵام دەوروبەری بەغداد پێویستیان پێیەتی، ئاڵای ناوهاتوو لەگەڵ بەندەکانی میری ئاڵای و ئەفسەرەکان دەنێردرێنە بەغداد، ئەمانە لەگەڵ یەك بلۆك سەرباز نیشتەجێ دەکرێن، بە بەستنەوەی تیمار و سیپاهیەکان بە نیزامێکی باش و دەفتەر و دەرخستەیان رێك بخرێت، بۆ ئەم مەبەستە ئاڵای ناوهاتوو بۆ لای بەغداد رەوان بکرێت و بە مانەوەیان، لە موسڵ بە بلۆکێك سەرباز تیمار و سیپاهیەکان بخرێنە ناو نیزامەوە و دەفتەر و دەرخستەیان رێك بخرێت و بنێردرێتە سەروو، ئەم تیمارانەی دەرخستەریان بۆ کراوە، ئەمجارە پێشکەشی جەنابی سەر عەسکەر کراوە، تیمارەکانی لایەنی هەولێر و کۆیری و کەرکووك و شارەزوور لەگەڵ دەرخستە و تۆمار کردنیان سیپاهیەکان بە پێی نیزام رێك بخرێن، لە بارەی نووسینەوەیان رزا پاشا لەگەڵ بەندەکانی و بەندەکانی قەپوچی باشی عەلی یاوەر بەگ ئەرکیان پێ سپێردراوە و نێردراون، بە تەمای خوا جەنابی پاشاش لەگەڵ وەکالەتپەناهی بە ماوەیەکی کەم نیزامێکی رێك جێبەجێ دەکرێت، دەفتەرەکان و دەرخستنیان پێشکەش دەکرێت، بۆ تیمارەکانیش دەفتەر و دەرخستەیان بە بەرائەتی عالیشانی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی فەرمانی پاشا رەزامەندی لە سەر دەدرێت، هەمووی یەك بە یەك بە رێکخراوی بۆ لایەنی سەروو دەنێردرێت، بۆ ئەمەش یارمەتیمان پێویستە، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە خاوەنی میهرەبانیە، لە ١٩ زیلقەعدە ١٢٥٤.



HAT 473/23133-5
HAT. 0473

<table>
<tr><td>HAT</td><td>J.00473.23133</td><td>زیلحیجە 1254 (مارت ١٨٣٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە سـەر زانیـاری سـەروو، جەنابـی عەلـی پاشـا والـی بەغـداد لەگـەڵ ئـەم سـەربازە ڕێکخـراوەی کـە هەیەتـی، برێکـی لەگـەڵ خـۆی هەڵگرتـووە، هەرچـی ئەوانـەی لـە ژێـر فەرمانـی دەرچوونـە، لـە قـەڵای عەقـرە خۆیـان قایـم کـردووە و لەگـەڵ هەندێـك لـە کـوردە جانـەوەرەکان یەکیانگرتـووە، بەیەکـەوە قـەڵای عەمادییەیـان داگیرکـردووە، ناوبـراو چۆتـە سـەر خەڵکـی عەمادییـە، ئیسـماعیل پاشـاش لـەلای ئاساییە، زیـان بـە بەنـدەی خـوا بگەیەنـێ، ناوبـراو لـە قـەڵای ناوهاتـوو نزیـك بۆتـەوە، بـە گفتوگۆکـردن نیشـان دراوە کـە ڕووبەڕووبوونـەوە ڕوو نـادات، هەروەهـا سـەربازەکان هێشـتا هێرشـیان نەکردبـووە سـەر قەڵاکـە، قەڵاکـەی بـە جـێ هێشـتووە و هەڵاتـووە بـۆ چیاکانـی نزیـك قەڵاکـە، ناوبـراو قەڵاکـەی گرتـووە و لـە پێـش قەڵاکـە جێگیـر بـووە، هەندێـك لـە سـەربازی پیادەش بـۆ چیاکـە ڕۆیشـتوون، ناوبراوپـش ئەرکـی قـەڵای عەمادییـەی داوەتـە قەپوچـی باشـی حوسـین ئاغـا، کـە زمانـی تورکـی دەزانـێ، بـەڵام قەڵاکـەی ڕادەسـتی ڕەسـول بـەگ کـردووە، دوای ڕادەسـت کردنـەوەی قـەڵای عەمادییـە، برێـك سـەربازی شـاهانە نێـردراوە، لـەوێ لەگـەڵ هەندێـك کـەس بوێریـان نەکـردووە شـەڕ بکـەن، بۆیـە پەرشـوبڵاو بۆنەتـەوە، خەڵکـی عەمادییـە لەگـەڵ بەندەکانـی ناوبـراو لـە ئابڵوقـە ڕزگاریـان بـووە، لـە کاتـی گەیاندنـی هەواڵـی قـەڵای عەمادییـە، تاتـاری شـارۆچکەی هەولێـر و عەلـی پاشـا لـە عەمادییـە یەکتریـان بینیـوە، ڕووداوەکەیان بـە پوختـی بـاس کـردووە و تەنانـەت ئـەوەی لـە دەورووبـەری موسـڵ گـوێ بیسـت بـووە، بـە ناوبـراوی ڕاگەیانـدووە کـە بـرادەری خائینـی ناوبـراو یارمەتیدەران لەگەڵ مسـتەفا پاشـا ڕەوانی قەڵای موسـڵ کـراون. .</td></tr>
</table>

جەمادی کۆتایی 1260 (تەمموز ١٨٤٤)	00088.004392	I.DH


ئـەم داواکاریـە وەرگێـردراوی زمانـی فارسـیەکەیە، کـە بایەزیـد بـەگ والـی پێشـووی روانـدز پێشکەشـی کـردووە.
ئـەم کۆگایـەی کـە هەیـە، بـرادەرزادە لەگـەڵ محەمـەد پاشـا والـی پێشـووی روانـدز، رادەسـتی والـی پێشـووی سـیواس رەشـید پاشـای مـردوو کـراوە، بـە پێـی ئـەم خزمـەت و گوێرایەڵیـەی کـە بـۆ ناوبـراو هەمـە، لەلایـەن عەلـی پاشا والـی پێشـووی بەغـداد روونـە، لـەم خزمەتـەی کـە لـە رابـردوو کردوومـە، نانـم داوەتـە بەندەکانـی حکوومەتـی روانـدز، ئـەم کاتـە دووبـارە دانیشـتووان و هەژارەکانـم لـە دەورووبەر کۆکردۆتـەوە و هێناومـە، ئاسایشـی ئەوانـەم پاراسـتووە، رەسـول بـەگ بـرادەری محەمـەد پاشـا، لەگـەڵ محەمـەد پاشا والـی مـردووی موسـڵ رێککەوتـوون، والـی ناوبـراو زۆر پـارەی داوەتـە رەشـید پاشا ئـەوەی لـەلای برادەرەکەشـی ماوەتـەوە پێنـج سـندوق ئاڵتـون کـە شـاردرابووەوە، هێناویەتیـە دەرەوە و رادەسـتی کـردووە، ئـەم رووداوە لەلایـەن عەلـی پاشا بیـنراوە، هـەم لـە عەلی پاشا حوکـم وەرگیـراوە، هەریـری رواندز دراوەتـە رەسـول بـەگ، ئـەم کاتـە لـە هەولێـر مووچـە و میوانخانـە و دامەزراندنـی بـۆ دابیـن کـرا، ئـەم کاتـە ناوبـراو رەسـول بـەگ بەڵێنـی دابـوو، کەچـی جێبەجێـی نەکـرد، ئەمـەش دیارە، کاتـی خـۆی ئاماژەی پێکـرا کـە بەهـۆی دڵسـۆزی رەسـول بـەگ نەبـوو، دووبـارە بـۆ حکوومەتـی ناوبـراو منیـان ئـاگادار کـردەوە، لـەم مێـژووەوە لەلایـەن دەوڵەتـەوە دوورخرامـەوە، دواتـر ئـەوەی لـە سـەرەوە باسـکراوە، لـە هەولێـر لـە خزمەتـی نەجیـب پاشـا دابـووم، بۆ پاداشـتی بەنـدە خزمەتـکارەکان وەکو خـۆی ماوەتـەوە لەگـەڵ ئەوانەش بەیەکـەوە پێشـنیار کـراوە بچمـە بەغـداد، ناوبـراو رەسـول بـەگ وەسـتاندوویەتی و یەکسـەر ئـەم هەواڵەی بـە نهێنـی بـە والـی موسـڵ محەمـەد پاشـای ووتـووە، بـەم شـێوەیە ناچـاری کـردووم بچمـە موسـڵ و رێگـری کـردووە لـە چوونـم بـۆ بەغـداد، بـەم شـێوەیە دووبـارە ناچـار دەبـم بچمـە شـامی شـەریفە، دوای ئـەو هەمـوو مانـدوو بـوون و هیلاکیـە، بەنـدە و بەنـدەزادەکان و هەمـوو لایەنگـران بژێویـان ناجێگیـر دەبێـت و کێشـەدار دەبـن. ئـەم هەمـوو کاتـە مـن دەربـەدەر بوومـە و هەڵاتـووم، لـە بـەر پیـر و هەژاریمـەوە پێویسـتم بـە بەزەییـە، بـەم حاڵـەوە ئـەم پێنـج سـندوق خەزێنـە زێـڕەی محەمـەد پاشـای مـردوو، کـە لـە روانـدز بوونـی هەیـە، دەتوانـرێ بـە ئاسـانی بـە دەسـت دەوڵـەت بکەوێـت، هەروەهـا رەسـول بـەگ بـە جۆرەهـا تەنگانـە و بارگرانـی داهاتمـان رادەسـت دەکات، بـە تەواوەتـی دەچێتـە خەزینـەی بەغـداد، هـەر فەرمانێـک والـی بەغـداد دەریـدەکات، بەڵێـن دەدەم بـە دڵسـۆزیەوە جێبەجێـی بکەم، ئێسـتا زیاتر لـە ١٠٠ هـەژار و خەڵکـی ئیسـلام لـە زیندانـی رەسـول بـەگ زنجیـر کـراون، بۆیـە لادانـی رەسـول بـەگ پێویسـتە، بـە تایبەتـی ئـەم خەڵکانـەی لـە روانـدزن قسـەکانیان جێـگای متمانەیـە، ماوەیەکـی زۆرە بەنـدەکان لـە شـامی شـەریفە لـە ژێـر چەتـری مولانـا خالیـد دان، بـەم شـێوەیە خـۆم لـە نـاو تەریقەتـی نەقشـبەندی دۆزیـەوە، هـەر چۆنێـك بێـت ئینشائەڵلا نیـازم وایـە کار و قسـەی راسـتگۆ ببیسـتم. بەتایبەتـی بەنـدەکان لـە خزمەتـی والـی بەغـدادن، دڵسـۆزیی منیـش تەنیـا بـۆ دەوڵەتـە، دوای مردنـی مـن نیـاز دەکـەم پلەکـەم بدرێتـە کورەکـەم ئەبوبەکـر، کـورم ئیشـکەرە و دەنووسـێت و دەخوێنێتـەوە، دەوڵـەت پەشـیمان نابێتـەوە، هەروەهـا بـە توانایـە لـە جێبەجـێ کردنـی بەرژەوەنـدی دەوڵـەت، ئەگـەر پاشا فەرمـان بـدات، ئـەم پارەیـەی برادەرزادەکـەم محەمـەد پاشا رادەسـتی رەشـید پاشـای کـردووە، ئـەوا ئاشـکرای دەکـەم، هـەر یـەك کیسـە بـە بەهـای ئیسـتەنبوڵ، حـەوت کیسـە دەبێـت، مـن ٤٥٧٥ کیسـە لەگـەڵ ٨٠ باتمـان سـیم رادەسـت دەکـەم، هەروەهـا بـۆ یارمەتـی خـۆی محەمـەد پاشا ٤٠٠ کیسـە ئاقچـەی داوەتـە عەجـەم.
جەمادی کۆتایی ١٢٦٠


رواندز والیسی سابق بایزید بکک تقدیم ایتدیکی عریضهٔ فارسیه نک ترجمه سیدر
I. DH. 88/4392
2




C.EV	00576.29093	21 شەعبان 1260 (٥ ئەیلوول ١٨٤٤)

شێخ عەبدولعەزیز ئەفەندی لە سەر تەریقەتی قادرییە و دانیشتووی قەزای هەولێر، ئەم خانەقایەی کە ئەم شێخایەتی تێدا دەکات، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەژارە، لە ئەنباری قەزای ناوبراو ساڵانە ١٠ عولبە گەنم و ٥ عولبە جۆی پێ دەدرێت، عەلی پاشا والی شام لە ژێر ناوی والی بەغداد یەك پارچە نووسراو نێردراوەتە دیوان، بە پێی زانیاری ناوبراو هەروەك خۆی بری گەنم و جۆی پێدراوە، یەك پارچە نووسراوی عالی فەرمانی پێکراوە، ئەویش داوای کردووە، لە کاتی پێداچوونەوە بە تۆمارەکان رەزامەندی نەبووە و رێگە نەدراوە لە سەرمایەی ئەیالەت پێی بدرێت، لە تەکیە و زاویەکانی تر بە مەرجی مانەوەی لە ژیان دابین دەکرێت، هەروەها دوای سرینەوەی لە تۆمار، یەکسەر دەرسەعادەت ئاگادار دەکرێتەوە، لە ئەیالەتی بەغداد لەگەڵ سەرەتای ساڵی ١٢٦٠ مانگی مارت لە ئەنجامی رێکخستن و پێداچوونەوەی خەرجیەکاندا لە دەفتەر تۆمار کراوە، هەروەها شێخی ناوبراو ئەم برە دیاری کراوەی بۆی دابین کراوە، ئەوەی لە دەفتەری ژمێریاری هاتووە، بری دیاریکراوی گەنم کە پێی دراوە یاخود پێی نەدراوە، دیاری نەکراوە، ئەوەی لەلایەن دەفتەرداری بەغداد هاتووە و نووسراوەتەوە، لەم دەفتەرەدا بۆ ناوبراو ساڵانە تەنیا دوو عولبە و نیو گەنم نووسراوەتەوە، بەم شێوەیە شێخی ناوبراو تەنیا ئەوەندەی لە دەستە، هەروەها ئەوەی لە دەستیەتی و ئەوەی لە دەفتەری ناوبراو دایە یەك ناگرنەوە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە ئاگادار کردنەوە هاتووە، دەفتەرداری ناوبراو بە نووسراو جێبەجێی دەکات، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ شەعبان ١٢٦٠.



MVL	00036.00022	27 زیلحیجە 1263 (٦ کانوونی یەکەم ١٨٤٧)
نووسراو لەلایەن جەنابی والی بەغداد هاتووە و پێشکەشی ئەنجوومەنی واڵا کراوە، دوو پارچە داواکاری لەگەڵ راگەیاندراوی قازی بەغداد، لەمەوپێش شەمس خاتوون دانیشتووی قەزای هەولێر، بە کوژراوە، لە ئەنجوومەنی شەرعی شەریفەدا لەلایەن هاوسەرەکەی خەلیل و کورە بچووکەکەی ئیبراهیم لەگەڵ برای کوژراو بە ناوی مەحمود، بەیەکەوە دانیشتوون، مەحمود بە گۆچانێکی گەورە بە بێ هەق کوشتویەتی و لە سێدارەی داوە، ئەم رووداوەش پەسەند کراوە، هەروەها میراتگری ناوبراو، بە شێوەی قەساس لە بکوژی ناوبراو خۆشبووە، ئەم بەشەی کە دەکەوێتە سەر ناوبراو تەنیا بەشی کورە بچووکەکەی نەبێت، ناوبراو رادەستی کرد و جێبەجێی کردووە، لەلایەن فەتواخانە بە تێروانین لە راگەیاندراوی دژ بەیەک بکوژی ناوبراو مەحمود کوژراوی ناوبراوی کوشتووە و لە سێدارەی داوە، ئەمەش جێگیر بووە، لێرە میراتی کوژراو بە کورە بچووکەکەی دەدرێت، نووسراو راگەیاندراوە، هەروەها بکوژی ناوبراو بۆ ماوەی ٥ ساڵ تا ١٥ ساڵ دەستگیر دەکرێت و بە سزای سەوڵ لێدان سزا دەدرێت، بە بریاری یاسا جێبەجێ دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردن بە رێکخستنی لە تۆماری فەتواخانە بکوژی ناوبراو بە زنجیر دەنێردرێتە دەرسەعادەت، ئەمەش لەلایەن والی ناوبراو بە هاتنی فەرمانامەی سەروو، لە مێژووی زیندانی کردنیەوە ساڵەکەی هەژمار دەکرێت، هەروەها بە سەوڵ لێدان لە تەرسانە (ترسانە) زیندانی کردنەکەی بەسەر دەبات، لە کۆتایی هاتنی سزاکەشی لەلایەن دەوڵەت دوورخستنەوە و دەرکردنی جێبەجێ دەکرێت.		




A.MKT	00069.00086	29 شەوال 1263 (١٠ تشرینی یەکەم ١٨٤٧)

دانیشتووی قەزای هەولێر سەر بە شاری بەغداد، شەمس کچی حەسەن ئاغا کوڕی عارس ئاغا کوژراوە، هاوسەرەکەی خەلیل ئاغا کوڕی مەقسود لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم بە گوێرەی شەرع بە ئامادە بوونی جەنابی پاشای ئەیالەتی بەغداد حاجی محەمەد نەجیب، ئەنجوومەنی شەرعیەکەمان کۆبۆتەوە، بکوژی شەمس خاتوون برای هەق لە باوك بە ناوی مەحمود کوڕی حەسەن ئاغا ئامادە بووە، ووتوویەتی ناوبراو مەحمود لە مێژووی راگەیەندراوەکە پێش چوار مانگ رۆژی هەینی پێش نیوەڕۆ لە قەزای ناوهاتوو هاتۆتەماڵەکەم و هاتۆتە ژوورەوە و بە گۆچانێکی گەورە لە سەری شەمس خاتوونی داوە، بە ناهەقی و بە مەبەست لێی داوە و برینداری کردووە، بەهۆی برینەکەیەوە شەمس خاتوون یەکسەر مردووە، بەڵام بکوژی ناوبراو مەحمود بە شێوەی قەساس لێی خۆش بووە، دواتر ئەم قەساسە بۆتە قەرز، ئەم قەرزەی لە سەریەتی ٥٠٠٠ درهەم بە گوێرەی شەرع بکوژی ناوبراو بە قەساس لێی خۆش نابم، لە چارەگی بەشەکەی من، جگە لەوەی ماوەتەوە ٣٧٥٠ درهەم بۆ کوڕە بچووکەکەم ئیبراهیم بەشی شەرعی خۆی جێبەجێ بکرێت و رادەستی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە بکوژی ناوبراو مەحمود ئاگادار کراوەتەوە و بە ئامۆژگاری داواکراوە. لە کاتی بەرزکردنەوەی سکاڵا ناوبراو مەحمود داوای خەلیل ئاغای ناوبراوی رەت کردۆتەوە، خەلیل ئاغا بۆ داواکەی لە قەزای ناوهاتوو دوای ئەوەی شایەدەکان شایەدیان داوە، شایەدەکان بە ناوی مەحمود ئاغا کوڕی محەمەد ئاغا و عەبدولعەزیز کوڕی یوسف بە گوێرەی شەرع ووتەکانیان پەسەند کراوە، دواتر مەحمودی ناوبراو رووداوەکەی پەسەند کردووە و دانی پێداناوە، ئەم قەرزەی لەسەریەتی ٥٠٠٠ درهەم، جگە لەوەی ماوەتەوە لە ٣٧٥٠ درهەم بە شەرع لەسەر مەحمودە بۆ کوڕە بچووکەکەی ئیبراهیم کوڕی خەلیل دەدرێتە خەلیل ئاغا باوك و بەخێوکەری، ئەوەی ماوەتەوە فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەکات، لە ١٩ مانگی رەبیعی یەکەمساڵی ١٢٦٣.


ئەوەی لە راگەیەندراوەکە ئاماژەی پێکراوە، مەحمود کوشتویەتی و لە سێدارەی داوە، بە بڕیارەوە پەسەند کرا، بەم شێوەیە کوڕە بچووکەکەی کوژراو، بەشی خۆی وەردەگرێت، لەم کارەش بکوژی تر نییە، لە ٢٩ شەوال ١٢٦٣.

بەندەی داواکار لە دەوڵەتی عوسمانی پایەبەرز سەید محەمەد سەعەددین قازی لە شاری بەغداد



3 رەبیعی یەکەم 1263 (١٩ شوبات ١٨٤٧)	00073.00014	A.MKT


لە ٣ رەبیعی کۆتایی ١٢٦٣
بۆ جەنابی پاشا نازری دارایی
لەلایەن موسڵ باجی شەرعی قەزاکانی کەرکوك و هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد وەردەگیرێت، بەردەوام لە ئەم و ئەو دەگوازرێتەوە و ئەم دەست و ئەو دەست دەکات، بەم شێوەیە هەژارەکان تووشی ئەزیەت و زەحمەتی زۆر دەبن، بۆ ئەوەی بە ئیسراحەتی کارەکە بەرێوە بچێت، لە خەزینەی بەغداد جێبەجێ بکرێت، بۆیە لەلایەن والی ئەیالەتی ناوبراو داوای جێبەجێ کردنی کردووە، لەم بارەیەوە لایەنی سەروو بە گونجاوی نازانێت، هەژارەکان تووشی ئەزیەت و رەنج بکات، کاغەزەکانی باجی دیاریکراو لە ئەیالەتی ناوبراو بۆ والی بەغداد نێردراوە، داوای ئەم ئاقچەیەی کردووە، بە رەزامەندی فەرمانی پاشا ئاماژەی پێکراوە و پەسەند کراوە، هەروەها لەلایەن والی موسڵ نووسراو کراوە، بە جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، لەلایەن والی بەغداد کاغەزی پێویست نێردراوە، بۆ لایەنی خەزینە نێردراوە، تا کار بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.




A.MKT	00081.00006	27 جەمادی یەکەم 1263 (١٣ مایس ١٨٤٧)

نوسراوی محەمەد نەجیب والی بەغداد


لـە دانیشـتووانی هەولێـر، شـەمس خاتوونـی بـێ باوك بە هـۆی میراتـی باوکیان کـە بۆیان ماوەتـەوە، لەگـەڵ برایەکی بـە نـاوی مەحمـود ناکۆکـی کەوتۆتـە نێوانیانـەوە، بۆیـە مەحمود هێرشـی کردۆتە سـەر ماڵـی ناوبراو و بە ئەنقەسـت بـە گۆچانێکـی گـەورە لـە سـەری داوە و برینـداری کـردووە، بەهـۆی قورسـی لێدانەکـەی و برینەکـەی کاریگـەری هەبـووە و ناوبـراو یەکسـەر مـردووە، هەروەهـا بکـوژی ناوبـراو و کـوژراوی ناوبـراو میراتەکەیـان میراتگـری هەیـە، ئەویـش ئیبراهیمـی بچـووك لەگـەڵ هاوسـەرەکەی بـە نـاوی خەلیلـە، لەلایـەن دانیشـتووان داواکاری و سـکاڵانامە رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە، بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـووە، لـە بـارەی کێشـەکەوە قـازی بەغداد لەگـەڵ شـێخەکان ئامـادە بوونـە و لـە بـارەی میراتگـری ناوبـراو پرسـیاریان کـردووە، لەلایـەن خۆیـەوە و کـوڕە بچووکەکـەی ئیبراهیـم بـەم شـێوەیە لـە ویلایـەت داوای بـەرز کردۆتـەوە، خێزانەکـەم لەلایـەن مەحمـود بـە گۆچانێکـی گـەورە لـە سـەری داوە و برینـداری کـردووە، بـە کاریگـەری لێـدان و برینەکـەی مـردووە. هەروەهـا بکـوژی ناوبـراو مەحمـود بـە قەسـاس (قصاص) ووتوویەتـی بەشـی خـۆم لـە قەرزەکـە خـۆش دەبـم، بـەڵام بەشـی ئیبراهیـم لـە کەوتنـی قەرزەکـە داوای وەرگرتنـی دەکـەم، مەحمـودی ناوبـراو هـەر چەنـدە رایگەیانـدووە کـە لـە بابەتـی کوشـتن دەسـتی نەبـووە، بـەڵام میراتگرەکـەی بـە نـاوی خەلیـل لەبـەر دڵسـۆزی و داواکـەی دانیشـتووانی قـەزای ناوبـراو شـایەدیان قەبوڵـە، بـە مەبەسـتی شـایەدی دان مەحمـود و عەبدولعەزیـز بانـگ کـراون، کـوژراو شـەمس خاتـوون بـە گۆچانێکـی گـەورە لـە سـەری دراوە و بەهـۆی برینەکـەی و قورسـی لێدانەکـەی کاریگـەری هەبـووە و مـردووە. دوای ئەمـە هـەر یەکـە بـە شـێوەیەکی جیـاواز شـایەدیان داوە، مەحمـودی ناوبراویـش دانـی پێدانـاوە و ووتوویەتـی کـە بـە ئەنقەسـت بـە گۆچانێکـی گـەورە لێیـداوە و کوشـتویەتی، خەلیـل بـە قەسـاس (قصاص) و لـە بەشـی خـۆی لـە قەرزەکـەی خـۆش بـووە، لەلایـەن خەڵکـەوە راگەیەنـدراوە، کـە بکـوژ پیاوێکـی بـێ رەوشـتە و لـە کاتـی جێبەجـێ کردنی قەساسـەکەش ئەگـەر ئـازاد بکرێـت، زیانـی بـۆ خـۆی دەبێـت، لـە راسـتیدا لەلایـەن خەڵکـەوە هـەواڵ دراوە کـە مەحمود کەسـێکی بـێ رەوشـتە، هەروەهـا بـێ رەوشـتی و جولـەی نەشـیاوی پشـت راسـت کراوەتـەوە، میراتگـری ناوبـراو خەلیـل ئـەوەی دەکەوێتـە سـەری چارەگـی قەرزەکـە لـە بەشـی خـۆی جگـە لـە بەشـی ئیبراهیـم نەبێـت، ئـەوەی دەکەوێتـە سـەری ٣٧٥٠ درهـەم بـە شـەرع قەرزەکـە لەلایـەن شـێخەکانەوە رێکخـراوە، بـە گوێـرەی راگەیەنـدراوی شـەرع بـە فەرمانـی پاشـا بکـوژی ناوبـراو لـە زینـدان دەسـت بەسـەرە، هەروەهـا چۆنیەتـی کۆتایـی هێنـان بـەم کارەش لـە سـەر مۆڵەتـی فەرمانـی پاشـای دەرسـەعادەت وەسـتاوە، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.



<table>
<tr><td>A.MKT</td><td>00083.00072</td><td>16 جەمادی کۆتایی 1263 (١ حوزەیران ١٨٤٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی والی بەغداد
تائیفەیەکی کورد کە لە دەورووبەری بەغداد نیشتەجێن، هەر لە کۆنەوە حەزیان لە یەکگرتنە و سروشتی تایبەتی خۆیان پێوە دیارە، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەدرخان بەگ نەگرن، پێویستە جولەی سەربازی ئەنجام بدرێت، ئەگەر عەشیرەتە کوردییەکان جولە بکەن، لە ژێر هێزی بە زۆرەملی دەستگیر بکرێن، لە چواردەوری هەولێریش هێزێکی سەربازی نیزامیەی شاهانە دابمەزرێت، بۆ دوورخستنەوەی شەڕ، کەمێك روون کردنەوە و تێبینی جێبەجێ بکرێت، لەم نووسراوەی هاتووە خوێندراوەتەوە، جگە لە داواکاری سەروو بە ماوەیەکی کورت ئەمانە پەرشوبڵاو بکرێن، بەمەش بوێری ئەوە ناکەن یاخی بن، بە پێی ئەم نووسراوانەی خوێندراوەتەوە و تێروانینی بۆ کراوە، بە گوێرەی بەرژەوەندی جێبەجێ بکرێت، پارچەیەك لەم وێنەیە بۆ لەشکری هومایۆنی ئەنادۆڵ بنێردرێت، تا جێبەجێ بکرێت.
١٦ جەمادی کۆتایی ١٢٦٣</td></tr>
</table>



I.DH. 151/7840

<table>
<tr><td>I.DH</td><td>00151.007840</td><td>28 رەجەب 1263 (١٢ تەمموز ١٨٤٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سەر ووتەی سەروو یەك پارچە راپۆرتی نازری دارایی جەنابی پاشا نێردراوەتە واڵا و لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی دارایی، بۆ محەمەد ئەفەندی زانا و مودەریسی قەزای هەولێر، لە داهاتی ناوەخۆی قەزای کەرکووك، رۆژانە نیو قوروشی پێ بدرێت، ئەگەرچی بەرائەتی شەریفە دەرچووە و پێی دراوە، کە ئەم نیو قوروشەی باسکراوە، لە قوروشی قەزای ناوبراوە هەروەها قوروشی ناوبراو بە پێی بەهای (رایج) دەرسەعادەت بە مانای سێ قوروش و ٣٠ پارە دەکات، جگە لەمە نوێکردنەوەی بەرائەتی شەریفەی ناوبراو ئەمجارە لەلایەن والی بەغداد بە نووسراو کۆتایی پێ هاتووە، ئەوەی لە دەفتەر باسکراوە، قوروشی قەزای ناوبراو لەگەڵ قوروشی ئێرە جیاوازیەکەی نێوانیان دیاری نەکراوە، ئەم بەرائەتەی دەرچووە بە پێی دیاری کردنەکە بە پارەی دیاریکراو جێبەجێ کراوە، لە تۆمار لە گۆشەیەك نووسراوەتەوە، ئەوەی باسکراوە، قوروشەکە لەگەڵ بەهای (رایج) ئیستەنبوڵ ئەم جیاوازەی لە نێوانیاندا هەیە، بە شێوەیەکی کاتی هاتۆتە خوارەوە، ئەوەی دیاری کراوە رۆژانەکەی بە مانگانە دەکاتە ١٠٦ قوروش و ١٠ پارە، پێویستە بە کۆتایی هاتنی بەرائەتی شەریفەی ناوبراو نوێکردنەوەی بۆ بکرێت، رەزامەندی فەرمانی پاشای لە سەر دراوە، لەلایەن نازری ناوبراویش نێردراوە، لە ٢٨ رەجەب ١٢٦٣.</td></tr>
</table>




MVL	00023.00012	12 جەمادی کۆتایی 1264 (١٦ مایس ١٨٤٨)

راگەیەنـدراوی بەندەیـە
لە گونـدی عەنـکاوە، کەسێکی بـە توانـا بـە نـاوی سـیلیوە، لـە مێـژووی ١٢٤١ هاتۆتـە سـەر ئایینـی ئیسـلام و رازی بـووە بچێتـە ژێـر پاراسـتنی ئیسـلام، بـەڵام دواتـر چۆتـەوە سـەر ئایینـی کۆنـی، لـە کاتـی خـۆی کـە نـاوی خـۆی بـۆ نـاوی شـێخ محەمـەد گـۆڕی بـوو، ئێسـتا دیسـان گۆڕیویەتـی، دوای تێپەڕبوونـی ماوەیـەك لـە سـەردەمی پاشـای روانـدزی پێشـوو، خێزانەکـەی کـە لـە ژێـر مارەیـی ئـەو بـووە، بـە حـەز و ئـارەزووی خـۆی بۆتـە موسـڵمان، بـەڵام لـەم ماوەیـە کـە چوونەتـە سـەر ئایینـی ئیسـلام هاتوونەتـە قـەزای هەولێـر و تێـدا نیشـتەجێ بوونـە، هەمووەمـان ئـاگاداری ئەوەیـن، هـەر پێنـج مەرجـی ئیسـلامی جێبەجـێ کـردووە، بـەڵام دوای چوونـە بەغـداد نکۆڵـی لـێ کـردووە، دواتـر روون بۆتـەوە و زیندانـی کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەمـەر ئـاگاداری و راگەیاندنـی لێکۆڵینـەوە، یـەك پارچـە داواکاری لـە شـوێن خـۆی رێـك خـراوە و پێشـکەش کـراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
حاجی ئەسعەد نائیبی پێشووی هەولێر
نائیبی هەولێر عەبدولباقی




A.MKT	00144.00078	13 ڕەمەزان 1264 (١٣ ئۆغستۆس ١٨٤٨)

کاغەزی نووسینی داواکاری
نرخی بە پارە
٣٠
بۆ جێبەجێ کردن لە ٢٣ ڕەمەزان ١٢٦٤ نازری دارایی جەنابی پاشای دەوڵەت ووتوویەتی
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لە شێخەکانی تەریقەتی قادریەی شارۆچکەی هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد، شێخی تەکیەم هەموو ڕۆژ خواردن دەدەمە هەژارەکان، بەڵام ئەم خانقایە لە هیچ شوێنێك مووچەی نییە، بە تەمای خوا بەڕێوەدەچێت و تووشی تەنگانەیی بوومەتەوە، بۆیە داوای میهرەبانی و بەزەیی سەروو دەکەم، بە پارچەیەك نووسراو داوای میهرەبانی و بەزەیی بۆ ئەم بەندانە دەکەم، لە شوێنێکی دوور هاتووم، ئەم بەندانە دڵخۆش بکەن، بۆ تەکیەی ناوبراو برێك خواردن دابین بکەن، بۆ ئەم مەبەستە خەریکە لە خەزینەی بەغداد دەدرێت، والی بەغدادیش یەك پارچە فەرماننامەی سەرووی داوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٣ ڕەمەزان ١٢٦٤.
لە سەر تەریقەتی قادرییە شێخ عەبدولعەزیز ئەلقادری خزمەتکاری هەژاران



<table>
<tr><td>C.ML</td><td>00548.22546</td><td>7 جەمادی یەکەم 1264 (١١ نیسان ١٨٤٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">٧ جەمادی یەکەم ١٢٦٤
عەلی پاشا والی شامی شەریفی پێشوو، کە والی غداد بووە، لەلایەن براکەی گەرگور ٢٥٠٠٠ قوروش ئاقچە وەکو خەرجی ڕێگا دراوەتە مستەفا پاشا قائیمقامی هەولێر، ئەگەرچی بەم دواییەش دابینکردنی خەرجیەکە حەواڵەی هەندێك لە موقاتەعە و سەروەتی تر کراوە، بەڵام تا ئێستا ٢٥٠٠٠ قوروش نەنێردراوە، بە مەبەستی ناردنی داوا لە بازرگانی ئەوروپی رەفائیل کراوە، لە وەڵامی فەرماننامەی پاشا نووسراوی والی بەغداد نێردراوە، لە ئەنجوومەنی ژمێریاریش نێردراوەتە قەڵەم، بە پارچەیەك داواکاری بەستراوەتەوە.</td></tr>
</table>



A.AMD	00008.00024	26 جەمادی کۆتایی 1265 (١٩ مایس ١٨٤٩)

هەندێـك لـەم كەسـانەی كـە لـە قەزاكانـی هەولێـر و كەركـووك لەگـەڵ كـۆی سـەنجاقی سـەر بـە ئەيالەتـی بەغـداد، نـزا دەخوێننـەوە، هـاوكاری لەلايـەن والـی و ئـەم كەسـانەی كـە باجـی دەوڵەتيـان لەلايـە، دابيـن كـراوە، لـەم هاوكارييانـە تەنيـا ٢١٦٠ قـوروش و نيـو پـارە و ٢٦ تەغـار، ٦٥ عولبـە ١٠ كيلـۆ گەنـم و ٩ عولبـە جـۆ و ٤ عولبـە چەڵتـوك بـە شـێوەی سـاڵانە لـە سـاڵی ١٢٦٠ی مانگـی مارتـەوە بـۆ خاوەنەكانيـان دابيـن دەكرێـت، بـۆ مامەڵـەی جێبەجـێ كردنەكـەش، لـە ئەنجوومەنـی ژمێريـاری دارايـی رێـك خـراوە، لەلايـەن جەنابـی نـازری دارايـی داواكاری بـە راپۆرتـەوە بـۆ بابـی عالـی نێـردراوە، هەروەهـا بـۆ رەزامەنـدی سـەروو پێشـكەش كـراوە، بـۆ جێبەجـێ كردنـی كارەكـەش، ئەگـەر فەرمانـی پاشـا بفەرموويـت حەواڵـەی جەنابـی نـازری ناوبـراو دەكرێـت، بـە راگەياندنيـەوە نـووسراوی بـۆ دەكرێـت.

C.ML	0079.03649	25 جەمادی کۆتایی 1265 (١٨ مایس ١٨٤٩)

ئەرکی ئەم کەسانەی کە لە قەزاکانی هەولێر و کەرکووك و لەگەڵ کۆی سەنجاقی سەر بە ئەیالەتی بەغداد نزا کردنە، بە فەرمانی والی و موتەسەرفەکان دابینکراوە، لە هاوکاری ناوی ئەم کەسانە و بری دابینکراوەکانیان نووسراوەتەوە.
١/ سالانەی حاجی ئیسماعیل بابانی کۆی سانجەق، ١٢ عولبە گەنم و ٤ عولبە چەڵتوك، فەقی رەسول ١٠ عولبە گەنم.
٢/ سالانەی مەلا مستەفا ئەفەندی ٦ عولبە گەنم و ٤ عولبە جۆ.

٣/ سالانەی مەلا عەبدولعەزیز ٤ عولبە گەنم.

٤/ سالانەی عەبدوڵلا ئەفەندی ١٠ عولبە گەنم.

٥/ لوتفوڵلا ئاغا دانیشتووی قەزای هەولێر، لە داهاتی بۆیەخانەی قەزای ناوهاتوو دابینکراوی مانگانە و سالانەی ٥ عولبە جۆ .... ٥ تەغار گەنم.

٦/ عەبدوڵلا ئەفەندی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو، داهاتەکەی ١٩٥.

٧/ محەمەد کەتهودا دانیشتووی قەزای کۆپری سەر بە قەزای ناوبراو ٢١٢.

٨/ لە زاناکانی قەزای ناوبراو حاجی ئەسعەد ئەفەندی ٣٩٠.

٩/ سالانەی مەلا محەمەد ئەفەندی دانیشتووی قەزای ناوبراو ١٠ عولبە گەنم.

١٠/ سالانەی خەدیجە و زەمزەم هەتیوی دوو کەس نوعمان و یونس دانیشتووی قەزای ناوبراو ٥ عولبە گەنم.

١١/ داود ئەفەندی داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو ١٠٦.


١٢/ سالانەی عیسا ئەفەندی و عوسمان ئەفەندی و محەمەد ئەمین ئەفەندی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو ٢ عولبە گەنم.
١٣/ قەزای ناوهاتوو سالانەی ئەم سێ کەسەی کە قورئانیان ئەزبەرە ٢ عولبە بۆ عەبدولقادر، ٢ عولبە بۆ هیدایەت، ٢ عولبە بۆ زیوەر، کۆی گشتی دەکاتە ٦ عولبە گەنم.
١٤/ لە قەزای ناوهاتوو سالانەی لایەنگرانی تەریقەتی نەقشبەندی مەحمەد ئەفەندی ٣ تەغار گەنم.


١٥/ سالانەی مەلا مستەفا ئەفەندی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو ٣ تەغار گەنم.

١٦/ عەبدولباقی ئەفەندی نائیبی پێشووی قەزای ناوهاتوو لەگەڵ نەقیب سەید محەمەد ئەفەندی سالانەیان ٣٠/ ٦٠ و ٢ تەغار گەنم.


١٧/ عەبدولسەمەد و حەسەن دانیشتووی قەزای کەرکووك ١٩٥.

١٨/ سالانەی مەلا خەسرەو و مەلا مستەفا لە داهاتی قەزای ناوهاتوو ١٩٥.
١٩/ بەکر ئاغازادە مەلا عومەر لە داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو ١٩٥.
٢٠/ عەبدولعەزیز لە داهاتی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو لە بۆیەخانە ١٩٥ دەدرێت.
٢١/ مەلا عومەر ئەفەندی لە سالانەی دانیشتووی قەزای ناوهاتوو ٣٠ و ١٠ کیلۆ گەنم، سالانەی عەلی ئاغازادە محەمەد دزداری پێشووی قەزای ناوهاتوو، لە داهاتی تایبەتی دەدرێت.





A.MKT.UM	00052.00075	20 جەمادی یەکەم 1267 (٢٣ مارت ١٨٥١)
بۆ پارێزگاری وارنە لـە سـەردەمی میـری میـران فەریق حەمدی پاشـا، بـۆ وەرگرتنی داهات، سـاڵح ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری دارایی قـەزای هەولێـر سـەر بە ئەیالەتی شـارەزوور، بە وەکیلی خۆیداناوە و ١٤٩٠ قوروشـی وەرگرتـووە، بەڵام لەبەر ئـەوەی ناوبـراو لـە (وان)ە، بە سـەنەدێك ئەحمەد ئاغای بە وەکیلـی خۆی هەڵبژاردووە، بـۆ وەرگرتنی داهاتی دیـاری کـراو و سـەنەدی ناوبـراو نێردراوە، بۆ جێبەجێ کـردن و وەرگرتنی پارەی دیاری کراو ئـاگاداری نێردراوە. بەندەی ئێوە ڕەشید بەگی بەغدادی		



A.MKT.UM	00124.00015	19 رەبیعی یەکەم 1269 (۳۱ کانوونی یەکەم ۱۸۵۲)


لە قەزای کۆی سانجەق سەر بە ئەیالەتی شارەزوور عەشیرەتی بلباس لەگەڵ عەشیرەتی دیزەیی قەزای هەولێر دوژمنایەتیەکی کۆن هەیە، ئەمانە هەر لە کۆنەوە هێرش دەکەنە سەر یەکتر و کەلوپەل و پارەپولی یەکتریان تاڵان دەکەن، بۆ ڕێکخستن و ساردکردنەوەی ئەم دوژمنایەتیەی نێوانیان، هەول دراوە و ئامادەکاری کراوە، بەڵام عەشیرەتی بلباس هەر لە سەر خوی کۆنی خۆی لە کاتی گەرانەوەیان لە کوێستان لە نزێك هەولێر هاتوونەتە خوارەوە، ئاغاکەیان بە ٤٠٠ ئەسپ سوار هێرشیان کردۆتە سەر ئەم گوندانەی کە عەشیرەتی تێدا نیشتەجێیە، هێرشیان کردۆتە سەر دوو گوند، ئاژەڵ و پارەوپولیان تاڵان کراوە، هەروەها چەند پیاوێکیان کوشتوە و بریندار کردووە، دیسان ئەوانەی تریش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و کەلوپەلە تاڵان کراوەکانیان بگەرێننەوە، کۆبوونەتەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوە خۆیان ئامادە کردووە، بە پێی ئەم هەواڵانەی کە هاتووە، پێویستە هەرچی زووە فەرمانبەری تایبەت و سەربازی فەرمانبەر بنێردرێتە نێوانیان، لەگەڵیان دانیشتن بکرێت و ڕێنمایی بکرێن و ئامۆژگاری کاریگەریان بدرێتی، ئاغای عەشیرەتی ناوهاتوو عومەر ئاغا ئاگادار کراوەتەوە، ئەوان بەردەوام بەرامبەر یەك دەست بەتاڵ دانانیشن، پەرێشان بوونیان و گەرانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ دانیشتووانی هەژار پێویستە، بۆ چاکسازی نێو عەشیرەتی ناوبراو و ئامادەکاری کردن بۆ گەرانەوەی پارەوپول و ئاژەڵە بردراوەکان، هێزی پێویست بنێردرێت، لەبەر ئەوەی لێرە سەربازی نیزامیە نییە، لەشکری هومایۆنی حیجاز و عیراق بە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەندەی جەنابی رەشید پاشا، دەرکەوتووە عەشیرەتی ناوبراو چاکسازی و ئەفسەری پێویستە، بەڵام ئەم سەربازانەی لە بەغداد بوونیان هەیە، جولە پێ کردنیان باش نییە، بۆیە بریار دراوە ئەم سەربازە نیزامیە سوارانەی کە لە موسڵ بوونیان هەیە، بەکاربهێنرێت، هەواڵ هاتووە میری لیوا لەگەڵ سەربازی ناوهاتوو بەرەو هەولێر جولەیان کردووە، هەروەها بە پێی جێبەجێ کردن پاشای ناوبراو لەگەڵ سەربازانی ناوهاتوو بەرەو کۆی سانجەق دەرۆن، جگە لەمەش چەند کەسێك و سەرۆکەکانی عەشیرەتی ناوبراو هێنراون و بۆ دادگاییکردنیان دەست بە کار کراوە، لەگەڵ هەندێك ئامۆژگاری ئەرێنی بەیەکەوە پاشای ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە و قسەی لەگەڵ کراوە، دواتر وەکالەتپەناهی ئاگادار بکرێتەوە و یەك بە یەك ئەوەی فەرمان کراوە جێبەجێ بکرێت، فەرمانی سەدارەتپەناهیە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و خاوەن میهرەبانیە، لە ١٩ رەبیعی یەکەم ١٢٦٩.
سەید عەلی والی ئەیالەتی شارەزوور


MVL	00124.00080	14 موحەررەم 1269 (٢٨ تشرینی یەکەم ١٨٥٢)


- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
داواکاری و ئاماژەی میری میران ئیسماعیل پاشا، هاوپێچ وەڵامی نووسراو و نووسینی گۆشەکانی لە کاتی خوێندنەوەی ساڵانەی داهاتی باسکراوی کێڵگەی بەرزنجی زادە شێخ سەید حاجی مەحمود ئەفەندی دەرکەوتووە، داهاتەکە بە دەستی نەگەیشتووە، هەروەها کێڵگەی ناوهاتوو لە ٢٠٠٠٠ قوروش زیاتر داهاتی هەیە، ئاگاداری و ڕاگەیەندراوی پاشای ناوبراو و موفتی پێشوو مەحمود ئەفەندی ڕادەگەیەندرێت و نووسراوی بۆ دەکرێت، لە کاتی لێکۆڵینەوە کێڵگەی ناوهاتوو لە خەزینەی ئاوقافی هومایۆن جێگیر کراوە، داوای کردووە برێك مووچەی تەواوی بۆ دابین بکرێت، لەلایەن شێخی ناوبراو بە پشت بەستن بەم داواکردنەوە و کۆتایی هێنانەکەی، کە لە شوێنی خۆی هاتووە، بۆ کاری ئەم کێڵگەیە، لەلایەن بەندەوە داهاتی ساڵانەی نووسراوەتەوە و نێردراوە، بەڵام هێشتا وەڵامەکەی نەهاتووە، لە دووپاتکردنەوەی تۆماری ئەم نوسراوانەی کە دیارن، بەم دواییە بڕیاری ئەنجوومەنی واڵا کە پەیوەستە بەمەوە لە نووسراوی فەرمانی سەرووی جەنابی وەکالەتپەناهی نووسراوی تری بەندە دەرکەوتووە، لە خەزینەدا بە گوێرەی ڕێنمایی داهاتی کێڵگەی ناوهاتوو جێگیر کراوە، لەم نووسینانەی کە لە گۆشەکانیدا نووسراوە، لە وەڵامدا کۆتایی پێ هێنراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ موحەررەم ١٢٦٩.


- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
لە ناحیەی هەولێری سەر بە ئەیالەتی بەغداد، چوار یەکی داهاتی کێڵگەی زاویەی شێخ پیرداود، من سەرپەرشتی دەکەم، بەڵام چەند ساڵ دەبێت داهاتەکەیم بە دەست نەگەیشتووە، داهاتی ناوهاتوو لە ئاوقافی هومایۆن جێگیرکراوە و دابین کراوە، لە بەرامبەر ئەوەدا پێشتر چەند جارێك داواکاری پێشکەش کراوە، تاوەکو مووچەیەك لە بەرامبەر ئەم داهاتە ببرێتەوە، لە شوێنی خۆی داوا کراوە پەلە بکرێت و لە نووسراوەکانی تریشدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هێشتا وەڵام نەهاتووە، هەروەها داهاتی ناوهاتوو لە هاتنی هەژمار کراوە، تا ئێستا لە خەزینەی ناوهاتوو ٢٠٠٠ قوروش پردراوە، دوای ئەوەی داواکاریەکەش پێشکەش کرا، ئەگەرچی بە نووسراویش داوای زانیاری بکرێت، بەڵام وەڵامەکەی دیارە بە چ شێوەیەك ڕوون دەکرێتەوە، هەرچی کێڵگەی باسکراو لە ٢٠٠٠٠ قوروش زیاتری هەبووە، پێشووتر لەلایەن جەنابی ئیسماعیل پاشا نووسراو کراوە و ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بەندەمان ئەگەر ئاوا بێ دەنگ بێت، ئەوا زوڵمێکی تەواوی لێ دەکرێت، هەر خۆشی دیارە ئەم جۆرە کەسانە تووشی تەنگانە بوونەتەوە و پێویستی بە میهرەبانی جەنابی تاجدار دەبێت، ئەمەش لەسەر شێوازی ڕێکخستنی وەکالەتپەناهی وەستاوە، هەواڵ لەلایەن ناوبراو جەنابی ئیسماعیل پاشا و موفتی پێشوو مەحمود ئەفەندی نووسراو کراوە، لەگەڵ ڕێك خستنی کێڵگەی ناوهاتوو لەلایەن خەزینەی ئاوقافی هومایۆن برێکی باش مووچە ببرێتەوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

- لە ناحیەی هەولێر سەر بە ئەیالەتی بەغداد، زاویەی پیرداود بە وەقف بەستراوەتەوە و لەلایەن بەرزنجی زادە شێخ سەید حاجی مەحمود ئەفەندی بەڕێوەی دەبات، بەڵام داهاتی ساڵانەی کێڵگەی باسکراو بە دەستی نەگەیشتووە، لەسەر داواکردنی بڕی داهاتی ساڵانەکەی، لە کاتی خۆی نووسراو نووسراوەتەوە و هێشتا وەڵامی نەهاتووە، لە بارەی بابەتی باسکراوی سەروو زانیاری هەیە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی چۆنیەتیەکەی لە واڵا ئاماژەی پێکراوە، ئەمجارە لەلایەن شێخی ناوبراو ووتراوە و ویستوویەتی، هەروەها ئەفەندی ناوبراو لە خانەوادەیەکی پاکە، داهاتی ساڵانەی کێڵگەی ناوهاتوو و ئەم پارەیەی کە کەڵەکە بووە، بزانرێت لە چ لایەنێك دەبردرێت و لەلای کێ دەمێنێتەوە، تا بە گوێرەی ئەوە کاری بۆ بکرێت، لە بارەی ڕاگەیەندراوەکەی هیممەت بکرێت، بڕیار و فەرمان بۆ ئەفەندیمە، لە ٢٩ ڕەجب ١٢٦٨.


MWL 1269.m.22
124/80
MWL 1269.m.22
124/80








MVL	00336.00017	5 رەمەزان 1269 (١٢ حوزەیران ١٨٥٣)


یەك پارچە راپۆرت لە نەزارەتی دارایی دراوەتە ئەنجوومەنی والا، کە داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری لەگەڵی هاوپێچە، لە پۆختەی بابەتەکە هاتووە، یەکێك لە بەگەکانی عەشیرەتی خۆشناو رایکردووە، بە جێبەجێ کردنی والی شارەزوور، لەلایەن جەنابی پاشاوە محەمەد بەگ لە نێوان کۆی سانجەق و قەزای هەولێر نیشتەجێ بووە، مانگانە لە پارەی ناوەخۆ ٤٠٠ قوروش و بۆ محەمەد بەگەکەی تر ٥٠٠ قوروش مووچەیان بۆ براوەتەوە، لەم بارەیەوە فەرمانی پاشای لە سەرە، لە داواکاری ناوهاتوو روون کراوەتەوە و باسکراوە، ئەوانە بەهۆی ئەنجامدانی هەندێك رەفتاری خراپ، ئەمانە هێنراون و ئەگەر هەست بکەن لە داهاتوودا دوور دەخرێنەوە، تا ئەم کاتە بە تێروانین لە جێبەجێکردن و بەرژەوەندی ئەم هەستەیان ناهێڵدرێت، بە پێی ئەم نووسراوە ناوبراوان سەرەتا مووچەکەیان بۆ بریێتەوە، ئەم کاتە هەستی مانەوەیان لەلا دروست دەبێت، لە ساڵی ١٢٦٨ سەرەتای تەمموز مووچەی ناوبراوان بە دابین کردن و وەرگرتنی بەیەکەوە بە بریاری پێشوو دەبێت، ئەوانە لە داهاتوودا باشترە وایە بچنە دەرسەعادەت، کە کات و سەردەمی خۆی هات پێویست بە شاردنەوەیان ناکات. هەروەها ئاسانکاری تێدا بکرێت، دڵنیایی بدرێت لە ناردنی ئەوانە بۆ ئەوێ، بۆ ئەمەش والی ناوبراو بە فەرماننامەی سەدری ئەعزەم، بۆ جێبەجێ کردنی لە نەزارەتی ناوبراو نووسراو نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا.





A.MKT.UM	00158.00027	9 شەعبان 1270 (٧ مایس ١٨٥٤)
بەهۆی یارمەتی و میهرەبانی سەروو فەرمووبانە، عەبدولرەحمان نورەددین پلەی میری میرانی وەرگرتووە، هەروەها عەلی بەگ لە هەولێر خزمەتی کردووە، لە ئەرکی تۆمار نامە و چەندین خزمەتی تر پلەی قەپوچی باشی و خواجەی پێدراوە، ئەمەش بە فەرمانی سەروو بۆ سەرۆکەکانی هومایۆن نێردراوە، فەرمان نامەی پاشا لە وەکالەتپەناهی مەرامی دڵسۆزی دیارە و فەرمانی عالیشان و لەلایەن سەرۆکەکانی هومایۆن پیرۆزکراوە، لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەتیش رێککەوتن کراوە و پەسەند کراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن. سەید عەلی والی ئەیالەتی شارەزوور		


A.MKT.UM	00164.00083	29 زیلحیجه 1270 (٢٢ ئەیلوول ١٨٥٤)

بۆ والی شارەزوور
ئـەم رۆژە دوو پارچـە نـووسراو هاتـووە، تێـدا هاتـووە، بەهـۆی رێگـری کـردن لـە زوڵمـی راسـتەقینەی عەشـیرەتەکانی جەبـور و ئەلبوحەمـەد لـە نـاو قـەزای هەولێـر و عەشـیرەتی تـەی (طـی) عـەرەب، و بـۆ پارێـزگاری کـردن لـە خەڵکـی گونـدەکان، باشـبوغ سـلێمان ئاغا برێـك سـەربازی پێ بدرێـت، ئەم سـەربازانە نێردراونەتـە گوندەکانـی دەوروبـەری قـەزای ناوبـراو، هەروەهـا ئاغـای ناوبراو و ئەم سـەربازانەی نێـردراوە، لـە کاتـی ئامادەبوونیـان، لـە دەوروبـەری قـەزای ناوبـراو، شـەمەرولجەربەی عەرەبـی و عەشـیرەتی جەبـور و ئەلبەحەمـەد و کەدکـەری، زیاتـر لـە ٨٠٠ ئەسـپ سـوار و ٢٠٠ی تـر لەگـەڵ ٤٠٠ تفەنگچی، لە شـێخەکانی شـێخی شـەمەر بـرای فەرهـان، بـە نـاوی عەبدولکەریـم و کـورە مامەکـەی سـەمیر بەیەکـەوە بوونـە و لـە قـەزای ناوبـراو سـوراونەتەوە، هێرشـیان کردۆتـە سـەر ١٨ گونـد، کەلوپـەل و پارەوپولـی دانیشـتووان و هەژارانیـان تـاڵان کـردووە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـەکان و قەرەبووکردنـەوەی زیـان لێکەوتـووان، لـە پـاڵ قەدەغەکردنـی ئاغـای ناوبـراو ئـەم سـەربازانەی لـە ژێـر دەسـتی دان لەگەڵ خەڵکەکـە بە یەکـەوە چوونەتە سـەر ئەوانـە و بـە هـۆی زۆری چەتـەکان بـە سـەر سـەربازەکان زاڵ بـوون، هەندێکیـان کوشـتوون و بریندار کـردوون، جگـە لەمـەش ئـاژەڵ و کەلوپەلـی تریـان تـاڵان کـردووە، بـەم کارە لەلایـەن موتەسـەرفی موسـڵ عەشیرەتەکانی ئەلبوحەمـەد و جەبـور ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە و بـە وەرگرتنـی مووچـە بـەکار دەهێنرێـن، شـێخ فەرهـان جگـە لەمـە عەرەبـە چەتـەکان لـە ئەیالەتـی بەغـداد و موسـڵ و شـارەزوور بەڵێنیـان داوە بـۆ یـەك رۆژیـش کاری نەشیاو نەکـەن، بەرامبـەر ئەمـەش مووچەیـان بـۆ براوەتـەوە، ئـەم عەرەبـە ناوبراوانـە لەگـەڵ عەشـیرەتە چەتـەکان یەکیـان گرتـووە و بوێریان کـردووە ئەم کارانە بکـەن، ئەگـەر لەلایەنی خزمەت ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە و ئەگـەر بەڵێنیـان شـکاندووە، ئـەوا ئەمانـە جێـگای متمانـە نیـن و پشـتیان پـێ نابەسـتێنرێت، بۆیـە بـە پێدانـی مووچـە و بـەکار هێنانیـان هیـچ سـوودێك دەسـت ناکەوێت، بۆ خۆپاراسـتن لـە خراپـە و زیانـی ئەمانـە بۆتە ئـەرک، هەروەها لەمـەودوا سـەربازە ناوبـراوەکان، لەم جـۆرە خزمەتانە نابێ کەموکوریـان هەبێـت، ئـەم ئەسـپ و چەکانـەی تـاڵان کـراوە، بـۆ لایەنـی دەوڵـەت بگەرێندرێتـەوە، کۆتایی بـە ئەرکەکانیشـیان بهێنرێـت و ئـاگادار بکرێنـەوە، لـەم رووەوە داواکاری و دەفتـەر نێـردراوە و گوازراوەتـەوە بـۆ ئەنجوومەنـی واڵا، عەرەبـەکان و عەشـیرەتە ناوبـراوەکان لـە چەتەکاریدا جموجۆڵیان نەشـیاوە، هەروەها ئەوانـەی دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر دانیشـتووان، پێویسـتە رێگریـان لـێ بکرێـت و دوور بخرێنـەوە و ئاسایشـی ناوچەکـە سـەقامگیر بکرێـت، بۆیـە نابێ یـەك رۆژ ئەم چەتانـە لەوێ بمێننـەوە، دەبـێ دەربکرێن و سـەربازە ناوبراوەکانیـش کـە ئەسـپ و چەکەکانەیـان تـاڵان کـراوە، وا پێدەچـێ لەلایـەن پاشـاوە دادگایی نەکرێـن، بـە پێـی دەسـتووریش نـووسراو نێـردراوە و بـە پێـی نووسراویـش داوای جێبەجـێ کـردن دەکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM


A.MKT.UM 164/83






I.MVL	00291.011657	19 سەفەر 1270 (٢١ تشرینی دووەم ١٨٥٣)

- نووسراو لە نەزارەتی دارایی جەلیلە دراوەتە ئەنجوومەنی والا، لەگەڵ راپۆرتێك كە داواكاری ئەنجوومەنی ژمێریاری لەگەڵە، تێدا هاتووە، والی پێشووی بەغداد عەلی پاشا و نەجیب پاشا فەرمانیان داوە، داهاتی گوندی سیرئاباد سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، لە قەزای هەولێر بۆ شێخی خانقای خالیدیە، محەمەد سەعید ئەفەندی بێت، بۆ ئەمەش بەرائەتی پێدراوە، هەرچەندە فەرمان دەرچووە، بەڵام تا ئێستا بەرائەتەكەی پێ نەدراوە، بە داواكارییەك كۆتایی پێ هاتووە، لە دەستی سەنەدێك، هەروەها گوندی ناوبراو موڵكی تایبەتی هومایۆنە، كەچی لەلای یەكێكی ترە و بۆ یەك رۆژیش بێت لە خەزینە تۆمار نەكراوە، دە یەكی (عشر) گوندی ناوبراو لەگەڵ مردنی باوكی پێی دراوە، بەم دواییە ناوبراو بۆ میری بەجێی هێشتووە، هەردوو گوند سێیەكی داهاتی بۆتە شوێنگرەوە (بدل) لە ساڵی ١٢٥٦ لەلایەن عەلی پاشا پێی دراوە، گوندی ناوبراو دە یەكەكەی (عشر) لە كۆن شێخ بەجێی هێشتووە و دراوەتەوە خەزینە، بە راپۆرتێكیش دراوەتە ئەنجوومەنی والا، لە ساڵی ١٩ سەفەر ١٢٧٠.


- نووسراو لە ئەنجوومەنی والا دراوەتە قەڵەم و بە نەزارەتی دارایی جەلیلە بەستراوەتەوە، لەگەڵ داواكاری ئەنجوومەنی ژمێریاری بەیەكەوە هاتووە، دە یەكی (عشر) گوندی سیرئاباد سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بۆ میری بەجێ هێشتراوە، دوو گوند سێیەكی داهاتی بۆتە شوێنگرەوە (بدل)، بە فەرمانی والی پێشوو عەلی پاشا و نەجیب پاشا لە قەزای هەولێر پێشكەشی پۆست نشینی خانقای خالیدییە، محەمەد سەعید ئەفەندی كراوە، بەڵام تا ئێستا بەرائەتی عالی نەدراوەتێ، بە داواكارییەك كۆتایی پێ هاتووە، بەپێی ووردبینی گوندی ناوبراو دە یەكەكەی (عشر) دراوەتە شێخ، بە راپۆرتیش دراوەتە خەزینە، لە ئەنجوومەنی والاش باسكراوە، ٢٧ سەفەر ١٢٧٠.


I. MVL 291/11668

I.MVL	00291.011668	21 موحەررەم 1270 (٢٤ تشرینی یەکەم ١٨٥٣)
- بە پێی نوسراوی نەزارەتی جەلیلە و داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری کە لە ئەنجوومەنی واڵا نێردراوەتە قەڵەم، لە سەر فەرمانی پاشاش پێشکەش کراوە، لە ئەیالەتی شارەزوور، محەمەد ئەفەندی خەڵکی بالیسانە و لە قەزای هەولێر نیشتەجێیە، ئەوەی لە داهاتی سانجەقەکانی کۆی و رواندز بۆی دابین کراوە، تا کۆتایی ساڵی ١٢٦١ ساڵانە ٢٥ ریال و ٨ عولبە گەنم و ٤ عولبە جۆ و دوو چەلتوکی پێ دراوە، لێرەوە ئەم دابین کردنە کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها بۆ قەبوڵ کردنی ئەم جۆرە مووچانە ئەم ماوەیەی کە بۆی دیاری کراوە، هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، واتە لە ئەیالەتی ناوبراو ئەم جۆرە مووچانە کە بوونیان هەیە، ماوەیەك دابین دەکرێت، ئەم ماوەیەی کە دیاری کراویشە، هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، هەروەها ناوبراو .... بۆ هەر یەکە ١٠ قوروش و ١٦ پارە هەژمار کراوە، بە هۆی دووانە بوونیان ئێستا ئەوەی لەم ریالەی دابین دەکرێت لەسەر ئەو هەژمارە بە شێوەی نەقد هەژمار دەکرێت، راپۆرتیش لە نەزارەتی ناوهاتوو بۆ ئەنجوومەنی واڵا حەواڵە کراوە، ئەگەرچی نووسراویش کراوە، بەڵام بە بریار و فەرمانی پاشا و وەکالەتپەناهییەوە بەندە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ موحەررەم ١٢٧٠.		




<table>
<tr><td>MVL</td><td>00338.00033</td><td>16 سەفەر 1270 (١٨ تشرینی دووەم ١٨٥٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">داواکاری
ئـەم راپۆرتـەی لـە نەزارەتـی دارایـی دراوەتـە ئەنجوومەنـی واڵا، لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی ژمێریـاری هاوپێـچ کـراوە، لـە نـاو ئەیالەتـی شـارەزوور، محەمـەد ئەفەنـدی، خەڵکـی بالیسـان و لـە قـەزای هەولێـر نیشـتەجێیە، ئـەوەی لـە داهاتـی سـانجەقەکانی کـۆی و روانـدز بـۆی دابیـن کـراوە، تـا کۆتایـی سـاڵی ١٢٦١ سـاڵانە ٢٥ ریـال و ٨ عولبـە گەنـم و ٤ عولبـە جـۆ و ٢ چەڵتوکـی پـێ دراوە، بـەڵام لەمـەودوا وەرگرتنـی کۆتایـی پـێ هاتـووە، هەروەهـا پێـش تەنزیـمات لـە ئەیالەتـی ناوبـراو ئـەوەی لەلایـەن دەسـەڵاتدارانەوە دابینکـرا بـوو، فەوتـاوە، هەروەهـا رەزامەنـدی لـە سـەر هاوکارییەکانـی خەزینـە دراوە و جێگیـر کـراوە، بـەڵام هێشـتا مـاوەی دانـەوەی دیـاری نەکـراوە، ئـەم جـۆرە مووچانـە دوای قەبـوڵ کـردن، سـەرەتا ماوەیـەك دابیـن دەکرێـت، بـەڵام هێشـتا مـاوەی ناوبـراو دیـاری نەکـراوە، بـە ریالـی دیـاری کـراو بـۆ هـەر یەکـە ١٠ قـوروش و ١٦ پـارە هەژمـار کـراوە، بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوە، ئێسـتا ئـەم ریالـەی بـۆی دابیـن دەکرێـت، بـە جێبەجـێ کردنـی راپۆرتەکـە لـە نەزارەتـی ناوبـراو نـووسراو بـۆ ئەنجوومەنـی واڵا نێـردراوە، بریـار و فەرمـان.</td></tr>
</table>



11 رەبیعی یەکەم 1271 (٢ کانوونی یەکەم ١٨٥٤)	00173.00097	A.MKT.UM

راگەیەندراوی بەندەیە
وەکالەتپەناهـی فەرمووەیەتـی، عیزەددیـن شـێر بـەگ خزمـی بەدرخـان بـەگ، لـە لایەنـی جەزیـرە دەسـتیان بـە سـەرەڕۆیی کـردووە، بۆیـە لـە موسـڵ داوای سـەرباز کـراوە، عوسـمان پاشـا قائیمقامـی ماردیـن لـە زاخۆیـە، نـووسراوی لوولـدراوی بـۆ موتەسـەرفی موسـڵ نـاردووە، ئـەم سـەربازەی لـەوێ بوونیـان هەیـە، بنێردرێـت، لـە سـەربازەکانی موسـڵیش وەکـو یـەدەگ ٢٠٠ سـەرباز ڕەوانـە بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو لەلایـەن موتەسـەرفی ناوهاتـوو بـۆ لایەنـی بەندەمـان کـراوە، ئەگـەر لـە ئەیالەتـی شـارەزوور سـەربازی ڕێکخـراو پێویسـتیش بـکات، ئـەوا میـری ناوبـراو لـە ڕووداوی باسـکراودا، جێگـەی تێڕوانینـە، هەرچـی موتەسـەرفی ناوهاتـوو بـە تێڕوانیـن لـە ئاگادارکردنەوەکـەی لـە سـەربازەکانی موسـڵ هەندێـك خـۆ دوورخسـتنەوە هەیـە، لـەم کاتەشـدا پێویسـتە فەرمانبـەرەکان یەکبگـرن و یارمەتـی یەکـتر بـدەن ئەوەیـان پێویسـتە و فەرمانـی فەرمانبەرانـە، ئـەم سـەربازانەی بوونیـان هەیـە، هـەر ئێسـتا برێکـی پێویسـت ئەسـپ سـوار ڕەوانـە بکرێـت، هـەر لەبـەر ئـەوەی قـەزای هەولێـر لـە موسـڵ نزیکـە و دراوسـێیە، بۆیـە تـا لـە توانـادا هەیـە لـە قـەزای ناوبـراو سـەرباز بنێردرێـت، چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنیشـی، موتەسـەرفی ناوبـراو نـووسراوی بـۆ بەندەکانـی نـاردووە، موتەسـەرفی ناوبـراو ئـاگاداری نـاردووە، بـۆ بەپەلـە جێبەجـێ کردنیشـی، بەڕێوەبـەری ناوبراو بـە بیـر هێنراوەتـەوە، هەروەهـا بـە تەمـای خـوا سـوودی دەبێـت، داواکـراوە هەرچـی زووە ڕووداوی ناوبـراو کۆتایـی پـێ بێـت، بـە هـەر شـێوەیەك بێـت بڕیـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـانەیە کـە فەرمـان دەردەکـەن و خـاوەن میهرەبانـن، لـە ١١ ڕەبیعـی یەکـەم ١٢٧١.
سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور





I.MVL	I.00323.013795	29 سەفەر 1271 (٢١ تشرینی دووەم ١٨٥٤)

لە ئەیالەتی شارەزوور، کەسێك بە ناوی نوعمان بن ئەحمەد لە دانیشتووانی شارۆچکەی هەولێر، بە خەنجەر لە ساڵح کوڕی عەبدولرەزاقی داوە و کوشتویەتی، لە سەر میراتی ناوبراو، لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەت، دادگا شەرعیەکەی جێبەجێ کراوە و کوشتنی ناوبراو لە سەر نوعمان ساغ بۆتەوە، لە سەر چیرۆکی ناوبراو، ئەم ئاگاداریەی لەلایەن شەرع و داواکاری ئەنجوومەنی ناوبراو رەزامەندی دراوە، بە پێی وەڵامی من، ئەمجارە چۆنیەتی کووشتنەکە، بە دوو شایەد پەسەند کراوە، لەلایەن دایکی کوژراویش وەکیل دانراوە، هەروەها نەزانراوە بە چ تایبەتمەندییەك بۆتە وەکیلی عەبدولرەزاق، وەکالەتیشی لە شەرع جێگیرکراوە، دوای کۆتایی پێ هاتن، لەلایەن فەتواخانە ئاماژەی پێکراوە، بریاری دادگای باسکراو داواکراوە دادگاییەکە دووبارە بکرێتەوە، بە نووسراوی فەتواخانەش جێبەجێ کردنی کارەکە پێویستی بە فەرمانە، هەروەها هەر فەرمانێك پێویستی بە وەکالەتپەناهی هەیە و دووبارە جێبەجێ کردنی لە ئەنجوومەن پێویستی بە رێکخستنە، فەرمانی دادگای شەرعی و داواکاری پێشکەشی وەکالەتپەناهی کراوە، لە بارەی جێبەجێ کردنیەوە پێویستی بە فەرمانی سەرووە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و میهرەبانە، لە ٢٩ سەفەر ١٢٧١.
سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور

A.MKT.UM	00217.00019	21 رەبیعی یەکەم 1272 (١ کانوونی یەکەم ١٨٥٥)

لە رۆژە سەختەکاندا، لە ناوچەکانی ئێران بۆ کوێستان دەچن، قەرەنی ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی بلباس لە تائیفەی ئەیالەت و قەزای کۆی سانجەق، کە سەر بە سانجەقی کەرکووکە، دیسان لە لیوای ناوهاتوو لەگەڵ عەشیرەتی دیزەیی، کە لە قەزای هەولێر نیشتەجێیە، ئەم ناکۆکییە کۆنەی کە هەیانە، لەساڵی ١٢٦٩ لەگەڵ بەندەی والی بەغداد گفتوگۆی لەسەر کراوە، ئەم کاتە عەلی پاشا میری لیوای ئەرکانی لەشکری هومایۆنی ئەنادۆڵ، لەگەڵ برێك سەربازی سوارە لە موسڵ، چوونەتە کۆی سانجەق، بە مەبەستی ئاشت کردنەوەیان، سەرۆك و هاووەڵانیان کۆکراوەتەوە، هەردوولا پەیمانیان داوە، ئامانجیش نەهێشتنی ئەم دوژمنایەتیە کۆنەی هەیە و گەرانەوەی ئەمنیەت و ئاسایش بۆ ناوچەکە، لە مێژووی ٣ جەمادی کۆتایی ١٢٦٩ بە داواکاری بۆتە هەواڵ و بڵاوکراوەتەوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ ئاشت بوونەوەکەیان سەری گرت و ئاسایش بەرقەرار بوو، هەر یەکە خەریکی ئیشوکاری خۆیان بوون، بەڵام لە یەکەم بەهاری رابردوو، بەهۆی رووداوی عیزەددین شێر لە دەوروبەری جەزیرە و بۆ بەرگریکردن جولە بەم هێزە سەربازیەی کراوە، کە لە شوێن خۆیان بوون، بەهۆی بوونی بۆشایی سەربازی لەم ناوچەیە و رووداوی باسکراودا، قەرەنی ئاغا بەهۆی رق و کینەکەی دەرفەتی بۆ رەخساوە، لەگەڵ ٤٠٠ جانەوەرە هێرشی کردۆتە سەر گوندەکانی دیزەیی، بەمەش چەند کەس کوژراون و پارەوپولیان تاڵان کراوە، بەهۆی ئەم هێرشە بوێرانەیان، عەشیرەتی دیزەیی لەگەڵ عەشیرەتی تەی (طی)، کە لەم ناوچەیە بوونیان هەیە بەیەکەوە قەرەنی ئاغایان دووچاری دۆران کردووە، هەندیك کەس و ئەسپ و چەکیان وێران کردووە، بە پەرێشانی گەراوەتەوە، رووداوی عیزەددین شێر کە ناوی هاتووە لەلایەکی تر بلباسیەکان لەبەر ئەوەی وەرزی کوێستانە دەردەچن، یەکسەر چۆتە لای کوێستان بەم شێوەیە ناکۆکیەکان دووبارە بۆتەوە، لەبەر ئەوەی قەرەنی ئاغا خۆی لەم رووداوە دەستی هەبووە، عەشیرەتەکەی پارەوپولی میری خستۆتە سەر ناوی خۆی، چۆتە لایەنی ئێران و پێشوازی لێکراوە، بە هەواڵگری ئەحمەد حیلمی ئەفەندی شاهبەندەری تەبریز، ناوبراو لەگەڵ عەشیرەتەکەی بۆ ئەم لایە هاتوون، ئێرانیەکان بۆ ئەوەی مەیدان نەدەنە ئەوانە، بەم دواییە رەفعەت پاشا قائیمقامی رواندز نووسراوی ناردووە، کە ئەوەی لەلایەن عەشیرەتەکانەوە دەکرێت جێگای قەبوڵ نییە و ئاسایشی ناوچەکە تووشی ناجێگیر بوون دەکەن، هیجرەت کردنیان جێگای قەبوڵ نییە، بۆ ئامادەکاری حەکیمانە و گەرانەوەی ناوبراو و عەشیرەتەکان، قائیمقامی ناوبراو و سەلیم ئاغا بەرێوەبەری قەزای کۆی سانجەق ئاگادار کراونەتەوە، ئا لەم کاتە برای ناوبراو خضر و منداڵی خوشك و برای مام قەرەنی ئاغا و هاووەڵانی عەشیرەتەکە هاتوونەتە ئەم شوێنانەی خۆیان و بۆ خانەکان دەهێنرێن، ئەم هەواڵە بۆ بەرێوەبەری ناوبراو هاتووە، بە پێی نووسراوی وەرگیراو لەلایەن ناوبراوەوە، پێویستە بە شێوەیەکی میهرەبانی و رێك مامەڵەیان لەگەڵ بکات، ئەگەرچی قەرەنی ئاغا لەگەڵ ئەوان نییە، بە خۆی بە تەنیا لەلایەکەی تر نامێنێتەوە، هەر خۆی لە سەر مانەوە و نەمانەوەی، هەروەها بۆ ئەوەی یەك رۆژ لەگەڵ ئێرانیەکان نەمێنێتەوە، پێویستە لەگەڵ ناوبراو نزیك بوونەوەیەك بکرێت و بهێنرێتەوە لای خۆمان، دووبارە بەرێوەبەری ناوبراو نووسراوی بۆ رۆیشتووە، دوای وەرگرتنی ئاگاداری لەلایەن قەرەنی ئاغا، وەکالەتپەناهی ئاگادار بکرێتەوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و میهرەبانە، لە ٢١ رەبیعی یەکەم ١٢٧٢.
سەید عەلی بەگ والی ئەیالەتی شارەزوور


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
217 19 1



MVL	00350.00057	24 شەعبان 1272 (٣٠ نیسان ١٨٥٦)

بریارنامە
٢٤ شەعبان ١٢٧٢
لە نەزارەتی دارایی بە مێژوویی ٢١ شەعبان ١٢٧٢ یەك پارچە راپۆرتی دارایی کراوە و دراوەتە ئەنجوومەنی والا، لە ئەیالەتی شارەزوور بۆ ئاشت کردنەوەی عەشیرەتی بلباسی کۆی سانجەق و عەشیرەتی دیزەیی قەزای هەولێر، هەروەها بۆ نەهێشتنی ململانێی نێوانیان و جێگیرکردنی ئاسایش خەڵك و ئاغاکانی عەشیرەتە ناوبراوەکان ئاگادارن، کە لە پەسەندکراوەکان و هەڵبژاردەکاندا بۆ پۆشاکەکان ٢٨٨١ قوروش خەرج کراوە، بۆ زانیاری چۆنیەتی جێبەجێ کردنی، داواکاری ٧٧٩٠ قوروش دراو، هەروەها دیاری کراوە ئیتر بە بێ مۆڵەت خەرجییەکە پەسەند کراوە، لەم بارەیەوە نەزارەتی ناوبراو نووسراو بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، ئەگەر فەرمانی پاشاش بێت، بریار و فەرمانە.


30 جەمادی یەکەم 1273 (٢٦ کانوونی دووەم ١٨٥٧)	00084.00020	A.MKT.MVL

- بۆ والی کوردستان و نازری دارایی
مووچـەی موسـتەفا لامعـی ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری قەزای زاخۆ سـەر بە سـانجەقی ماردین، بـە ٤٩٠٠ قوروش دیاریکـراوە، بـە خـۆی ناتوانـی کارەکان بەڕێـوە ببـات، لە شـوێن خۆی کەسـێکی بە بریـکار دانـاوە و وازی لە ئەرکەکـەی هێنـاوە، سـەرەتا هاتۆتـە دەرسـەعادەت، هەروەها قـەزای ناوبراو وەکو هەندێك شـوێن شـایەنی ئەوەیـە بایەخـی پـێ بدرێـت، ناکرێـت ئـاوا بـە بریـکار بەڕێوەببردرێـت، بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی قـەزای ناوبـراو بـە هەمـان مووچـەی دیـاری کـراو، کەتهـودای یەعقـوب پاشـا، بـە نـاوی عەلـی بـەگ لـە پلـەی بەڕێوەبەری تەوێلـەی پاشـا، دامەزراندنـی لـە ئەنجوومەنـی والا باسـکراوە و جێگیـر کـراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هێشـتا فەرمانـی پاشـای لـە سـەر نـەدراوە، لە سـەر چۆنیەتیەکەشـی والـی کوردسـتان ئـاگادار کراوەتەوە، هێشـتا لە خەزینـە ڕێکخسـتنی بـۆ دەکرێـت، لـە بـارەی جێبەجـێ کردنیشـی نـووسراو بـۆ نەزارەتـی دارایـی نێـردراوە.

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
عەبدولحەمیـد بـەگ بەڕێوەبـەری شـارۆچکەی توزخورماتـو سـەر بـە سـەنجاقی شـارەزوور، لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە، لـە سـەرەتای سـاڵی ١٢٧٢ مانگـی ئەیلـول، سـتار زادە مسـتەفا ئاغـا بـە وەکالـەت و بـە برینـەوەی مووچـەی ٥٠٠ قـوروش دادەمەزرێـت، بـە داواکاری بـەرز کراوەتـەوە، لـە شـارۆچکەی ناوبـراو تـا ئێسـتا تۆمـار نەکـراوە، کـە بەڕێوەبـەر دامـەزرا بێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی ڕاپۆرتـی نەزارەتـی دارایـی نـووسراو بـۆ ئەنجوومەنـی والا نێـردراوە، بـە تێروانیـن نـاوی بەڕێوەبـەر لـە خەزینـەش تۆمـار نەکـراوە، تـا ئێسـتا لـە شـوێنی خـۆی لـە خەزینـە کۆتایـی پـێ نەهاتـووە، بۆیـە بـە پێـی نیـزام و شـێوازی خـۆی بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی ناوبـراو جێگیـر کـراوە و فەرمانـی پاشـای لـە سـەر نییـە، چۆنیەتـی جێبەجـێ کردنەکـەی لـە نەزارەتـی ناوبـراو ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە سـەر جێبەجـێ نەکردنـی هیـچ هەنگاوێـك نەنـراوە.

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور و نازری دارایی
سـەلیم ئاغـا بەڕێوەبـەری قـەزای کـۆی سـانجەق سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور، لـە عەشـیرەتەکانی قـەزای ناوبـراو، هەمـوو سـاڵ بـۆ خاکـی ئێـران دەچێـت و دەگەڕێتـەوە، قەرەنـی ئاغـا سـەرۆکی پێشـووی عەشیرەتی بلبـاس، پـارەی میـری ئـەم عەشـیرەتەی خسـتۆتە سـەر نـاوی خـۆی، بەهـۆی ئـەوەی ئاقچەکانی بـردووە، هەروەهـا مەیلـی بـۆ لایەکـەی تـر دەروات، لـە خەڵکـی عەشـیرەتەکە لەگـەڵ هەندێـك خانـە لـە گەرەکـی لاهیجـان دەمێنێتـەوە، هەروەهـا عەشـیرەتی ناوبـراو بۆتـە پاڵپشـتی ئـەم کەسـە، جگـە لەمـەش گەڕانەوەیـان بـۆ شـوێنەکەی خۆیـان ڕۆژ بـە ڕۆژ نزیـك دەبێتـەوە، سـاڵی ڕابـردوو لەگـەڵ قەرەنـی ئاغـا ماوەتـەوە، لـە بـارەی گەڕانـەوەی ئـەم خانانـە، گۆڕینـەوە بـە ئەرکەکانـی سـەلیم ئاغـا لـە هەولێـر و عەلـی بـەگ لـە کـۆی سـانجەق بکرێـت، لـە بـارەی دەسـت بـە کاربوونیـان لەلایـەن دەوڵـەت نـووسراو نێردراوەتـە ئەنجوومەنـی والا، ئەگەرچـی گۆڕینەوەکـە کـراوە، سـەلیم ئاغـا دەسـت بـەکار بـووە، بـەڵام هێشـتا بـە پێویسـت نەزانـراوە عەلـی بـەگ لـە کارەکـەی دەسـت بەکاربێـت، بۆیـە عەلـی بـەگ هـەر لـە هەولێـر ماوەتـەوە، لـە قـەزای کـۆی سـانجەق مانگانـە ٣٠٠٠ قـوروش مووچـەی بـۆ براوەتـەوە، ڕیکابـی هومایـۆن قەپوچـی باشـی عەبدولکەریـم ئاغـا دامـەزراوە، هەروەهـا ئـەم خانانـەی لـە سـەر نـاوی قەرەنـی ئاغـا ماوەتـەوە، بـۆ هێشـتنەوە و پارێـزگاری کـردن، هـۆکار و شـێوازی زۆری بـەکار هێنـاوە، لەگـەڵ ئەمـەش هێشـتا فەرمانـی پاشـای لـە سـەر نییـە و لـە نەزارەتـی دارایـی ئامـاژەی پـێ کـراوە.

- بۆ دارایی
سـەلیم ئاغـا دوور خراوەتـەوە، مووچەکەشـی ٣٠٠٠ قـوروش بـوو، لەگـەڵ ئـەم مووچەیـە ڕیکابـی هومایـۆن قەپوچـی باشـی عەبدولکەریـم ئاغـا دامـەزراوە، دامەزراندنـی لـە ئەنجوومەنـی والا جێگیـر کـراوە، فەرمانـی پاشـاش هێشـتا لـە مەرکـەزە، ئەمـەش لەلایـەن موتەسـەرفی ئەیالەتـی ناوبـراو نووسراوەتـەوە، لـە خەزینـەش فەرمانـی جێبەجـێ کردنـی دراوە.



A.MKT.UM	00256.00006	6 سەفەر 1273 (٦ تشرینی یەکەم ١٨٥٦)

- ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
لە عەشیرەتی کۆچەری قەزای هەولێر و شێخی پێشووی تەی (طی) بە ناوی هەوار، تا ئێستا بۆ لایەنی حکوومەت نزیك نەبۆتەوە و بەهۆی مەزاجی کۆچەری هەندێك ڕۆژ جموجۆڵی نەگونجاوی کردووە، ئەم ووتانە لەگەڵ کردەوەی فریودراو هێنراوە و بە متمانە پێ کردنەوە ملکەچی خۆیان بۆ دەوڵەت ڕاگەیاندووە، ئەمەش بەهۆی ئامادەکاری لێهاتووانە و حەکیمانە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم بەرهەمەی لێ بکەوێتەوە، ئەمجارە شێخی ناوبراو لەگەڵ چەند کەسێکی هاوکارەوە لە خۆیانەوە هەڵساون و هاتوونەتە شوێنی بەندەمان، لەسەر ئەم ئاگادارییە کاریگەریانەی کە پێی دراوە، بە گوێرەی بارودۆخە کۆچەریەکەی، کە ئەگەر تا ئەمرۆ نەهاتۆتە لای حکوومەت و لەم کەموکوریانەی کە هەبیووە، داوای لێبووردنی نەکردووە، بەهۆی ئەم کارە بەد و جانەوەرانە بووە کە ئەنجامی داون، بەڵام ئەمرۆ زیاد لە خۆی و بە دووقاتەوە پاشگەزبوونەوەی نیشان داوە و پەشیمانە لەوەی کردوویەتی. دوای ئەوەی دڵسۆزی بڕوا پێ کراو بووە، لەگەڵ پۆلیسی پاراستنی عەشیرەتەکە بەیەکەوە نییەت باشی خۆیان نیشان داوە و بە یەك زمان و گیان لە خزمەتکردنی دڵسۆزانە لێهاتوویی خۆی دەخاتەگەر، ئەم بەڵێنانەی کە داویەتی، بە چەند خاڵێك بە دەستەواژەی عەرەبی بۆ دەستەی ئەنجوومەن ئامادەیە و پێشکەشی کردووە، هەروەها لەسەر ئەوەی ناوبراو نەرمی نواندووە لەبەر ئەوەی قاتێکی تر هاندان و کەرامەت و دڵسۆزی پێویستە و بەهۆی بەڵێنەکانەوە لە ڕووی خزمەتەوە نییەت باشی خۆی نیشان داوە، بە پەسەندکردنی لە ئەنجوومەن شێخایەتی ناوبراو پێ دەدرێتەوە و دووبارە خولعەتیان پێ دەسپێردرێت و ئاگادار دەکرێتەوە، شێخەکانی ئەم عەشیرەتە کۆچەریانە خودی خۆیان هاتوونەتە لای حکوومەت و بە هۆی کاری کۆچەرانەیان پاشگەزبوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە، لەم نێوەندە خزمەت و دڵسۆزی خۆیان دووپاتکردۆتەوە، دووپاتیان کردۆتەوە کاری نەشیاو و نەزانانەی کۆچەری هیچ سوودێکی نییە، بۆیە نییەت چاکی و خزمەتی خۆی دووپات کردۆتەوە، بۆ ڕێکخستنەوەی ئاسایش و ئەمنیەتی قەزای هەولێر، شایەنی ئەوەیە ڕێزی لێ بگیرێت و سوپاس بکرێت، لەم سەنەدەی کە وەرگێردراوە، پێشکەشی جەنابی وەکالەتپەناهی کراوە، کە بوێری کراوە ڕابگەیەندرێت و دەربخرێت، لە هەر حاڵەتێکدا بڕیار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە خاوەن فەرمان و میهرەبانیە، لە ٧ موحەڕڕەم ١٢٧٣.
سەید عەلی والی ئەیالەتی شارەزوور

- ئەمجارە شێخ هەوار شێخی عەشیرەتی کۆچەری تەی (طی) قەزای هەولێر، بە زمانی عەرەبی و بە مۆری خۆی نووسراوی پێشکەشی کردووە و وەرگێردراوە، لە قەزای هەولێر، لەلایەن شێخی تەی (طی) کە چەندین ساڵ دژی سەروو بووە، ئێستا ئەم داواکاریانەی پێشکەشی جەنابی شەهریاری کردووە، بە هیچ شێوەیەك نابێت داوا بکرێت لە بارەی ئەم بەڵێنەی من کە بۆ پاراستنی ڕێگا و خەڵکی گوندنشینەکان، شەش خاڵ هەیە، دراوەتە قەڵەم کە ڕاپۆرتی بەندەمانە:

خاڵی یەکەم: ماوەی پێنج شەش ساڵە دژی دەوڵەتی سەروو، ئەم دانەوێڵانەی کە بە ناوی خۆی لە گوندەکانی هەولێر وەردەگیرێن و هەموو ئاوی کارێزەکان و ئەم کشتوکاڵانەی کە بردراون، بە هەموو شێوەکانیەوە هەڵدەوەشێتەوە، بە هیچ شێوەیەك یەك شت داوا ناکرێت، بۆ ئەمەش بەڵێن دەدەم.

خاڵی دووەم: لە قەزای ناوهاتوو، ڕووباری شەمامك بۆ میری گەڕاوەتەوە. ئەگەرچی لە کاتی زیادکردنەکە و بۆ بۆ ڕادەست کردنەوەی پارەی شوێنگرەوە بەڵێن دەدەم، ئەم جۆرە پابەندبوونانە حەواڵەی ئەو بووە یاخود لەم کاتەی بە ئەمانەت لەلایەن میریەوە بەڕێوە دەبردرێت، تا لەم حاڵەتە نابێت یەك دانە لەم دانەوێڵانە زەرەر و زیانی پێ بگات، هەروەها لە دەستەکەی تر تاوەکو تووشی خەسارەت نەبێت، بەڵێنی داوە پارێزگاری لێ بکات.


خاڵـی سـێیەم: لـە وەرزی زسـتان و بەهـار بـە مەبەسـتی لەوەرانـدن ئـەم عەشـیرەتە کوردیانـەی دێنـە قـەزای ناوبـراو، هـەروەك راهاتـووە، ئـەوەی لـە خەزینـە دێتـە دەسـت، لـە رسـومی پـارە حەواڵـەی بەندەمـان دەکرێـت، لـە حاڵەتـی ئـەم جێبەجـێ کردنـەدا، شـوێنگرەوەکە لـە پـارەی سـندوقی قـەزای ناوهاتـوو دیـاری دەکرێـت و رێـك دەخرێـت، بـۆ ئەمـەش بەڵێـن دەدەم، لـە کاتـی سـنوور بەزاندنـی خەڵکـی عەربـان، دووچـاری زەرەر نەبێـت یاخـود بـە شـێوەی ئەمانـەت بەرێوەببردرێـت رسـومی باسـکراو بـە تەواوەتـی لـە شـوێن خـۆی بدرێتـە لایەنـی خەزینـە، بـۆ ئەمـەش بەڵێنـم داوە.


خاڵـی چـوارەم: قـەزای ناوبـراو لەگـەڵ موسـڵ هاوسـنوورە و رووبـاری زاب پێـدا تێدەپەرێـت، تـا کەنـاری رووبـاری ئاڵتـون کۆپـری، ئـەم گوندانـەی دەکەونـە قـەزای ناوبـراو، خەڵکەکـەی و منداڵـی بەسـتەزمان و دەسـتکورتن، داوا دەکرێـت پارێـزگاری لەمانـە بکرێـت. ئەگـەر لـە ناوچـەی باسـکراودا، لەلایـەن عەربـان یاخـود عەشـیرەتی دزەیـی پارەوپولـی دانیشـتووان و هـەژارەکان لەگـەڵ منداڵـی بەسـتەزمان و ئەوانـەی بـەوێ تێدەپـەڕن ببردرێـت و شـتێکی ئـاوا روو بـدات، پارەوپولـی باسـکراو بدرێتـەوە، ئـەم کەسـانەی کـە لێیـان بـردراوە، پـارەی هیـچ کەسـێك ناخورێـت، ئەگـەر دووچـاری زەرەر بوونـەوە، ئـەوا لـەلای منـەوە قەرەبـوو دەکرێنـەوە و گرەنتـی ئەوەتـان پـێ دەدەم.


خاڵـی پێنجـەم: یـەك تـاك لـە خاکـی ئەیالەتـی موسـڵ و گونـدەکان، لەلایـەن تـەی (طـی) یاخـود عەشـیرەتی دزەیـی تووشـی دزی و دەسـت درێـژی ببێتـەوە، بـۆ ئـەوەی ئـەم جـۆرە شـتانە سـەرهەڵنەدات و ئەگـەر لەلایـەن ئـەم دوو عەشـیرەتە بوێـری ئـەم جـۆرە شـتانە بکرێـت، ئـەوا چـاك کردنـەوە و تەمبـێ کردنیـان لەلایـەن منـەوە دەبێـت، گرەنتـی ئـەوە دەدەم.

خاڵـی شەشـەم: پارەوپولـی ئـەم سـاڵە و سـاڵانی رابـردوو، کـە لـە قـەزای هەولێـر ماوەتـەوە و لەسـەر نـاوی شـێخ فـارس محەمـەدە، ئـەم پارەوپولـەی میرییـەی کە بـە تەواوەتـی لەلایـەن ناوبـراوەوە بردراوە و دەسـت کەوتـووە، رادەسـتی خەزینـە بکرێـت و دیسـان ئـەوەی سـاڵانی رابـردوو ماوەتـەوە لـە خەزینـەی دارایـی قـەزای ناوبـراو وەکـو قـەرز بێـت و لەسـەر نـاوی مـن بێـت، کـە بـە تەواوەتـی لـە دانـەوەی بەڵێـن دەدەم.

بەندەتـان ئـەم ماوەیـە زۆرە ملکەچـی جەنابـی سـەروو نەبـووە، ئێسـتا بۆ بەدەسـت هێنانی رێز و شـەرەفی پایەبـەرز بـە حـەق و ناحـەق بێت، ئەوەی شـایەنە لەلایەن سـەرووەوە بـە تێروانینێکی میهرەبانیەوە سـەیرم دەکرێـت، ئـەم هەمـوو کاتە لـە بیابان و چۆڵەوانـی هاتووچۆم کردووە، بێ سـوود کاتم تێپەرانـدووە، تەمەنم بـە هـەدەر رۆیشـت و وەکـو سەرسـەری کاتـم بەسـەر بـردووە، واتە هەمـوو ژیانم بـە فیرۆ رۆیشـت، ئەمرۆ تێگەیشـتووم و هاتوومەتـەوە هـۆش خـۆم، ئـەوەی باسـکراوە بەهـۆی نەزانینـم بـووە، حەیـف بـۆ تەمەنـی رۆیشـتووم دەخـۆم، لەمـەودوا ئـەو تەمەنـەی ماومـەوە دەمـەوێ بـە شـتی بـە سـوود و کاری باش بەسـەری ببـەم. بـە خـوا بەڵێـن دەدەم، ئـەم شـەش خاڵـەی کـە نووسراوەتـەوە، بـە راپۆرتێـك پێشکەشـی جەنابـی سـەرووی دەکـەم، بـۆ ئـەم مەبەسـتە داوای یارمەتی دەکەم و ئەوەی شـایەنی منە جێبەجێ بکرێت، لە هەر حاڵەتێکـدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٥ جەمادی یەکـەم ١٢٧٢.
هەوار بەگ









2 رەبیعی کۆتایی 1273 (٣٠ تشرینی دووەم ١٨٥٦)	00262.00005	A.MKT.UM

بۆ جەنابی ئەفەندم
لە خانەوادەی پاکی حەیدەرییە، محەمەد ساڵح ئەفەندی و عیسی محەمەد ئەمین ئەفەندی، لە سەردەمی والی بەغداد عەلی پاشا، داهاتی گوندەکانی بەحرکە و بەرد حوشتر و پیرداودی سەر بە قەزای هەولێر لە ژێر دەستیان بووە و بۆ ئەوان بووە، بەڵام دواتر بۆ خەزینە بەجێ هێڵدراوە، لە بەرامبەر داهاتی ئەم گوندانەش کە رادەستیان کردۆتەوە، داوای مووچەیەك دەکەن، خودی خۆیان لە خانەدانی ناوچەکەن و لە خانەوادەی پاکی خانەدانن، بۆیە ئەم داواکاریە بە مافی ئەوان دەزانرێت، بەهۆی ئەم خێروخێراتەی کە ئەنجامیان داوە و بە فەرمانی پاشا، لەم داهاتەی کە ناوی هاتووە، لە مێژووی ١٢٧٣ مانگی رەبیعی یەکەم رۆژی ١٤، مانگانە ٢٦٠٠ قوروش بۆ محەمەد ئەفەندی و ساڵح ئەفەندی و محەمەد ئەمین ئەفەندی لەگەڵ کورەکانی عیسا ئەفەندی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەفەندی و ئیسماعیل ئەفەندی و عەبدولرەحمان ئەفەندی دابین دەکرێت، بۆ پێدانی بەرائەتی شەریفە لە نەزارەتی دارایی نووسراو نێردراوەتە ئەنجوومەنی والا و لەوێش پەسەند کراوە، جگە لەمە رەزامەندی فەرمانی پاشا هێشتا لە مەرکەزە، هەرچی جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشاشە، لە شوێن خۆی نووسراو کراوە، لە ٢ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٣.
سەید مستەفا







<table>
<tr><td>MVL</td><td>00309.00040</td><td>21 شەعبان 1273 (١٦ نیسان ١٨٥٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">- لە سانجەقی هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، بەڕێوەبەری هەولێر لە ریکابی هومایۆنی شاهانەی قەپوچی باشی سەلیم ئاغا، ماوەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرایەتی کۆی سانجەق بووە و لە رووی کارگێڕیەوە بە باشی کاری کردووە، بۆیە ئەم شوێنەی کاری تێدا دەکات گونجاو نییە دوور بخرێتەوە، لە سەر تێڕوانینی فەرمانی سەروو، مانەوەی ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی ناوهاتوو گونجاوە و بەندەیەکی گونجاوە، لە بارەی مووچەکەی وەکو مووچەی پێشووتر، هەروەك لە سەروو ئاماژەی بۆ کراوە، سەدارەتپەناهی فەرمانی داوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢١ شەعبان ١٢٧٣.
موتەسەرفی ئەیالەتی شارەزوور
محەمەد رەشید لە لەشکری حیجاز و عیراق و والی ئەیالەتی بەغداد

- لە دەستپێکی ساڵی ١٢٦٨ ی ئەیلوول، عەلی بەگ وەکو بەڕێوەبەر لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، مانگانە بە دابینکردنی ٣٠٠٠ قوروش مووچە دامەزرێت، بە دەفتەر کۆتایی پێ هاتووە، بە فەرمانی پاشا مامەڵەی لە قەڵەم جێبەجێ کراوە، کەچی لە تۆمار مانگانەکەی دیار نییە، لە ٢٣ شەعبان ١٢٧٣.</td></tr>
</table>

MVL	00352.00045	29 جەمادی یەکەم 1273 (٢٥ کانوونی دووەم ١٨٥٧)


بریارنامە
لە ١٣ جەمادی یەکەم ١٢٧٣
ئەم راپۆرتەی لە نەزارەتی دارایی جەلیلە بە مێژووی ٩ جەمادی یەکەم ١٢٧٣ بۆ ئەنجوومەنی والا نێردراوە، لەگەڵ داواکاری ئەنجوومەنی ژمێریاری روون و ئاشکرایە، بە مردنی کوڕەکانی جەنابی مەولانا خالید، نەجمەددین ئەفەندی و سەرۆکی زانایانی بەغداد عەبدولرەحمان ئەفەندی، موتەسەرفی گوندەکانی دوغان و گردعازەبانی قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، لە سەرەتای ساڵی ١٢٦٩ لەلایەن میریەوە جێگیر کراوە، لەم کاتەدا مەولانای ناوبراو و عەبدولرەحمان ئەفەندی بە بیانووی شەرعی ئەوەی لە ژێر دەستییانە لە کارێز و ئاش جێگیر کراوە، تەکیە و مەدرەسەکانی هەردوو گوندی ناوهاتوو، لە دەروێش و قوتابی زانست خۆراکیان پێ دەدرێت، بۆیە بدرێتە کوڕەکانیان، هەروەها کارێز و ئاشی باسکراو بە مولکی هاوبەش، لەلایەن والی بەغداد جەنابی پاشا و کارێزی باسکراو و چۆگەلەی ئاو و ئاشەکە لەگەڵ ئەم گوندانە، کە لەسەر ناوبراوان بووە، ئێستا بێ خاوەنە، لەم دەفتەرەی کە لە خەزینەی بەغداد نێردراوە، لەلایەن والی پێشووی بەغداد عەلی پاشا خراوەتە سەر ناوبراوان و تۆمار کراون، لەلایەن کوڕەکانیان جێگیر دەکرێت و پێویستیشە بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن والی پێشووی شارەزوور جەنابی عەلی پاشا کۆتایی پێ هاتووە، بە تێروانین لە بیانووی وێنەکانیان کارێزی ناوهاتوو لەگەڵ ئاشەکە بۆ مەولانای ناوبراو لەگەڵ مردووی ناوبراو عەبدولرەحمان ئەفەندی بە بوونی مولکی هاوبەش پێویستە ئەوانە جێگیر بکرێن، نووسراوێك لەسەر گوندەکانی ناوهاتوو لەگەڵ ناوبراوانی مردوو بە نووسراو حەواڵە بووە، پشت بەستن بە تۆمارەکان جێگیر کراوە، ئەگەر هەڵەیەك دەربکەوێت، جگە لە ئاوی جۆگەکە کارێزی ناوهاتووش لەگەڵ ئاشەکە بۆ کوڕەکانی ناوبراوان بەجێ دەهێڵدرێت و رادەستیان دەکرێت، داهاتی ساڵانی رابردووش هەر چەند بێت، ئەم شوێنەی بۆی دەروات بە لێکۆڵینەوە لە خەزینەی بەغداد جێبەجێ دەکرێت، بۆ دابین کردنیشی کارێز و ئاشەکە لەلایەن میریەوە لەگەڵ جۆگەی ئاوەکەی کە سەر بە میریە بەیەکەوە بری داهاتی ساڵانی ١٢٧٠ و ١٢٧١ و ١٢٧٢ دیاری نەکراوە، دوای ئەوەی سەیر دەکرێت داهاتی ناوهاتوو لەگەڵ ئاوی جۆگەکە کە دیاری کراوە، ئەم داهاتەی کە وەستێنراوە و بە بەش بەش بوونی لەگەڵ برەکەی، داهاتی ناوهاتوو لە چ لایەنێك دەمێنێتەوە بە دەفتەر نێردراوەتە خەزینەی جەلیلە، ئەوەی مەحاڵیشە بە ستوونی دابنرێن، ئەگەر بۆ تۆمارکردنیشی دەفتەر نەماوە، هۆکارەکەشی بە داواکاریەك موتەسەرفی ئەیالەتی شارەزوور جەنابی پاشا و بە نووسراوی فەرماننامەی سەدارەت و بە جێبەجێ کردنیشی خەزینەی نەزارەت ئاگادار کراوەتەوە، ئەگەرچی لە ئەنجوومەنی والاش نووسراو کراوە، لەم بارەیەوە ئەگەر فەرمانی پاشای وەکالەتپەناهی بفەرمووێت بریار و فەرمانە.






27 زیلحیجە 1274 (٨ ئۆغستۆس ١٨٥٨)	00751.00010	MVL

بریارنامە ٢٣١
لـە مێـژووی ١٤ زیلحیجـە ١٢٧٤، راپـۆرت لـە نەزارەتـی دارایـی بـۆ ئەنجوومەنـی واڵا نێـردراوە، هاوپێـچ لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی ژمێریـاری داوای مۆڵـەت کـراوە، نـووسراوەی ژمـارەی ٢٢ زیلحیجـە ١٢٧٤ دراوەتـە کۆمەڵـەی دارایـی، تێـدا روون کراوەتـەوە، ئـەوەی لـە گوندەکانـی دوغـان و گردعازەبانـی سـەر بـە قـەزای هەولێـر لـە سـەر نـاوی جەنابـی مەولانـا خالیـد و سـەرۆکی زاناکانـی بەغـداد عەبدولرەحـمان ئەفەنـدی کۆچکـردوو بـووە، پێشـەکی لەلایـەن میـری جێگیـر کـراوە، لـە گونـدی دوغانـی ناوهاتـوو کڕین و خاوەنداریەتیان هەیە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە، کارێزێك و ئاشـێك بە فەرمانی پاشا لە سـاڵی ١٢٧٣ بە دواوە بـۆ کۆچکـردووی ناوبـراو و لەگـەڵ منـداڵ و نەوەکانـی بەجـێ هێشـتراوە، لـە ناوچـەی دیـاری کـراو چۆگەی ئاوەکـە لەلایـەن میریـەوە چەنـد جارێـك خراوەتـە زیادکردنـەوە، بۆیـە بەرێوەبردنـی مەحاڵـە، چونکـە ئاوی کارێزەکـە لەگـەڵ ڕێـڕەوی ڕۆیشـتنی بەیەکـەوە بەسـتراونەتەوە، هەروەهـا بـە پێـی راپۆرتـی جیاکردنەوەیان، دەبـێ سـەر لـە نـوێ رووبارێـك بونیـاد بنرێت، ئەمەش پێویسـتی بـە خەرجییەکـی تـەواو هەیـە، کارێزەکە و ئاشـەکە لـە سـاڵی ١٢٦٩ تـا سـەرەتایی سـاڵی ١٢٧٢ بەهاکـەی ٣٥ هـەزار و ٣٠٠ قوروشـە، ئـاوی چۆگەکـەش نرخـی سـاڵانەی ١٧٠٠ قـوروش دانـراوە، ئـاوی ناوبراو بە ئـاگاداری ناوەخۆ بە شـوێنگرەوە (بـدل)ی دیارپکراو دەگوازرێتـەوە بـۆ منـداڵ و نەوەکانـی ناوبـراو، ئـەم جـۆرە زیادکردنـە لـە کاتـی گواسـتنەوە، دەبـێ سـاڵ بـە سـاڵ بخرێتـە زیـادەوە، بـەم شـێوەیەش سـوودی لـێ نابینرێـت، بۆیـە بۆ شـوێنگرەوەکە شـتێك زیاد بکرێت، شـوێنگرەوەی ناوبـراو ٢٠٠٠ قـوروش دیـاری کـراوە، هەروەهـا ئـاوی چۆگـەی ناوهاتـوو، بـە مـاوەی پێنـج سـاڵ بگوازرێتـەوە بـۆ ژێـر دەسـتی ناوبـراو، لـە سـاڵانی داهاتـووش بـە پێـی نیـزام بـە زیادکـردن بگوازرێتەوە و جێبەجـێ بکرێـت، جگـە لەمـەش هێشـتا پێشکەشـکردنی داهاتی سـاڵانی رابـردوو، بـە گونجاو نەزانـراوە، ئەمـەش لـە خەزینـە نێردراوەتـە نەزارەتـی ناوبراو بۆ جێبەجـێ کردن، لە ئەنجوومەنـی واڵاش نـووسراو کراوە.



MVL	00752.00020	2 جەمادی کۆتایی 1275 (٧ کانوونی دووەم ١٨٥٩)

ساڵی رابردوو لە ١٢٧٢ مانگی رەمەزانی شەریفە رۆژی ٢٦ شەوی هەینی، دوای نوێژی تەراویح، لە قاوەخانەی پیریالی شارۆچکەی هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، لەلایەن سەرتاش عەبدولقادر ئەسعەد دانیشتووی شارۆچکەی ناوبراو، بە خەنجەر لە عەبدولقادر کوڕی یوسف کوڕی عومەرەکەی تری داوە و بریندار کردووە، ئەم هەواڵە لە بەرێوەبەری قەزای ناوبراو هاتووە، کە بە ناهەقی کەسێك لە کەسێکی داوە و یەکسەر مردووە، بۆ وەرگرتنی ئەم کێشەیە، برادەرزادەی میراتگری کوژراو لەگەڵ عوسمان کوڕی عومەر، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی سکاڵا بۆ ئەیالەت نێردراون، بە ئامادە بوونی هەردوولا، لە ئەنجوومەنی گەورەی ئەیالەت، ئەنجوومەنی شەرعی شەریفە، چۆنیەتی کوشتنەکەی راگەیەندراوە، بۆیە بە گوێرەی شەرع، میراتگری ناوبراو لەلایەن عوسمان کوڕی عومەر داواکراوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا کوژراوی ناوبراو یەکەم شەو لە قاوەخانەی ناوهاتوو لێی دراوە و کوژراوە، بکوژ لە ئەنجوومەن دانی پێداناوە و باسی کردووە، هەروەها لە کاتی ئەوەی پرسیاری لێکراوە بۆچی یاخود هۆکاری کوشتنەکەی چی بووە؟، ووتوویەتی شەنیمە کوڕە خوشکی عەبدولقادری کوژراو، کە گەنجێکی روو خۆشە، رۆژێك پێش رووداوەکە چەند خۆشەویست و چەند تاکی سەربازی نیزامیە لە دوکانەکەم بوون، شەنیمە لەوێ بووە، دەنگۆی خیانەتکردنی باسکراوە، لەبەر ئەوەی کوژراوی ناوبراویش خاڵی شەنیمەیە، کە ناوی هاتووە، هەستی بە شورەیی و شەرمەزاری کردووە، پێنج تیم لە کەسوکارەکەمی کۆکردۆتەوە و داوەتی کردوون و باسی کردووم، ئەم شەرمەزاریەش کاریگەری لەسەر ناموس دەکات، ووتی بەم قسە ناشیرینانە جنێوی بە من دا، بۆ شەوی داهاتووش، لە قاوەخانەی ناوهاتوو دەرفەتی بۆ رەخساوە بیکوژی، بۆیە بریندارم کرد و کوشتم. زۆر بە روونی باسی کرد و دانی پێدانا، بە دانپێدانان و چەسپاندنی عەبدولقادر کوڕی ئەسعەد کە بکوژی عەبدولقادر کوڕی یوسف کوڕی عومەرە لێکۆڵینەوەکە لەم مەرکەزە کراوە، هەروەها میراتگری ناوبراو، عوسمان بە قەساس (قصاص) داوای کردووە و راگەیەندراوی شەرعی رێك خراویش هاوپێچ پێشکەش کراوە، بکوژ لە ئەنجوومەن دەست بەسەر کراوە، ئەگەرچی بە مێژووی جەمادی یەکەم ١٢٧٢ بە داواکاری راگەیەندراوە و کۆتایی پێ هاتووە، تا ئێستا بۆ یەك رۆژیش فەرمانی پاشا نەهاتووە، بۆیە دووبارە لەلایەن میراتگری کوژراوەکە عوسمان داواکراوە، لەم بارەیەوە ئەم راگەیەندراوە شەرعیەی کە رێکخراوە، دانەی دووەمی داواکاری ئەم کارە لەلایەن بەندەمان بوێری کراوە رێك بخرێت و پێشکەش بکرێت، لە بارەی جێبەجێ کردنەکەشی هەرگیز لەسەر فەرمانی سەدارەتپەناهی نەوەستاوە، لە هەموو حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٥.




MVL	00754.00004	10 رەبیعی کۆتایی 1276 (٦ تشرینی دووەم ١٨٥٩)

دیارە سەعید ئەفەندی بەندەتان تووشی تەنگانە و لە گۆشەی خان کەوتووە، بۆ ئەم پەرێشانی و رەزیل بوونەی، میهرەبانی و دڵسۆزی نیشان بدرێت و لە یەکێك لە بەرێوەبەرایەتیەکانی کۆی سانجەق و هەولێر و قەرەداغی سەر بە ئەیالەتی شارەزوور دابنرێت، ئەگەر نەشگونجێت، ئەوا بنێردرێتە ئاوقافی حەرەمەینی شەریفە لە موسڵ، بەڵام بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەی کە کراوە، لقێکی ئاوقافی حەرەمەینی شەریفەین، لە دارایی ئەیالەتی ناوبراو بەرێوەدەچێت، بەم شێوەیە ئەم ئەرکەی کە ناوی هاتووە، مانگانە تەنیا ١٠٠ تا ٢٠٠ قوروش داهاتی دەبێت. بەندەی ناوبراویش منداڵی زۆرە بە ئەوەندە داهاتە ناتوانێت بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، با تووشی دەردە سەری و هیلاکی نەبێت، بۆیە داوا دەکەم بەندەتان لەم تەنگانە و رەزیل بوونە دەربهێنرێت و هەروەك باسکراوە لە یەکێك لە بەرێوەبەرایەتیەکانی کۆی سانجەق و هەولێر و قەرەداغ وەکو شاگرد دابنرێت، لە هەر حاڵەتێك میهرەبانی بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

خادمی سەجادەی نەبەوی محەمەد کوری سەعدی


١٠ رەبیعی کۆتایی ١٢٧٦



A.MKT.NZD	00347.00016	17 شەعبان 1277 (٢٨ شوبات ١٨٦١)


لە لایەنی سەرووی جەنابی راوێژکار بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە کۆندا بە فەرمانی والی بەغداد عەلی پاشا، داهاتی گوندەکانی ئینجاعی گەورە و بانی و ماران کە سەر بە قەزای کۆی سانجەقن، بۆ خۆراکی تەکیەی گەورە شێخەکانی نەقشبەندی عەبدولغەفور ئەفەندی دابین دەکرێت، لەسەر فەرمانی سەروو بۆ لایەنی سەروو نێردراوە، بە پێی داواکردنی زانیاری (استعلامنامە) کە لەلایەن نەزارەتی جەلیلەوە نێردراوە، لە مێژووی ٢٩ شەوال ١٢٧٧ داواکاری هاتووە، تێدا روون کراوەتەوە و ئاگاداری نێردراوە، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، پێشتریش لە مێژووی ٢٨ شەعبان ١٢٧٧ بە نووسراو روون کراوەتەوە و نیازی دیاری کراوە، هەر خۆشی شایەنی میهرەبانی سەرووە، لە بەر ئەوەی خاوەن رێز و لە زاناکانە، داواکراوە بە پەلە جێبەجێ بکرێت، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.

نووسراوی شێخی ناوبراو کە بە دوو پارچە نووسراو دراوەتە نەجیب پاشا و عومەر پاشا و مستەفا پاشا، لەگەڵ نووسراوی ئەنجوومەن هاوپێچ نێردراوە.
١٧ شەعبان ١٢٧٧



MVL	00377.00073	7 رەبیعی کۆتایی 1278 (١٢ تشرینی یەکەم ١٨٦١)


بۆ جەنابی دەوڵەت
وەکو سکاڵانووسێک لە خانەدانی کەرکووکم، ئەمە کاری خودایە، حاڵم زۆر خراپە و تووشی تەنگانەیی بوومەتەوە، لە بابی رەحمەت ئەم قسانەی کە دەیکەم راستن، لە سەدەقەی سەری عەزیزت ئەم بەندەتان لە قەزای کەرکووك سەر بە شارەزوورە، بەڕێوەبەرەی شارۆچکەی هەولێر بژێوی ژیانی تێك داوین، شەو و رۆژ بۆ هەموو دەوڵەت ستایشی ئەفەندیم دەکەم، ئەفەندم ئەم بەڕێوەبەرەی لە شارۆچکەی ناوبراوە کەسێکی زاڵمە و حوکمەکەی باش نییە، دانیشتووانی گوندەکەی بە زۆری بێت و بە زۆری نەبێت، تالان دەکات، بە شەو پارەوپول بە ئاشکراو و بە نهێنی دەبات، ئەگەر خاوەنی کۆشك جولە بکات لێی دەدات، پارەی رەنجدەران دەبات ئەفەندم، بە شەو زینا و شەراب و کوشتن و قومار و بەدکاری دەکات و بە رۆژیش پاشایە، بۆیە سەرباز مەدەنە جەنابیان، چونکە لە شارۆچکەکە یاخی بوون دەست پێ دەکات، بەڕێوەبەری حکوومەت بوونی نییە، خۆی مانگ بە مانگ پارەی خۆی وەردەگرێت و بە رابواردن و خۆشی خۆی سەرقاڵە و ئاگاداری حاڵی هەژار نییە، ئەوەی سەروو لێی ئاگادارە، ئەم بەندەتان بنێرنە لایەکی تر و لە شارۆچکەی ناوبراو یەکێکی تر بکەنە بەڕێوەبەر، بە هیممەتی سەروو و دادپەروەری حکوومەت یارمەتی هەژاران بدەن، ئەوانەی گەندەڵی دەکەن لە حەقیان بێن، هەمووی بکەن بە سەربازی نیزامیە و بیاننێرن، یاخود واز لە پاراستنی دەوروبەری لایەکەی تر بهێنن، لە راستییدا ئەگەر بکرێت فەرمانی سەرووتان هەبێت، بە گوێرەی ئەم جولە بکەین، سەدەقەی سەرتان ئەفەندم، بەزەییتان بەم هەژارە دابێتەوە، بۆ رزگاربوون لەم بارودۆخە هیممەت بکەن، بۆ بەڕێوەبەری شارۆچکەی ناوبراو، فەرمانی سەروو بۆ موتەسەرفی کەرکووك جەنابی تەقیەددین پاشا بنێرن، تا هیممەتێك بکات یارمەتی حاڵی ئەم هەژارە بدات، تکا دەکەم و دەپارێمەوە ئەفەندم، لەم بارەیەوە بریار و فەرمان و میهرەبانی و بەزەیی بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات ئەفەندم.
محەمەد ئەفەندی کەرکووکی


موصل متصرفنه


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
490 | 94

A.MKT.UM	00490.00094	5 شەعبان 1278 (٥ شوبات ١٨٦٢)

بۆ موتەسەرفی موسڵ
ئیلیاس دانیشتووی موسڵ و لە تائیفەی یەزیدی لەلایەن رۆژ کوژراوە، بکوژ دادگایی کراوە و ٧ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان زیندانی کراوە و بردراوەتە بەغداد، بەڵام هەر چۆنێك بێت هەڵاتووە، زیانی بە خەڵکی هەژار گەیاندووە، لە هەندێك لادێ هێرشی کردۆتە سەر خەڵک، پارە و کەلوپەلیانی تاڵان کردووە و خەڵکی بریندار و دارکاری کردووە، دواتر لە لایەنی هەولێر دەستگیرکراوە، بە ئامادەبوونی ئەم کەسانەی سکاڵایان تۆمار کردووە، دادگایی کراوە و رەوانەی ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە کراوە، نووسراوەکان لە 27 زیلحیجە 1277 ناردراوەتە ئەنجوومەنی والا، دواتریش ناردراوەتە ئەنجوومەنی شارەزوور، دوای تێبینی کردن لە یاساکان بە داواکاری ئاگادار کراونەتەوە.




<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>00522.00096</td><td>5 جەمادی کۆتایی 1278 (٨ کانوونی یەکەم ١٨٦١)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ وەکالەتپەناهی
لە سانجەقی هەولێر بە فەرمانی مەملوکانەم ئەرکم پێ سپێردراوە، بۆ ئەم مەبەستە پێشکەشی وەکالەتپەناهی کراوە، و دەستم بە جولە کردووە، بە هەر شێوەیەك بێت بریاق و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و میهرەبانە.
٥ جەمادی کۆتایی ١٢٧٨
خەلیل بەگ</td></tr>
</table>



A.MKT.UM	00522.00096	5 جەمادی کۆتایی 1278 (٨ تشرینی دووەم ١٨٦١)

لەلایەن بەندەتانەوە نێردراوە
لەسەر ئەم سۆز و بەندایەتیم کە بۆ جەنابی وەکالەتپەناهی هەیە، بۆ لایەنی سانجەقی هەولێر بەرێکەوتووم، تا دەست بە ئەرکەکەم بکەم، ئەمەش لە سەر پێداگری پایەبەرز و نیازی سەدارەتپەناهی کردوومە، لە هەر حاڵەتێکیشدا بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات و میهرەبانە.
لە ٥ جەمادی کۆتایی ١٢٧٨
عەبد ئەلسەید خەلیل



MVL	00765.00079	25 زیلقەعدە 1278 (٢٤ مایس ١٨٦٢)
لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور یەکێك لە دەوڵەمەندە یەهودییەکان بە ناوی عەبود ڕەیحانەی خێزانی کوشتووە، هەروەها باسی چۆنیەتی کوشتنەکەشی کردووە و پەسەندکراوە، لە ئەنجومەنی قەزای ناوبراو بە داواکاری ئاگادار کراوەتەوە، کوڕ و کچەکانی کوژراوی ناوبراو هاتوونەتە ئێرە و ووتوویانە: دایکی ناوبراویان بەخۆی هیلاك بووە و خۆی کوشتووە، هەروەها باوکی ناوبراویان لە بابەتی کوشتن ئاگادار نەبووە و دەستی نەبووە، ئەگەر پێشەکی لە ئەنجوومەنی هەولێر بە دەمی خۆی باسی کردبێت، ناوبراو لەگەڵ باوکیان بۆ یەك ڕۆژ سکاڵایان نەبووە، داواکراوە ئازاد بکرێت، لە سەر فەرمانی سەروو داواکاری ناوبراو لەگەڵ ڕاگەیاندنی شەرع پێشکەش کراوە، بە هەر شێوەیەك بێت بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن، لە ٧ زیلقەعدە ١٢٧٨. سەید محەمەد تەقیەددین قائیمقامی ئەیالەتی شارەزوور و وەکیلی کاتیبی ئەنجوومەن		

MVL	00765.00079	25 زیلقەعدە 1278 (٢٤ مایس ١٨٦٢)


- جەنابی سەدارەتپەناهی داواکاری ئێمەیە
داواکاری بەندەتانە، دەوڵەت هەر زیندوو بێت
بەڕێوەبەری قەزای هەولێر سەید ئاغا لە پلەی ئستەبڵی عامیرە، لە سەرەتایی ئەرکەکەی تا ئەم کاتە کارەکانی لە سوودی شەرعی شەریف یاخود یاسا جێبەجێ کردووە، بەهۆی بەڕێوەبردنی کارەکانی بە باشی و بۆ حکوومەت وریا و چاوکراوە بووە، هەروەها بۆ هەژاران و خەڵك ئاسایشی جێگیر کردووە و پاراستوویەتی، بە ئەوپەری دڵسۆزییەوە ئەرکەکەی ئەنجام داوە، هیچ جموجۆڵێکی نابەجێ و نەشیاوی بەرامبەر بە دەوڵەت نەبووە و هیچ کارێکی نابەجێ لە بەندەتان نەبینراوە، بەردەوام حاڵی باش و خوویەکی خۆشی هەبووە، ناخ و روخساری وەکو یەك بووە و جێگەی رەزامەندی بووە، لە لایەنی دینداریەوەش جەنابی خدێوانە هیچ کەموکوریەکی لە سەر ناوبراو نەبووە، هەموو کەس پێی وایە کەسێکی داوای خێر دەکات، بۆ سوپاس کردنی ناوبراو ئەوەی پێویست بووە لە سەر ناوبراو کۆکراوەتەوە، داواکاری بەندەشمان بەرز کراوەتەوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.


- بۆ جەنابی ریاسەتپەناهی
بەڕێوەبەری قەزای هەولێر سەید ئاغا لە پلەی ئستەبڵی عامیرە، پێش ئێستا لە ئەرکی جۆراوجۆر خزمەتی کردووە، ئەمجارە بۆ کاری بەڕێوەبەری تا ئەمرۆ بە گوێرەی شەرعی شەریف و یاسا کاری باشی کردووە، توندوتۆڵ و لە کاروباری حکوومەت وریا بووە، بۆ بە هەدەرنەدانی پارەوپولی میری و خەرج کردنی ئاگادار بووە، هەروەها هەژاران و خەڵکی پاراستووە و ئاسایشی جێگیر کردووە، لە رووی خووەوەش ئەوا ئاشنای عەشیرەتگەری و ئەم کەسانە بووە کە لە نەتەوە جیاوازبوونە، لە بەندەی ناوبراویش هیچ کارێکی نابەجێ نەبینراوە و گوێ بیست نەبوونە، لە سەردەمی جەنابی عومەر پاشا بێ کێشە و گرفت کەموکوریەکانی بەهەند وەرگیراوە و ئاگاداری و دەرخستەی ناردووە، لە قەزای ناوبراو نیزامی نوێ لە ئەنجوومەنەکەماندا بە رێکەوتن و شێوازی حەکیمانە جێبەجێ کراوە، بەردەوامیش بە حاڵێکی باش و خوویەکی باش دەرکەوتووە، بە گشتی ناوبراو لە روخسار و ناخدا رازی و مەمنون بووە، بۆیە پێویستە سوپاس و پێزانینی پێ بدرێت، بۆ جەنابی پاشا و موشیری واڵا داواکاری خێری هەبووە، لە لایەنی دینداریشەوە جەنابی خدێوانە هیچ کەموکوریەکی لە سەر ناوبراو نەبووە، هەموو کەس پێی وایە کەسێکی داوای خێر و کەسێکی بە وەفایە، بۆ سوپاس کردنی ناوبراو ئەوەی پێویست بووە لە سەر ناوبراو کۆکراوەتەوە، نووسراو بۆ بەغداد بۆ ئەیالەتی شارەزوور واتە دوو پارچە داواکاری پێشکەش کراوە، بوێریش کراوە بە پێشکەش کردنی داواکاری بەندەمان، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.

- بۆ جەنابی ریاسەتپەناهی
داواکاری بەندەتانە
هەر لە کۆنەوە بەندە و ئەمەکدار بوومە بۆ تەختی پاشا، پێش ئێستا لە جۆرەها ئەرکدا خزمەتم کردووە، لە پارێزگاری ئیسکودار و قائیمقامیەتدا بەکار هێنراوم، لەگەڵ ئەوەی لە قائیمقامیەتی عەنتاب دەستم لە کار هەڵگرت، کەچی لەشکری سانجەقی قائیمقامیەت خرایە ژێر دەستم، دواتر چەند مانگ پێش ئێستا بە فەرمانی پاشا لە قەزای هەولێر وەکو بەڕێوەبەر دەست بە کار بووم و چوومە ئەم ناوچەیە، لە قەزای ناوبراویش مووچەکەم ٣٠٠٠ قوروش بووە، پێشەکی زۆر ماندووم و زۆریش مەمنونم، زۆریش چالاکم، ئەگەر بێتو مووچەکەم زیاد بکرێت، زیاتر مەمنون دەبم، بۆ ئەم مەبەستە بوێریم کردووە ئەم داواکاریەم پێشکەش بە سەدارەتپەناهی کردووە، لە ئەنجوومەنی قەزای ناوبراویش یەك پارچە داواکاری لەگەڵ یەك پارچە سکاڵانامە لەلایەن خەڵك و زانا و شێخەکانەوە دراوەتە شێخ عەبدولفەتاح ئەفەندی، ئەویش بە زار بارودۆخی منی روون کردۆتەوە، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.
بەڕێوەبەری قەزای هەولێر عەبد سەید خەلیل لە پلەی ئستەبڵی عامیرە












- بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
داواکاری بەندەتانە
بە میهرەبانی خودا و سەروو، لە قەزای هەولێر سەر بە ئەیالەتی شارەزوور، لە پلەی بەڕێوەبەرایەتیم و لە کاتی ئەرکەکەم بە باشی خزمەتم کردووە، لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەن و دانیشتووانەوە سوپاس و پێزانینیان دەربریوە، لە ئەنجوومەنی قەزای ناوبراو یەك پارچە سکاڵانامە لەگەڵ پارچەیەك داواکاری زانا و شێخەکان پێشکەش کراوە، ئەوانەی سەروو فەرموویانە، ناوبراو پارێزگاری ئیسکودار و ئەرکی قائیمقامیەتی پێ سپێردراوە، بەڵام دوای جیابوونەوەم لە قائیمقامیەتی عەنتاب لەشکری سانجەقی قائیمقامیەت لە ژێر دەسەڵاتی من مایەوە، دوای وەرگرتنی بەڵێننامە، چەند مانگ پێش ئێستا بە فەرمانی پاشا وەکو بەڕێوەبەری ئەم ئەرکەم پێ سپێردرا، لەم کارەشم بۆ ڕۆژێکیش کەموکوریم نەبووە، زۆر مەمنون و سوپاسگوزار بووم، مووچەی مانگانەم ٣٠٠٠ قوروشە و زۆر مەمنونم، لەبەر ئەوەی بەڵێنم بە سەروو داوە، زیاتر لە پێویست بەندایەتیم دووپات دەکەمەوە، لەم کاتەش شێخ عەبدولفەتاح ئەفەندی بۆ دەرسەعادەت ڕۆیشتووە، بارودۆخی بەندەتان بە سەدارەتپەناهی رادەگەیەنێت، بڕیار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٢٧٨.
بەڕێوەبەری قەزای هەولێر عەبد سەید خەلیل لە پلەی ئستەبڵی عامیرە



<table dir="rtl">
<tr><td>MVL</td><td>00652.00025</td><td>28 موحەرڕەم 1280 (١٥ تەمموز ١٨٦٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">شوێن کەوتەی ئێرانە و لە دووری سێ کاتژمێر لە ئاماسیا بە کوژراوی مردووە، بکوژی عەباس بە ناوی سلێمان لە شوێنکەوتووانی ناوهاتووە، هەروەها لە قەزای هەولێر وەیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، بە داواکاری هاوپێچ لەگەڵ لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و راپۆرتی سەروو، بکوژی ناوبراو خەریکە رادەستی باڵیۆزخانە بکرێت، لەوێشەوە بنێردرێتە دەرسەعادەت، هەروەها لە مێژووی ٤ موحەرڕەم ١٢٨٠ و ١٠ حوزەیران ١٢٧٩ بە ئاگاداری فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ فەرمانی ئازاد کردنی وەیسی دراوە، بە فەرماننامەی سەدری ئەعزەم جەنابی سەدارەتپەناهی ئاگاداری بارودۆخی ئێمەیە و وەیسی ئازاد کراوە، ئەمجارە سلێمان لەلایەن پۆلیسی ئاماسیا رادەستی مەحموود کراوە، کە پۆلیسی پاراستنە، لە ژێر پاراستنی پۆلیس بەند کراوە، ئەمەش بە نووسراو باسکراوە، ئەم داواکارییەی پێشکەشمان کرد جێبەجێ کراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٨ موحەرڕەم ١٢٨٠ و ٢ تەمموز ١٢٧٩.</td></tr>
</table>





<table>
<tr><td>MVL</td><td>00771.00028</td><td>2 زیلحیجه 1280 (٩ مایس ١٨٦٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ والی ئەیالەتی کەرکووک
دانیشتووی کەرکووک و نەفەری پۆلیسی پاراستن، لە دەورووبەر گوندی خور خور سەر بە قەزای هەولێر، بە کوژراوی مردووە، بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوندی ناوهاتوو بیسەلمێنن، کە بکوژی ناوبراو نین، خەڵکی گوند سوێندی شەرعیان خواردووە، لەگەڵ میراتگری کوژراو ئاشت بوونەتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ قەرز بدەن، نووسراو لە ١٥ شەوال ١٢٨٠ و ١١ مارت ١٢٨٠ ژمارە ٨٢ لەگەڵ داواکاری و لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و نووسراوی شەرعی ئەنجوومەنی والا، بۆ لایەنی داد نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی شەرع لە فەتواخانە پرسیار کراوە، بە تایبەتی ناوبراو بە پێی شەرعی شەریف و بە تێروانین لە دوا راگەیەندراوی شەرعی، کۆتایی پێ بێت، لەگەڵ راگەیەندراوی ناوبراو، دووبارە بوونەوەی لە فەتواخانە، فەرمانی سەروو جێبەجێ بکرێت.
٢ زیلحیجە ١٢٨٠</td></tr>
</table>



<table>
<tr><th>MVL</th><th>00773.00063</th><th>9 جەمادی یەکەمی 1281 (١٠ تشرینی یەکەم ١٨٦٤)</th></tr>
<tr><td colspan="3">
بریارنامە   ئەمین
٤٦٠
لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور، دانیشتووی گەرەکی سەرای کوژراوە، دایکی عەلی هەروەها براکەی موستەفا وەکو میراتگری بە وەکالەت، لە بارەی دادگاییکردنی سەربازی پیادە عەباس نووسراو لەلایەن والی بەغداد هاتووە، لە ١٨ رەبیعی یەکەم ١٢٨١ و ٩ ئۆغستۆس ١٢٨٠ پێشکەشی ئەنجوومەنی والا کراوە، لە فەرمانگەی دادگاییەکان خوێندراوەتەوە، لەگەڵ داواکارییەکانی ئەنجوومەنی لیوای ناوبراو هاوپێچ راگەیاندراوی شەرعی و لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و داواکاری ئەنجوومەنی قەزای ناوهاتوو روون کراوەتەوە و جێگیر کراوە، لە قەزای ناوهاتوو عەباس لە کاتی پاسەوانیەتی شلەژاو بووە و لەوێ چاوەڕێی کردووە، دەمانجەش لەلای بووە، لە ئەنجام بە قەزاوقەدەر تەقەی کردووە، فیشەکەکە لە لایەنی پشتەوە بە عەلی کەوتووە، ئەویش مردووە، دواتر میراتگرانی لە بارەی قەرزی خوێنی ناوبراو، داواکاریان پێشکەش کردووە و بە ویستی خۆیان لە عەباس خۆش بوونە. لەم حاڵەتە لەلایەن فەتواخانە راگەیاندراوی ناوهاتوو نووسراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە، بە یاسای سزای ١٨٠، ماددەی ٢، ئەگەر کەسێك یەکێك بە هەڵە بکوژێت، یاخود بە بێ مەبەست کەسێك خۆی بکوژێت، بە پێی یاسای شەرع ئەگەر کوشتنەکە بە بێ وورییایی بێت، لە ٦ مانگ تا ٢ ساڵ زیندانی دەکرێت، ئەمەش بەهۆی بێ ئاگایی و وورییایی بکوژ، سزای ناوبراو و مێژووی زیندانی یەك ساڵ دەبێت، ئەمەش لەلایەن والی ناوبراو بە فەرماننامەی پاشا راگەیاندراوە.

داواکاری لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی شارەزوور دەرچووە، دانیشتووی گەرەکی سەرای عەلی بە کوژراوە، بکوژی عەلی یەکێکە لە تاکی سەربازی پیادە بە ناوی عەباس.
٩ جەمادی یەکەم ١٢٨١
</td></tr>
</table>





I.MVL	00545.24496	23 سەفەر 1282 (١٨ تەمموز ١٨٦٥)


- بۆ جەنابی موشیر
ژمارە ٤٤
لە ساڵی ١٢٨٢ مانگی موحەررەمی حەرام رۆژی ٦، عەبدولقادر دانیشتووانی شارۆچکەی هەولێر، بە ناهەقی لە عەبدوڵڵای داوە و بە کاریگەری برینەکەی مردووە، هەروەها چۆنیەتی مردنەکەشی لەلایەن عەبدولقادر باسکراوە و دانی پێدانـاوە، لەم داواکاریەی کە هاتووە، دوای لێکۆڵینەوە، هاوپێچ لەگەڵ راگەیەندراوی لێکۆڵینەوەکە پێشکەش کراوە، بە ماددەی کوشتن بابەتەکە جێگیر کراوە و میراتگری کوژراو بە پروپاگەندەی قەساس (قصاص) ئامادە بووە، بکوژی ناوبراو لە مێژووی ٢٣ موحەررەم ١٢٨٢ دەستگیر کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەشی لەسەر رای سەروو وەستاوە، لە هەر حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ سەفەر ١٢٨٢ و ٥ تەمموز ١٢٨١.


- بۆ پلەی سەدری ئەعزەم
ژمارە ٤١
راگەیەندراوی بەندەتانە
عەبدوڵڵا دانیشتووی شارۆچکەی هەولێر سەر بە قائیمقامیەتی شارەزوور لەلایەن عەبدولقادر کوژراوە، لە ئەنجوومەنی قائیمقامیەتی ناوهاتوو داواکاری هاتووە، لێکۆڵینەوەنامە (استنطاقنامە) و راگەیەندراوی شەرعی دراوەتە جەنابی سەروو لە وەکالەتپەناهی، لە بارەی بکوژی ناوبراو ئەوا فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بۆیە جێبەجێ کردنی کارەکە لەسەر فەرمان و راگەیەندراوی سەروو وەستاوە، لە هەر حاڵەتێکیشدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٤ جەمادی یەکەم ١٢٨٢ و ٢٢ ئەیلوول ١٢٨١.

MVL	00780.00006	20 سەفەر 1283 (٤ تەمموز ١٨٦٦)


نووسراوی پەراوێزی سەدری ئەعزەم بۆ رسوماتی ئەمانەتی جەلیلە
دوای ئـەوەی زانیـاری لـە بـارەی پـارە و زیادکـراو حەواڵـە کـراوە، لـە ئەنجوومەنـی واڵا خوێندنــەوە و بەدواداچوونـی بـۆ کـراوە، پوختـەی کورتکـراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مەمالیکـی ئیرانییـە، بـۆ سـەردانی نەکردنـی گومرگـەکان و تۆمـار نەکردنـی رسـومی گومـرگ لـە زانیاریـەکان تۆمـار کـراون و لـە لایەنەکـەی تـر بـۆ ئێـران نێـردراوە، روون کردنـەوەی رسـوماتی گومرگـی کەلوپـەل و شـتومەکەکان، دەسـت نیشـان کـراوە، تـا ئامـادەکاری بـۆ بکرێـت، بـۆ ئـەوەی رووداوی نەخـوازراوی گومرگـی روونـەدات، ئـەم مامەڵەیـە ئەگـەری هەیـە جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی شـوێنەکان بـە مەمالیکـی ئیرانـی نەبەسـترێتەوە، رووداوی قـەرە گومـرگ وەکـو ئـەوە وایـە پروپاگەنـدەی دروسـت کـراو بێـت، بـەم جۆرەلـە بـارەی بازرگانـی ناوەخـۆ و وەسـتاندنی هـاوردەی بـەسرا، رێنماییەکانـی جەنابـی والـی ناوبـراو زۆر بـووە، لەمانـە ئەوانـەی ئەرکـی گومرکیـان پـێ دەسـپێردرێت ناوچەکانیـان لـە نزیـك سـنوور نەبێـت و بەبـێ روسـومات هەنـاردە و هـاوەردە بکـرێ، کەلوپەلەکانیـش لـەم قەڵەمـە جێبەجـێ دەکرێـن، ئەمـەش لەلایـەن بنکەیەکـی روسـومی گومـرگ جێبەجـێ بکرێـت، لـە کاتـی هـاوەردە کردنـی کەلوپەلـی بـازرگان، رووبـەری ئێـرە فـراوان نییـە، لەمـەش بـە شـایەدی فەرمانبـەران ئەگـەر ئـەم کاتـەی لـە کاردا خراپـەکاری دەرکەوێـت، بـۆ ئاشـکرا بوونـی یـەك تاقـم راپـۆرت دەدرێـت، هەروەهـا بـۆ ئاسـانکاری مامەڵـەکان، ئەگـەر لـە هیممـەت درێغـی بکرێـت و هـاوکاری نەبێـت، لـە کاتـی زیادبوونـی کەلوپـەل و داخسـتنی رێـگا و لەناوچـوون و زیـان ئامـادەکاری و کارکـردن هەبێـت و هەمـوو هاوکاریـەك پێشـکەش دەکرێـت، ئـەوەی لـە گومـرگ خوێندراوەتـەوە و بەدواداچوونـی بـۆ کـراوە، تـا شـاراوە نەبێـت کارەکـە لەلایـەن فەرمانبەرانـی تـۆز و بـا بەرێوەدەبردرێـت، ئەگەرچـی لـە رووی خەرجیـەوەش سـوودی هەبـووە تەنیـا لـە رووی پـارەوە تێروانینـی بـۆ نەکـراوە، بۆیـە شـوێن و بەرژەوەنـدی لـە پێـش هەمـوو شـتێك حیسـابی بـۆ بکرێـت، لـە رێگایـەك بـرۆن زیـان و بـێ بەشـی تێـدا نەبێـت، دەوڵەت لـە گرنگتریـن کاروبـاردا خـۆی دەبینێتـەوە، ئـەم ئامادەکاریانـەی جێبەجـێ دەکرێت پێویسـتە لـەم فەرمانگە و بنکەیـە جێبەجـێ بکرێـت، بـە تێروانیـن لـە ئـاگاداری دەوڵـەت بـۆ جێبەجـێ کردنی ئـەوە هەمـوو داهاتەکان دەسـتەبەر دەکرێـت، جگـە لەمـەش لەگەڵ ئـەم ئامادەکاری و بەکارهێنراوانـەی کە فەرمانبـەرەکان جێبەجێی دەکـەن، لەگـەڵ خەرجیـەکان یەکسـان دەبـن، ئەگـەر وادابنێیـن هاتـووەکان بـە تەواوەتـی یەکسـانیش نەبن، ئـەوا مانـەوەی لـە شـوێن خـۆی زیانـی دەبێـت، لـەم حاڵەتـەدا لـە رێـگای چاکسـازی گومـرگ، خەرجـی زیـادە لەگـەڵ روونکردنـەوەی رابگەیەندرێـت، ئـەم شـوێنانەی لـە سـنووری ئێـران نزیکـن گونجاو و پێویسـتە ئـەم کەلوپەلانـەی دەبردرێـن هاتنـە ژوورەوە و ناردنـە دەرەوەی هەبێـت و لـە شـوێن خۆیـان رێکخسـتنی خەرجـی داهاتـەکان بکرێـت، پێویسـتە سـەر لـە نـوێ گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت و لـە پەراوێـز دەنوسرێتەوە.

لـە ئێـران بـۆ بەغـداد و لـە بەغدادیـش بـۆ ئێـران بـە بـێ روسـوماتی گومـرگ، کاری گواسـتنەوە، دراوەتـە فەرمانبەرانـی تـۆز و بـا.






ŞD	2852.00088	24 جەمادی یەکەم 1285 (١٢ ئەیلوول ١٨٦٨)
راگەیەندراوی بەندەتانە ئـەم ماوەیـەی کـە لـە کارگێـری قـەزای هەولێـر کارم کـردووە، بـۆ یـەك رۆژیـش لـە رووی داراییـەوە تووشـی دەسـتکورتی نەهاتـووم، هـەروەك دیـارە بەهـۆی باشـی خزمەتـم بۆتـە خۆشـگوزەرانی خەڵـك، بۆیـە لـە داواکارییەکـەم داوای یارمەتـی دەکـەم و شـایەنی ئـەوەم پایـەداران یارمەتیـم بـدەن، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٢٤ جەمـادی یەکـەم ١٢٨٥. ریکابی شاهانەی قەپوچی باشی مەحمود بەگ بەرێوەبەری پێشووی قەزا		



C.ML	147.6238	21 شەعبان 1291 (٣ تشرینی یەکەم ١٨٧٤)

راگەیەندراوی بەندەتانە
هەر ئێستا ئەم نووسراوەی لەلایەن جەنابی حەسەن پاشا والی موسڵ و شارەزوور هاتووە لە پوختەکەی دەرکەوتووە سانجەقی هەولێر کە سەر بە کەرکووکە، لە مێژووی ١٥٦ دراوەتە هۆجە مستەفا پاشا موتەسەرفی پێشووی کۆی سانجەق، دوای مردنیشی دادوەرەکانی کوردستان ئەم پێشنیارانەی، کە کردوویانە لە جێگیرکردن و کارپێکردن و پێشبینی و هەڵگرتن، ئەوا دانیشتووان خۆراگریان نەماوە و بۆتە هۆی پەرێشان بوون و پەرشوبڵاوبوونیان، لەم کاتەشدا پێویستە دادوەرێکی دادپەروەر لەم ناوچەیە دابمەزرێت، ساڵانە بە پێشبینی ٤٠٠ قوروش لە لیوای ناوهاتوو لە میری میران جێبەجێ بکرێت، ئەم نووسراوانەی سلێمان بەگ کوری ناوبراو پێشکەشی مالیکانەی کردووە، لەگەڵ دەرهێنانی تۆمار و راپۆرتی بەندەم، لە کاتی راگەیاندن فەرمانی سەروو رۆیشتووە، لە هەژماری ساڵی ١١٩١ سانجەقی هەولێر، ساڵانە ٧٥٠٠ قوروش پێشبینی کراوە، دواتریش ٢٥٠٠٠ قوروش موعەججەلە (معجلە) بە مەرجی رادەست کردنی بە خەزینەی عامیرە، بە مولکی مالیکانە تۆمار کراوە و بەرائەت دراوەتە میری ناوبراو، لەم حاڵەتەدا ئەم نووسراوانەی لەلایەن ناوبراو هاتووە، باسکراوە، لە سانجەقی هەولێر ئاوی رووبار و رۆیشتوویان نییە، خەڵکەکەی بە ئاوی بیر ژیان دەگوزەرێنن، هەروەها بەروبوومە نزیکەکان بە شێوەیەکی نیمچە و سەرچاوەی ئاو لە کارگێری مەنزیلی گوندی عەنکاوە دابین دەکرێت، زۆربەی ئاوەکە بۆ تائیفەی کورد دەچێت، دانیشتوانەکەی زیانی پێ گەیشتووە، لە لیوای ناوبراو ساڵانە ٥٠٠ قوروش پارە و ١٥٠٠ قوروش لەگەڵ موعەججەلە (معجلە) بەرائەت دراوەتە میری ناوبراو، ئەگەر یارمەتی نەبوو، لە حاڵەتی یەکەم بمێنێتەوە، دەبێ بە پێی پێویست سەرچاوەی ئاو دروست بکرێت، نووسراو کراوە و کۆتایی پێ هاتووە، لەگەڵ راپۆرتی بەندەم لە کاتی راگەیاندن بە تایبەتی لەلایەن ناوبراو نووسراو بنێردرێت، بۆ جێبەجێ کردنیشی هەرچی زووە فەرمانی عالی بنێردرێت و ئەوەی رۆیشتووە لە فەرمانی سەروو بە گوێرەی نووسراوی وەزیری ناوبراو بەرائەتی مالیکانەی پێ داوە، بەرائەتەکە بپارێزرێت و دوای حەواڵە کردنی ١٥٠٠ قوروش ئاقچەی موعەججەلە (معجلە)، بە پێشبینی ٥٠٠ قوروش پارە لەگەڵ تۆماری راستکراوە، میری ناوبراو بەرائەتی مالیکانەی پێ دەدرێت، فەرمان لەلایەن جەنابی سوڵتانە، ٢١ شەعبان ١٢٩١.




Y.PRK.MYD	00001.88	11 ڕەبیعی کۆتایی 1298 (١٣ مارت ١٨٨١)


- لە کەرکووك میری لیوا ئەحمەد راتب پاشا تەلەگرافنامەی بۆ جەنابی شاهنشا ناردووە.

بە گوێرەی فەرمانی حکوومەتی جەنابی ملوکانە، شێخ زادە عەبدولقادر، هەولێری بە جێ هێشتووە و بۆ کەرکووك جولەی کردووە، ئەم زانیاریەشم بە بەندەمان راگەیاند بوو، کە بە گەیشتنی بۆ کەرکووك، لە قشلەی هومایۆن، سێ تابور سەربازی شاهنشای کۆکردۆتەوە، سەلام و سەلامەتی ملوکانەی بە هەموویان راگەیاندووە، هەروەها هەر هەموو ڕێنماییەکانی حکوومداری پێ راگەیاندوون، پاشام زۆر لە نزاکانی قەبوڵ دەبێت، رایانگەیاند هەتاهەتایە لە خزمەتی شاهانە کار دەکەن و گیانی خۆیان فیدا دەکەن، عەبدولقادر بەیانی لە ڕێگەی هەولێر دەچێتە موسڵ، لەوێ چاوەڕێی بریار و فەرمانی هومایۆنی جەنابی خەلافەتپەناهی دەکات، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ پاشای خاوەن هەیبەت و پیرۆزمانە.
لە ١ مارت ١٢٩٧
جەنابی پایەبەرز میری لیوا ئەحمەد راتب

- تەلەگرافنامەکەی تر
دوای ئەوەی دڵسۆزی خۆی راگەیاندووە، لە هەر خزمەتێك کە پێی بسپێردرێت بە دڵسۆزییەوە بۆ جەنابی حوکمدار جێبەجێی دەکات، لە ٢٥ شوبات ١٢٩٦ تەلەگرافنامەی هاتووم وەرگرت، بەڵام چاوەڕێ دەکەم و پێویستم پێیەتی، هەر خزمەتێك بە من بسپێردرێت جێبەجێی دەکەم، لە هەر شوێنێك دابمەزرێم گیانم فیدا دەکەم و بە پێی توانا خزمەت دەکەم، بە داوای لێبووردن دەرمخستووە، لە هەر حاڵەتێك بریار و فەرمان بۆ پاشای خاوەن هەیبەت و زۆر پیرۆزمانە.
لە ١ مارت ١٢٩٧
جەنابی پایەبەرز میری لیوا ئەحمەد راتب




DH.ŞFR	116.0096	21 ڕەجەب 1300 (٢٨ مایس ١٨٨٣)
ئەوانـەی دەسـتیان کـردووە بـە تێکدانـی ئەمنیـەت و دارکاری خەڵـک و تـاڵان کردنـی کاروانـەکان، بـۆ دوورخسـتنەوەی چەتـەکان، لـە ویلایـەت ئامـادەکاری تونـد کـراوە، ئەمانـە لـە گەرەکێك بە ناوی گـون تەپە خۆیـان قایـم کـردووە، هەروەهـا بـە تێپەڕبوونـی کات ئەگـەر کۆمەڵەکەیـان فـراوان تـر بێـت، زیانیـان زیاتر دەبێـت، بـە گوێـرەی ئـەم بیرۆکـە و خـوەی هەیانـە، هێزێکـی سـەربازی ڕێکوپێك و پۆلیسـی پاراسـتن چۆتە سـەریان، داوایـان لێکـراوە خۆیـان رادەسـت بکەنـەوە، کەچـی ڕووبـەڕووی سـەربازی شـاهانە بوونەتـەوە، ٣ پۆلیسـی پاراسـتن برینـدار بـووە و ٣ کاتژمێر شـەڕیان کـردووە، دواتر لەگەڵ هێرشـکردنە سـەریان ١٠ کەس لە چەتـەکان کـوژراون و ١٣شـیان برینـدار بـووە، ئەوانـی تریـش رایـان کـردووە، بۆیـە زۆر بە چری لـە چاودێری دان، دواتـر لـە هەولێـر دۆزراونەتـەوە، بـە سوپاسـەوە زانیاریەکانـم راگەیانـدووە، بۆ دڵنیابوون لە نیشـتەجێ کـردن و حەوانـەوەی گشـتی، بـۆ ناوچـەی چەمچەماڵ دەسـت بە جولە کـراوە، فەرمـان، لە ١٦ مایـس ١٢٩٩. تەحسین والی ویلایەتی موسڵ		



DŞ	2487.028	20 رەبیعی یەکەم 1302 (٧ کانوونی دووەم ١٨٨٥)


نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
قەڵەمی ژمێریاری
ژمارە ١٦١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

بەهۆی ئەم باران و رەشەبایەی ساڵی رابردوو باری، تەلەگرافخانەی هەولێر بە تەواوەتی وێران بووە، لە کاتی نۆژەن نەکردنەوەی، خەرجی تەواوی دابین دەکرێت، هەرچی بنکەی تەلەگراف و پۆستەی سیروز بە ١٧٥ قوروش نۆژەن دەکرێتەوە، هەروەها تەلەگرافخانەی لۆرۆس پەنجەرەکانی زۆر نزمە، گە رووی ئەمنییەوە پارێزراو نییە، بە ٢٧٠ قوروش چاک دەکرێتەوە، بە پێی دەرخستەی حکومەت داواکارییەکان بە هاوپێچەوە نێردراوە، جێبەجێ کردنیشی لەلایەن سەرۆکایەتی بەرێوەبەرایەتیەکانەوە (باش مدیرات) دەبێت، بۆ نۆژەن کردنەوەی لە خەزینەی جەلیلە کاری پێویست کراوە، لە کاتی دواکەوتنی نۆژەنکردنەوەی تەلەگرافخانەکانیش خەرجی نۆژەن کردنەوەکانیان بۆ دوو ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، ئەمەش لە روون کردنەوەکان دەرکەوتووە، ئەوەی باسکراوە خەرجی نۆژەنکردنەوەی تەلەگرافخانەکانی هەولێر و سیروز ١٠٨٧٥ و بۆ کارەکانی پەنجەرەکانی تەلەگرافخانەی لۆرۆس پێویستە ٢٧٠ قوروش خەرج بکرێت، لەلایەن نەزارەتپەناهی رەزامەندی دراوە و بە بریاری ژمێریاری باسکراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن، لە ٢٠ رەبیعی یەکەم ١٣٠٢ و ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٠.


BAŞBAKANLIK
OSMANLI ARŞİVİ

8 جەمادی یەکەم 1304 (٢ شوبات ١٨٨٧)	0314.00034	ŞD


ئەمانەتی باج
لەگەڵ کارگێری گشتی نووسینی باج
سانجەقی شارەزوور کە بەستراوەتەوە بە ویلایەتی موسڵ، نووسراوی کۆتایی ناحیەکانی قەزای هەولێر ڕێکخراوە و برەکەی دیاریکراوە و لە ئەنجوومەنی خۆجێیی خشتەی هاتووە، لەسەر ئەم خشتەیە ووردبینی کراوە، لەگەڵ نووسراوی کارگێری گشتی تۆماری باج ڕێکخراوە، ئەم ناحیانەی کە باسکراوە، مولک داهات لەگەڵ باجی پیشەگەرەکان تێدا نیشان دراوە، بە کۆی گشتی بە شوێنگرەوەی سەربازی ٣٠٣ هەزار و ٨٩٧ قوروش و 35 پارە وەکو ڕەسید دیاری کراوە، ئەم برە پارەی ناوهاتوو پێویستە هەڵبوەشێتەوە، باجی کۆن لەگەڵ شوێنگرەوەی سەربازی، بەرامبەر بە ڕسوماتی شوێنگرەوە و باجی دەست بەسەر داگیراو، ٢٨٠ هەزار و ٣٦٥ قوروش و ٢٠ پارە دەکات، بە زیادکردن خەزینە سوودی لە ٢٣ هەزار ٥٣٢ قوروش ١٥ پارە بینیوە و بە فەرمانی سەروو بردنی خەرجی نووسراوە، بۆتە کارێکی پێویست، برەکەشی لە ٦٠٦ هەزار و ٣٧٠ قوروش و ١٠ پارە پێك دێت، بە گوێرەی ڕێکخستنی نوێی بە ئاماژەی خۆجێیی بە دەست پێکردنی ساڵی ١٣٠٢ ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت، لە بەرامبەر خەرجی نووسراویش لەگەڵ باجەکە بەیەکەوە دابەش دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت، بە ڕەزامەندی بابی عالی و پشت بەستن بە فەرمانی سەروو، مامەڵەکە لە خەزینە جێبەجێ دەکرێت، وێنەیەکیشی لە دەفتەر تۆمار کراوە، لەگەڵ پوستە بۆ شوێنی خۆی بنێردرێت، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٠٤ و ١٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٢
ئەمینی باج عەلی رزا کوڕی مومتاز




DH.MKT	01437.00055	18 زیلقەعدە 1304 (٨ ئۆغستۆس ١٨٨٧)


بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە
١٨ زیلقەعدە ١٣٠٤
٢٧ تەمموز ١٣٠٣

لە کارگێری ناوەخۆی رەژێی هەولێر، لە نێوان پیاوانی حکوومەت دژایەتی و ململانێ دەستی پێ کردووە و لەگەڵ قاچاغچیەکانی تووتن دەستیان تێکەڵ کردووە و پارێزگاریان لێ دەکەن، ئەم بابەتە لە قۆمیسیۆنی گشتی بەرێوەبەرایەتی فەرمانگەی رەژی باسکراوە و لە نەزارەتی دارایی نووسراو کراوە و نێردراوە، هاوپێچیش بۆ سەروو نێردراوە، بۆ رێگریکردن لە قاچاغچیەکان، کارگێری رەژی لەگەڵ خەزینەی جەلیلە بە رێککەوتن هاورا بوون، پێویستە لە کارگێری ناوبراویش کاری پێویست بکرێت، ئەگەر ئەم زانیاریانە راست بێت، کارەکان جێبەجێ بکرێن و کاری پێویست بکرێت.



<table>
<tr><td>Y.PRK.MYD</td><td>00007.00065</td><td>7 زیلحیجه 1305 (١٥ ئۆغستۆس ١٨٨٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی ئەم شیفرەیەیە، کە لە موتەسەرفی شارەزوور هاتووە
موسڵ نزیکترین ناوچەی سەربازییە، کە لە عەمادییە نزیکە، ئەدهەم پاشا چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوو بووە موسڵ، کە چوار تابور پیادە و یەك ئاڵای سوارە هەیە و بە چوار ڕۆژ لە موسڵ دەگەیە عەمەدییە، ئەگەر پێویستییان بە هێزی زیاتر بوو، ئەوا لە هەولێر و رواندز دوو تابور سەرباز دەنێردرێت، تەیارەکان (طیار) و کوردەکان ئەگەر هێزی سەربازی ببینن، واز لە ململانێ دەهێنن، بەڵام لەم دەورووبەرە تاقمی کوردەکان و تەیارەکان (طیار) خەریکی گفتوگۆ و ڕێککەوتنن، ئەم هەواڵەمان وەرگرتووە، لە ٤ ئۆغستۆس ١٣٠٤.
کەمال موتەسەرفی شارەزوور</td></tr>
</table>





8 زیلحیجە 1305 (١٦ ئۆغستۆس ١٨٨٨)	00007.00079	Y.PRK.MYD


- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
موسڵ نزیکترین ناوچەی سەربازییە، کە لە عەمادییە نزیکە، ئەدهەم پاشا چەند ڕۆژ پێش ئێستا چوو بووە موسڵ، کە چوار تابور پیادە و یەك ئالای سوارە هەیە و بە چوار ڕۆژ لە موسڵ دەگەیە عەمەدییە، ئەگەر پێویستییان بە هێزی زیاتر بوو، ئەوا لە هەولێر و ڕواندز دوو تابور سەرباز دەنێردرێت، تەیارەکان (طیار) و کوردەکان ئەگەر هێزی سەربازی ببینن، واز لە ململانێ دەهێنن، بەڵام لەم دەورووبەرە تاقمی کوردەکان و تەیارەکان (طیار) خەریکی گفتوگۆ و ڕێککەوتنن، ئەم هەواڵەمان وەرگرتووە، لە ٤ ئۆغستۆس ١٣٠٤.
کەمال موتەسەرفی شارەزوور

- بۆ موتەسەرفی شارەزوور
لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٠٤ نووسراوەتەوە
بۆ ڕێگریکردن لەم ناکۆکیەی، کە لە نێوان قەزاکانی دهۆك و عەمادییە سەری هەڵداوە، پێویستە لە موسڵ دوو تابور پیادە لەگەڵ دوو سەد سوارە بنێردرێت، ئەگەر سەربازی زیاتری ویست، ئەوا ئەدهەم پاشا هەر لە کوێ تابور هەبوو ڕەوانی دەکات، جگە لەمەش بە چەند ڕۆژێك بلۆکی سوارە دەگوازرێتەوە عەمادییە، بە پرس کردن لەگەڵ قوماندانی کەرکووك عەلی پاشا بە پەلە ئاگادار بکرێنەوە.

DH	01071.084046	23 جەمادی کوتایی 1305 (٧ مارت ١٨٨٨)

- پلەی سەر عەسکەر
قەڵەمی نووسین
٤٨٣
راگەیەندراوی بەندەمانە
لە ژێر سەرۆکایەتی جەنابی ئیسماعیل حەقی پاشا دیوانی جەنگی دامەزراوە و رێکخراوە، لەلایەن ناوبراوەوە ئەم راگەیەندراوەی لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم لە مێژووی ١١ موحەررەم ١٣٠٥ ژمارە ٣٤١ نێردراوە، لێرەش حەواڵەی کارگێری عورفی دیوانی جەنگی کراوە، لە ١٠ پارچە نووسراو کە ناویان هاتووە، نووسراوی ژمارە ١٢٥ لەگەڵ هاوپێچی باڵا لە داواکاری لێکۆڵینەوە هاتووە، پاشا بەیراقدار سلێمان ئاغا لە هەولێر، بەرامبەر تاکی بلۆکی یەکەمی تابوری یەکەم سەر بە ئالای ٤٨، بە ناوی مەلا عەلی زادە کەریم هەولێری چەکی هەڵگرتووە، کاغەزی لێکۆڵینەوە، لە هەولێر هاتووە و دەرکەوتووە، بە گوێرەی ماددەی ١١٣ی سزای یاسانامە، سلێمان ئاغا دوو ساڵ زیندانی دەکرێت، ئەگەرچی بریاری لەسەر دراوە، بەڵام بە گوێرەی بابەتی باسکراو و نیزامی سەربازی، لەلایەن حکوومەتەوە بە هیچ شێوەیەك پۆلیس و ئەم فەرمانبەرانەی کە بوونیان هەیە، لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان، نا بەرپرسانە کەموکوری روو بدات و بوێری بکەن رەفتاری ریسواکردن و زمان درێژی و ترساندن بەکار بهێنێن، ئەوا چەکیان بەرامبەر بەکاربهێنرێت، سزاکەیان دیاری کراو دەبێت، هەرچی سلێمان ئاغایە کە چەکی هەڵگرتووە، ئەوا لەم کاتە کەریم لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی یاخود ئەویش لە کاتی جێبەجێ کردنی حوکمەکەی نەبووە ، بەڵکو چۆتە خانەکەی و ئەویش بۆ ترساندنی ناوبراو خەنچەری بۆ هاوێشتووە، لە کاتی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەی ناوبراو دەرکەوتووە، لە یاسانامەی ناوهاتوو ماددەی ١٨٠ ئەگەر کەسێك تەنیا بۆ ترساندن چەك لە بەرامبەر کەسێك هەڵبگرێت، ئەوا لە یەك هەفتە تا شەش مانگ زیندانی دەکرێت، رەفتاری ناوبراویش بە پشت بە ستن بە حوکمەکەی، سزادانی لە مێژووی ناوبراو جێبەجێ دەکرێت، هەروەها لەگەڵ ماددەی زیادکراو، کە باسکراوە، شەش مانگ زیندانی دەکرێت، بریاریشی لەسەر دراوە، بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکە، لە کارگێری عورفیەی دیوانی جەنگی ووتەکان نووسراوەتەوە و داواکاری ناوهاتوو پێشکەش کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٩ جەمادی یەکەم ١٣٠٥ و ٣٠ کانوونی دووەم ١٣٠٣.
سەر عەسکەر

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی تۆمار
١٤٧٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
سلیمان ئاغا خەڵکی هەولێرە، چەکی لە بەرامبەر تاکی سەربازی شاهانە بە ناوی کەریم هەڵگرتووە، لە دیوانی جەنگی مێژووی دەست بەسەرکردنی ناوبراو راگەیەندراوە و بە بریار شەش مانگ زیندانی دەکرێت، بۆ جێبەجێ کردنی نووسراو بۆ والای سەر عەسکەر نێردراوە، لە سەروو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و ئاماژە بە جێبەجێ کردنی دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراو بەرز کراوەتەوە، لە ٤ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥ و ٤ شوبات ١٣٠٣.
سەدری ئەعزەم



I.DH 1071/84046


2


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆن
بۆ جەنابی دەوڵەت

لە کەرکووك بە سەرۆکایەتی جەنابی ئیسماعیل حەقی پاشا، بۆ فەرمانبەران دیوانی جەنگی رێکخراوە و نێردراوە، بە نووسراو بۆ لایەنی سەر عەسکەر نێردراوە، نووسراوی ژمارە ١٢٥ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری هاووڵاتی هەولێر پاشا بەیراقدار زادە سلێمان ئاغا، کە چەکی لە مەلا عەلی زادە کەریم تاکی سەربازی شاهانەی هەولێر هەڵگرتووە، بە پشت بەستن بە ماددەی ١١٣ی سزای یاسانامەی هومایۆن، سلێمان ئاغا دوو ساڵ زیندانی دەکرێت، ئەگەرچی ئەم بریارە دراوە، بەڵام بە پێی بابەتی باسکراو، رەفتاری ناوبراو لەگەڵ حوکمەکەی یەکسان نییە، بە گوێرەی ماددەی ١٨٠ زیادکراوی یاسانامەی ناوهاتوو، دەبێ لە مێژووی دەست بەسەرداگرتنی بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی بکرێت، لە کارگێری عورفیەی دیوانی جەنگی بریاری لەسەر دراوە و بۆ جێبەجێ کردنی داواکاری ناوهاتوو، ووتەی دیوانی جەنگی ناوهاتوو نێردراوە، نووسراوی سەر عەسکەری هاوپێچ بە گفتوگۆی نەزارتی ناوەخۆی جەلیلە، کە لە نووسراوی پوخت پێك هاتووە پێشکەش کراوە، بریار و فەرمانی جەنابی هومایۆنی پاشا بفەرموێت، جێبەجێ دەکرێت، لە ٢٣ جەمادی کۆتایی ١٣٠٥ و ٢٣ شوبات ١٣٠٣.


سەدری ئەعزەم


I.DH 1071/84046 3


I.DH 1071/84046 4



DH.MKT	01460.00020	16 سەفەر 1305 (٣ تشرینی دووەم ١٨٨٧)
بۆ ویلایەتی موسڵ ١٦ سەفەر ١٣٠٥ ٢١ تشرینی یەکەم ١٣٠٣ لە ناو سانجەقی شارەزوور، لە مێژووی ٥ تشرینی دووەم ١٢٩٧ مستەفا ئەفەندی قائیمقامی زاخۆ دەست بەکار بوو، لە ویلایەتیش بە نووسراو ئاگادار کراوەتەوە، ناوبراو لەگەڵ ئەوانەی ئەرکەکانیان دەستی پێکردووە، قائیمقامەکانی هەولێر و رانیە و عەقرە و سەنجار مێژووی دەست بەکار بوونیان نیشان نەکراوە، لە بارەی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ئاگاداری بۆ والا نێردراوە، لە نەزارەتی ژمێریاریش وتووێژی لە سەر کراوە، فەرمانی دەستبەکاربوونی پێ دراوە.		




DH.MKT	01466.00101	14 رەبیعی یەکەم 1305 (٣٠ تشرینی دووەم ١٨٨٧)


بۆ نەزارەتی دارایی
١٤ رەبیعی یەکەم ١٣٠٥
١٧ تشرینی دووەم ١٣٠٣
لە هەولێر فەرمانبەرانی کارگێری رەژی، دوژمنایەتی خۆیان بۆ حکوومەت دەرخستووە و بوونەتە خاوەنی قاچاغچییەکان و پارێزگاریان لێ دەکەن، بە پێی نووسراوی قۆمیسیۆن کە بۆ نەزارەت نێردراوە، دەرکەوتووە ئەم روایەتەی کە لە سەرەوە باسکراوە، هیچ راستییەکی تێدا نییە، هەروەها بە پێی ئەم وەڵامەی لە بارەی رەفتاری خراپی فەرمانبەرانی رەژی، وەرگیراوە، لە ویلایەتی موسڵ نووسراو نێردراوە، پێویستە جێبەجێ بکرێت و دەست بەکار بن.


DH.MKT	1477.00098	3 جەمادی یەکەم 1305 (١٧ کانوونی دووەم ١٨٨٨)

بۆ ویلایەتی موسڵ
٣ جەمادی یەکەم ١٣٠٥
٤ کانوونی دووەم ١٣٠٣
لە سانجەقی شارەزوور، دیوانی جەنگی رێکخراوە و دامەزراوە و ئەوەی تایبەتە بە پیشەی فەرمانبەرێتی کەرکووك، لەلایەن جەنابی ئیسماعیل حەقی پاشا بە نووسراو نێرداوە و پێشکەشی سەر عەسکەر کراوە، لە سەر ١٩ پارچە داواکاری، ئەوەی لە دیوانی عورفی جەنگی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، هەشتیان جیا کراوەتەوە، تا بە شێوەیەکی تر جێبەجێ بکرێن، لە یانزە پارچەکەی تر بە نووسراوی ژمارە ٥٣ و هاوپێچی داواکاری بەرێوەبەرایەتی رۆژئاوای سەرچنار سەر بە سلێمانی هاتووە، گوندنشین عەزیز حەیدەر لە ژێر پاراستنی چەتەکانی هەمەوەندە، تفەنگی میری تاڵان کردووە، لە رێگا هەر کاروانێکی بینیوە، هەواڵی داوەتە هەمەوەندەکان و ئەوانیش دەستدرێژیان کردۆتە سەریان و تاڵانیان کردوون، ماددەی ٦٢ ی یاسانامەی هومایۆن، پشت بەستن بە دەستەواژەی یەکەم، لە مێژووی ٩ مایس ١٣٠٣، عەزیز حەیدەر لەگەڵ چەتەکانی هەمەوەند بە ناوی رزایی و مەحمود سەر مەرەکانیان شاردۆتەوە، جێگای حەوانەوەی بۆ چەتەکان دابین کردووە، لەگەڵ خضر کوزرەیی بە ماددەی ٦٣ لە پەراوێزی یاسا، لە مێژووی دەستگیرکردنیان هەر یەکە بە ٥ ساڵ زیندانی کراون، بە نووسراوی ژمارە ٥٤ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری نێردراوە، ئاژەڵەکانی عەبدوڵڵا، ئەحمەد بەگی برادەری و فەرەج بەگ دانیشتووی گوندەکانی بولاق و سیفولدرەی سەر بە ناحیەی سەرچنار، لەلایەن شێخ قادر و قاترچی عەلی موراد وەیسی تاڵان کراوە و بردراوە، لە دەورووبەری شەهربازار و سلێمانی رووداوی دزی کردنەکە و ووتەکانیان لەگەڵ لێکۆڵینەوەیان، بە جێبەجێ کردنی ماددەی ٦٢ی پەراوێزی نیزامیە لە دەستەواژەی یەکەم، هەر یەکە بە ماوەی ٥ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان زیندانی دەکرێن، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٥ و داواکاری گوندی عەلی بەیان سەر بە ناحیەی شوان، دەروێشی گوندی ناوبراو لە موختار داودی داوە و برینداری کردووە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، کورەکانی دەروێشی ناوبراو بە ناوی قادر و عەلی یارمەتی باوکیان داوە، بە پێی یاسانامەی دیاریکراو ماددەی ١٧٩ پشت بەستن بە دەستەواژەی یەکەم، دەروێش و قادری کوری، هەر یەکە بە ٦ ساڵ زیندانی و عەلیش بە ٥ مانگ زیندانی لەگەڵ خەرجی تیماری برینی ناوبراو دراوە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٦ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری قادر تاکی سەربازی پاراستن، کە لەلایەن مەولود وەلەدی ئیبراهیم ئەسپەکەی دزراوە، ناوبراو ئەسپەکەی لە دەستی بینراوە و روون بۆتەوە، پشت بەستن بە ماددەی ٢٢٤ بە ٣ مانگ زیندانی دەکرێت، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٧ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری، لە گوندی گردعازبان سەر بە قەزای هەولێر، گوندنشین عەبدوڵڵا کوری ئاسیە، کەسێکی دانیشتووی گوندی ناوبراو بە ناوی خضر کوری سەمەد عوسمانی کووشتووە، عەبدوڵڵا کوشتنەکەی لە سەر ساغ بۆتەوە و دانی پێداناوە، بە گوێرەی یاسانامەی دیاریکراو و پشت بەستن بە ماددەی ١٨٠، لە ١١ مایسی هەمان ساڵ، بە سزای سەوڵ لێدان ٣ ساڵ زیندانی دەکرێت، تێچوو و خەرجی چاك بوونەوەی برینی ناوبراویش دەکەوێتە ئەستۆی سزا دراو، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٨ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری کەسێك بە ناوی عسفور وەلەدی حەسەن لە رەمەزانی شەریفە سەرخۆش بووە، خەڵکی ریسوا کردووە و جنێوی داوە، لەبەر ئەمە هێنراوەتە بنکەی پۆلیس، جگە لەمە ئەم پۆلیسەی بۆ هێنانی نێردرابوو قسەی نەشیاوی پێ ووتووە و بە بەرد لێی داوە، لە لێکۆڵینەوە روون بۆتەوە و بە گوێرەی ماددەی یاسایی ١١٣ پشت بەستن بە دەستەواژەی دووەم، لە ٢٣ مایسی ئەم ساڵەوە، بۆ ماوەی ٦ مانگ زیندانی دەکرێت، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٩ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری، کەسێکی تریش بە ناوی مەولود ئەحمەد چاوش، پۆلیسێکی کوشتووە و خۆشی هەڵاتووە، بە پێی ماددەی کوشتن لەبەر ئەوەی هەڵاتوو لە هەولێرە، لە کاتی دەستگیرکردنی ٢ کەسی لە پۆلیس بریندار کردووە.



جگە لەمەش خۆشی رابردووی هەیە و لەبەر ئەوەی لە کاتی ئەرکدا بریندار کردووە، بە پێی ماددەی یاسایی ۱۱۵ لە ۱۹ رەجەب ۱۳۰٤ بە ٤ ساڵ زیندانی دەکرێت، خەرجی چاك بوونەوەی برینداره‌کەش دەکەوێتە ئەستۆی تاوانبار، هەروەها نووسراوی ژمارە ٦۰ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری، دانیشتووی قەڵا بە ناوی حوسێن زادە محەمەد عەلی ئەفەندی و ئەحمەد ئەفەندی زادە عینایەت ئەفەندی لەگەڵ کەسێك بە ناوی کۆر یوسف، لە حوسێن بەغدادیان داوە، کە لە کارگێری رەژێی شارەزوور کار دەکات، بە پێی شایەتەکان پەسەند کراوە و ناوبراوان بە گوێرەی ماددەی یاسایی ۱۱٤ لە ۱۸ مایس ۱۳۰۳ هەر یەکە ٦ مانگ زیندانی دەکرێن، بەهۆی بوونی گومانەوە لە سەر ئەحمەد ئەفەندیش نەگەیشتوونەتە ئەنجام و بریار لەسەر بێتاوانی دراوە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٦٥ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری، کەسانێك بە ناوی موختار رەشید لەگەڵ فەتاح و خورشید و ئەمین و رۆستەم و عەلی جانە، بە چەکەوە هێرشیان کردۆتە سەر گوندی سالمی یەك رەوە ئەسپ و هەموو شتێکیان بەتاڵان بردووە و دزیویانە، لەگەڵ بەشێك لە هەواڵ و شایەتەکاندا پەسەند کراوە، لە ناوبراوان فەتاح مردووە، رەشید و خورشید و ئەمین و رۆستەم و عەلی جانە لە مێژووی دەست بەسەرکردنیان بە گوێرەی یاسانامەی سزای مولکیە، پشت بەستن بە ماددەی ۲۵۲، هەر یەکەیان ۳ ساڵ زیندانی دەکرێن، هەروەها ئەوانەی کە دەستیان لەم کارە نەبووە، ئەوا ئازاد کراون، ئەوانەی باسکران، لەگەڵ داواکاریەکانیان بۆ فەرمانگەی دادگا نێردراون، لە داواکاری ژمارە ٥۳، عەزیز حەیدەر لە ٥ ساڵ بە سزای سەول لێدان بۆ ۳ ساڵ کەم بۆتەوە، هەروەها نووسراوی ژمارە ٥٤ هاوپێچ بە داواکارییەکەی عەبدوڵڵا و ئەحمەد بەگی برادەری و فەرج بەگ، هەر یەکە ٤ ساڵ بە سزای سەول لێدان سزا دراون، نووسراوی ژمارە ٥٩ هاوپێچ لەگەڵ داواکاری نیشان دراوە، مەولود ۲ ساڵ زیندانی و لە بارەی کەسەکانی ترەوە سزاکانیان دیاری کراوە و بریار دراوە لە سەر جێبەجێ کردنی. بۆ جێبەجێ کردنی ئەمانەش لە سەر ئاگاداری واڵای سەر عەسکەر بە فەرمانی پاشا لە بابی عالیەوە بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنیش لە سەر فەرمانی پاشا دەست بە کاربوون.





DH.MKT	1481.00105	5 جەمادی یەکەم 1305 (١٩ کانوونی دووەم ١٨٨٨)

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی تۆمار
بەهۆی فراوانبوونی کۆمەڵەی عەشیرەتی هەمەوەند، ئاسایشیان تێك داوە، بۆ ئامادەکاری کردن و بە پێی ئەم ووتانەی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و تەلەگرافنامەی خەلافەتپەناهی خوێندراوەتەوە، بە هاوبەشی ئامادەکاری کراوە، بریار و فەرمانی هومایۆن لەلایەن باش کاتیب ئاگاداری ناوهاتوو و تەلەگرافنامە خوێندراوەتەوە، بۆ لێدان و دوورخستنەوەی چەتەکانی هەمەوەند، یەکەم جار لە کەرکووك سوارەی نیزامیە دەرچووە، بەڵام سوودی نەبووە، بۆیە پێویستە هێزێکی سەربازی لە چەند لایەنێك دابمەزرێت، لەمانە فازڵ پاشا، یەکێکە لە میرە بە توانا و لێهاتووەکان، بە قوماندانێتی ناوبراو دەست بە رۆیشتن بکەن، فەرمانبەرانیش لە ژێر چاودێری ئەودا بڕۆن، یاخود بە شێوەیەکی کاتی چەك بدرێتە دانیشتووان، تا ببێتە هۆکاری دوورخستنەوەی چەتەکان. بەڵام لەم کاتەی کە لە ویلایەتی موسڵ خەریکی چاکسازی بوون، چەکیان بەسەر خەڵك دابەش کردبوو، ئەم چەکانەش زۆر بە زەحمەتی کۆکرایەوە، ئەگەر بێتو دووبارە بەسەر خەڵکی دابەش بکرێتەوە، ئەوا لە کۆکردنەوەی تووشی کێشە دەبینەوە و هۆکار بەدەستەوە دەدەین کە لە نێوان دانیشتووان خوێن برژێت، ئەم ٤٠ هەمەوەندەی کە رایان کردووە، هاتوونەتە دەوروبەر، لە کەرکووك یەك ئاڵای سوارە و دوو تابور پیادە و یەك تابوری ئێستر، لە چەمچەماڵ و هەولێریش یەك تابور، لە سلێمانی دوو تابور و لە موسڵ یەك ئاڵای سوارە و دوو تابور پیادە سەرباز، لەگەڵ تاکی ژاندارمە ئامادە بن، بە ئاماژەی لەشکری شەشەمی هومایۆن و بە ئاگاداری والی موسڵ رێك دەکەون، هەرچی زووە لە یەك ناوچە یەکبگرن، ئەم چەتانەی کە رایان کردووە چاودێری بکرێن و لە شوێنێك ئابلۆقە بدرێن، بە پەلە بە مردووی یاخود بە زیندووی دەستگیر بکرێن، بەڵام ئەگەر بێتو لەم کارە دوابکەون، ئەم کاتە کۆمەڵەکەی چەتەکان فراوانتر دەبێت و پارێزگاری کردن لە ئەمنیەت و ئاسایش تێك دەچێت، بۆیە هەر لە ئێستاوە بە شێوەیەکی چروپڕ کار بۆ دوورخستنەوەیان بکرێت، ئەمەش بە رێککەوتن و ئاماژەی لەشکری ناوبراو لەگەڵ ویلایەتی ناوهاتوو، پێویستە فەرمانی یەکجارەکی بدرێت، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٢ جەمادی یەکەم ١٣٠٥ و ١٣ کانوونی دووەم ١٣٠٣.


- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی تۆمار
١٣٨٧
وێنەی داواکاری ئەنجوومەنی تایبەتی وەکیلەکان (کابینەی کۆبوونەوە)
زیاتر لە ٤٠ ئەسپ سواری چەتەی هەمەوەند، چوونەتە سەر گوندی رەحیم موکە، کە نزیکەی دوو کاتژمێر دوورە، ئەم گوندەیان ئابلۆقەداوە و سووتاندویانە لەگەڵ ئەمەش خەڵکیان کوشتووە و مەروماڵاتیان تاڵان کردووە، هەروەها بۆ پارێزگاری کردنی ئەم پۆستەچیانەی کە لە سەلاحیە تێدەپەڕن، ئاگاداری پێویست نێردراوە، بە فەرمانی لەشکری شەشەمی هومایۆن تەلەگرافنامەی هاوپێچ بۆ لایەنی سەر عەسکەری والا نێردراوە، نووسراوەکانی نێوانمان دەخوێندرێتەوە، لە سەر زانیاری سەروو کە فەرموویەتی، هەمەوەندەکان هەر لە کۆنەوە، لەلای بەغداد و موسڵ و سلێمانی خەڵك دەکوژن و پارەوپول تاڵان دەکەن، بۆ رێگریکردن لەم دەستدرێژیانە، پێویستە چاکسازی بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی رابردوو جەنابی ئیسماعیل پاشا چۆتە ئەم ناوچانە، بە سەرکەوتوویی چەتەکانی دەستگیرکردووە، بە پێی پلانی عیراقی ئەم خەڵکەی تووشی بەڵا بوونە و ئەم رووداوانە کۆتاییان پێ بێت، بۆیە ئەمانە فەرمانی دامەزراندنیان پێ بدرێت، لەلایەکی تر فەرمانی نیشتەجێ کردنیان دراوە، ئەمانە لەم شوێنانەی کە نیشتەجێ دەبن،


بـە هـەر شـێوەیەك بێـت رادەکـەن و دووبـارە دەگەڕێنـەوە سـەر ئـەم نەریتـەی کـە خویـان پـێ گرتـووە، زیـان بـە خەڵکـی گوێرایـەڵ دەگەیەنـن، بـە تێروانیـن لـە ئـاگاداری ویلایەتـی سـیواس ئـەم هەمەوەندانـەی بـۆ ئـەوێ نێـردراون، ئەگـەر دەرفەتیـان بـۆ برەخسـێت رادەکـەن، بۆیـە نیشـتەجێ کردنیـان گونجـاو نییـە، بـە پێـی پلانـی ناوبـراو راپـۆرت کـراوە، بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش پێویسـتە یاسـا و رێسـایەکی قـورس دابنرێـت و جێبەجـێ بکرێـت، بـە هەڵاتنـی ئـەم کەسـانە گرفـت و کێشـە دروسـت دەبێـت، ئەمانـە بـۆ لایەنـی ئەنادۆڵـی بەجـێ نەهێڵدریـن، بـە مەبەسـتی نیشـتەجێ کـردن بگوازرێنـەوە ویلایەتەکانـی ئوسـکودار یاخـود بینغـازی و نیشـتەجێ بکرێـن، لـە نـاو ئەمانـەش تاوانبـار بدۆزرێنـەوە و بـە شـێوەیەکی رێـك دادگایـی بکرێـن، نـووسراوی لولـدراو و ئەوانـەی پێشـووش پێشـکەش کـراوە، لەگـەڵ ئەمـەش بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ٦ کانوونـی دووەم ١٣٠٣.


- وێنەی نووسراوی پێشکەشکراوە
بـە مەبەسـتی نیشـتەجێ کردنـی هەمەوەنـدەکان، بـۆ ئـەم ناوچانـە نێـردراون کـە بۆیـان دەسـت نیشـان کـراوە، بـەڵام بەهـۆی ئـەم نەریتـەی کـە هەیانـە، دووبـارە زیـان بـە خەڵکـی گوێرایـەڵ دەگەیەنـن، لەسـەر بناغـەی پلانـی عیراقـی بـۆ جەنابـی خەلافەتپەناهـی کراوەتـە راپـۆرت، بـۆ پاراسـتنی ئاسـایش و جێبەجـێ کردنـی کاری پێویسـت لـە ئەنجوومەنـی تایبەتـی وەکیلـەکان داواکاری بـۆ قەڵـەم نێـردراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەر و هاوپێچەکانـی پێشـکەش کـراوە، فەرمانـی پاشـا چـی بێـت، جێبەجـێ دەکرێـت، لـە ٥ جەمـادی یەکـەم ١٣٠٥ و ٦ کانوونـی دووەم ١٣٠٧.
کامل سەدری ئەعزەم


- شیفرە بۆ ویلایەتی ئەدەنە و سیواس
٢٠ کانوونی دووەم ١٣٠٣
لـە بـارەی گواسـتنەوەی هەمەوەنـدەکان و بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر دەرفـەت نەرەخسـێت رابکـەن، بگوازرێنـەوە بـۆ ویلایەتەکانـی بینغـازی و ئوسـکودار، لـە سـەر ئـاگادار کردنـەوەی واڵا و بریـاری ئەنجوومەنـی وەکیلـەکان، فەرمانـی پاشـا دەرچـووە، بـە لایەنـی سـەدارەتپەناهیش ووتـراوە، هەروەهـا بـۆ ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتەکانیـش نـووسراوی هومایـۆن کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن.


بۆ ویلایەتەکانی بەنغازی و ئوسکودار
لـە بـارەی گواسـتنەوەی هەمەوەنـدەکان و بۆ ئەوەی جارێکی تر دەرفەت نەرەخسـێت رابکـەن، بگوازرێنەوە بـۆ ویلایەتەکانـی بینغـازی و ئوسـکودار، لـە ژێـر چاودێـری نـەزارەت بـە پەرشـوبڵاوی نیشـتەجێ بکرێـن، بە کشتوکاڵ کردن و جوتیارییەوە خەریك بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە هان بدرێن و حەز و ئارەزوویان رابکێشرێت و کارەکە بە گرنگییەوە نیشـان بدرێت، لە سـەر بریاری ئەنجوومەن، فەرمانی پاشا دەرچووە، بۆ ئەم مەبەسـتە لایەنـی سـەدارەتپەناهی ئـاگادار کراوەتـەوە، ئەمانـە بـە باشـی نیشـتەجێ بکرێـن و پارێزگاریان لـێ بکرێت.

























DH.MKT	1495.00109	8 رەجەب 1305 (٢١ مارت ١٨٨٨)

بۆ ویلایەتی موسڵ
٨ رەجەب ١٣٠٥
٨ مارت ١٣٠٤

ئـەم کاتـەی جەنابـی ئیسـماعیل حەقـی پاشـا لـە کەرکـووك بـوو، بـە سـەرۆکایەتی ناوبـراو دیوانـی جەنگـی دامـەزراوە و نێـردراوە، بـە نـووسراو بـۆ لای والای سـەر عەسـکەر نێـردراوە، لـە داواکاری ژمـارە ١٢٥، پاشـا بەیراقـدار زادە سـلێمان ئاغـا دانیشـتووی هەولێـر، بـە چـەك هەڕەشـەی لـە تاکـی سـەربازی شـاهانە مـەلا عەلـی زادە کەریـم هەولێـری کـردووە، بـە پێـی مـاددەی سـێیەمی سـزای یاسـانامەی هومایـۆن، سـلێمان ئاغـا بـە ٢ سـاڵ زیندانـی سـزا دراوە، بـەڵام بـەم ماددەیـەی ناوبـراو سـزا دراوە، بـە گوێـرەی ڕەفتارەکـەی گونجـاو نییـە، لـە مـاددەی ١٨٠ی یاسـانامەی باسـکراو، هەروەها لە مێـژووی جێبەجێ کردنیـەوە، بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ زیندانـی بکرێـت، لـە دیوانـی جەنگـی کارگێـری عورفـی بڕیـاری لـە سـەر دراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی داواکاری ناوبـراو و ووتـەی دیوانـی جەنگـی باسـکراو نێـردراوە، لەلایـەن سـەدارەتپەناهی ڕەزامەنـدی دراوە، بـە فەرمانـی جەنابـی پاشـا، سـەر عەسـکەر ئـاگادار کراوەتـەوە، لـە سـەروو فەرمـان و نـووسراوی بـۆ کـراوە، بـە فەرمانـی پاشـا دەسـت بکرێـت بـە جێبەجـێ کردنـی.







Y.PRK.DH	00003.00016	24 جەمادی یەکەم 1306 (٢٦ کانوونی دووەم ١٨٨٩)

تەلەگرافنامەی والی موسڵ بە وەکالەت، بۆ نەزارەتی ناوەخۆ هاتووە

ئـەم هەمەوەندانـەی کـە بۆ بەنغازی دوورخراونەتەوە، ئەمجارە ١٠٩ کەسـی ئەم عەشیرەتە، لـە کەنارەکانی سـوریا بـە کەشـتی بێگانـە دەرچـوون و هەڵاتـوون، لەمانـە ٩یـان لـە نـاو شـارەزوور هاتوونەتـە قـەزای هەولێـر، هەرچـی ئـەم کەشـتیەی کـە پێـی هاتـوون، لەلایـەن کاپتنـی کەشـتیەکە، بـۆ خەرجـی ڕێـگا، هـەر یەکـە یـەك لیـرەی ئینگلیـزی لـێ وەرگرتـوون، ئەگـەر بێتـو ئـەم هەمەوەندانـە لەلایـەن کاپتنـی کەشـتیەکان یارمەتـی بدرێـن، هیـچ یەکێکیـان لـەم شـوێنانە ناوەسـتن، رادەکـەن و بـۆ ئـەم شـوێنانە دێنـەوە و دەسـت بـە جموجـۆڵ و چالاکـی بـەد دەکەنـەوە، هەروەهـا گومانـی تێـدا نییـە کـە جارێکـی تـر مەحاڵـە بتوانرێـت دەسـت بەسـەر بکرێـن، ئەوانـەی لەلایەنـی تەرابلـوس و بەنغازینـە، دەبـێ بـە کشـتوکاڵ خەریـك بکرێـن و نیشـتەجێ بکرێـن، تەنیـا بـەم شـێوەیە دەتوانیـن ڕێگەیـان لـێ بگریـن، تـا رانەکـەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە فەرمـان و ئـاگاداری جەنابـی نەزارەتپەناهـی بـۆ ویلایـەت و موتەسـەرفەکان نێـردراوە و ئەوەی پێویستیشـە رابگەیەندرێـت، لـە هەڵاتنیـان نابـێ ئـاژەڵ و چەك ببەن، بە پشـکنین کێشـە و گرفتیـان لـێ دوور بخرێتەوە، بـۆ ئەمـەش لـە ویلایـەت دووپاتکراوەتـەوە و چەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، لـە ١٣ کانوونـی دووەم ١٣٠٤.







DH.ŞFR	00138.00002	11 رەبیعی یەکەم 1306 (١٥ تشرینی دووەم ١٨٨٨)

تەلەگرافنامە لە ویلایەتەوە بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە نێردراوە

تەلەگراف لە مێژووی ٢ کانوونی یەکەم ١٣٠٤ هاتووە، بەردەوام تێلەکانی ئێرە کەموکوری تێدایە و دەنگی خراپە، لە یەکەم تەلەگرافنامەدا هاتووە، لایەنگری عەشیرەتی جاف دەیانەوێت عوسمان بەگ سەرۆکی عەشیرەتی جاف لە قائیمقامیەتی گوڵعەنبەر دابمەزرێنن، مەحمود پاشای براشی بکەنە سەرۆکی عەشیرەت، عەشیرەتی ناوبراوە، لە عەشیرەتی جیاجیا پێك هاتوون، بۆ بەڕێوەبردنی عەشیرەتەکەش بە پلەی موختار یەك سەرۆك و هەر سەرۆکێکیش لە ژێر کارگێری سێ تا پێنج باش موختار دایە، ئەگەر عوسمان بەگ ببێت بە قائیمقامی گوڵعەنبەر، لەم کاتە دەبێ یەکێك لە شوێن ئەو وەکو سەرۆك عەشیرەت دابنرێت و دەبێ لە براکانی عەشیرەتەکە بێت، بە گوێرەی ئەمە مامەڵەی جێبەجێ کردنەکەی بۆ بکرێت، لە ٣ کانوونی یەکەم ١٣٠٤.

فائیق والی پێشووی ویلایەتی موسڵ


I.DH 1126/87972 2


I.DH 1126/87972 1

I.DH	01126.087972	11 رەجەب 1306 (١٣ مارت ١٨٨٩)


کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
بـە فەرمـی لـە موسـڵ و هەولێـر و کـۆی سـانجەق لەگـەڵ رواندز راگەیەنـدراوە، کـە کۆلێـرا سـەری هەڵـداوە، لـە باڵیـۆزی تەهـران تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە و بـۆ فەرمانگەکانـی تەندروسـتی نێـردراوە و زانیاریـان پـێ دراوە، هاوپێچ لەگـەڵ نـووسراوی نەزارەتـی دەرەوەی جەلیلـە پێشـکەش کـراوە، هەروەهـا لـە ویلایەتـی موسـڵ ئـاگاداری نێـردراوە، ئەگـەر راستی ئـەم چیرۆکـە بـاوەر پێکراویـش نەبێـت، لـە ویلایـەت بـە تەلەگـراف چۆنیەتـی سـەرهەڵدانی باسـکراوە، جگـە لەمـە نـووسراوی مێـژووی ١١ رەجـەب ١٣٠٦ لـە سـەدارەتپەناهی راگەیەنـدراوە، دەبـێ لـە کاتـی خۆیـدا ئامادەکاری تەندروسـتی بکرێـت، بـە گفتوگـۆ کردن لەگـەڵ ویلایەتـی ناوهاتـوو رابگەیەندرێـت، ئـەم نەخۆشـیە یەکـەم جـار لـە کـوێ؟. هەروەهـا چ کاتێـك سـەری هەڵـداوە؟ لـە کوێـش بـەرەو شـوێنی تـر رۆیشـتووە؟. ئەمـرۆ لـە چ پلەیەکـە و لـە ناوچـەکان چـۆن ئامادەکاری کـراوە و کاری بـۆ کـراوە؟. دەبـێ هـەر ئێسـتا ئـەم زانیارییانـە بـە راسـتگۆیی پێـمان بـگات، لەگـەڵ ئەمـەش لـە ناوچـەی سـلێمانی تـا چ ئاستێك کۆلێـرا سـەری هەڵـداوە؟. دەسـت بـە ئامادەکارەیەکان بکرێـت، نـووسراوی ١٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣٠٦ تۆمـاری لـە فەرمانگـەی تۆمـاری بەدرێـژی جێبەجـێ بکرێـت، هـەر ئێسـتا بـێ ئـەوەی بابەتەکـە بچووك بکرێتـەوە، هـەواڵ بدرێتـە فەرمانگەکانـی تـر دەسـت بـە کار بـن، بـۆ ئـەوەی بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـای خەلافەتپەناهـی جێبەجـێ بکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١١ رەجـەب ١٣٠٦ و ٢ مـارت ١٣٠٥.
سەرکاتیب جەنابی پاشا


بۆ ئەم کارە لە سەر فەرمانی پاشا، تەلەگرافنامەی پاشا بۆ ویلایەتی موسڵ نووسراوە، ئاگاداری بۆ فەرمانگەکان نێـردراوە، بـە گوێـرەی ئـەم وەڵامەی بۆ ویلایەت هاتووە، لایەنی واڵا فەرمانی لە سـەر داوە، لـە ٤ مارت ١٣٠٥.

DH	01295.5.102373	**1 ڕەمەزان 1306 (١ مایس ١٨٨٩)**

لە مەمالیکی مەحروسەی شاهانەیە و هەر لە کۆنەوە باوباپیرانی مولکیان هەیە، لە وەرزی هاوین لە ناحیەی لاهیجان مەزرەعە و مەروماڵاتیان هەیە، چوار ساڵ پێش ئێستا لەلایەن فەرمانبەرانی ئێران شوێنەکە جێگیرکراوە و بینایەی لێ دروست کراوە، ئەوانەی سەر بە عەشیرەتەکەن، بە نهێنی نزیکەی ١٠٠٠ خانە گوازراونەتەوە ئەوێ و نیشتەجێ بوون، ئێستا بۆ گواستنەوەی ئەم خانانە لە دارایی میری خەرجی دابین بکرێت، ئەوەی ماوەتەوەش لە عەشیرەتەکە وەردەگیرێت، بەم ڕاگەیاندنە، بری باجی کۆن لەم کەسانە وەرناگیریت، کە لە شوێن خۆیانن، ئەوانەی ئێرەش لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە دەیدەن، لە کۆتاییدا ئەوانەی خانەیان گواستۆتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەی ٢ ساڵە بەشی میریان نەداوە، دووبارە لە ڕێگەی کشتوکاڵەوە دوو ڕووبار دراوەتە ئەوانی تر، هەندێك لە زەوییە کشتوکاڵیەکان بۆ ئەوەی وەکو پێشوو بدرێتە خۆیان، لە قەزای ڕانیە سەر بە ویلایەتی موسڵ بە واژووی ئەمین لە عەشیرەتی بلباس تەلەگرافنامە هاتووە، داوای زەوییەکانیان کردۆتەوە، ئەم کارەش بە ناچاری بدرێتە ئەوانەی لە ناو عەشیرەتەکە ماونەتەوە، ئەگینا ئەوانەش وەکو ئەوانی تر ناچار دەبن خانەکانیان بگوازنەوە، بە گوێرەی وەڵامی ئەم لێکۆڵینەوەی کە لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، هاوپێچ دوو پارچە تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، لە عەشیرەتی ناوهاتوو ٢٢٠ خانە لە قەزای هەولێر و ٣٠ خانە لە ناحیەی کۆیری بە کشتوکاڵ خەریکن، ئەم ٢٢٠ خانەی لە قەزای ڕانیە ماونەتەوە، کە شوێنی کۆنی خۆیانە، ئەم زەوییانەی سەر بە سەرۆکەکانیانە، هەندێکیان بە کشتوکاڵەوە خەریك کردوون، هەروەها ئەوەی ئەوانە بەدوای دا دەگەڕێن لەگەڵ دوو ڕووبارەکە و مەزرەعەکان نەدراوەتە کەس، ئەوەی لەوێ ماوەتەوە باجەکانیان بە گۆڕانکاریەوە ڕێك بخرێت و ئەم عەشیرەتانەی حەزیان لە کشتوکاڵە، بە مەرجی نیشتەجێ کردن، بە یەکسانی زەوییەکانیان بەسەر دابەش بکرێت، ئەوەی لەسەر حکوومەتە یەکەم جار ناکۆکی سنوور چارەسەر بکات، دواتر ئەم زەوییە جۆڵانەی کە بۆ فرۆشتن دانراون، لەسەر ئەم گوند و مەزرەعانە زانیاری و تێروانین بنێردرێت، ئەم زەوییانەی لە سەر سنوور یاخود لە سنوور نزیکن، خەڵکەکەی هەر لە کۆنەوە باوباپیرانیان بە بێ تاپۆ بەکاری دەهێنن، بەڵام بە ناوی جۆل و بێ خاوەن تۆمار کراوە، بۆیە ئەمانە ناچارن خانەکانیان بۆ ئێران بگوازنەوە، دووبارە ئەم شوێنانە ئاوەدان بکرێتەوە، هەموو جۆرە ئامادەکاریەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت و کاری بۆ بکرێت، ئەوەی گرنگە و پێویستە ئەنجام بدرێت، ئەم زەوییانەی کە عەشیرەتی بلباس بەدوایدا دەگەڕێت، لەگەڵ ڕووبارەکان داوایان کردووە، لەسەر بەشەکەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لە بارەی باجەکەش لەگەڵ نەزارەتی دەفتەرخاقانی گفتوگۆکراوە، کە دەبێ کارەکە چارەسەر بکرێت، بۆ مەسەلەی سنوورەکەش لەگەڵ بابی عالی بڕیارەکەی جێبەجێ دەکرێت و ئەم بڕیارەش لە سەروو ڕادەگەیەندرێت و بڵاودەکرێتەوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە خاوەن میهرەبان و ئەفەندیمە، لە ٢٦ شەعبان ١٣٠٦ و ١٥ نیسان ١٣٠٥.


ئەم داواکاریە لەگەڵ سێ پارچە تەلەگرافنامە کە لە سەروو هاتووە، لەگەڵ فەرمانی جەنابی پاشا، ئەم تەلەگرافنامانەی کە ناویان هاتووە بۆ بابی عالی نێردراون، سەرەتای ڕەمەزان ١٣٠٦ و ١٩ نیسان ١٣٠٥ .


٢٦١
IDH 1295-5/102373




Y.PRK.UM	00017.00083	29 زیلقەعدە 1307 (١٧ تەمموز ١٨٩٠)

لە ویلایەتی موسڵەوە هاتووە
لە سەر داواکاری حاجی عەلی، حاجی حەسەن ئاغا هاتە ئێرە، لەم کاتەی بە ڕێگەی هەولێر چۆتە بەغداد، لە بەغداد و کەرکووك ئەسپێکی گونجاوی نەدۆزیوەتەوە لە کاتی گەرانەوەی باسی کرد، ئەوا هەواڵ دەدات و بەڵێنی داوە، بۆ دیاری پاشا ئەسپێکی گونجاو بدۆزێتەوە، لە ڕاستییدا نووسیویەتی، لە هەولێر ئەسپێکی گونجاوی دۆزیوەتەوە و هێناویەتی، تەمەنی پێنج ساڵە، ئەگەر باڵای بەرزە، بەڵام گوێچکەکانی کەمێك بچووکە، ئەسپێکی سپی دەمی کەمێك بۆ لای ڕاست ڕۆیشتووە، بەهۆی دڵسۆزی و بەندایەتیم بۆ جەنابتان، پێم وایە ئەسپێکی ئاوا شایەنی ئێوە نییە، بۆیە لەلای موسڵ و دەورووبەری چەند ئەسپ هەیە، هەمووی بینیوە، بەڵام بە دڵی نەبووە، لە کۆتاییدا ئەوەی لە شەمەر هێنراوە، تەمەنی سێ ساڵە، زیاد لە پێویست بە دڵی بووە، بە ڕێگەی کۆچەرەکان فرۆشراوە، ئەم ئەسپە زۆر سەرنجراکێش و بە گوێرەی تەمەنی بەرچاوە، لەگەڵ بەندەم ئەوەمان پێ گونجاو بوو، هەر لەبەر ئەوەی والی موسڵ نەیکڕیوە، ئەسپەکانی دراوەتە ئەم و ڕادەستم کرد، یەکێکی جوانیشی لە نێوان تەمەنی چوار پێنج ساڵ بۆ کورەکەی کڕیوە، بەیەکەوە بردی، ووتی داواکاری بۆ حاجی عەلی بەگ نووسیووە، بەڵام ئەم ئەسپانەی هەروەك بۆ ئێوەم داوا کردبوو، بەم ئاستە نییە، بە پۆستە پێشکەشی دەکەم. ئێستا لەگەڵ ئەسپەکان گەیشتوونەتە سیواس، لە ٥ تەمموز ١٣٠٦.
تاهیر والی موسڵ



A. MKT. NZO	00017.00129	25 زیلحیجه 1307 (١٢ ئۆغستۆس ١٨٩٠)

بۆ ویلایەتی موسڵ
لە موسڵ کۆلێرا نییە، لە هەولێریش نەماوە، بەڵام لە رواندز و عەقرە ئەگەر نەخۆشیەکە بوونیشی هەبێت، مەترسییەکەی کەمی کردووە، لە بارەی گۆرینی مەعروف ئەفەندیش، چۆتە لای هەموو پلەدارەکانی ئیسلام و کریستیانەکان، جگە لەمە بە واژووی یوزباشی لەتیف لە تابوری چوارەمی ئاڵای ٤١ و بە هاوکاری شەعبان پاشا تەلەگرافی نووسیوە، مەعروف ئەفەندی لە ئەرکەکەی بێ ئومێد بووە، لە کەرکووك هەندێك تەلەگرافی نووسیووە و پاراوەتەوە، پێشتر بۆ فەریق پاشام نووسی، ئەم پیاو بە هیچ شێوەیەك مانەوەی لێرە مۆڵەت پێدراو نییە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەمرۆ لە سەدارەت گۆرینی راگەیاندراوە، بەهرام پاشاش ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی تر لێک دەداتەوە، لە ٣١ تەمموز ١٣٠٦.
تاهیر




Y.MTV	00044.00019	21 زیلقەعدە 1307 (٩ تەمموز ١٨٩٠)

وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەیە، کە لە ویلایەتی موسڵ دەرچووە
لەگەڵ دەرکەوتنی نەخۆشیەك کە گومانی کۆلێرای لێ دەکرێت، هەندێك کەس مردووە، بۆ قۆماندانیەتی فرقەی دوانزەمین نووسراو کراوە، تا پزیشکێك بنێردرێت، یەکسەر پزیشکی بینباشی عەبدولرەحمان ئەفەندی نێردراوە، وەڵامی وەرگرتووە، ئەگەر عەبدولرەحمان ئەفەندی گەیشتۆتە هەولێریش راپۆرتی خودی خۆی نەنێردراوە، بەڵام ئێستا لە قائیمقامیەتی هەولێر تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لە کاتژمێر ١٢ی دوێنێ ئێوارە، تا کاتژمێر ١٢ی ئێوارەی ئەمرۆ، تەنیا ٤٧ تووشبوو هەبووە، لەمانە ٢١ هەروەها لە نەخۆشە کۆنەکان ٦، دەکاتە ٢٧ کەس مردوون، ئەمەش راگەیەندراوە، چۆنیەتیەکەشی بۆ نەزارەتی تەندروستی جەلیلە روون کراوەتەوە و ئاگادار کراوەتەوە، لە ٢٧ حوزەیران ١٣٠٦.

جگە لەمە
دوێنێ تەلەگراف بۆ هەولێر نێردراوە، بە گوێرەی ئەم راپۆرتەی پزیشکی بینباشی عەبدولرەحمان ئەفەندی داوەیەتیە حکوومەتی ناوەخۆ، ئەم نەخۆشیەی لە هەولێر بڵاوبۆتەوە نەخۆشی کۆلێرایە، بۆ ئەمەش روون کردنەوەی داوە، لە ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦.

جگە لەمە
لە دوێنێ ئێوارەوە تا ئەمرۆ ئێوارە، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، لە هەولێر ٩ تووشبوو، لەمانە ٣ و لە نەخۆشە کۆنەکان ٨، بە کۆی گشتی ١١ مردوو هەبووە، روون کراوەتەوە و ئاگاداری نێردراوە، لە ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦.




Y.MTV	00044.00020	25 زیلقەعدە 1307 (١٣ تەمموز ١٨٩٠)

پلەوپایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەتی


لە سەر نووسراوی قائیمقامی هەولێر و ئەم تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، گومان دەکرێت لە هەولێر نەخۆشی کۆلێرا سەری هەڵدابێتەوە، هەروەها لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر ٤٧ تووشبوو هەروەها ٧ مردوو هەبووە، بە نووسراو لە بورسە پزیشك عەبدولرەحمان ئەفەندی، بۆ دەرخستنی ئەم نەخۆشییە ئەرکی پێ سپێردراوە، بەڵام لە بارەی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییە هیچ روون کردنەوەیەك نەدراوە، لە ناوبراو پرسیار کراوە، هەر کە وەڵامەکە گەیشت، ئەگەر پێویست بکات ئەوە سەرباز رەوانە دەکرێت، هەر لە ئێستاوە بۆ ئامادەکردنی دوو بلۆك پیادە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ سوار نووسراو بۆ قوماندانیەتی فرقەی دوانزەم کراوە، لە ژێر موشیرەتی لەشکری هومایۆن تەلەگرافنامە بە مێژووی ٢٨ حوزەیران ١٣٠٦ روون کراوەتەوە، بە گوێرەی ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە موشیریەتی ناوهاتوو وەرگیراوە، نەخۆشیەکە کۆلێرایە و لە ماوەی ئەم پێنج رۆژەدا زۆر بە قورسی بڵاوبۆتەوە، بە پێی زانیاری بیناشی عەبدولرەحمان ئەفەندی و قائیمقامی پزیشك ئەیامنلیونداس بەگ لە کەرکووك لە رۆژی ٢٤ تا ٢٧ ئێوارەکەی ٧٨ تووشبوو ٤٦ مردوو هەبووە، دیسان لە سەر روون کردنەوەی عەبدولرەحمان ئەفەندی، لە تەلەگرافنامەی قۆماندانیەتی فرقەی دوانزەمین ئاوا تێگەیەندراوە، ئەوەی لە سەرەوە باسکراوە، بۆ چارەسەر و بنبرکردنی ئەم نەخۆشیە، لە کەرکووك دوو بلۆك پیادە لەگەڵ نزیکەی ٣٠ سوارە لەگەڵ پزیشکەکە ئامادە کراوە، هەر ئێستا دەربچن، لە کۆتاییدا ئەم تەلەگرافنامەیەی هاتووە، لەبەر نەخۆشی ناوهاتوو بریار دراوە، لە خاڵی پاراستنی کۆی سانجەق و رواندز سەرباز جێگیر بکرێت و قەدەغەی تێکەڵ بوون هاتووچۆ راگەیەندراوە، لە قۆماندانیەتی فرقەی ناوبراو ئەمم روون کردنەوە دراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٥ زیلقەعدە ١٣٠٧ و ٣٠ حوزەیران ١٣٠٦.

عەلی رزا سەرعەسکەر



28 زیلقەعدە 1307 (١٦ تەمموز ١٨٩٠)	00129.00081	MF.MKT


بۆ جەنابی پاشا لە نەزارەتی مەعاریفی جەلیلە
راگەیەندراوی بەندەتانە
هەر لە کۆنەوە دڵسۆزیم بەرامبەر ئەفەندم و بەندایەتیم رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات، لە هەر پێنج فەرز نزای خێر بۆ دەوڵەت دەکەم و یادی دەکەمەوە، ئەمجارەش لە سەیدەکانی بەرزنجی و خانەدانی کۆنی کەرکوک، سەید عەبدولرەحمان ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی سوڵتانییە سەر قەزای هەولێر، خودی خۆی کەسێکی رەوشت بەرز و ئاست بەرزە، هەر لە سەرەتای ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە بە شێوەیەکی رێکوپێك و باش خزمەتی کردووە و ئەرکەکەی جێبەجێ کردووە، لەبەر ئەوەی ئەرکی کارەکەی لە نەزارەتی ناوەخۆ پەسەند نەکراوە، بەندەی ناوبراو نیوەی مووچەی پێ دەدرێت، ئەمەش زوڵمە، ئەمجارە لە مێژووی ٦ حوزەیران ١٣٠٦ ژمارە ٢٥ بە فەرمان پەسەندکراوە و ئەم پەرێشانیە کۆتایی پێ دێت، بۆ ئەم مەبەستە دڵسۆزی و بەزەیی دەوڵەت بفەرمووێت بوێریم کرد ئەم داواکارییە پێشکەش بکەم، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ تەمموز ١٣٠٦.
داواکار موعەلیمی دووەم لە مەکتەبی روشدییەی موسڵ



DH.MKT	1663.00015	7 سەفەر 1307 (٣ تشرینی یەکەم ١٨٨٩)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
٧ سەفەر ١٣٠٧
٢٠ ئەیلوول ١٣٠٥


لە شارۆچکەی کۆپری قازیەک کۆچی دوایی کردووە و هیچ شوێنەوارێکی کۆلێرای پێوە دیار نەبووە، بە گوێرەی ئەم فەرمانەی لەشکری چوارەمی هومایۆن داویەتی، پشت بەستن بە فەرمانەکە لەلایەن وەکیلی قوماندانی کەرکووك، هێڵی پاراستنی تەندروستی هەڵگیراوە، لەگەڵ هێڵی پاراستنی موسڵ دووری نێوانیان ٩ کاتژمێرە، قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق و رانیە، لە ناو ئەم هێڵەن و دەمێننەوە، بە پێی لێکۆڵینەوە ئەگەر پێویست بکات، بۆ هەر یەکە برێك سەرباز جێگیر بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەلەگراف لەلایەن موشیری ناوبراو دراوەتە ویلایەتی دیاربەکر، پشت بەستن بە هەندێك ووتە، تەلەگرافنامەی پزیشکی پاراستن خانە و ئەم تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە، لەگەڵ دوو پارچە مامەڵەی وەرگیراو بە هاوپێچەوە نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە، فەرمان لە نەزارەتی ناوبراو دەرچووە، تا دەست بەکاربێت.




DH.MKT	1664.00083	12 سەفەر 1307 (٨ تشرینی یەکەم ١٨٨٩)

لە مابەینی هومایۆن و باش کیتابەتی جەلیلە
١٢ سەفەر ١٣٠٧
٢٥ ئەیلوول ١٣٠٥

بەهۆی سەرهەڵدانی کۆلێرا لە سلێمانی، لە خاڵی ئاڵتون کۆپری قەدەغەی هاتووچۆی ووشکانی راگەیەندراوە و ئامادەکاری پێویست ئەنجام دراوە، لە کۆتایی قازیەك مردووە، دوای لێکۆڵینەوە، لە خاڵی ناوهاتوو، کە ٢٠ کاتژمێر دوورە، هەوڵ بدرێت لە هێڵی زابی سەروو، تا موسڵ هاتووچۆ نەبێت، سەرەتا لە ویلایەتی موسڵ بە تەلەگراف روون کراوەتەوە، لە شارۆچکەی کۆپری قازییەک کۆچی دوایی کردووە، لەمە زیاتر شوێنەواری کۆلێرا نەبینراوە، بەم هێڵە تەندروستخانەیەی کە دانراوە و بەم فەرمانەی کە بە موشیرەتی لەشکری چوارەمی هومایۆن دراوە، لەلایەن وەکیلی قۆماندانی کەرکووك بریارەکە هەڵوەشاوەتەوە، بەم شێوەیە دووری هێڵی پارێزگاری ٩ کاتژمێرە دوورە و قەزاکانی هەولێر و کۆی سانجەق و رانیە لە ناو ئەم هێڵە تەندروستخانەیە دەمێننەوە، ئەگەر پێویست بکات لەم شوێنانە بۆ هەر یەکە برێك سەرباز دابنرێت، ئەگەرچی لە گوندی ئاڵتون کۆپری قازییەک بە کۆلێرا مردووە، بەڵام لە ماوەی ٧-٨ رۆژ هیچ شتێك رووی نەداوە و ئامادەکاری کراوە، هەروەها لە دەرەوەی ئەم هێڵە، تا ئێستا هیچ نەخۆشیەک نەبینراوە، لە ئێستادا پێویست ناکات ئەم هێڵە بگوازرێتەوە زابی سەروو، هەر لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، بە نووسراو و تەلەگرافی ویلایەت ئاگادار کراوەتەوە، ئەم زانیارییە روون کراوەتەوە و نێردراوە، بریار و فەرمان.







<table>
<tr><td>14 رەبیعی یەکەم 1307 (٨ تشرینی دووەم ١٨٨٩)</td><td>1672.00060</td><td>DH.MKT</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ
١٤ رەبیعی یەکەم ١٣٠٧
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣٠٥
چەتە کاکئەڵڵا ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی خەسکور لە دیاربەکرەوە بۆ وڵاتێکی دوور دوورخراونەتەوە، لەوێشەوە رایکردووە، ناوبراو لەگەڵ کورەکانی و هاوکارانی زوڵم و دەستدرێژیان کردۆتە سەر خەڵك و داوای باجیان کردووە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە بە جۆرەها واژوو داواکاری لە هەولێر بۆ نەزارەتی داد نێردراوە، ئەم جۆرە سەرپێچیانەی لە قەزای کۆی سانجەق سەر بە ویلایەتیش ئەنجام داوە، بە پەلە ئاگادارکراوەتەوە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکە.</td></tr>
</table>

DH.MKT	01742.00001	25 زیلقەعدە 1307 (١٣ تەمموز ١٨٩٠)

لە مابەینی هومایۆن و باش کیتابەتی جەلیلە
٢٥ زیلقەعدە ١٣٠٧
٣٠ حوزەیران ١٣٠٦
ئـەم نەخۆشـیەی لـە هەولێـر سـەری هەڵـداوە، بـە هەمـان شـێوە لـە گوندێکـی نزیـك زاخـۆش سـەری هەڵـداوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن و ئامادەکاریـەکان بریـار و فەرمـان دەرچـووە و لـە مێـژووی ٢٨ حوزەیـران ١٣٠٦ بـە نـووسراوی سـەروو راگەیەنـدراوە، بـۆ ئامادەکاریەکانـی پاراسـتن و تەندروسـتی، بریـار و فەرمانـی هومایـۆن بـە پوختـی و تەواوەتـی نێـردراوە، ئـەوەی باسـکراوە بـە مەبەسـتی خۆپاراسـتن و رێگـری کـردن لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکە، لـە شـوێنەکانی تـر هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، بـۆ ئەمـەش هـەواڵ نێـردراوە، پوختەشـی نووسراوەتـەوە، بـۆ خۆپاراسـتن بـە راگەیەنـدراو ویلایەتـەکان و موتەسـەرفەکانی ئورفـە و ماردین زاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا وەکـو یـەدەگ لـە لایەنـی ئەنـادۆڵ زانیـاری دراوەتـە ویلایەتـی شـاهانە، کۆلێرا لـە گوندەکانـی دەوروبـەری قـەزای مەدیـات بڵاوبۆتەوە، بۆیـە لە خاڵە پێویسـتەکان بە هاوکاری سـەربازی شـاهانە هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، هەروەهـا بـە پێویسـت زانـراوە لەلایـەن مەدیـات و نەسـیبین یـەك دوو هێڵـی پاراسـتن دابنرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـە موشیری لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن راگەیەنـدراوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی دیاربەکـر تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە و راگەیەنـدراوە، بـۆ دامەزراندنـی دووەم هێڵـی پاراسـتن فەرمانـی بـە پەلـە دراوەتـە موشـیری لەشـکری هومایۆنـی ناوهاتـوو، لەوێشـەوە نـووسراو دراوەتـە لایەنـی واڵای سـەر عەسـکەر، لـە رابردووشـدا لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو داوای ئامـادەکاری تەندروسـتی، کراوە، ئـەم داوایانـە بـە نـووسراوی پەلە نێردراوەتـە نەزارەتی تەندروسـتی و بۆ وەرگرتن و راگەیاندنیشـی فەرمانبەری تایبـەت بـۆ نەزارەتـی ناوبـراو نێـردراوە، ئـەم زانیاریانـەی تـا ئێـوارە هەبـووە، پێیـان رادەگەیەنێـت و وەڵامـی ئـەم زانیاریانـەی کـە پێیـان دەدات وەریدەگرێـت، جگـە لـەم زانیاریانەی کـە پێیانـی دەدات و وەریدەگرێت، ئـەم ئامادەکاریانـەی کـە پێویسـتە بکرێـن، یەکسـەر بـە پەلـە بـۆ شـوێنەکانی دیاریکـراو دەنێردرێـن، هەروەهـا لـە ٢٥ تـا ٢٨ی ئـەم مانگـەدا، لـە جەزیـرە ٤٨ تووشـبوو و ٥٦ مـردوو هەبـووە. هەروەهـا لـە ٢٦ تـا ٢٨ی ئـەم مانگـە، لـە هەولێـر ٥٦ تووشـبوو و ٣٨ مـردوو هەبـووە، لە موسـڵیش نەخۆشـیەکی گومانلێکراو سـەری هەڵـداوە، جگـە لەمـە لـە ویلایەتەکانـی دیاربەکـر و موسـڵ وەڵامـی ئـەم تەلەگرافنامانـە وەرگیـراوە، هـەروەك هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، ئـەم نەخۆشـییە کات و وەختـی نییـە، بۆیە لە ئامادەکاری تەندروسـتی نابێـت، لـە مامەڵەکانـدا کەموکـوری هەبێـت، بۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکانیـش زانیاریـەکان رادەگەیەندرێت.







DH.MKT	01742.00023	27 زیلقەعدە 1307 (١٥ تەمموز ١٨٩٠)

لە باش کیتابەتی هومایۆنی جەلیلە بۆ واڵای جەنابی سەر عەسکەر و نەزارەتی تەندروستی جەلیلە و نەزارەتی پزیشکی
٢ تەمموز ١٣٠٦
٢٧ زیلقەعدە ١٣٠٧
لە ٢٨ تا رۆژی ٣٠ ی مانگی حوزەیرانی ئێوارەکەی، لە هەندێك گوندەکانی جەزیرە و ناحیەی سەلەوانی ٢٥ تووشبوو ١٨ مردوو، هەروەها لە دوو گوندەکەی تریش، لە ماوەی ١٠ رۆژدا، ١٩ تووشبوو و ٩ مردوو هەبووە، لە گوندی ناحرین نەخۆشیەکە بڵاوبۆتەوە، لە دیاربەکر لەم مانگەدا ٢٩، لە هەولێر ٣٦ تووشبوو ١٦ مردوو هەبووە، لە رۆژی ٣٠ دا ٩ تووشبوو و ١١ مردوو هەبووە، لە ویلایەتی موسڵ لەم تەلەگرافنامانەی وەرگیراوە راگەیەندراوە، کۆلێرا یەکێکە لە نەخۆشییە سەیرەکان، بۆ رێگەگرتن لەم نەخۆشییە، بە تەمای خوا و پشت بەستن بە خوا، ئامادەکاری تەندروستی کراوە، لە بارەی خۆپاراستنیش ویلایەتەکان ئاگادار بکرێنەوە و لە سەر ووتەی حکوومەت و سەروو هێڵی پاراستن دابمەزرێت، بە پێی ئەم وەڵامنامانەی وەرگیراوە، ئەوەی ئاشکراشە لە ناو ماردین بۆ هێڵە تەندروستییەکان، بە پەلە ٣ پزیشك و ٢ دەرمانساز بنێردرێت، هەروەها لەبەر زۆری تووشبووان، بۆ ئەم هێڵەی کە لە دەوروبەری جەزیرەیە، یەك بلۆك سوارە رەوان بکرێت، بەهۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکە لە گوندی جیل سەر بە قەزای مەدیات، خەڵك لە دەوروبەر دەستی بە شەڕ کردووە، بۆ رێگەگرتن لە تێکەڵ بوونیان، لە ناحیەی بەشیری مەدیات بە تەواوی پەیوەندی پچڕاوە، هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لە گوندەکانی قەزای جەزیرە و قەزای ناوبراو، سەیری داهاتەکان ناکرێت، لە دیاربەکر و جەزیرەش، لە قەزای براداری سەر بە سانجەقی سەعرد و عەشیرەتی کۆچبەر لەگەڵ قەزای ئاردە بە سەرباز خراوەتە ژێر هێڵی تەندروستییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش موشیری لەشکری چوارەمی هومایۆن ئاگادار کراوەتەوە، بە پێویست زانراوە بۆ سەعرد، فەرمانبەری تەندروستی و پزیشك بنێردرێت، موسڵ و بەتلیسیش لە نێوانیان سەرباز جێگیر بکرێت، نووسراو بۆ موشیری لەشکری شەشەمی هومایۆن کراوە، برێکی باش دەرمانساز بۆ ناو موسڵ بنێردرێت، بۆ ئەوەی بە رێگەی سەرباز ویلایەتی موسڵ و ماردین پارێزگاری لێ بکرێت، بوونی یەك بلۆك سوارە پێویست دەکات، بە گوێرەی تێگەیشتن لە موتەسەرفی ماردین بۆ واڵای سەر عەسکەر راگەیەندراوە و لە نەزارەتەکانی تەندروستی و دارایی و پزیشکیش زانیاری دراوە، تا بە پەلە دەست بە کار بکرێت، ئەگەر پێویست بکات بۆ دەست گرتن بە پەلە و بە چاودێری کردن ئامادەکاری بکرێت، یاخود ئەگەر بکرێت بە چاوخشاندن و بە گوێرەی راگەیەندراوەکان بە پەلە و بۆ بەرژەوەندی گشتی هەموو لایەك، رۆژانە رووداو و مامەڵەکان رابگەیەندرێت، ئەمەش بە وورییایی و بە بێ دەستەوەستانی بەردەوام ئەنجام بدرێت.

بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا و نەزارەتی پزیشکی و تەندروستی
ئەم زانیاریەی لە مابەینی باش کیتابەتی هومایۆن و نەزارەتی تەندروستی جەلیلە لەگەڵ نەزارەتی پزیشکی دەرچووە، هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی ئاگادارکراوەکان، بە تێروانین لە بەرژەوەندی گشتی، نووسراوی فەرمانگەی عەسکەری جەلیلە هاتووە، پێویستە بە پەلە کارەکان جێبەجێ بکرێت، بە ئامادەکارییەکانی ناوچە، دانیشتووان بپارێزرێن، راگەیەندراوەکانیش بۆ دەست بە کاربوون نێردراوە.





DH.MKT	01742.00112	28 زیلقەعدە 1307 (١٦ تەمموز ١٨٩٠)


لە باش كیتابەتی هومایۆنی جەلیلە بۆ نەزارەتەكانی تەندروستی و پزیشكی
٢٨ زیلقەعدە ١٣٠٧
٣ تەمموز ١٣٠٦


لەم مانگەدا، لە هەولێر ١٢ تووشبوو و ١٢ مردوو هەبووە، ئەم هێڵ و خاڵانەی لە موسڵ و شارۆچكەی نوسەیبیندا هەیە، هیچ گومانێك دەرنەكەوتووە، بۆیە ئەوانەی نوسەیبین بۆ ئەم ناوچەیە گوازراوەتەوە، كە ٣ كاتژمێر دوورن، بۆ جێبەجێ كردنی هێڵی پاراستن، كاری دابینكردن و ڕێكخستن و بەرەوپێشوەچوونی بۆ كراوە، لە جەزیرە زانیاری هاتووە، دیاربەكر و قەرەكۆپری بەم هێڵە بەستراوەتەوە، ئەم ماوەیەی كە سەربازە سوارەكان بۆیان دانرابوو، تەواو بووە و هەر ئێستا نیوەی ڕەوانی ئەم خاڵانە بكرێت، كە پێویست دەكات بەكار بهێنرێن، بۆیە بهێنرێنە دیاربەكر و لە ژێر موشیری قۆماندانیەتی لەشكری چوارەمی هومایۆن بن، هەروەها بۆ نزیكترین خاڵی دیاربەكر، فەرمانگەی لەشكری هومایۆنی ناوهاتوو، داوای ٣ سەربازی پزیشكی و ٢ دەرمانسازی كردووە، بەڵام تا ئێستا نەنێردراوە، بۆیە دووبارە لە ژێر موشیرەتی ناوهاتوو پێداچوونەوەی بۆ كراوە، لە ویلایەتی دیاربەكر ئەم پزیشك و دەرمانسازانەی ناویان هاتووە، لەگەڵ سەربازی سوارەی شاهانە بنێردرێت، بە دڵنیاییەوە ئەمرۆ واڵای سەر عەسكەر ئاگادار دەكرێتەوە.

DH.MKT	01743.00118	2 زیلحیجه 1307 (٢٠ تەمموز ١٨٩٠)

لـە بـاش کیتابەتـی هومایـۆن بـۆ نەزارەتـی تەندروسـتی جەلیلـە و نەزارەتـی پزیشـکی
٢ زیلحیجه ١٣٠٧
٧ تەمموز ١٣٠٦
لـە ٢ تەممـوز، لـە نـاو ماردیـن ٧ تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، هەروەهـا بـەم دەردە ٥ تووشـبوو و ١ مـردوو هەبـووە، لـە جەزیـرە و دیاربەکریـش تووشـبوو و مـردوو نەبـووە، لـە ٣ تەمموز، لـە هەولێر ٣ تووشـبوو و لە نەخۆشـە کۆنەکانیـش ٢ مـردوو هەبـووە، لـە قـەزای عەقـرە جۆرێـك نەخۆشـی دەرکەوتـووە، بەم نەخۆشـیە لـە ١٠ کـەس ٤یـان مـردوون، نیشـانەی نەخۆشـیەکەش بـە رشـانەوە و سـگ چـوون دەسـت پێـدەکات، بـە ویلایەتـی موسـڵ راگەیەنـدراوە، دەبـێ بـە پەلە پزیشـك بنێردرێت، لـە قەزای ئـاردە، لە ٢١ تـا کۆتایی مانگی حوزەیـران، ١٠ تووشـبوو و ٥ مـردوو، هەروەهـا تـا ٥ی تەممووزیـش ١ تووشـبوو هەبـووە، بـۆ کەمکردنـەوەی ئـەم نەخۆشـییە و ئـەم عەشـیرەتانەی تووشـی ئـەم نەخۆشـییە بوون، لـە ناوچـەکان هێڵی پاراسـتن دابنرێت، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی تەبلیس نەزارەتـی تەندروسـتی و پزیشـکی ئـاگادار کراوەتـەوە، ئـەم پزیشـکەی بـۆ عەقـرە دەنێردرێـت، بـە گوێـرەی ئـەم زانیاریانـەی وەردەگیرێـت ئامادەکاری تەندروسـتی و پاراسـتن بکرێت، دیسـان لـە ویلایەتـی موسـڵ بـۆ پاراسـتن و چاودێـری ئـاگاداری کاریگـەر و دڵنیاکـەرەوە رابگەیەندرێـت، بـە ووریـای و ووردی کار بکرێـت، لـە ویلایەتـەکان نەخۆشـیەکە لـە ئاسـتێکی بـەرز دایـە، بـە شـێوەیەکی راسـتەقینەوە دەسـت بـە کار بکرێـت، لـە بـارەی ئامـادەکاری تەندروسـتی و یەدەگـەوە بە پێـی فەرموودەی سـەروو، دەسـت بـە کار کـراوە، لـە بـارەی نەهێشـتنی ئـەم نەخۆشـییە و رێگەگرتـن لـە بڵاوبوونـەوەی بـە ئەزمـوون کار کـراوە، ووتـەی حکوومـەت بـۆ جەنابـی پاشـای ویلایەتی تەبلیس وەکو خۆی، ووشـە بە ووشـە راگەیەنـدراوە، لەگـەڵ ئەمـەش بـە نـووسراو راگەیەنـدراوە، ئاخـۆ پێویسـتیان بە پزیشـك و دەرمانسـاز هەیە یاخـود نـا؟، هەروەهـا لـە ویلایەتـی موسـڵ داواکاری داواکراوە و لـە کۆتاییـش داواکاریەکە دراوەتـە بازرگانی پزیشـکی، ئەمـەش بـە رێگەی پۆسـتە نێـردراوە، هەر ئێسـتا نەزارەتی پۆسـتە ناردوویەتی، بـە گوێرەی بنکەی تەندروسـتی زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی پزیشـکی، بریـار و فەرمـان بۆ ئەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.


تەندروستی و پزیشکی
زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی پزیشـکی و تەندروسـتی.






DH.MKT	01748.00063	20 زیلحیجە 1307 (٧ ئۆغستۆس ١٨٩٠)

لەلایەن هومایۆنەوە بۆ باش کیتابەت و نەزارەتی تەندروستی
٢٠ زیلحیجە ١٣٠٧
٢٥ تەمموز ١٣٠٦
لە ١٦ تا ٢١ی ئەم مانگەدا، لە عەقرە ٣٦ مردوو هەبووە، هەروەها لە ٢٣ی ئەم مانگەدا، لە ماردین ١ تووشبوو هەبووە، ئەویش مردووە، لە دیاربەکریش، لە ١٨ تا ٢٣، لە گوندەکانی قەزای ئاردا لە تووشبووان ٦ی مردووە، بۆ چاودێری کردنی ئەوانی تر، پزیشکی سەربازی شوکری ئەفەندی نێردراوە، بۆ رێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە و بنبرکردنی، لەلایەن موتەسەرفەوە رەزامەندی دراوە فەرمانبەرێکی تەندروستی لەگەڵ ٢ پاسەوان بنێردرێت، لە سەر دابینکردنی مووچەکانیان، بە تەلەگراف ویلاتەکانیان ئاگادار کراوەتەوە، لە سەر مووچەی فەرمانبەرە پاسەوانەکانیش، دوێنێ نووسراوی رەزامەندی لەلایەن سەدارەتپەناهی هاتووە، ئەمرۆش هەواڵ دراوەتە نەزارەتی تەندروستی.






Y.PRK.UM	00023.00029	20 رەبیعی یەکەم 1308 (٣ تشرینی دووەم ١٨٩٠)

شیفرەی هاتووی ویلایەتی موسڵ
ئـاوا گـوێ بیسـت بـووم لـە ٢١ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦، سـەید عومـەر ئەفەنـدی و حەسـەن ئەفەنـدی بـۆ وەرگرتنـی زانسـت چوونەتـە بانـە، بـە پێـی ئـەم ئاگادارییـەی شـێخ سـەعید ئەفەنـدی داویەتـی، ناوبـراوان هێنراونەتـەوە و مـاوەی یـەك مانگـە هاتوونەتـە هەولێـر، خەریکـی وەرگرتنـی زانسـتن، لەگـەڵ ئەمـەش بـۆ فەرمانـی سـەروو پێشکەشـم کـردووە فەرمـان، لـە ٢٢ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦.
تاهیر والی موسڵ


جگە لەمە
بـە فەرمانـی سـەروو، لـە ٩ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦، زەوی خەیـلان بـە ٨٥ قـوروش لەگـەڵ شـوێنگرەوە (بـدل) بـۆ داواکـراو نێـردراوە، لەگـەڵ ئـاگاداری شـارەزوور راگەیەنـدراوە.
تاهیر

شیفرەی هاتووی ویلایەتی موسڵ
بە فەرمانی سـەروو، کـە لـە ١٥ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦ هاتـووە، فەیـز ئەفەندی لـە کۆتایی ئەیلوولـی ١٣٠٣ کۆچـی دوایـی کـردووە، مووچەکـەی ٥٠٠ قـوروش بـووە، تـا مێـژووی سـەروو دابیـن کـراوە، بـە گفتوگـۆ لەگـەڵ ویلایەتـی بەغـداد زانـراوە، لـە شـوێن خـۆی داوای زانیـاری کـراوە، لـە ٢٢ تشرینـی یەکـەم ١٣٠٦.
تاهیر والی ویلایەتی موسڵ




DH.ŞFR	00145.00079	28 موحەررەم 1308 (١٣ ئەیلوول ١٨٩٠)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
باڵیۆزەکەی دەوڵەتی ئینگلتەرا لە وان چۆتە هەولێر، ڕۆژی رابردووش هاتۆتە بەتلیس، دوو شەو لەوێ ماوەتەوە، دواتر بۆ چوونە موش و ئەرزروم جولەی کردووە، ناوبراو ئەم ماوەیە، لەم دەورووبەرە هاتووچۆی کردووە و لێرە ماوەتەوە، ئەوەی جێگای سەرنج راکێشان بووە، هەندێک ئەرمەنی بینیوە و قسەی کردووە، بۆیە پێویست دەکات بە وریایەوە چاودێری بکرێت............




DH.ŞFR	00149.00057	12 رەمەزان 1308 (٢١ نیسان ١٨٩١)

بۆ نەزارەتی جەلیلە
لە کۆتایی ئەم مانگەدا، ئەم مەفرەزە سوارەیەی چوار ڕۆژ پێش ئێستا بە هەولێر تێپەڕیوە، بۆتە هۆی ئەوەی لە نێو خەڵکەکەدا دەمەقاڵێ دروست بێت، لە ئەنجامدا ئافرەتێک و منداڵێک مردووە، چەند پیاوێکیش بریندار بووە، بۆ ئەوەی ئەم دەمەقاڵێیە فراوانتر نەبێت، مولازمی سوارە لەگەڵ قوماندانی پاشا لە گفتوگۆکردنن و بۆ لێکۆڵینەوەش دەستەی جیاواز لە شارەزوورەوە هاتووە، هەروەها ئەوانەی دەستگیر کراون، لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، هیواداریـن ببێتە دەروازەیەك بۆ سەقامگیری ئاسایش، بە گوێرەی وەڵامەکان و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، دەست بە جێبەجێ کردنی کارەکان دەکرێت، لە ٩ نیسان ١٣٠٧.
تاهیر والی موسڵ
٩ نیسان ١٣٠٧



دائرۀ امور صحیه
تحریرات اوطه‌سی
عدد
صحیه ژورنالی

12 سەفەر 1309 (١٧ ئەیلوول ١٨٩١)	00004.00050	Y.PRK.DH

فەرمانگەی کاروباری تەندروستی
ژووری نووسین
ژورنالی تەندروستی
لە ٤ ئەیلوول ١٣٠٧، لە بارەی نەخۆشی کۆلێرا، تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لە ٤ی ئەم مانگەدا، لە ناو حەلەب ٤ کەس، لە ٣ی ئەم مانگەدا، لە جەزیرە ٣ کەس، لە ٣١ی ئۆغستۆس تا ٣ی ئەیلوول، لە گوندی کیتابلك سەر بە عەنتاب ٦ کەس، هەروەها مانگی ناوبراو لە ٢٨ تا ٣ی ئەیلوول، لە گوندی هەولێر ١٣ کەس مردووە، ئەم ئاگادارییە هاتووە، لە ٥ ئەیلوول ١٣٠٧.
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کارگێری کاروباری تەندروستی



Y.PRK.UM	00020.00003	11 جەمادی یەکەم 1309 (١٣ کانوونی یەکەم ١٨٩١)
شیفرەی موتەسەرفی شارەزوور بە کۆی مامەڵەکان و بە بیرۆکەی بەهێزکردنی ئەفەندمان هیچ کاتێك کەمتەرخەمی نەکردووە، لە هەموو کاتێك زیاتر هەولی خۆی دەدات، بۆ سەرکەوتنی سەروو ئامادەیە و دۆست و هاوکارە، هەروەها سوێند بە تەمەنتان کەمتەرخەمی نەکردووە، کەچی بەم دواییە بۆ مەرکەزی ویلایەت بانگکراوە، جگە لەمە قائیمقامی هەولێر لە تائیفەی کورد لە شوێن من دادەمەزرێت، هەر خۆشی بە وەکالەتی موتەسەرفی سلێمانی نێردراوە، کارەکە بە شێوەیەکی فەرمی و نا فەرمی پێشکەش کراوە و هەواڵ نێردراوە، بۆ پاراستنی بەندەکانی خۆی بێ بەش نەکردووە و لە قوماندانیەتی فرقەدا ئەفەندمان لە خزمەتی بەندەکانمان دایە، بەرامبەر بە دەوڵەت هیچ هەڵەیەك ناکات، بۆیە ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت و لە قوماندانیەتی ناوبراو دەرکەوێت لە رووی کارگێریەوە کەموکوریم نییە، دوورخستنەوەم ناهەقیە و گوناحە ستەم لێکراوی بەندەتان بکەوێتە مەیدانەوە، بۆیە داهاتێکم بۆ ببڕێتەوە، بیرۆکەکان راست بکرێتەوە و مامەڵەی باش جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیایەوە بە ئاگادارکردنەوەی والی ناوبراو دەبێت و رێزی لێ دەگرم، فەرمان لە ١ کانوونی یەکەم ١٣٠٦. محەمەد مەهدی موتەسەرفی شارەزوور		




DH. MKT	00031.00008	23 شەوال 1310 (١٠ مایس١٨٩٣)

- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی گەورە
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٩٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

لە ناو خاکی ئێران و دەورووبەری گرژیەك دروست بووە، بۆ ئەوەی نەگاتە لای سنوورەکانی ئێمە، مەفرەزەیەك لە سەربازی شاهانە، وەکو یەدەگ بۆ سەر سنوور بنێردرێت، ئەم تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، لە مێژووی ٢٥ نیسان ١٣٠٩ ژمارە ٤١٠٠، لەلایەن دەوڵەت خوێندراوەتەوە، لە سەر ناردنی یەکەم تەلەگرافنامە، لە ویلایەتی ناوبراو لەشکری شەشەمی همایۆن و سەر عەسکەر ئاگادار کراوەتەوە، ٢٣ شەوال ١٣١٠ و ٢٨ نیسان ١٣٠٩.
سەدری ئەعزەم و یارمەتیدەرەکەی

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

بانە کە لەگەڵ هەولێر سنوورە، لە نێوان بەگزادەکان ئاژاوە و رووبەرووبوونەوە روویداوە، محەمەد خان کوڕی یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی سووك کردنی دادوەری بانە، لەگەڵ برادەر و بەگزادە و خەڵکەکە رێککەوتوون و زۆرێك لە تفەنگچی و خائین هەموویان کۆبوونەتەوە، بەڵام بەرگری کەرەکان لە خانەی فەتاح بە تۆپ لێیان داون و بۆتە هۆی ئەوەی رووبەڕوونەوە و شەڕ رووبدات، سەرەتا لە موتەسەرفی سلێمانی تەلەگرافنامە وەرگیراوە، لەبەر پاراستنی سنوور و گرنگی بابەتەکە، پێویستە ویلایەت رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، هەروەها پێویستە رێگە بە هیچ کەسێك نەدرێت تێکەڵی ئەم کارە ببێت، بۆ ئەم مەبەستە مەفرەزە نێردراوەتە سنوور، بە پێی ئەم تەلەگرافنامەیەی لە موتەسەرفی سلێمانی وەرگیراوە، لە عەشیرەتی جاف، فرقەی روغزاری بۆ یارمەتی دانی بەگزادەکانی بانە دەرۆن، موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراویش خۆیان بەرەو سنوور دەرۆن، بۆ ئەوەی دڵنیا بنەوە، کە هیچ تاکێك بەشداری لەم شەڕە ناکات و پێ درێژی ناکەن، لەم دەورووبەرەش فەرمان دراوە وەکو یەدەگ مەفرەزەیەک لە ژێر سەرپەرشتی لەشکری شەشەمی همایۆن روو بکاتە ناوچەکە، ٢٢ نیسان ١٣٠٩.


باب عالی

دائرۀ امور داخلیه

مکتوبی قلمی

عدد


موصل ولایتندن داخلیه نظارت جلیله‌سنه مبعوث تلغرافنامه صورتی


ŞD	00120.00001	4 جەمادی یەکەم 1309 (٦ کانوونی یەکەم ١٨٩١)


- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٢٨
لە سەدارەت بۆ جەنابی موشیخەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان، خۆراکی نییە، بەم دواییە ١٠٠٠ سەرمەڕی بۆ خۆراکی تەکیەی ناوبراو وەقف کردووە و تۆماری کردووە، ئەمەش پێداویستی دەروێشەکانی پێ دابین دەکات، بۆ ئەم سەر مەڕانەش لەلایەن پۆست نشینی تەکیەکە، لە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی جەلیلە داوای خۆراکی کردووە نووسراویش حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە بارەی ئاژەڵەکانەوە ئەم جۆرە کەم و زیادەیە ئاساییە، لە بارەی مەسەلەی شەرعی وەقفی ئاژەڵەکانیش، لە لایەن سەدارەتەوە پرسیار لە فەتواپەناهی کراوە و ووتە و نووسراوی فەرمانگەی ناوهاتوو دەرچووە، لە هەر حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٧.
بریکاری سەرۆك شورای دەوڵەت


بۆ جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەگەڵ نووسراوی دەستوور، هاوپێچ حەواڵەی فەتواخانە کراوە، وەقف کردنی سەرمەڕەکان راست و دروستە، لە وەڵامدا نووسراو کراوە و هاوپێچی ناوهاتوو بۆ سەروو نێردراوەتەوە، بە نووسراوی هاوپێچ، پەلە کراوە لە جێبەجێ کردنی، لە ٣ شەعبان ١٣٠٩ و ١٩ شوبات ١٣٠٧.
محەمەد جەمالەددین شێخی ئیسلام


- شورای دەوڵەت
فەرمانگەی ناوەخۆ
ژمارە ٢١٢
بۆ نەزارەتی دارایی پایەبەرز
لە هەولێر تەکیەی فاتیمە خان خۆراکی نییە، بەم دواییە ١٠٠٠ سەرمەڕ بۆ خۆراکی تەکیەی ناوهاتوو وەقف و تۆمار کراوە، ئەمەش پێداویستی دەروێشەکانی پێ دابین دەکرێت، بەڵام داواکراوە هەموو ساڵ ٣٠٠٠ قوروش بۆ خۆراکی سەرمەڕەکان دابین بکرێت، لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە، رووبەرووی کێشە بوونەتەوە، چونکە ناوبراو لە رسومی باسکراو بەخشراوە، لەلایەن پۆست نشینی تەکیەکە داواکراوە برێکی باش خۆراك بۆ تەکیەی ناوهاتوو دابین بکرێت، هەروەها تەکیەی ناوهاتوو داهاتی بۆ سەرمەڕەکان نییە، لەگەڵ ئەوەی کە باسکراوە، لە خۆشبوونی رسوماتی سەرمەڕەکان، خەزینەی دارایی جەلیلە یاخود وەکو ئاوقافی پایەبەرز لە نەزارەتی ئاوقافی هومایۆن داواکراوە، لە داهاتی ئاوقافی شەریفە برێکی گونجاو خۆراك دابین بکرێت، لەوێشەوە بە نووسراو حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی ناوەخۆش خوێندنەوەی بۆ کراوە، دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە کارە، ئەم یاسا میریانەی پەیوەستە بە ئاژەڵە وەقفکراوەکان، لە خەزینە مامەڵەی بۆ نەکراوە، دوای ئەوەی پرسیار لەلایەنی سەروو کراوە، لە فەرمانگەی ناوهاتوو ووتە و نووسراوی ناوهاتوو دووبارە نێردراوەتەوە، لە هەر حاڵەتێکدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٤ جەمادی یەکەم ١٣٠٩ و ٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٩.
بریکاری سەرۆکی شورای دەوڵەت















3 ڕەبیعی کۆتایی 1309 (٦ تشرینی دووەم ١٨٩١)	00151.00110	DH.ŞFR

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە بەرەبەیان بەندەتان بۆ ئێرە هاتووە، لایەنی کارگێری ویلایەت زیاد لە خۆی شپرزەیی تێکەوتووە، سانجەقی سلێمانی لە سەر سنووری ئێرانە و عەشیرەتی جۆراوجۆری تێدا کۆبۆتەوە، بۆ ئەوەی لەلایەنی ئاسایشەوە ئامادەکارییەکی باش بکرێت، پێویستی بە موتەسەرفێکی بە توانایە، موتەسەرفی ئەوێ چۆتە دەرسەعادەت و بە نیازە جارێکی تر نەگەڕێتەوە، ئێستا بە وەکالەت میری لیوا ئیسماعیل پاشا لە شوێنەکەیەتی، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ناگونجێت، هەرچی زووە موتەسەرفێك هەڵبژێردرێت و بنێردرێت، کە کارەکان بە رێکی بەرێوە ببات و لە بەرامبەر بارودۆخی عەشیرەتەکان بوەستێت، ئەم موتەسەرفەی کە لە دەرسەعادەت دێت، لە بەرێوەبردنی کاروبار وەکو ئەوانی تر سەرکەوتوو نابێت، بۆ ئەوەی بە پەلە بە هانایەوە بێن، قائیمقامێك هەڵبژێردرێت کە لە قائیمقامیەتەکان خزمەتی رابردووی هەبێت و لە خو و هەڵسوکەوتی عەشیرەتەکان شارەزا بێت، لەمانەش عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی هەولێر، لە رووی کاروباری کارگێرییەوە سەرکەوتوو بووە، بۆیە بە پەلە بنێردرێتە موتەسەرفیەتی سلێمانی و دامەزرێت، لەبەر گرنگی قەزای هەولێریش، ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی زاخۆ بگوازرێتەوە، کە لە کارەکانی سەرکەوتوو بووە، بە فەرمانی پاشا بە تەلەگراف راگەیەندراوە، لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣٠٧.
کەمال والی موسڵ









DH.ŞFR	00154.00042	16 رەمەزان 1309 (١٤ نیسان ١٨٩٢)


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

١٤ مارت ١٣٠٨، بە گوێرەی زانیاری دەستیان لە مەسەلەی کچێك، هەبووە، لە لایەنگرانی دەوڵەتی پایەرز بە نییەت باشی، هەندێك کەسیان لە ساوچبولاق دەرهێناوە. بە فەرمانی پاشا عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی هەولێر لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی دانیشتووی کۆی سانجەق چوونەتە ساوچبولاق، لایەنگرانی ناوبراو هەر لە کۆنەوە لەوێ نیشتەجێ بوونە و بۆتە مولك، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی ئەوێ رێککەوتوون، دوای روودانی بابەتی کچەکە، وەکو ئەوە وایە بەرامبەر بە هەڵوێستی حکوومەتی ئیرانی وەستابن، بۆیە لەگەڵ خەڵکی ساوچبولاق رێککەوتنیان کردووە، لەم حاڵەتە حکوومەتی ناوەخۆ بە تەواوەتی بێزار بووە، بۆ ئەوەی ئەوانە بە ئاسانی لەوێ دەربهێنرێت، لەلایەن حکوومەتی ناوبراو راگەیەندراوە، بۆ ئەم جۆرە کارە سەرەڕۆیانە لێکۆڵینەوە کراوە، ٨٠ خانە پەیوەندییان پچراندووە، بۆیە بە ئاسانی بۆ مەمالیکی مەحروسەی شاهانە گوازراونەتەوە، تێروانینی حکوومەتی ئێران زۆر دژوار دەردەکەوێت، بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێکی ئاسان حاکمی ساوچبولاق بە حاکمی تەبریزی راگەیاندووە، ئەم مامەڵەیە لە نێوان دوو دەوڵەت ئەنجام دراوە و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، فەرمانبەرەکانیشی ئاگادار کردۆتەوە، پێش دوو رۆژ بەرپرسی ساوچبولاق کەمال ئەفەندی بۆ ئەوێ رۆیشتووە، ئەم تەلەگرافنامانەی لە مێژووی ٢٦ مارت ١٣٠٨ لە عەبدوڵڵا پاشا و حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی وەرگیراوە، راگەیەندراوە، جگە لەمەش جەنابی پاشا دەیەوێت ئەم کارە ئەنجامەکەی بە باشی کۆتایی پێ بێت، لە ٢ نیسان ١٣٠٨.

کەمال والی موسڵ

DH	01298.000022	20 رەجەب 1309 (١٩ شوبات ١٨٩٢)

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٣٣
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هەرچەندە لە رووی زانستییەوە زۆر مەدرەسەی بەرز هەیە، بەڵام کە کاتی خۆی هات، دەتوانن پەیمانگایەکی زانستی بەرێوەببەن و لە رووی کارگێرییەوە توانای بەرێوەبردنیان هەیە، بەم دواییەش دەرماڵەیان بردراوە و پیشەی شێخایەتی بە سەر زاناکان زاڵ بووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ تاریکی و نەزانی، کە بەرۆکی گرتوون، ناوبراوان لە ئەرکەکانیان خەریکی بڵاوکردنەوەی زانستن و لە پیشەکەشیان بەردەوامن، هەر یەکەشیان بۆ وانەووتنەوە گەشتیان کردووە، بۆ وەرگرتنی زانست لە هەموو شوێنێك قوتابی هاتۆتە لایان، لەگەڵ ئەوەی هەژارن و بارودۆخیان خراپە، کەچی لە بەرێوەبردن، وەکو ئەندامێکی خێزانی خۆیان رەفتاریان لەگەڵ قوتابیەکان کردووە، لە سانجەقەکانی شارەزوور و سلێمانی سەر بە ویلایەتی موسڵ، کوچوك ئاغازادە حاجی عومەر ئەفەندی هەولێری و حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی دانیشتووی کۆی سانجەق، لەلایەن جەنابی پاشا بۆ هەر یەکە ١٠٠٠ قوروش مووچە براوەتەوە، لە سەر یارمەتیدانیشیان لەلایەن خەلافەتپەناهی بە شایەن زانراوە، فەرماننامەی نەزارەتپەناهی ژمارە ٣٢ مێژووی ١ حوزەیران ١٣٠٧ فەرمان و جێبەجێ کردنی دەرکراوە، لە هەموو لایەکی کوردستان کاریگەری باش بەدەست هاتووە، بە شێوەیەکی گشتیش بۆ داوای خێروخێرات جەنابی پاشا جێبەجێی دەکات، بەڵام بەداخەوە ناوبراوان حاجی عومەر ئەفەندی هەولێری بەم دواییە ئەجەلی هات و کۆچی دوایی کرد، وای لێهات لە مەدرەسەکەی ٥٣ قوتابی خوێندن بەجێ بهێڵن، لەم قوتابیانەی کە گەیشتوونەتە دەرچوون ٣٠ قوتابین، کە لەم ساڵە لە دوای مانگی رەمەزانی شەریفە دەردەچوون و مۆڵەتیان پێ دەدرا، یەکێك لەمانەش کوڕەکەی ناوبراو بوو، بە ناوی ئەبوبەکر ئەفەندی، ئەویش وەکو باوکی لە گەشتی وانەووتنەوە بەردەوام دەبێ، بۆیە ئەم ١٠٠ قوروش مووچەیەی، کە لە حاجی عومەر ئەفەندی ماوەتەوە، بۆ ئەبوبەکر ئەفەندی دابین بکرێت، لەم داواکارییەی پێشکەش کراوە، بە پێی تێروانین لە لێکۆڵینەوەی ویلایەت، عومەر ئەفەندی ماوەیەکی زۆر خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست بووە، خزمەتی نیشتیمانە پیرۆزەکەی خۆی کردووە، هەروەك چۆن یەکێك بووە لە خانەدانەکانی زانست و زانیاری، لە شوێن ئەویش ئەبوبەکر ئەفەندی کوری، لەم خزمەتە و لە پاراستنی ئەم زانست و زانیاریە بەردەوام دەبێت، دەوڵەت سوودی لێ وەردەگرێت، ئەگەر مووچەی دیاریکراویش لە کاتی خۆی نەبەسترێت، دەبێتە حاڵەتی هەژاری و تەنگژە و کاریگەری بەسەر پەرشوبڵاوبوونەوەی قوتابیانی مەدرەسەی ناوبراویش دەبێت، لە سنووری ئێران لە دەورووبەری کوردستانیش قوتابی تێدا دادەبرێت، گومانی تێدا نییە خەلافەتپەناهیش لە رووی زانستەوە نارەزایی دەرنابرێت، هەروەها ئەبوبەکر ئەفەندی لە رووی کارگێرییەوە دەتوانێت مەدرەسەی ناوهاتوو بەرێوە ببات، بە ماوەیەکی کەمیش وەکو باوکی لێهاتوویی بەدەست دەهێنێت، ئەم مووچەیەش کە بۆی دابین دەکرێت، بۆ هەموو لایەك سوودی زۆری دەبێت، مووچەی دیاریکراوی حاجی عومەر ئەفەندی لە مێژووی مردنیەوە، کە دەکاتە ٤ کانوونی یەکەم ١٣٠٧، بۆ کوڕەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە نەزارەتپەناهی رەزامەندی دراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ رەجەب ١٣٠٩ و ٦ شوبات ١٣٠٧.
والی موسڵ



داخلیه نظارت جلیله سنه

موصل ولایتی
مکتوبی قلمی
عدد
۱۴۴


اعضا اعضا اعضا اعضا اعضا اعضا اعضا


موصل والیسی

I.DH 1298/1310.Ra/22
22

11 رەجەب 1309 (١٠ شوبات ١٨٩٢)	01916.00057	DH.MKT

بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغداد
١١ رەجەب ١٣٠٩
٢٩ کانوونی دووەم ١٣٠٧
خێزانێکی هەمەوەندی هەڵگرتووە لە موسڵەوە بەرەو هەولێر بەرێکەوتووە، ئەم مەفرەزەیەی کە لە ژێر پاراستنی عیززەت بەگ بووە، کاتێک گەیشتوونەتە هەولێر، بەشێکی هێرشیان کردۆتە سەر بازار، دوای ئەوەی بوێری ئەوەیان کردووە، خەڵك بکوژن و بریندار بکەن، کەلوپەلیشیان تاڵان کردووە، دواتر بۆ ئەم خانەیە کشاونەتەوە کە تێدا دەمێننەوە، ئەم شوێنەی هێرشیان بۆ بردووە، بە فیشەکی تفەنگەکانیان ٩ کەسیان بریندار کردووە و ٦ کەسیشیان کوشتووە، هەروەها لە کاتی گەرانەوەیان لە دەرەوەی شارۆچکەکە ٥ کەسیان بریندار کردووە و ٥ کەسی تریشیان کوشتووە، ئەم ئافرەتانەی خەریکی جل شووشتن بوونە، کەلوپەلی ئەم ئافرەتانەیان بردووە و گوێچکەی یەکێکیشیان بڕیوە و گوارەکەیان بردووە، بە فەرمانی پاشا، بۆ لێکۆڵینەوە لەم کارە، تەوفیق پاشا قوماندانی فرقەی یانزەهەم دەست نیشان کراوە و بە پێی ئەم نووسراوەی کە ناردوویەتی، ئەم مەسەلەیە هیچ راستییەکی تێدا نییە و بە پێچەوانەوە بە هاندان و جولەی ساڵح کوڕی مەلا حەوێز و ئەسعەد زادە محەمەد ساڵح و حاجی جوامێر لەگەڵ یوسف فەرمانبەری مەروماڵات و تەقیەددین فەرمانبەری ئەنباری پێشوو، هەروەها مەعروف ئەفەندی زادە لەگەڵ عومەر ئەفەندی، خەڵکەکە هێرشیان کردۆتە سەر سەربازی شاهانە، هەروەها راستی ئەم کارە ئەوەیە، کەسانێك هەن بوختان بە سەربازەکان دەکەن و فیشەك دەگرنە حاجی ئەحمەد ئاغا سەرۆکی شارەوانی هەولێر و ئەم سەربازانەی لە خانەکەی ئەو بوونیان هەیە، لە بارەی دادوەری لێپرسینەوەی (مستنطق) پێشوو عەلی ئەفەندی سزا دراوە، لەمانە یوسف ئەفەندی و تەقیەددین ئەفەندی لەگەڵ حاجی جوامێر هەروەها هەڵاتوو محەمەد ساڵح و میوە و ساڵح کوڕی مەلا حەوێز لە موسڵ دەستگیرکراون، بەڵام بە داخەوە ئەمجارە سەرباز لەم کارە دەستیان هەیە، بۆ سزادانی تاوانبارانیش عیززەت بەگ لە بەغداد، لە ژێر سەرۆکایەتی ئەدهەم پاشا لەگەڵ ئەرکانی جەنگ میری لیوا مستەفا و لیوای رەدیف مستەفا لەگەڵ میری ئالای قەدری و عیززەت و عەبدولرەحمان و تۆفیق بەگ بە یەکەوە یەك دیوانی جەنگیان پێك هێناوە، ئەم دیوانەش لە فەرمانبەری خزمەت و فەرمانبەری ئەندامی دادگا ئامادە کراوە، لە سەر فەرمانی پاشا، بە نووسراو والای سەر عەسکەر ئاگادار کراوەتەوە، لە ویلایەتی موسڵیش نووسراوەتەوە، بریار و فەرمانی هومایۆن بۆ جێبەجێ کردن.





OSMANLI ARŞİVİ
BEO
57 | 4256

BEO	000057.004256	**2 سەفەر 1310 (٢٦ ئۆغستۆس ١٨٩٢)**


٢ سەفەر ١٣١٠
١٢ ئۆغستۆس ١٣٠٨
نەزارەتی دادوەری


بەهـۆی نەگبەتـی بەردەوامـی هەندێـك بکـوژ و درنـدە، سـزای زینـدان بەسـەریان سـەپێنراوە، بـەڵام ئەمە بۆ ئاسایشـی ناوچەکـە بـەس نییـە، بۆ ئـەوەی ببێتـە عیبرەتێکی کارێگـەر و سـەرباز هەیبەتی بەسـەر خەڵکەوە دەرکەوێت، ئەوانەی لە دادگای دادوەری سـزای لە سـێدارەدانیان بۆ دەرچووە، پێویسـتە چەند کەسێکیان لە سـێدارەدانیان جێبەجـێ بکرێـت، هەواڵـی جێبەجـێ کردنی لەلایـەن فەریق عومـەر وەهبی پاشـا قوماندانی هێـزی چاکسـازی بـۆ لایەنی سـەر عەسـکەری واڵا ناردووە، جێبەجێ کردنی سـزای لە سـێدارەدان، لـە دادگای پێداچوونـەوە پشـت راسـت کراوەتـەوە، کارەکـەش لـە سـەر مۆڵەتی فەرمانی پاشـا وەسـتاوە، ئەوانەی سـزای لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەرچـووە، لـە بارەیانـەوە چەنـد زانیاری پێویسـت بـووە، ئایا سـەر بەم عەشـیرەتەن؟، چەنـد کەسـن؟، خواردنیـان چییـە؟، ئـەم زانیاریانـە راگەیەنـدراوە، بـۆ ئەنجامەکەشـی بـە ئـاگادار کردنـەوە قوماندانـی ناوبـراو و بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئاگادارییەکـەش، بـە بڕیـاری وەکیلەکانـی ئەنجوومەنـی تایبـەت، نـووسراو بـۆ سـەر عەسـکەری ناوبـراو نێـردراوە، نـووسراوی مێـژووی ٢٨ موحـەررەم ١٣١٠ ژمارە ٦٥٠ سـزای لـە سـێدارەدان بـۆ چـوار کـەس دەرچـووە ئەوانیـش، لـە میللەتـی یەزیدی رەشـون ناسر، دانیشـتووی موسـڵ زەنـوب کـوڕی نوعـمان، هەروەهـا دانیشـتووی هەولێـر عەزیـز کـوڕی سـاڵح و دانیشـتووی سـیواس محەمەد کـوڕی قەبوڵـی، لـە سـێدارەدانی ئەمانـە لـە دادگای سـزای موسـڵ، چـوار پارچـە نـووسراو، بـە مەبەسـتی ووردبینـی بـۆ دادگای پێداچوونـەوە نێـردراوە، لـە سـەر ئـاگاداری قوماندانـی ناوبـراو لێکۆڵینـەوە بکرێـت.



Y.MTV	00068.00019	5 ڕەبیعی یەکەم 1310 (٢٧ ئەیلوول ١٨٩٢)


پلەوپایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی تۆمار
تایبەت
ئـەم تابورانـەی لەشـکری چوارەمـی کەرکـووك، کـە لـە دیاربەکـرن و تووشـی لاوازی بوونـە، چونکـە لـەم وولاتـە گەرمانـە، بەهـۆی جموجۆڵیـان نەخـۆش کەوتـوون، بـۆ بەرگـری کـردن لـەم هێزانـە، ئـەم تابورانـە جولەیـان وەسـتێنراوە، هـەر خـۆی ئەمانـە هێـزی چاکسـازین، ئەگـەر لـەلای ئێمـە کاریـان پـێ بکرێـت، ئەوا لـە کاتـی خۆیـدا بـە پێـی پێویسـت ڕاسـتەوخۆ جولـە بکـەن، لـە یەکـەم و دوا تەلەگرافنانـەی هێـزی چاکسـازی، کـە لـە ژێـر چاودێـری قوماندانـەوە وەرگیـراوە، تابـورە ناوهاتـووەکان لـە دیاربەکـر تووشـی نەخۆشـی ئەنفلەوەنـزا بوونـە، بۆیـە هاتوونەتـە موسـڵ و بـە ناچـاری لـە خێمەکانـی قشـلە نیشـتەجێ بوونـە، هەروەهـا لـەم کاتـەی ڕەوانـی کەرکـووك کـراون، گەرمایەکـەی زۆر بـەرز بـووە و کەشـوهەواکە نەگونجـاو بـووە، بۆیـە نەخۆشـیەکەیان زیاتـر پـەرەی سـەندووە، بـەم حاڵـەوە ناردنیـان بـۆ شـوێنێکی تـر و جولەیـان بـاش نییـە، چونکـە حاڵیـان زۆر لاوازە، دوای تـەواو بوونـی نۆژەنکردنـەوەی قشـلەی هومایۆنـی لـە موسـڵ و دابینکردنـی هەمـوو پێداویسـتییەکانی حەوانـەوە، ئـەم تابورانـەی ناویـان هاتـووە، یەکێکیـان بـۆ موسـڵ بـڕۆن، دوو تابوریـش بـۆ گوندەکانـی هەولێـر و ئـەوی تریشـیان لـە کـۆی سـانجەق نیشـتەجێ بکرێـن، بـە پێـی ئـەم زانیاریـە، ئەمجـارە ئـەم تەلەگرافنامەیـەی وەرگیـراوە، تابـورەکان نەخۆشـیەکەیان زیـادی کـردووە، بۆیـە گواسـتنەوەیان بـۆ ئـەم شـوێنانەی بۆیـان دیـاری کـراوە، قوماندانیەتـی فرقـەی ١٢ ئـاگادار کراوەتـەوە و نـووسراو ڕۆیشـتووە، لـە سـەر فەرمانـی سـەروو زانیـاری ڕاگەیەنـدراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣١٠ و ١٤ ئەیلـوول ١٣٠٨.
ڕزا سەر عەسکەر






17 شەوال 1310 (٤ مایس ١٨٩٣)	00158.00083	DH. ŞFR


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە رووبەرووبوونەوەی نێوان بەگزادەکانی دەورووبەری بانە، کە دەکەوێتە سنووری هەولێر، محەمەد خان کوری یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی سوك کردنی دادوەری بانە، بەگزادەکان لەگەڵ دانیشتووان رێککەوتوون، بە هاوکاری تفەنگچیەکی زۆر کۆبوونەتەوە و چوونەتە سەر خانەی فەتاح کە لە ژێر دەسەڵاتی بانە دایە، لە ئەنجام شەڕ لە نێوانیان روویداوە، بە پێی وەرگرتنی ئەم تەلەگرافنامەیەی، کە لە موتەسەرفی سلێمانی هاتووە، بەهۆی گرنگی مەسەلەکە و ئاسایشی ناوچەکە، پێویستە لە ویلایەت رێوشوێنی پێویست بگیرێتە بەر، لەلایەکی تر پێویستە رێگە نەدرێت هیچ تاکێك تێکەڵی ئەم کارە ببێت، بۆ پاراستنی سنووریش مەفرەزەی ناوچەکە، هەر ئێستا لەگەڵ موتەسەرفی سلێمانی ئامادە بن، بە پێی ئەم هەواڵەی بە تەلەگراف وەرگیراوە، فرقەی روغزاوی سەر بە عەشیرەتی جاف بۆ یارمەتی دانی بەگزادەکانی بانە دەرۆن، موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراو خودی خۆیان چوونەتە سەر سنوور، هەر چەند ئاگادار کراونەتەوە، کە هۆکار نەدرێتە دەستی هیچ تاکێك تا تێکەڵی ئەم کارە بێت، ئەم سەربازانەی لەم دەورووبەرە بوونیان هەیە، مەفرەزەیەك جێگیر بکرێت و بنێردرێتە سەر سنوور، بەمەش فەرمان بدرێتە لەشکری شەشەمی هومایۆن.
لە ٢٢ نیسان ١٣٠٩
عوسمان والی موسڵ



DH.ŞFR	00162.00045	15 شەوال 1310 (٢ مايس ١٨٩٣)

نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە پێی ئەم وەڵامەی لە سەدارەت وەرگیراوە لەگەڵ تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٩ راگەیەندراوە، بە رۆژی رووناك نوێنەرێکی موسیوی پروتستانتی ئەمەریکی چۆتە خێمەی مامۆستایەك کەلوپەلی دزیوە، قائیمقامی قەزای عەمادییەش کارەکانی بە خراپی بەرێوە بردووە، دواتریش وازی لە خزمەتەکەی هێناوە و بەجێی هێشتووە، بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی قائیمقامی هەولێر عەبدوڵڵا پاشا بە وەکالەت، لە شوێن قائیمقامی ناوبراو دانراوە، بریار لە سەر ناردنی دراوە، بۆ ئەوەی کارگێری بەرێوەبردنی قەزای ناوبراو جێگیر و باشتر بکرێت، هەروەها ئاسایشی ناوچەکە جێگیر بکرێت، جگە لەمە بۆ ئەوەی رووداوی موسیویەکە ئەنجامی هەبێت، پاشای ناوبراو وساڵح ئەفەندی ئەندامی دادگای سەرەتایی ئەرکی پێ سپێردراوە.
٢٠ نیسان ١٣٠٩





BEO	000197.014753	22 شەوال 1310 (٩ مایس ١٨٩٣)

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەیە کە لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە
لە سنووری هەولێر، لە یەکەم پێکدادانی بەگزادەکانی بانە، محەمەد خان کوڕی یونس خان کوژراوە، بە مەبەستی ئەنجام نەدانی دادگاییکردنەکە، برادەر و بەگزادەکان و خەڵکی ناوچەکە رێککەوتوون، لەگەڵ تفەنگچیەکی زۆر کۆبوونەتەوە، هێڤشیان کردۆتە سەر خانەی فەتاحی سەر بە دادگا لەگەڵ بەرگری کاران هەردوو لا بە تۆپ رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و شەڕ کراوە. ئەم تەلەگرافنامەیەی لە موتەسەرفی سلێمانی وەرگیراوە، لەبەر گرنگی سەر سنوور و ئامادەباشی، پێویستە لە ویلایەت ئامادەباشی بۆ بکرێت، سەرەتا رێگە نەدرێت هیچ تاکێك بەشداری ئەم رووداوە بکات، ئێستا تەلەگرافنامە لە موتەسەرفی سلێمانی و قائیمقامی گولعەنبەر وەرگیراوە، بە پێی ئەم تەلەگرافنامانە بۆ یارمەتی بەگزادەکان، فرقەی روغزاوی سەر بە عەشیرەتی جاف بەرەو بانە دەڕۆن، بۆیە موتەسەرف و قائیمقامی ناوبراو خۆیان روویان کردۆتە سەر سنوور، فەرمانیش دراوە، نابێ هیچ تاکێك تێکەڵی ئەم کارە بێت، بۆ پاراستنی سەر سنووریش، جگە لەم سەربازانەی لە ناوچەکەن بوونیان هەیە، وەکو یەدەگ مەفرەزەیەك بنێردرێتە سنوور و جێگیر بکرێت، فەرمان دراوەتە لەشکری شەشەمی هومایۆن، لە ٢٢ نیسان ١٣٠٩.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٢٢ شەوال ١٣١٠
لە دەورووبەری بانەی خاکی ئێران، ئاژاوەگێرەکان سەریان هەڵداوەتەوە، بۆ ئەوەی رێگە نەدەین بەرەو ناوچەکانی ئێمە بێن، مەفرەزەیەك لە سەربازی شاهانە، وەکو یەدەگ لەم ناوچەیە بۆ سەر سنوور بنێردرێت و جێگیر بکرێت، بە پێی ئەم تەلەگرافنامەیەی لە ویلایەتی موسڵ لەگەڵ نووسراوی مێژووی ٢٥ شوبات ١٣٠٨ ژمارە ٤٠١ خوێندراوەتەوە، لە ویلایەتی ناوهاتوودا، بۆ ئەم تەلەگرافنامەیەی کە یەکەم جار نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی، لە لەشکری شەشەمی هومایۆن نووسراو نێردراوەتە والای سەر عەسکەر.


Y.PRK.ZB	00013.00029	17 زیلحیجە 1311 (٢١ حوزەیران ١٨٩٤)


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەی تەلەگرافنامەیە
موسیو سیحان لەگەڵ نزیکەی ٢٠-٣٠ یەزیدی ئەم شوێنەی کە تێدا نیشتەجێن، لە (بیقدر) بوون، پێش ٢ ساڵ لە خۆیانەوە ئەم شوێنەیان وەرگرتۆتەوە و ئەم شوێنانەی کە بۆی رۆیشتووین خۆی نەیبینیون، ئێستا شێخ هادی بۆ موسڵمانەکان بۆتە قوتابخانە و نزیکەی ٢٠ قوتابی تێدایە، هەردەم ئەم موسیویە بیرۆکەکانی رادەگەیەنێ، کە لەگەڵ داخستنی ئەم قوتابخانانەیە، لەم حاڵە یەزیدیەکانیش زیاد لە پێویست سەرکێشن و وا بیر دەکەنەوە خاوەنی ئەم دەوروبەرە و شوێنە بن، بۆیە خۆیان بۆ ئەم رێگایە تەرخانکردووە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/عەبدولکەریم

- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەی تەلەگرافنامەیە
لە کاتی رۆیشتنمان بۆ سنجار، قائیمقام و قوماندانی سەربازی لەگەڵ دوو تابور سەربازی شاهانە لە پێشوازی موسیو دابوون، تا ئێستا ئەم لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراون، هەروەها لە ووتەکانی موسیو دەردەکەوێت، لە ماردین بووە، ئەم موسیویە بە هاوکاری پرۆتستانەکان وای لە موتەسەرفی پاشا گەیاندووە، کە خۆی لە شازادەکانی پروسیایە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە بە لایەنەکان راگەیەندراوە، خۆی کێیە، والی موسڵیش بەهەمان شێوە گوێ بیست بووە، کە لە هەمان شوێن هاتووە، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان / عەبدولکەریم


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەی تەلەگرافنامەیە
موسیو بۆ ئینگلتەرا سیخوری دەکات و زیاتر بەرگری لە روسیا دەکات، لەلای هەموو کەس ئاشکرایە و لە قسەکانی دەردەکەوێت، دوژمنی پیاوانی حکوومەتە، ناوبراو لە موسڵ رێز لە یەزیدیەکان دەگرێت و لەگەڵ جەنابی پاشاش دۆستایەتی هەیە، هەوڵی ئەوە دەدات خەڵك لە خۆی نزیك بکاتەوە، ئەم سنوور بەزاندنەی کە لەگەڵ ئێمە هەیەتی، هێشتا رێگەی پێ دراوە بە بیرۆکە و ناوی ئازادی و سەربەستی ئەم کارانە ئەنجام بدات، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/ عەبدولکەریم


- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەی تەلەگرافنامەیە
لەگەڵ هاتنی پاپا بۆ لای سیحانە و دوای گەرانەوەی، پاپاکەی یەزیدی میرزا و برادەری لەلایەن پاشاکەیانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە، لە بارەی سەربەخۆی یەزیدییەکانیش کارگێری روسیا، هاوکارە، راگەیەندراوە هێشتا لە تەمەنی ١٤ساڵی دایە، لە ئەسپ سواری پلە یەکە، داود بەگ ووتوویەتی (یەزیدی رەسەنزادە بۆ مەکتەبی سەربازی بنێرن، دەبێتە ئەرکانی جەنگی، روسیا ئاستی خۆی بەرز دەکاتەوە، ئەگەر لێرە بمێنێتەوە، چی روو دەدات؟، ئەوەتا ئەمە دراوەتە پاشا چی بووە؟، بۆچی بەکەڵکە؟، میرایەتی گەورەترە، ئێستا زیاتر بەهێز تر دەبن، هەم بە بوونەی ئەم منداڵە لێرە باڵیۆز دەنێردرێت، ئەمەش لە ژێر پاراستنی روسیا دەبێت، لە زوڵمیش رزگارتان دەبێت)، لە ٨ حوزەیران ١٣١٠.
عوسمان/ عەبدولکەریم







- نەزارەتی زەبتیە
لە هەولێرەوە
شیفرەی تەلەگرافنامەیە
راگەیەنـدراوە موسیو بـە نیـازی ئەوەیـە بەردێـك ببـات، ئـەم بـەردە لـە روانـدز ١٠ كاتژمێـر لـە سـنووری ئێـران و یـەك كاتژمێـر و نیویـش لـە كێلـە شـێن دووریەكەیەتـی، لـە گـردی كێلەشـینە و لـە شـوێنەواری ئاشـوریەكانە، هـەر لـە كۆنـەوە ئـەم بـەردە لـە سـنووری ئێـران بـووە، ئەگەرچـی زۆر لـە ئەوروپیـەكان بـۆ بردنـی ئـەم بـەردە هاتوونەتـە ناوچەكـە، بـەڵام كـوردەكان رێگەیـان پـێ نـەداون و لـە كۆپیەكردنـی سـەركەوتوو نەبوونـە، ئێسـتا ئـەم موسـیویە تەنیـا بـە كۆپـی كردنـی رازی نییـە، بەڵكـو حـەز دەكات لـەوێ بیگوازێتـەوە، دوو رۆژە بـە بەندەتـان دەڵێـت (بـۆ ئـەم بـەردە، مـن لەلایـەن شـاهانەوە ئەركـم پـێ سـپێردراوە، هەروەهـا ئێـوەش بـۆ هـاوكاری كردنـی مـن ئەركتـان پـێ سـپێردراوە، لـە بەرپرسـانی قائیمقامیەتـی هەولێر بپرسـن) هەمیشـە ئـەم ووتەیـە دووبـارە دەكاتـەوە و ماوەیەكە ئێمەی بـە هەڵكۆڵین سـەرقاڵ كـردووە، بـۆ هەڵگرتـن و گواسـتنەوەی بەردەكـەش، لەلایـەن حكوومەتـی خۆچێـی ئـاگاداری بـۆ ئێمـە نـاردووە، بـە گوێـرەی ئـەم پیلانـەی كـە رێكخـراوە، ئەمـرۆ بـۆ روانـدز هاتـووە، لـە ٩ حوزەیـران ١٣١٠.
عوسمان / عەبدولكەریم











تلغرافنامه

19 رەبیعی یەکەم 1311 (٣٠ ئەیلوول ١٨٩٣)	00027.00070	Y.PRK.AZJ


شوینی دەرچوون هەولێر
بۆ پاشا
بەهۆی ئۆغر کردنی ئەم کارەسات و زوڵمانە، هەوڵی خۆکوشتنەکەم ئەنجامی دەبێت، ئەم رووداوانە بەسە بۆ هێمن کردنەوەی دەروونی داغ کراوم و بووە هۆی شیفام، بۆ بینینی جەنابتان داوای میهرەبانی دەکەم، لە ١٨ ئەیلوول ١٣٠٩.
حاجی عەلی


11 زیلحیجه 1311 (۱۵ حوزەیران ۱۸۹٤)	00049.00033	DH. MKT


- بۆ ویلایەتی موسڵ
۱۱ زیلحیجه ۱۳۱۱
۱۵ مایس ۱۳۰۹
عارف ئەفەندی قائیمقامی ڕەواندز شوێنەواری کەموکوری جوله و ڕەفتاری پێوە دیارە، سکاڵای لە سەر تۆمار کراوەو ڕووبەڕووبوونەوە ڕووی داوە، بە پێی هەواڵ و ووتەکان، لە تەلەگرافنامەی عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی هەولێر نووسراوەتەوە و نێردراوە، بە تێروانینی ئەم لە سەر ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێت.


- بۆ ویلایەتی موسڵ
۱۰ جەمادی کۆتایی ۱۳۱۱
۷ کانوونی یەکەم ۱۳۰۹
لە بارەی ئەم ڕەفتارە نابەجێیانە و سکاڵایەی لە سەر عارف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕواندز تۆمارکراوە، لە قەزای ناوبراو، عەبدولفەتاح سەرۆکی دادگای سەرەتایی، داواکارییەکی پوخت و بە مۆری ناردووە، بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
دڵسۆزی و پیرۆزیم بۆ گەورە پیاوانی دەوڵەت ڕوونە، ماوەی ۳۰ ساڵ بە بێ دابڕان، بە نییەتێکی باش بەڕێوەبەرەکان و قائیمقامەکان لە ئەرکەکانیان بەردەوام بوونە، هیچ جموجۆڵێکی نابەجێ نەبووە و خزمەتی بە سوودیان کردووە، تەنانەت لە ساڵی ۱۳۰۳ لە سەردەمی ئیسماعیل پاشا، بە پێی چاکسازی پلانی عێراقیە، لەم کارانەی کە کردوویەتی، نزیکەی ۷۰۰ چەکی گەراندۆتەوە، هەروەها ۵۰ کەسی لە چەتەکان دەستگیر کردووە، لە ساڵی ۱۳۰۷ لە مەسەلەی دەستدرێژیکەرێکی ئینگلتەرا، کە لە خاکی ئێران کردوویەتیە سەر کچێك، لەسەر داواکاری ویلایەتی موسڵ، ئەمانە دەرهێنراون و گەراندراونەتەوە وولاتەکەی خۆیان، لە ساڵی ۱۳۰۸ لە قەزاکانی ڕواندز و کۆی سانجەق و هەولێری سەر بە ویلایەتی موسڵ، لە کاتی چاکسازی سەربازی، لە ساڵانێکی کۆنەوە ۱۱۰۰۰ سامانی گشتی عەشیرەتەکانی چوار قەزای ناوبراو، ٤۰۰ چەك و ۱۵۰ تاك لە سەربازی زیانیان پێ گەیشتووە، هەروەها چەند ساڵێکە عەشیرەتی هەرکی کۆچیان کردووە بۆ ناو خاکی ئێران، لە سەر داواکاری و پارانەوە ٦۰۰ خانە گەڕێندراوەتەوە، زۆر خزمەتی لەم جۆرانە پشت ڕاست کراوەتەوە، ئەم خزمەتانەی عارف ئەفەندی قائیمقامی قەزای ڕەواندز بۆ بەرژەوەندی خۆی پێشکەشی کردووە و لە بارەی هەر ڕەفتارێکی خراپ بەرامبەر عەشیرەتەکان ئەنجامی داوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە سەر بەردەوام بوونی سکاڵاکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە شوێنی موتەسەرفی شارەزوور کاغەزەکانی بڕیارنامە بە پاڵپشتی لیوا پێشکەشی ویلایەت کراوە، کردەوە بەدەکانی جێگیر کراوە و گەندەڵی و خراپەکارییەکانی پێشکەشی سەروو کراوە، ئەم خزمەتەی ۳۰ ساڵە بە بەردەوام داویەتی لەبەر چاو بگیرێت، ئەگەر دڵنیاش بم کە کاری بەدی کردووە، ئەوا ناوبراو ئەم خزمەتانەی لە ڕابردوو پێشکەشی کردووە و پێشکەشی دەکات، تاوەکو ئێستا بە هەند وەرنەگیراوە و لەبەر چاو نەگیراوە، لە کاتی لێکۆڵینەوەش بۆ دەوڵەت بە فیداکارانە کارم کردووە، بە میهرەبانییەوە بەدواداچوونەوە بکرێت، فەرمان.
عەبدوڵلا قائیمقامی هەولێر
















24 شەوال 1312 (٢٠ نیسان ١٨٩٥)	00173.00038	DH.ŞFR

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ئاغاکانی عەشیرەتی دیزەیی بە ناوی بایز ئاغازادە ئیبراهیم ئاغا لەگەڵ ٤٠-٥٠ چەکدار لە کەسوکار و کوڕە مامەکانی، هێرشی کردۆتە سەر کارگێری یەکەی مولکی هومایۆنی شەمامکی قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووک، بەم دەستدرێژی کردنە، فەرمانبەرانی خستۆتە تەنگانەوە، لە حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی باش کاتیبیان داوە و سووکایەتیان پێ کردووە، دوای پەرشوبڵاوبوونیان روویان لە هەولێر کردووە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی موسڵ راگەیەندراوە و هاتووە، وەکو یەدەگ لە ژێر موشیرەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن لێکۆڵینەوە لە کارەکە دەکرێت، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنەکەشی لە موتەسەرفیەتی کەرکووک بۆ قائیمقامیەتی هەولێر نێردراوە، هەروەها بە دەستەواژەی فارسی داواکاری ئاغاکانی عەشیرەتی ناوبراو هەیە، لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە بۆ ملکەچ بوونی ئەمانە بۆ دەوڵەت، لە هۆبەی ناوهاتوو کاتیبی ناوبراو هانی یەکەکە دەدات، و بیرۆکەی عەشیرەتگەری هەیە و خۆشی کەسێکی ئارام نییە، داواکراوە ناوبراو بگۆردرێت، لە راستیشدا ئەم مامەڵەی ئاغاکانی دیزەیی جێگای قەبوڵ نییە، لێکۆڵینەوە کراوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش رادەگەیەندرێت، فەرمان، لە ٨ نیسان ١٣١١.
عەزیز والی موسڵ




<table>
<tr><td>BEO</td><td>000508.038036</td><td>1 جەمادی یەکەم 1312 (٣١ تشرینی یەکەم ١٨٩٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">شیفره
لەشکری چوارەم
١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٠
لـە ١٢ تشرینـی یەکـەم ١٣١٠، سـاڵح بـەگ، سـامی بـەگ و فوئـاد بـەگ لەگـەڵ شـەمەر ئەفەنـدی بـۆ لێکۆڵینـەوە هەڵبژێـردراون، بـۆ کرێـی ئەرکەکەیـان و برینـەوەی مووچـە، بـە فەرمانـی پاشـا خەلافەتپەناهـی ڕەزامەنـدی داوە، بـۆ هـەر یەکـە مووچـە و کرێـی خەرجـی ڕێـگا هەژمـار بکرێـت، لـە ڕێگـەی سـەر عەسـکەر و نەزارەتـی دارایـی، خەریکـە لـە هەولێـر فەرمانبەرانـی ئێـران لەگـەڵ فەرمانبەرانـی عوسـمانی یەکدەگـرن، لـە کاتـی جولـە و چالاکیەکانیـان نەزارەتـی دەرەوە ئـاگادار کراوەتـەوە، ئـەم وەڵامـەی وەردەگیرێـت، بـە لایەنـی ئێـوە ڕادەگەیەندرێـت.</td></tr>
</table>




BEO	000590.044221	30 رەمەزان 1312 (٢٧ مارت ١٨٩٥)

- تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ
٣٠ رەمەزان ١٣١٢
١٤ مارت ١٣١١
ئـەم بـرە پارەیـەی لـە بانقـی زراعەتـی سـلێمانی دیاریکـراوە، بنێردرێتـە هەولێـر، ئـەوی تـر لەلایـەن حکوومـەت بـە زۆر وەرگیـراوە، لـە نەزارەتی نافیعە ئـەوەی دیاریکـراوە، ٢٠٠٠٠ قـوروش دەنێردرێتە هەولێر.


- فەرمانگەی کاروباری بازرگانی و نافیعە
بانقی زراعەت
ژمارە ١٩٥٦٥
لـە سـندوقی بانقـی زراعەتـی سـلێمانی ٧٦٥٢٢ قـوروش هەیـە، بریـار دراوە بنێردرێتـە هەولێـر، مامەڵـە و رێنماییـەکان تـەواو کـراوە، ٢٠٠٠٠ قـوروش نێردراوەتـە سـندوقی هەولێـر، لـەم بـرە پارەیـەدا ١٠٠ هـەزار قـوروش بـە قـەرز دراوەتـە حکوومـەت، لـە سـەر نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم، لـە سـەدارەتپەناهی بریار و فەرمـان دەرچـووە و ئـاگادار کراونەتـەوە، ئەمجارە لە بەرێوەبەرایەتی بانقی موسڵ تەلەگرافنامـە وەرگیراوە، ٢٠٠٠٠ قـوروش رەوانـەی هەولێـر دەکرێـت، هـەواڵ هاتـووە بـە پێـی بریـار و فەرمـان، لەگـەڵ ئـەوەی هەیـە، بەیەکـەوە بـە زۆری لەلایـەن حکوومـەت بـردراوە، بـە تێکدانـی ئەم مامەڵەیـە، ئەوانەی لە کشـتوکاڵ پێویسـتیان بـە یارمەتییـە، بـێ بـەش و مەحـروم ماونەتـەوە، بـە ناردنـی ٢٠٠٠٠ قـوروش بـۆ هەولێـر ئـاگادار کراونەتـەوە، لـە ویلایەتـی ناوبـراو بـە فەرمـان ئـاگادار کراینـەوە، بـە تایبەتـی کارگێری گشـتی بانـق، بە هەر شـێوەیەك بێـت بریـار و فەرمان بۆ ئەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ٢٥ رەمەزان ١٣١٢ و ٩ مـارت ١٣١١.
حەسەن تۆفیق نازری بازرگانی و نافیعە


موصل ولايتنه
تلغرافنامه
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
590 44221 1



BEO	000609.045672	2 زیلقەعدە 1312 (٢٧ نیسان ١٨٩٥)

٢ زیلقەعدە ١٣١٢
١٥ نیسان ١٣١١
بۆ لایەنی سەر عەسکەری والا و خەزینەی تایبەت
نەزارەتی شاهانەی جەلیلە
لە ئاغاکانی عەشیرەتی دزەیی ئیبراهیم ئاغا لەگەڵ نزیکەی ٤٠ کەس لە هاوەڵانی چوونەتە سەر فەرمانگەی مولکی کشتوکاڵی هومایۆنی شەمامکی قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووک، فەرمانبەرەکانیان ناچار کردووە، دەست لە کار هەڵگرن، بۆ لێکۆڵینەوە لەم رووداوە لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆن، مولکی هومایۆنی موسڵ ئاگادار کراوەتەوە، لە سەر ئەم ئاگادارکردنەوەیە، بۆ ئامادەکاری لە مێژووی ٢٩ شەوال ١٣١٢ تەلەگرافنامە لە خەزینەی تایبەتی ویلایەتی موسڵ هاتووە، لەلایەن عوسمان پاشا قۆماندانی پۆلیسی پاراستن لەگەڵ بینباشی عوسمان ئەفەندی ئەندازیار نووسراو نێردراوە، ئیبراهیم ئاغا و هاووەڵانی لە دەورووبەری مولکی هومایۆنی شەمامك لەگەڵ مارتینی هانری و نزیکەی ٥٠٠ چەکداری پیادە و سوار رێککەوتوون، بە خۆیان چوونەتە سەر کارگێرخانە و رێگر بوونە. چەند جار هۆبەی کاتیب لە قۆمیسیۆن سکاڵایان تۆمار کردووە، کەچی بەهانایانەوە نەرۆیشتوون، کاتیبی ناوبراو لە کارگێرخانە دەرهێنراوە، لەگەڵ بوونی رسومی مەرومالات، ئاغاکان و بەرێوەبەری ناحیەی شەمامك، بۆ دامەزراندنی خۆیان، لە مولکی هومایۆنی شەمامك، لەلایەن فەرمانبەرانی مولکی هومایۆن یارمەتی دراون، بۆیە ئاگادار کراونەتەوە، کە دەبێ ملکەچی خۆیان دەربڕن، بۆ ناردنی سەربازیش، لە لەشکری شەشەمی هومایۆن فەرمان دراوەتە قوماندانی موسڵ، سەربازان لە ویلایەتی ناوهاتوو جولە دەکەن، ئەمجارە بە تەلەگرافنامە لایەنی سەر عەسکەری والا ئاگادار کراوەتەوە، هەروەها خەزینەی تایبەتی نەزارەتی شاهانە زانیاری پێ دراوە.



ŞD	00930.00064	9 موحەررەم 1312 (١٣ تەمموز ١٨٩٤)

ئەحمەد بەگ لە قەزای هەولێر قائیمقام بووە.
لە ١ حوزەیران ١٢٨٥ تا ١ تەمموز ١٢٨٥ لە قەزای خانەقین بە مووچەی ٣٠٠٠ قوروش قائیمقام بووە،
لە ٢ ئەیلوول ١٢٩٢ تا ٢ ئۆغستۆس ١٢٩٤ لە قەزای هەولێر بە مووچەی ٢٢٠٠ قوروش قائیمقام بووە.
بە نەقد دەکاتە ٤٠٩,٧٦
نیوەی دەکاتە ٢٠٤,٨٨
ئەوەی بە پێی بریارنامە رەت کراوەتەوە، لە ١٨٨ پێک دێت.
بۆ خێزانەکەی سافیە خانم ٢٠٤ قوروش دابین کراوە، لە ویلایەتی بەغداد، لە ١٨ کانوونی دووەم ١٣٠٩ جێبەجێ بکرێت.

ناوبراو لە ساڵی ١٢٩٦ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ناو ١٠ ساڵ خانەنیشنی بۆ براوەتەوە، پشت بەستن بە بریارنامە، هەژمارەکەی لە ٢٠٤ قوروش پێک دێت، بە فەرمانی پاشا دوای رێك خستنەوەی لە خەزینەی جەلیلەی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دابین دەکرێت، چۆنیەتی جێبەجێ کردنیشی حەواڵەی دەستەی گشتی کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ نیسان ١٣١٠.
ئەنجوومەنی کارگێری خانەنشینی

HH.SAID.MEM	00028.00005	20 موحەررەم 1313 (١٣ تەمموز ١٨٩٥)

ناوم خضر باوکم مەولود ئاغا، بە نازناوی سۆفی ئاغا زادە ڕۆیشتووە، باوکم لە ئەرکی دەوڵەت خزمەتی نەکردووە و بە جوتیاری و کشتوکاڵ خەریك بووە.
لە ١٢٩١ مانگی ڕەبیعی کۆتایی ١، واتە ١٢٩٠ مانگی مایسی ڕۆژی ٦، لە ناو هەولێر لە دایك بوومە.
لە مەکتەبی سبیانی قەزای هەولێر، زانستی نووسینم وەرگرتووە، لە بەر ئەوەی لە مەکتەبەکانی ڕوشدییە نەمخوێندووە، تەنیا ئەم بروانامەیەم هەیە، دەتوانم بە زمانەکانی تورکی و فارسی قسە بکەم و دەتوانم بە تورکی بنووسم، لە بارەی نووسین و نامە نووسیندا ئەوەندە دەزانم.
لە تەمەنی ١٠ ساڵیم لە قەڵەمی تۆماری نووسراوە، هەروەها لە قەڵەمی ژمێریاری و فەرمانگەی ناسنامە لە ساڵێک یەك لە دوای یەك ئەرکی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٣٠٤ کۆچی مانگی شەعبان ڕۆژی ٢٣، واتە ساڵی ١٣٠٣ مایسی ڕۆژی ٥، مانگانە بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە موقاتەعەی مەلحە، لە نووسراوی پاراستنی دە یەك (اعشار)ی هۆبەی مولکی هومایۆنی شەمامك دامەزراوم. دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣٥ ڕۆژ لە کارکردن، موقاتەعەی ناوهاتوو بووە ڕژێمی ئیلتیزام، منیش ئاوا مامەوە، لە ساڵی ١٣٠٥ مانگی شەوال ڕۆژی ١٧، واتە ١٣٠٤ حوزەیران ١٥ هاتمە سانجەقی سلێمانی، بەهۆی خراپی بژێوی ژیانم، ساڵی ١٣٠٨ مانگی موحەررەم ڕۆژی ٢٨، واتە ١٣٠٦ سەرەتای ئەیلوول لە قەزای شارباژێری لیوای ناوهاتوو، لە بریکاری نووسینی دادگای شەرعی، بە مووچەی ٩٥ قوروش دامەزرام، نزیکەی چوار ساڵ لە کارەکەم بەردەوام بووم، بەڵام ئەم مووچەیەی وەرمدەگرت، بەشی نەدەکردم، بۆیە لە ساڵی ١٣١١ مانگی ڕەمەزان ڕۆژی ٢، واتە ١٣٠٩ شوبات ٢٥ دەستم لە کار کێشایەوە و بە بێ کار مامەوە، دواتر لە ساڵی ١٣١٣ موحەررەم ڕۆژی ٩، واتە ساڵی ١٣١١ مانگی حوزەیران ڕۆژی ٢٠ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە هۆبەی مولکی هومایۆنی سەرچنار بە یاریدەدەری تۆماری نووسراوی ئاغچەلەر دامەزرام.
لەبەر ئەوەی ئەم ئەرکانەی کە تێدا خزمەتم کردووە، کاتی بووە، بۆیە داوای پاکانەی ئەستۆم نەکردووە، بەڵام ئەوەی لە دەستمە وێنەی نووسراوی عوسمانی و هیچ کاتێکیش بانگهێشتی دادگا نەکراوم، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسانەیە کە فەرمان دەردەکەن، لە ٢٠ موحەررەم ١٣١٣ و ١ تەمموز ١٣١١.

- یاریدەدەری مولکی هومایۆنی ئاغچەلەر
لە سەرۆکایەتی قومیسیۆنی مولکی هومایۆنی موسڵ تێبینی نووسراوە و ڕاگەیەندراوە، ئەرکی ناوبراو ڕوونە، لە ٨ تشرینی دووەم ١٣١٧.
نازری خەزینەی بەشی شاهانە

- زانیاری لە سەر خضر ئەفەندی یاریدەدەری کاتیبی ئاغچەلەر
٧ ئەیلوول ١٣١٢
لە ناو قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی موسڵ، کاغەزی وەرگیراوی خضر ئەفەندی یاریدەدەری کاتیبی موڵکی هومایۆنی ئاغچەلەر هاتووە، ساڵی ١٣٠٦ سەرەتای ئەیلوول بە بریکاری نووسینی دادگای شەرعی قەزای شارباژێر سەر بە سلێمانی، بە مووچەی ٩٥ قوروش دامەزراوە، نزیکەی چوار ساڵ بە بریکار خزمەتی کردووە، دواتر مووچەکەی بەشی نەکردووە، تا بتوانێت بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە مێژووی ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١١ بە واژووی نائیبی قەزا ئیسماعیل حەقی، لە بارەی گلەیی ناوبراو یەك پارچە بەڵگەنامە، تێدا ئاماژە بە خزمەتی کراوە و ئەم برە مووچەی کە بۆی دانراوە گلەیی نەبووە، بۆ ئەم مەبەستە بە نووسراو ویلایەتی موسڵ ئاگادار کراوەتەوە.
زیائەددین

لە ساڵی ١٣٠٦ سەرەتایی ئەیلوول تا ساڵی ١٣٠٩ مانگی شوبات ڕۆژی ٢٥، خضر ئەفەندی هەولێری وەکو نووسەر لە دادگای شەرعی قەزای شارباژێر خزمەتی کردووە، بە شێوەیەکی دڵسۆز کارەکانی ڕاپەڕاندووە و دەست پاك بووە، بۆیە کاغەزی پاکانەی پێ درا، لە ٢٦ ئۆغستۆس ١٣١١.

- داواكار سەید ئیسماعیل حەقی نائیبی قەزای شارباژێر
ژمارە ١
بـە واژووی خـضر ئەفەنـدی داواكاری نێـردراو و لـە مێـژووی ١ نیسـان ١٣١٢، چاوپێخشـاندنەوە بـە تۆمـاری كـراوە، مووچەكانـی سـاڵی ١٣٠٣ لـە دەفتـەر نەدۆزراوەتـەوە، بۆیـە ناوبـراو لـە سـاڵی دیاریكـراودا لـە سـندوق تۆمـاری نەبـووە، لـە بـارەی كارەكانیشـی لـە مێـژووە دیاریكراوەكانـدا لـە هۆبـەی فەرمانبەرێتـی تۆمـار كـراوە، لـەم بارەیـەوە حاجـی ئەحمـەد ئاغـا سـەرۆكی شـارەوانی قـەزای هەولێـر زانیـاری هەیـە، پشـت بەسـتن بـە داواكاری ئاغـا، ناوبـراو پارێـزراو دەبـێ، لـە ٣ نیسـان ١٣١٢.
نووسەری پلە دوو مستەفا حەقی/ نووسەری پلە یەك عەبدولمەسیح حیلمی/ فەرمانبەری شەمامك لە شار.

- مـن خـضر ئەفەنـدی لە هۆبەی فەرمانبەرێتی كارم كردووە، لە سـاڵی ١٣٠٣ بە شـێوەیەكی كاتـی لە تۆماری دە یەكی موقاتەعـەی جەبـور دامـەزراوم، بـەڵام بـەم دواییە موقاتەعەی ناوبراو بە شـێوەیەكی پچراو بە كەسـێكی تـر درا، ئەمە خەتـی ئـەم بـێ توانایەیـە، بـەڵام لە مـاوەی ئەركەكەیدا، بری مووچەی مەترسـی لە سـەر نەبـووە، هەروەها لـە بارەی دڵنیایی پاراستنەوە هەر خۆی لە تۆمار دەردەكەوێت، كاغەزی مامەڵە دووبارە پێشكەش كرایەوە، لە ١٦ نیسان ١٣١٢.

- لەلایەن بەندەتانەوە پێشكەش كراوە
بەندەتـان سـاڵی ١٣٠٣ لـە تۆمـاری دە یەكـی هۆبـەی موقاتەعـەی جەبـور بوونـم هەبـووە، ئەمجـارە بـۆ وەرگرتنـی پاكانـەی ئەسـتۆ، لـە پێشـكەش كردنـی داواكاری نابـراودا، سـەروو ئاگاداركردنـەوەی دەوێـت، لـە هـەر حاڵەتێـك بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم كەسـەیە كـە فەرمـان دەردەكات، لـە ١ نیسـان ١٣١٢.
نووسەری پێشووی جەبوری مولحە خضر


- وێنەی رەسەنی ناوبراو هەمان شتە پەسەند دەكرێت لە ٢٣ مایس ١٣١٢.
تۆماری دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانی


چاو	سمێڵ و ریش	نیشانێك كە جێگیر بێت	وڵاتەكەی	گەرەك	كۆڵان	ژمارەی خانوو	جۆری نیشتەجێ
كاڵ	كاڵ	تەواوە	هەولێر	مزگەوتی گەورە	مزگەوتی گەورە	١/١٤	خانە


ناو و نازناوی	ناوی باوك و شوێنی نیشتەجێ بوونی	سونی	پیشە و پلەی كارەكەی	مێژوو و شوێنی لە دایك بوونی	مەزهەب
لە سۆفی ئاغازادەكان خضر ئەفەندی	مەولود ئاغا، هەولێر	١٢	نووسەر	١٢٨٩ هەولێر	ئیسلام شافعی


لەلایـەن دەوڵەتـی پایەبـەرز، بـاڵا و نـاو و نازنـاو و حـاڵ و سـیفەتی خـضر ئەفەنـدی كـوڕی مەولـود ئاغا تۆمـار كـراوە، لـە یەكـەم وێنـەدا لـە رۆژنامـەی ناسـنامە تۆمـار كـراوە، ئـەم نـووسراوەی پـێ دراوە، لـە ١٤ مایـس ١٣١١.
فەرمانگەی كارگێری قەزای هەولێر / نەزارەتی كاروباری ناوەخۆ


وێنـەی رەسـەنی راسـتەقینە هاوشـێوەیە و پەسـەند كـراوە لـە ١ تەممـوز ١٣١١.



OSMANLI ARŞİVİ






OSMANLI ARŞİVİ





OSMANLI ARŞİVİ



OSMANLI ARŞİVİ



OSMANLI ARŞİVİ



OSMANLIARŞİVİ
HH. SAİD. HEM
28 | 5 | 11







OSMANLIARŞİVİ
HH. SAİD. HEM
28 | 5 | 3



OSMANLIARŞİVİ
HH. SAİD. HEM
28 | 5 | 8



OSMANLIARŞİVİ
HH. SAİD. HEM
28 | 5 | 10


DH.ŞFR	00175.00078	4 موحەررەم 1313 (٢٧ حوزەیران ١٨٩٥)


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ١٢ حوزەیران ١٣١١ لە سانجەقی سەڵاحیە و رانیە و ناوچەی رواندز و هەولێری کەرکووك حەوت تابور بوونی هەیە، هەروەها لە کەرکووك و ئەم دوو تابورەی لە رانیەدا هەیە، لەگەڵ نزیکەی ٨٠ سوارەی ئێستر، بەهۆی ئەم ئاژاوەی لە سلێمانی روویداوە، دوێنێ لە ژێر فەرمانی موشیر چۆتە سلێمانی، جگە لە ٦٠ تاکی تر، ٥ تابوری نیزامیە، نیوەی بە رێك خستنی ئاژەڵەکانیان و ٦ تۆپ هەروەها ٦٠ تۆپچی سەربازی، لە ناوچەی جیاوازدا ١٥٠ سوارەی تاك بوونی هەیە، حاڵی حازر ئەم هێزە بوونی هەیە، لە ناوچەی جیاوازدا بە شێوەی جیاواز، هەر هەمووی ناکرێت لە یەك خاڵدا کۆبکرێنەوە، بەهۆی تکاکانەوە، ئەگەر لە سەڵاحیە دەست پێ بکرێت، هەر چەندە ئەوەی نێردراوەتە مولکی هومایۆنی شەمامکی موسڵ، دوای ئەوەی سەرکردە گەندەڵەکانی ئەوێ دەستگیر کراون و هێزاکە نێردراوەتە کەرکووك، بەم شێوەیە لە شەمامك کارەکان تەواو بوونە، لەمە ١٥٠ تاکی سەربازی بوونی هەیە، لەگەڵ تابورێک پیادە، نزیکەی ١٥٠ سوارەی ئێستریش هەیە، ئەم هێزەی لە سانجەقی کەرکووکیش ماوەتەوە، پێویستە ژمارەکەی زیاد بکرێت، بۆ رێگریکردن و رێگە نەدان لە رووبەرووبوونەوەی نێوان عەشیرەتەکان و جێگیر کردنی ئاسایش و ئاسانکاری کردن بۆ ئامادەباشیەکان، ئەم تفەنگانەی لە دەستی عەشیرەتەکانە کۆبکرێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە پڕ جێبەجێ کردنی کارێکی لەم شێوەیە پێویستی بە هێزێکی زۆر هەیە، جگە لەمە بێ چەك کردنی عەشیرەتەکانی سەر سنووری ئێران گونجاو نییە، بە گوێرەی ئەم تێروانینەی کە کراوە، حاڵی حازر هەر عەشیرەتێک بە گوێرەی پلەکەیان و بە پێی یاسا کەسە بە زیانەکان دەستگیر بکرین، یاخود تەمبێ بکرێن، چونکە ئەم رووبەرووبوونەوانەی نێوان عەشیرەتەکان و بەرامبەر حکوومەت بەردەوام دەبێت، بە دەستگیرکردنی سەرۆکەکانیش هاوکاریەکانیان نامێنێت و ئەم گرنگیەی نامێنێت، تەمبێ کردنی سەرۆکەکان بە هەموو خراپەکارەکانەوە، بە تەواوەتی دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنی بەپەلەوە، بەم کارەش ئاسایش بەرقەرار دەبێت، بەڵام بۆ دەستگیرکردنی سەرۆکە گەندەڵەکان، لە سەر هێزی سەربازی وەستاوە، بۆ ئەم مەبەستە بە پەلە دەست بە کار بکرێت و رێگە بە ئاژاوەگێری نەدرێت، ئەم هێزەی لە شەمامك و کەرکووك بوونی هەیە، نزیکەی ٣٠٠ سەربازی سوارە و نزیکەی ٥٠٠ پیادەیە، واتە لە مەفرەزەیەك ٨٠٠ سەرباز هەیە، ئەوەی بوێری دەکات چەك بەکار بهێنێت، ئەوا بە توندی تەمبێ بکرێن، بە خوای تەعالە هەندێك لەم سەرۆکانە لە حکوومەت نزیك بکرێنەوە، ئەم مەفرەزەیەی بە سەرۆکایەتی قوماندانەوە دەروات، بە موتەسەرف راگەیەندراوە، بۆ کۆتایی هینان بەم ئاژاوەگێریەی سانجەقی سلێمانی، دەبێ تاوانباران تەمبێ بکرێن، بەمەش مامەڵەی توند جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەم شێخە تاڵەبانیانەی لە ناو کەرکووك بوونیان هەیە، ئەگەر بکرێت هەندێکیان تەمبێ بکرێن، ئەم شێخانەی کە بە گەندەڵیەوە خەریکن بخرێنە ژێر چاودێریەوە، یەك تاقم پیاوی زیانبەخش کە بوونیان هەیە، بۆ تەمبێ کردنیان لە دەستەی کارگێری لە سەر بریاری لیوا وەستاوە، لە ١٥ حوزەیران ١٣١١.
جەلال موتەسەرفی کەرکووك









































DH.ŞFR	00182.00077	4 جەمادی یەکەم 1313 (٢٣ تشرینی یەکەم ١٨٩٥)


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە ٢ تشرینی یەکەم ١٣١١ تەلەگرافەکانی ئیبراهیم پاشا و راسخ ئەفەندی هێنراوە و خوێندراوەتەوە، زانیاریەکان راستن، پێویست بە گۆڕین و راست کردنەوەی ناکات، بە کۆی گشتی ١١ کەس بە بەڕێوەبەر و پۆلیسی پاراستن جێگیر کراون و نووسەرانی ژمێریاریش بە هۆبەکانیانەوە لە ناو ویلایەت یەکسانن، عوسمان پاشا قائیمقامی گوڵعەنبەر بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی سنجار، کە بە مەرکەزی ویلایەت بەستراوەتەوە، ئەگەر رەزامەندی نیشان نەدات، ئەوا مانەوەی لە گوڵعەنبەر سنووردار دەبێت، ئەم کاتە دەبێت لە موسڵ نیشتەجێ بکرێت، عەبدولقادر پاشا قائیمقامی مەرکەز بگوازرێتەوە بۆ قائیمقامیەتی سەڵاحیەی سەر بە کەرکووک، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی هەولێر بۆ گوڵعەنبەر و ئیبراهیم ئەفەندی قائیمقامی سنجار بۆ هەولێر و وەلی ئەفەندی قائیمقامی سەڵاحیە بگوازرێنەوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارەش جگە لە فەرمانبەرانی دادوەری، هەموو فەرمانگەکان ناوە ناوە گۆڕینەوەیان پێویستە لە بارەی دوورخستنەوەشیان بە پێدانی مۆڵەت یارمەتی دەدرێن و رادەگەیەندرێت، فەرمان لە ١١ تشرینی یەکەم ١٣١١.
ساڵح والی موسڵ


MF.MKT	00344.00006	5 ڕەمەزان 1313 (١٩ شوبات ١٨٩٦)


- بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٥٤
بۆ جەنابی خدێوی فەخامەت
جەنابی پایەبەرزی دەوڵەت
ئـەم ئەرکانـەی کـە شـوێنەکانیان بەتاڵـە، بـۆ دانـان و دامەزراندنـی ئـەم مامۆسـتایانەی کـە لـە مەکتەبەکانی ڕوشـدییە مامۆسـتا بوونـە، ناوەکانیـان بـۆ ئەم ویلایەتانـە بنێردرێت، کە دەتوانـن بۆی برۆن، بۆ ئەم مەبەسـتە یـەك پارچـە دەفتەر پێشـکەش کـراوە و بە مێژووی ١٤ تشرینـی دووەم ١٣١٢ ژمـارە ١٣٩ فەرماننامە بۆ لایەنی خدێـو نێـردراوە، بـۆ جێبەجێکردنـی کارەکـە، مامۆسـتای پلە یەك کـە لە ژێر کارگێری ئێمەشـە، ڕوشـدییەکانی سـلێمانی و هەولێـر ئـاگادار کراونەتـەوە، بـە گوێـرەی ئـەم وەڵامـەی، کـە وەرگیـراوە، مامۆسـتای پلـە یەکـی ڕوشـدییەی سـلێمانی، داوای ڕوشـدییەی مولکیـەی بەغـدادی کـردووە، هەروەهـا مامۆسـتای پلـە یەکـی ڕوشـدییەی هەولێریش حەز دەکات خانەنشـین بکرێت، بۆ ئەم مەبەسـتە داواکاری پێشـکەش کردووە. بڕیار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لە ٥ ڕەمەزانـی پیـرۆز ١٣١٣ و ٢٦ کانوونـی دووەم ١٣١٢.
محەمەد تۆفیق بریکاری بەڕێوەبەری مەعارفی موسڵ

- ئـەم مەکتەبانـەی مامۆسـتاکانیان لـە پلـە یەکـن، ناوەکانیـان نێـردراوە، تـا بچنـە ئـەم مەکتەبانـەی بۆیـان دیـاری کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە یـەك پارچـە دەفتـەر ڕەوانەکـراوە، نـووسراوی بەڕێوەبەرایەتـی مەعارفـی هەمـوو ویلایەتـەکان بـەرز کراوەتـەوە، ئـەم مامۆسـتا پلـە یەکانـەی کـە لـە ویلایەتـی ناوبـراو بوونیـان هەیـە، لەمانـە مامۆسـتا پلـە یەکەکانـی مەکتەبـی ڕوشـدییەی سـلێمانی و هەولێـرن، مامۆسـتای پلـە یەکـی سـلێمانی داوای مەکتەبـی ڕوشـدییەی بەغـداد و مامۆسـتای پلـە یەکـی ڕوشـدییەی هەولێـر داوای خانەنشـینی کـردووە، زانیـاری و وردەکاری نێـردراوە، چاوەڕێـی ڕوون کردنـەوەی سـەروو دەکرێـت، بڕیـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٥ مـارت ١٣١٣.


- ٤ زیلقەعدە ١٣١٤
٢٥ مارت ١٣١٣
بۆ بریکاری بەڕێوەبەرایەتی مەعارفی ویلایەتی موسڵ
لـە داواکاری مێـژووی ٢٦ کانوونـی دووەم ١٣١٢ ژمـارە ٥٤، مامۆسـتای پلـە یـەك لـە مەکتەبـی ڕوشـدییەی هەولێـر عەبدولحەکیـم ئەفەنـدی داوای خانەنشـین کـردن دەکات، خەریکـە خانەنشـین کردنەکـەی جێبەجـێ دەکرێـت، لـەم بارەیـەوە پێویسـتە کاغـەزە جیاوازەکانـی بنێردرێـت، لـە وەڵامـدا ئـاگاداری بـۆ کارگێـری مەکتەبەکانـی ڕوشـدییە نێـردراوە و داواکاری نـووسراوە.







موصل ولايتی معارف مديريتی وکالتنه


نظارت امور مالیه

محاسبهٔ عمومیه

عدد

١١٢٢

ŞD	00363.00064	23 جەمادی یەکەم 1313 (١١ تشرینی دووەم ١٨٩٥)

نەزارەتی کاروباری دارایی
ژمێریای گشتی
ژمارە
١١٢٢


زەخیرەی سەربازی شاهانە لەساڵی ١٣٠٠ تا کۆتایی ساڵی ١٣٠٢، لە قەزای هەولێر بۆ شارۆچکەی هەولێر نێردراوە و گوازراوەتەوە، خەرجی گوستنەوەی ئەم زەخیرانە ١٨٠٠٠ و ٥٧٠ قوروش و ٣٤ پارە دراوە، هەروەها ئەم زەخیرانەی نێردراوە، نرخی دەرهاتوو رادەست کراوە، لە شوێن خۆی بەهای (رایج) زیادی کردووە، بۆیە گواستنەوەی بۆ لایەنی سەربازی، بە سەنەدی تایبەت لەسەر زیادەکە رەزامەندی نەدراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە دەفتەرداریەتی ویلایەتی موسڵ راپرسی کراوە، هەروەها بە پێی رێنماییەکان بۆ هاوکارییە سەربازییەکان ئەم زەخیرانەی بۆ شوێنی خۆی رادەست دەکرێت، ئەگەر لە بەهاکەی کەموکوری دەرچێت، بە کراوەیی دەمێنێتەوە، بۆ دابین کردنی خەرجی گواستنەوەکە، پێدانی ئاقچە و دابینکردنی دارایی رەزامەندی و هەژماردنی زیانە، ئەگەر ژمارەی دیاریکراو ئاسای بێت، لە موازەنەی ساڵی ١٣٠٢ ئەوەی تۆمار کراوە، بە رێکخستنی جیا، لە ساڵی ناوهاتوو خەرجی گشتی رەزامەندی جەنابی پاشا، لە ئەنجوومەن و ژمێریاری گشتی دارایی وتوویژی لە سەر کراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٣ جەمادی یەکەم ١٣١٣ و ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١١.
نازری دارایی


Y.PRK.UM	00036.00030	6 جەمادی کۆتایی 1314 (١٠ تشرینی دووەم ١٨٩٦)


- لەشکری یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە موسڵەوە شیفرەی تەلەگرافنامە
وێنە
لە سەر پارانەوەی خەڵکی پشدەر هەروەها ئەم چەك و کەلوپەلە جەنگییەی لە دەستیان بوو، رادەست کرانەوە، تکا و پارانەوەشیان دەدرێتە ویلایەتپەناهی، لە وەڵامدا لەم بریارە ئاگادار کراوەنەتەوە، بەڵام تا ئێستا نەرۆیشتوون، ئێستا لە قائیمقامیەتی پشدەر تەلەگرافنامە وەرگیراوە و نیشان دراوە، کارەکە بە باشی ئەنجام دراوە و نووسراوەتەوە، هەروەها لە سەر ئەم وەڵامەی وەردەگیرێت، زانیاریەکان رادەگەیەندرێن، بە ئاسایی دانراوە، لە ٣٠ تشرینی یەکەم ١٣١٢.


ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە موتەسەرفی سلێمانی بە وەکالەت هاتووە، بۆ سەروو نێردراوە، بە فەرمانی پاشای سەدارەتپەناهی، کاری پشدەر لەلایەن شێخ سەعید ئەفەندی قائیمقامی پێشوو، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی هەولێر و عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی رواندز بە رێکوپێکی جێبەجێ کراوە، لەگەڵ نووسراوی دەستەی چاکسازی ئاسانکاری کراوە، لە ئەنجامی پارانەوەیان، کار بۆ دەستەبەرکردنی شوێنی کۆن و نیشتەجێ کردنیان دراوە، لەلایەن موتەسەرفی ناوبراو ئاگادار کراونەتەوە، بەم شێوەیە پشدەریەکان بە کاری جوتیاری سەرقاڵ دەکرێن، ئینشائەڵڵا تا چەند رۆژی دواتر بە تەواوەتی لایەك بە لایەك دەبێت، فەرمان، لە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٢.
میری لیوا رەفیق والی موسڵ و وەکیلی قوماندان

- لەشکری یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
لە موسڵەوە شیفرە
بینباشی حوسنی قائیمقامی پشدەر و سەعید ئەفەندی قوماندانی تابور لە فرقەی قوماندانی دوانزەمین ئاگادار کراونەتەوە، تەلەگرافنامەی مێژووی ٢٤ تشرینی یەکەم ١٣١٢ لەگەڵ تێروانین لە تەلەگرافنامەی موتەسەرفی سلێمانی لە مێژووی ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٢، بە پێی جموجۆڵی سەربازی ئەم دواییە، بۆ ئێران هەڵاتووە، لەوێش پارێزگاری لێ کراوە، لە ناحیەی ئالانی ئێران و لە سەر سنووری عوسمانی ئاغاکانی پشدەر نیشتەجێ کراون، دانیشتووانی ناحیەی ناوبراو لەگەڵ عەشیرەتی پشدەر یەکیانگرتووە و نزیکەی ١٥٠٠ کەس کۆبوونەتەوە، لە تشرینی یەکەم رۆژی ٢٣ لە رێگای گوندی بێستانەی ناحیەی پشدەر، هێرش کراوەتە سەر عەشیرەتی ئۆجاق، گوندەکەیان سووتێنراوە و ماڵیان تاڵان کراوە، لە مەرکەزی قەڵای دیزە هێزی سەربازی لە سەر هاتن، بەڵام لەگەڵ مەفرەزەیەکی ١٠٠ کەسی حوسنی ئەفەندی چاودێری کردوون، لەگەڵ سەرهەڵدانی رووبەرووبوونەوە، لە سەربازی شاهانە ٢ شەهید و ٤ برینداری هەیە، هەروەها لە چەتەکانیش ٢ کوڕی سەلیم ئاغا و لە ناو عەشیرەتەکەش کوژرا و بریندار هەیە، ئەم هێزەی کە بوونی هەیە، بە پێی پێویست نییە و تووشی ئابلۆقە بۆتەوە، بە پەلە یەك تابور بنێردرێت، گرنگی کارەکە و پەلەیی پێویستە، لەگەڵ ١٢٠ پیادە و مەفرەزەی ٣٠ سوارەی ئێستر لە کۆی سانجەق بۆ ناوچەی دیاریکراو بنێردرێت، بۆ قوماندان نووسراوەتەوە، لە کەرکووکیش مەفرەزەیەکی ٦٠ سەربازی ئەمرۆ جولە دەکەن، لە سەر فەرمانی پاشای خەلافەتپەناهی لە سلێمانی تابورێک سەربازی شاهانە دەنێردرێت، لە ژێر پاراستنی ئەم سەربازانە، بە پەلە ئاسایشی پشدەر بگەرێندرێتەوە، ئەم مەفرەزانەی لە کۆی سانجەق و کەرکووك نێردراوە، جگە لەمەش بە پەلە لە سلێمانی تابورێک نێردراوەتە پشدەر، بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان بە رێکوپێکی و پارێزگاری کردن لە شوێنەکە، رزا بەگ میری ئاڵا، لە کارگێری بە توانایە و ئیسلامە، لە ژێر قوماندانی ناوبراودا، ماوەیەك لەم ناوچەیە دەمێننەوە، یارمەتی دانی ئەرکی ئێمەیە، لە ٢٥ تشرینی یەکەم ١٣١٢.
رەفیق والی موسڵ و وەکیلی قوماندان










DH.ŞFR	00201.00175	8 رەمەزان 1314 (١٠ شوبات ١٨٩٧)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

لە سەر فەرمانی سەدارەت، بۆ پشدەر بەرێکەوتوون، ئەمرۆ دەستەی تایبەتی لە سەر بریاری جەنابی پاشا، لە نیشتەجێ کردنی پشدەریەکان سەرکەوتوو بوونە، لە سەردەمی عەبدوڵلا پاشا والی پێشوو، بەهۆی سەرهەڵدانی رووبەرووبوونەوە، کەلوپەلی عەشیرەتەکەی کەوتۆتە ژێر دەستی، تا ئێستا ئەوەی خستویەتیە سەر خۆی ١٧ ئێستر و ١٦ تفەنگ و ١ بارگیر ئەوانە وەرگیراوەتەوە و رادەستی حکوومەتی ناوەخۆ کراوە، ئەم کەلوپەلانەی کە ماوەتەوەش دەستیان کردووە بە دانەوەی، دیارە ئاسایشی سنووری شاهانە، بە نیشتەجێ کردنی پشدەریەکان بەرقەرار دەبێت، کاری دەستەی ناوبراویش بەرز نرخێنراوە، جگە لەمە شێخ سەعید ئەفەندی بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە لە کاری چاکەکاری بەردەوام بێت، لەم جۆرە ئەرکانە هەمیشە ئامادەیە، تەنیا والی پێشوو سەنەدەکانی بۆ ناو مەرکەزی ویلایەت بردووە، داوا دەکات براکەی بە ناوی سەید مستەفا ئەفەندی بۆ سلێمانی بگوازرێتەوە، عەبدوڵلا پاشا قائیمقامی پێشووی هەولێر لەگەڵ عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی پێشووی رواندز، هەر خۆی لە بەگزادەکانی عەشیرەتە و ٣٠ ساڵ پێش ئێستا خزمەتی سەڵتەنەتی پایەداری کردووە و بەکار هاتووە، بۆیە لە شوێنێکی ویلایەت دابنرێن، کە ئەرکەکانیان بەتاڵە، لە ٢٩ تشرینی دووەم ١٣١٢.

میری لیوا رەفیق بریکاری والی موسڵ




نمونه ١

TÉLÉGRAMME

Le ____ 189__ ق سنه		Le ____ 189__ ق سنه
وصول نومروسی N° d'arrivé		واسطه سیله Transmis par
دقیقه ساعت h. m. du		دقیقه ساعت h. m. du
ارسالی Réexpédié à		بدأ مخابره Commencé à
		ختام مخابره Fini à
مأمورك امضاسی Signature de l'employé	L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.	مأمورك امضاسی Signature de l'employé

De ____ Pour ____ الی ____ عن ____

محلی نومروسی N° du dépôt	عدد كلمات Nombre de mots	غروب Group	محلی تاریخی Date du dépôt	ساعت Heures	دقیقه Minutes	روز وياشب Matin ou soir	طریق Voies	اشارات مخصوصه Indications non taxées
								٢




نمونه ١

TÉLÉGRAMME

Le ____ 189__ ق سنه		Le ____ 189__ ق سنه
وصول نومروسی N° d'arrivé		واسطه سیله Transmis par
دقیقه ساعت h. m. du		دقیقه ساعت h. m. du
ارسالی Réexpédié à		بدأ مخابره Commencé à
		ختام مخابره Fini à
مأمورك امضاسی Signature de l'employé	L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.	مأمورك امضاسی Signature de l'employé

De ____ Pour ____ الی ____ عن ____

محلی نومروسی N° du dépôt	عدد كلمات Nombre de mots	غروب Group	محلی تاریخی Date du dépôt	ساعت Heures	دقیقه Minutes	روز وياشب Matin ou soir	طریق Voies	اشارات مخصوصه Indications non taxées
								٤



ŞD	02675.00003	23 شەعبان 1314 (٢٧ كانوونی دووەم ١٨٩٧)

نەزارەتی دەفتەرخاقانی
ئەنجوومەن
ژمارە ١٤٨
راگەیەندراوی بەندەتانە
لــە قــەزای هەولێــر ســەر بــە ویلایەتــی موســڵ زەوییەکانــی شــوێنی موتــق بــە شــوێنگرەوە (بــدل) ماوەیەکــی دیاریکــراوە بەتاڵــە، بــۆ دووبــارە رێکخســتنەوەی، لــە بەرامبــەر ٥٠ لیــرە، خاخــام یوســف داوای کــردووە، ئەگەرچــی ئــەم زەوییانــە بەتــاڵ و بــێ خاوەنــە، بــەڵام ئــاوا گونجاوتــرە بــە شــێوەی شــوێنگرەوە (بــدل) بدرێتــە خەڵکــی ناوچەکــە و شــوێنگرەوەکەش بــە پێشــین وەربگیرێــت، بــەڵام بــۆ ئــەوەی پــارەی زەوییەکــە بــە قیســت وەربگیرێــت، پێویســتی بــە مۆڵەتــی ســەدارەتپەناهیە، بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمــان دەردەکات، لــە ٢٣ شــەعبان ١٣١٤ و ١٤ کانوونــی دووەم ١٣١.
نازری دەفتەرخاقانی

Y.PRK.AZJ	00036.00006	8 زیلحیجە 1315 (٣٠ نیسان ١٨٩٨)

پێنجەم داواکاری مەملوکانەم راگەیەندرا، شێخەکانی بارزان و بجیل لەگەڵ ئەندامانی عەشیرەتی عەبدولرەحمان لە نێوانیان رووبەرووبوونەوە روویداوە و نیشتەجێ کردنیان بە شێوەی جیاجیا دەستی پێکردووە، لە ١٠ مارت رێککەوتوون، کە هەر یەکەیان ئاگاداری پێویستی پێ دراوە، لە بارەی کوشتن و شەڕەوە ئاگادار کراونەتەوە و رێگری لە تێکچوونی ئەمنیەت و ئاسایشی گشتی دەکرێت، چونکە کشتوکاڵ و پارەوپول و مەروماڵاتی هەژاران بە تاڵان دەبەن و هێرش دەکەنە سەریان، هەروەها عەشیرەتی هەمەوەند ئەم کەلوپەلانەی کە لە بەغداد و موسڵەوە بۆ لیواکانی سلێمانی و کەرکووك دێن پچراندوویانە، ئەمنیەت و ئاسوودەیی گەشتیارانی ئێران و ماردین تێک داوە و گەشتیاران تاڵان دەکەن، جگە لەمەش کاروباری بازرگانەکانیان راگرتووە، ئەم راگەیەندراوەش پەسەندە.

دانیشتووانی ناحیەی مزوری سەر بە قەزای دهۆك، لەگەڵ حوسێن کوری عەرەب و ٢٠ کەس لە هاوەڵانیان، ئاژەڵەکانی ناحیەی بەرواری ژێر و گوندەکانی بلبا و کاروایان تاڵان کردووە، کوری مەلا مستەفا کەسێکی بە ناوی محەمەد کوشتووە و خەڵکی بریندار کردووە، بۆ دەستگیرکردنی ئەمانەی بوێری ئەم کارەیان کردووە، نووسراو بۆ قائیمقامیەتی دهۆك کراوە.


لە نێوان دانیشتووانی ناحیەی بەرواری ژێر و حوسێن ئاغا لەگەڵ دانیشتووانی گوندی ئاسپندار، کوشتن و تاڵان روویداوە، لە ئەنجام ئاسایشی ناوچەکە تێك چووە، بۆ نەهێشتنی ئەم ئاژاوەیە، لە ٢٣ شوبات ١٣١٣ لەلایەن قائیمقامی عەمادیە نووسراو بۆ ویلایەت هاتووە.

لە نێوان عەمادیە و زاخۆ، عەشیرەتی حەمیدیە و ئەرتوش و سیدان هەیە، ئەندامەکانی ئەم عەشیرەتانە، بە چەك هەرەشەیان لە فەرمانبەرانی هەژمارکردنی مەروماڵات کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لە قائیمقامیەتی زاخۆ تەلەگرافنامە لە ١١ مارت ١٣١٤ هاتووە و راگەیەندراوە، لە بارەی رووداوی چەك هەڵگرتنیشیان، لەلایەن حاجی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی ناوبراو، ئەسپ ئامادە کراوە، تاوەکو بچنە سەر سەربازانی شاهانە، دوای بەکارهێنانی چەك، ٢ کەس لەوانەی بوێری ئەم کارەیان کردووە، دەستگیر کراون، حاجی بەگ لەگەڵ هێزی عەشیرەتەکان مامەڵەی دوژمنکارانەیان ئەنجام داوە، تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ مارت ١٣١٤، لەلایەن قائیمقامیەتی دهۆك لە پیادەی بیناشییەوە هاتووە.

قەزای مەعمورەی حەمیدیە بەسترایەوە بە لیوای سلێمانی، بارودۆخی زۆربەی عەشیرەتەکانی پشدەر و ئاکۆ و مام و دەلو و خۆشناو و بلباس و مەنکور ژوری باش نییە، ئەم زانیاریەی لە موسڵ هەیە، کارگێری و ئاسایشی ناوەخۆ بە تەواوەتی تێکچووە، بە ناچاری یەك دوو تابور بنێردرێت، لەبەر ئەوەی لە ویلایەت ئامادەکاری کاریگەر نەکراوە، ئەگەری ئەوە هەیە لە نێوان عەشیرەتەکان شەڕ رووبدات، لە هەر لایەکەوە رەوە ئەسپ و چەك و جبەخانە کۆکراوەتەوە و لە پێنچوین شەڕ کراوە، ٤٢ کەس کوژراوە و برێکیش بریندار بوونە، ئەمەش لەم تەلەگرافنامانەی، کە لە لیواوە هاتووە روون بۆتەوە.

لە گوندی شوك سەر بە قەزای هەولێر، پیاوێکی زۆڵ لەگەڵ بەحرکەیی کاکل ئاغا و کورەکەی جەمیل و یەك تاقمێک لە هاوەڵانی، هێرشیان کردۆتە سەر دانیشتووانی گوندی پیرزین و کەسران و ئاودل براستیان، یەکێکیانیش کوشتووە و کەلوپەل و مەروماڵاتیان تاڵان کردووە، هەروەها لە هێرشەکانیان ئەم زەوییانەی کە لە ژێر دەستیان بووە، قەڵایەکیان تێدا بونیاد ناوە، خەڵکەکەیان پەرێشان کردووە، بەهۆی نامەی بەهاناچوون، لە موتەسەرفیەتی کەرکووکی سەر بە ویلایەت نووسراو لە مێژووی ٣٠ مارت ١٣١٤ ژمارە ٩٧ نووسراوە.


بەهۆی ئەم ناکۆکیەی لە نێوان دانیشتووانی گوندی هیرانی سەر بە قەزای کۆی سانجەق روویداوە و بەهۆی فراوان بوونی ململانێیەکە، تا ئێستا بۆ نیشتەجێبوونیان هیچ شتێک نەکراوە.




داهاتی ساڵانەی ئەم گوند و زەوییانەی سەر بە قەزای سنجارن، لە یەك ملیۆن لیرە پێك هاتووە، شەربەتچی زادە قائیمقامی قەزای ناوبراو، لە کارگێری ئەنجوومەنی ویلایەت زاوای رەئوف ئەفەندی باش کاتیبە، رەئوف ئەفەندی زەوی قەزای ناوهاتووی بە تەواوەتی خستۆتە ژێر رکێفی خۆی، هەموو ساڵ دە یەکەکەی (اعشار) بە هاوکاری و بێ ئەوەی نرخێك بدات، بەکاری دەهێنێت، ئێستا دەستی بە کار کردووە ئەم گوندانەی سەر بە ناحیەی مزورین، بەشێکی دەخاتە ژێر رکێفی خۆی، ئەم کارەش بە کاری نەشیاو هەژمار دەکرێت، بۆیە لەلایەن وەرگێری پێشووی باڵیۆزی فەرەنسا سلێمان کوڕی داود ئاغای موسڵ، چەندین داواکاری بۆ سەروو بەرز کردۆتەوە، بە گوێرەی ئەم نووسراوەی لە نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، لەم بابەتەدا ئەحمەد فائیز ئەفەندی نائیبی پێشوو، لەگەڵ رەمزی بەگی مەکتوبچی هاورابوونە، مەکتوبچی رەمزی بەگ لە بیری کردووە و لەلایەن سەرووتریش پرسیاری لێ نەکراوە، ئاخۆ بە چ رێگایەك مامەڵەکەی کراوە؟، بە بێ دەنگی ماوەتەوە، بۆیە یاسای بەندە کۆتایی پێ دێت.


مەسەلەی پێنچوین پشتگوێ خراوە، هەروەها بە پێویست نەزانراوە سەربازی شاهانە و خەرجیەکەی رەوان بکرێت، بۆیە یەکسەر ئەم هەواڵەم بۆ عوسمان پاشا قائیمقامی گوڵعەنبەر نارد، لەبەر کاریگەری هەواڵەکەش سوپاس بۆ خوا، یەکسەر بە هانامەوە هات، لە سایەی جەنابی سەروو، دادوەری بانە محەمەد خان و هاوەڵانی لە پێنچوینەوە دەرهێنراون و نێردراونەتەوە خاکی ئێران، ئەم هەواڵە بە تەلەگراف لە مابەینی هومایۆنی ملوکانەکانی باش کیتابەتی جەلیلە راگەیەندراوە و زانیاری دراوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی قوماندانی ژاندارمە حەسەن پاشا، بە ئامادەبوونی دیوانی جەنگی دادگاییەکە ئانجام دەدرێت، بە سەرۆکایەتی فەریق محەمەد پاشا، دەستەی لێکۆڵینەوە (هیئە تحقیقیە) بۆ موسڵ رۆیشتووە، فەرمان، لە ١٨ نیسان ١٣١٤.

بەندەی حەمدی







<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00211.00031</td><td>29 موحەررەم 1315 (٣٠ حوزەیران ١٨٩٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بە وەکالەت لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر دامەزراوە و رەسەنایەتی دووپاتکراوەتەوە، ئەم تەلەگرافنامەیەی لەلایەن عەبدوڵلا بەگ وەرگیراوە، تێدا ئاماژەی پێکراوە، بۆ قائیمقامیەتی قەزای ناوهاتوو، کەسێك بە ناوی عارف حیکمەت هەڵبژێردراوە بۆ دامەزراندن، ناوبراو لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئەوێ سوودی خۆی نیشان داوە و لەگەڵ خزمەتی رێکوپێکی و خۆگونجانی لەگەڵ عەشیرەتەکانی ئەوێ، دڵسۆزی و مەردایەتی خۆی دەرخستووە و شایەنی رێزگرتنە. رەسەنایەتی کارەکانی راگەیەندراوە و کۆتایی هاتووە، قائیمقامیەتەکەیان جێگای قەدەغە کردن نییە، لەم حاڵەتەدا ئەگەر رەزامەندیش درابێت، ئێرە وەکو هەموو ویلایەت سنووری دیار نییە، بۆیە تا چ پلەیەك هەڵبژاردنی لە ناو ویلایەت گونجاوە، بە پێی ئەم شتانەی باس دەکرێت سەرەتا عارف حیکمەت ئەفەندی لە قائیمقامیەتی رواندز بووە، بە هۆی خزمەتی باشی ستەمی لێکراوە و داوای بەزەیی کردووە، بەڵام ئەگەر ئەم عارف حیکمەت ئەفەندییە بێت، ئەوا لە ویلایەت ناوبانگی باش نییە، بۆیە دامەزراندنی لەم ویلایەتە گونجاو نییە، بۆ ئەم مەبەستەش راگەیەندراوە.
زوهدی والی موسڵ
١٨ حوزەیران ١٣١٣</td></tr>
</table>



DH.ŞFR	00217.00076	19 جەمادی کۆتایی 1315 (١٥ تشرینی دووەم ١٨٩٧)
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣١٣ بەرەبەیان، لە قۆمیسیۆن زانیاری لەسەر ئەسعەد ئەفەندی بەرێوەبەری دارایی پێشووی هەولێر خوێندرایەوە، بە نووسراوی فەرمی لە ویلایەت مامەڵەی دەفتەردار نێردراوە، لە وەڵامی فەرمیدا ئەم کاتەی ناوبراو بەرێوەبەری دارایی عەقرە بووە، لە سندوقی دارایی دزی کراوە، کە برەکەی ٧٠٠٠ قوروشە، لەم کارە بێ تاوان دەرچوو، هەروەها لە بەرێوەبەری دارایی زاخۆش لە باجی سەر مەڕ، یەك لە دە قوروش رادەستی سندوق نەکراوە، لەم بارەیەوە خەریکە مامەڵەی یاسایی جێبەجێ دەکرێت و دوور خستنەوەی بە پێویست زانراوە، بۆیە عەلی ئەفەندی دامەزراوە، بە پێویست زانراوە، ٥٠٠ قوروش مووچەی بۆ ببرێتەوە، بەم شێوەیە جێبەجێ کردنی بە رای نەزارەتپەناهیە، لە ٣ تشرینی دووەم ١٣١٣. زوهدی بە ناوی والی موسڵ		






DH.ŞFR	00221.00108	12 شەوال 1315 (٦ مارت ١٨٩٨)


بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

ئـەم یاخـی بوونـەی لـە دەورووبـەری موسـڵ روویـدا، بـووە هـۆکاری وێرانـی، بۆیـە پزیشـکانی ئەڵمانـی بـە نـاوی سـاهاد و کۆلدافـای هاتوونەتـە موسـڵ و سـەردانی هەندێـك گوندیـان کـردووە، دواتـر چوونەتـە مەرکـەزی قـەزای هەولێـر، لـە کاتـی سـەردانەکەیان بـۆ گونـدی نەینـەوا، کـە سـەر بـە موسـڵە، وێنـە و نەخشـەیان دۆزیوەتـەوە، هەروەهـا یـەك دوو پارچـە بـەردی مەرمەریـان بـردووە، دوێنـێ ئێـوارەش گەراونەتـەوە موسـڵ، بـە گوێـرەی کاغـەزی نووسراوی پوختە، پێشـکەش کـراوە، فەرمـان، لە ٢٢ شـوبات ١٣١٣.
عەبدولوەهاب والی موسڵ



DH.ŞFR	00224.00010	23 زیلحیجه 1315 (١٥ مایس ١٨٩٨)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە مێژووی ٢٦ نیسان ١٣١٤ و بە شیفرە تەلەگرافی نێردراوە، لەبەر ئەوەی رەفعەت ئەفەندی موتەسەرفی سلێمانی نەیتوانیوە پارێزگاری لە حکوومەت بکات، جگە لەمە لە بارەی متمانەوە لە ئیدارەی سەربازیدا سکاڵای قورسی لە سەرە، عەبدوڵڵا پاشا قائیمقامی پێشووی هەولێر بە وەکالەت بۆ سلێمانی بنێردرێت، لە موشیرەتی جەلیلە نیشان دراوە، کە موتەسەرفی ناوبراو لە ئەنجامی ئەوەی کارەکانی بە خراپی بەرێوەبردووە، لە ناو لیوا دوور خراوەتەوە و عەبدوڵڵا پاشا بە وەکالەت فەرمانی دامەزراندن و رۆیشتنی ئامادەیە، لە ٣ مایس ١٣١٤.
عەبدولوەهاب والی موسڵ





ŞD	00473.00011	27 سەفەر 1315 (٢٨ تەمموز ١٨٩٧)
بۆ سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە هەروەك چۆن باوباپیرانم تا گیان فیداکردن بۆ چاکسازی عیراق کاریان کردووە، بەندەشتان ٣٠ ساڵە بە دڵسۆزی لە ویلایەتی موسڵ ئەم ئەرکەی جێبەجێ کردووە، بە تایبەتی بە فەرمانی پاشا لە ناو خاکی ئێران، لە ئاشت کردنەوەی عەشیرەتەکانی عەمادییە کارم کردووە، بەهۆی ئەم خزمەتانەی ئەنجامم داوە، لە قۆمیسیۆن کارەکانم پەسەند کراوە و بۆ بەرز نرخاندنی نیشانم پێ دراوە، لە پلەی میری میران خەریکە ئامادەکاری دەکرێت بۆ ئەوەی نیشانی مەجیدی عوسمانیم پێشکەش بکرێت، بەڵام لەلایەن هەندێك کەسانی بێ کەڵك و نارەسەن پێیان قەبوڵ ناکرێت، بە بێ لێکۆڵینەوە و ووردبینی بۆ رابردووم بکەن، شتی نەشیاوم بەسەر دادەسەپێنن، بۆیە بە ستەملێکراوی لە هەولێر جیابوومەتەوە، لە مێژووی جیاجیا بانگ کراوم، تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبینراوە، بەندەیەکی وەکو من لە خانەدانەکانی کوردستانە. لە رێگای پاراستنی سنوور و دوورخستنەوەی ململانێی عەشیرەتەکان گیانم فیدا کردووە، بە پارەش ئامادەم، دڵسۆزیم شایەتی ئەوە دەدات. لە دووەم چینی قائیمقامیەت و لە ئەرکەکەم مسقاڵێک خاوەتم وەرنەگرتووە، بۆیە هیچ یاسایەك رێگە نادات ئەرکەکەم بە هەدەر بچێت، ئەوەی ئاشنای تایبەتمەندی من بێت، داخی بۆ من کێشاوە، تەنانەت بەم دواییە ستەملێکراویم لە ویلایەتی ناوبراو دیاری کراوە و لە موتەسەرفی سلێمانی بە وەکالەت، دواتر ئەرکەکەم بۆ کەرکوك گوازراوەتەوە، بە کۆی گشتی دڵسۆزیم دیارە، یا ئەوەتا لە ئەرکی پێشووم لە قائیمقامیەتی هەولێر بە پێی نیزام دووبارە دامنێنەوە، یاخود لە شوێنێکی تر کارێکی گونجاوم پێ بدرێت، کە شایەنی رەسەنایەتی من بێت، بۆ ئەنجامی ستەم لێکراوییەکەم، ئەمجارە داوای دادوەری دەکەم، فەرمان، لە ١٤ تەمموز ١٣١٣. عەبدوڵڵا قائیمقامی پێشووی هەولێر ٢٧ سەفەر ١٣١٥ بە بڕیاری فەرمانگەی فەرمانبەرایەتی ژمارە ٩٦ لە مێژووی ١٦ سەفەر ١٣١٥ نووسراو بۆ سەرۆکایەتیپەناهی نەزارەتی ناوەخۆی نووسراوە.		

BEO	001070.080222	24 شەعبان 1315 (١٨ کانوونی دووەم ١٨٩٨)

٢٤ شەعبان ١٣١٥
٥ کانوونی دووەم ١٣١٣
بۆ جێبەجێ کردن لە نەزارەتی ناوەخۆ دەست بە کار بکرێت

لە فەرمانگەی فەرمانبەرانی شورای دەوڵەت بە نووسراوی ژمارە ٢٢٣٤، لە قائیمقامیەتی قەزای هەولێر بە ناهەق دوور خراوەتەوە و غەدری لێکراوە، بەهۆی خزمەتی پێشووی عەبدوڵڵا پاشا، پلەی پێشکەش کراوە و داواکارییەکە رەوانەی شورای دەوڵەت کراوە، ئەم داواکارییە کە لەلایەن ناوبراو نێردراوە لەگەڵ دوو پارچە تەلەگرافنامە رەوانی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی فەرمانبەران خوێندراوەتەوە و لە ویلایەتی موسڵ زانیاری وەرگیراوە، لە مێژووی ١١ کانوونی دووەم ١٣١٢ تەلەگرافنامە هاتووە، نیشان دراوە، کە پاشای ناوبراو هیچ کەموکوریەکی نییە و ئەم زانیاریانەی لە نەزارەتی ناوەخۆ هەیە، خوێندنەوەی بۆ کراوە و روون کردنەوە وەرگیراوە، بە پێی وەڵامی نووسراوی ٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٣١٥، ناوبراو لە هێرشەکەی سەر فەرمانگەی مولکی هومایۆنی شەمامك، داڵدەی ئەحمەد کوچوك و چەتەکانی تری داوە و شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین کردوون، پێشەکی لەلایەن والی پێشووی موسڵ زانیاری دراوە، ئاگاداری نێردراوە و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە، دووبارە ویلایەتی ناوبراو هەواڵی بۆ نێردراوە، ئەمجارە نووسراو لە مێژووی ١١ جەمادی یەکەم ١٣١٥ هاتووە، بە پێویست زانراوە ناوبراو لە قائیمقامیەتی هەولێر دوور بخرێتەوە، لە مێژووی ١٨ حوزەیران ١٣١٢ لەلایەن وەکیلی پێشوو فەریق عەبدوڵڵا پاشا پێشکەش کراوە و شیفرەی تەلەگرافنامەکە لە دەست ناوبراو ماوەتەوە، بۆ لێکۆڵینەوەی ناوبراو، نائیبی کەرکووك راسپێردراوە و لێکۆڵینەوە لە نامەی ویلایەت کراوە، ئەمانە لە چەتەی ناودارن و بەرامبەر بە حکوومەت دەمارگیرن و بەردەوامن لە ئەنجامدانی بەدکاری، هەواڵ هاتووە لە دیزەییەکانی میر یوسفی ئاغا، ئەحمەد کوچك لەگەڵ حاجی بایز ئاغازادە ئیبراهیم ئاغا و بەکر بەگ بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا یەکتریان بینیوە، ئەم هەواڵەش لەلایەن دەروێش ئاغازادە محەمەد ئاغای هەولێری راگەیەندراوە، کاتیبەکەی بن داود رایگەیاندووە، کە بە تەواوەتی ئاگاداری ئەم هەواڵە نییە و زانیاری نییە، لە بارەی ئەحمەد کوچك و بەکر بەگ کە بە شەو لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا چاویان بە یەك کەوتووە، پشت راست کراوەتەوە کە ئەم ووتانەی پێشوو بوختانن، هەروەها محەمەد عەلی نائیبی هەولێر و عەبدولرەحمان موفتی و زەینل بەرێوەبەری دارایی و حاجی سەفوەت ئەفەندی کاتیبی پێشوو و خضر ئاغا ئەندامی ئەنجوومەن و عەبدولرەحمان ئەفەندی ئەندامی پێشووی دادگای سەرەتایی و عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی رواندز لەگەڵ ئاغای بلۆك سەید وەهاب ئاغا، رایانگەیاندووە زانیاریان نییە، تەنیا سەید عەبدوڵڵا ئاغا دوای هەڵاتنی ئەحمەد کوچك، شەوێك لە قۆناغی حکوومەت لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشا چاویان بەیەکتر کەوتووە، پاشای ناوبراو ووتویەتی ئەحمەد کوچك و بەکر بەگی بینیوە، لە دۆسیەی عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ چەتەکان، تەنیا ئەحمەد ئاغا نیشان دراوە، ئەمەش بۆ دادگاییکردنی پاشای ناوبراو کەرستەی تەواو نییە، بە ووردبینی کردنی کاغەزی لێکۆڵینەوە، لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت، داواکاری گشتی و بریاری ئەنجوومەنی ناوهاتوو هەڵگیراوە، بێگومان ناوبراو ئەرکی پێ نادرێت، بە تەلەگرافنامە نێردراوە، هەروەها ئەم ئاگادارییە جگە لەم لێکۆڵینەوانەی باسکراوە ئەنجامەکەی و بریاری ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت متمانە پێکراوە، ووردەکاری و روون کردنەوە دراوە، کە کێشە نییە لە بەکارهێنانەوەی عەبدوڵڵا پاشا، بۆیە نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٧ جەمادی کۆتایی ١٣١٥ و ١١ تشرینی دووەم ١٣١٣.


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
1070 80222



DŞ	02986.00048	4 زیلقەعدە 1315 (٢٧ مارت ١٨٩٨)

لە سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی جەلیلە
جەنابی ئەفەندی دەوڵەت
ئـەم ماوەیـە کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای هەولێـر سـەر بـە ویلایـەت موسـڵ بـووم، بەهـۆی کار و خزمەتـە باشـەکانمەوە، ئـەم پاداشـتەی لـە جەنابـی پاشا وەرمگرتـووە، بیسـت مانـگ پێـش ئێستا لـە سـەر چەنـد بیانویەکـی کەسـێتی بۆتـە فەرمـان، هـەر چۆنێـك بێـت ئـەم لێکۆڵینەوانـەی لـە سـەر دوورخستنەوەم کـراوە، لـە ئەنجامـی ئـەم لێکۆڵینەوانـەی کـە لـە سـەر تەکیەکـەم کـراوە، لـە ٢٨ شـەوال ١٣١٥ ژمـارە ٢٢٣٤ کردنـەوەی تەکیەکـە قەدەغەکـراوە، بریارەکـە بـۆ سـەدارەتپەناهی نێـردراوە، لـە مێـژووی ٥ کانوونـی دووەم ١٣١٧ ژمـارە ٣١٨٩ نەزارەتـی ناوەخـۆ ئـاگادار کراوەتـەوە، داواکاری ناوبـراو وێنەیەکـی پەسـەند کـراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ١٤ شـوبات ١٣١٧.
عەبدوڵڵا قائیمقامی هەولێر بووە ئێستا لە رواندز نیشتەجێیە

ئـەم داواکاریـەی پێشـکەش کـراوە، وەرگرتنـی گونجـاو نییـە و داواکارییـە بەتـاڵ کراوەتـەوە و هەڵگیـراوە لـە ٢٨ شـەوال ١٣١٥ لـە ژووری کاغـەزەکان دووبـارە بۆتـەوە، لـە ٤ زیلقەعـدە ١٣١٥.
جەودەت

19 سەفەر 1316 (٩ تەمموز ١٨٩٨)	00056.00043	DH.TMIK.M

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگی
هۆبەی چوارەم
٧٥٦
ئـەم تەلەگرافنامـەی لـە موشـیرەتی جەلیلـەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن هاتـووە، لەلایەنـی هەولێـر و رواندز زیاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ و چەندین کەلوپەلـی بازرگانی لەلایەن هەرکیـەکان تاڵان کـراوە، فرقەکەیان لـە قـەزای شـەمدینان کـە سـەر بـە هەکارییـە لە سـنووری ئێـران کۆبوونەتـەوە، بە گفتوگـۆ رێککەوتـوون، لەم بارەیـەوە ئامـادەکاری یەکجارەکـی بکرێـت و جێبەجـێ بکرێـت، هەروەهـا بـۆ گەرانـەوەی ئـەم کەلوپەلانـە فەرمـان دراوە، بـەڵام بەهـۆی زۆری و زبـری رەوشـتی هەرکییـەکان، لـە فەرمانـی وەرگرتنـی کەلوپەلـەکان پێویسـت بـە جولـە دەکات و رووبـەروو بوونـەوە روو دەدات، بـۆ ئامادەکردنـی ئـەم هێـزەش فەرمـان دراوە، بـۆ جێبەجـێ کردن موشـیری جەلیلەی لەشـکری شەشـەمی هومایـۆن ئـاگادار کراوەتـەوە، لەشـکری چوارەمی هومایـۆن بوونـی هەیـە، یـەك تاقـم لـە شـوێنی گرنـگ و پێویسـت بـەش بن، تـا لـە جولـەی بەرامبـەر ئامادە بـن، بـەڵام بـۆ شـەمدینان پێویسـت دەکات دوو بلـۆك بنێردرێـت، هـەر خۆی لەوێـش یەك بلـۆك بوونی هەیە، پارەوپـول و کەلوپەلـی تـاڵان کـراو، لەلایـەن محەمـەد سـدقی ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عەبدوڵـڵای مـردوو، کـە جێگـەی ئومێـدە، بـە رێگـەی ئـەم گەرێندراوەتـەوە، ئـەم زانیاریەش بـە تەلەگرافنامـە لە قۆماندانیەتـی فرقەی هەشـت وەرگیـراوە، لـە وەڵامـی جێبەجـێ کردنـی ئامادەکاریەکانیش موشـیری ناوهاتـوو ئـەم روون کردنەوەی نووسیوەتەوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ سەفەر ١٣١٦ و ٢٧ حوزەیران ١٣١٤.
رزا سەر عەسکەر


- بۆ ویلایەتی وان
شفرە
١١ تەمموز ١٣١٤
نووسراو
لـە لایـەن هەولێـر و روانـدز زیاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ و یـەك رەوە ئەسـپ و کەلوپەلـی بازرگانـی لـە لایـەن هەرکیەکانـەوە تـاڵان کـراوە، زانیاریـش هاتـووە کـە دەرکەوتـووە فرقەکـە بـە تەواوەتـی لـە قـەزای شـەمدینان و سـنووری ئێـران کۆبوونەتـەوە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کراوەکـە، پێویسـت بـە جموجوڵێکـی هەمـان شـێوە دەکات، بـە تێروانیـن لـە زۆری و زبـری رەوشـتی هەرکییـەکان پێویسـت دەکات برێـك هێـزی سـەربازی بنێردرێـت، دەتوانرێـت کەلوپەلـی تـاڵان کراویـش لـە لایـەن محەمـەد سـدقی ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عەبدوڵـڵای مـردوو بگەرێندرێتـەوە، نـووسراوی سـەربازی کـە لەلایـەن سـەدارەتپەناهی هاتـووە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـی تـاڵان کـراو، ئامـادەکاری و جێبەجـێ کردنیـان پێویسـتی بـە زانیـاری قۆمیسـیۆنە.


- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
لە ویلایەتی وان بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافنامەهاتووە
١١ تەمموز ١٣١٤، لە سـەر فەرمانی سـەرووی نەزارەتپەناهی، بۆ هێنانەوەی ئاژەڵەکان و رادەسـت کردنەوەیان، پێویسـتی بە لایەنی حکوومەت و بە ئاگاداری شـێخ سـدیق ئەفەندی هەیە، لە وەڵامی ویلایەتی موسڵ زانیاری دراوە، لـە کۆتاییـدا لەم لایەنە پێداچوونەوە نەکراوە، لەلایەن شـێخی ناوبراویـش بە تەلەگرافنامە هاتووە، ٢٠٠٠ سـەر مـەڕ رادەسـتی ئـەم فەرمانبەرە کـراوە کە لە روانـدزەوە هاتـووە، لە کاتی گەرانـەوەی ئـەم فەرمانبەرەش، ووردبینـی نەکـراوە ئاخـۆ کەلوپەلـی تـاڵان کـراوی تـر هەیـە یاخـود نییـە؟، فەرمـان، لـە ١٩ تەممـوز ١٣١٤.
تاهیر


- تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ نووسراوە
لە ١٩
بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە
٢٤ تەمموز ١٣١٤
لـە لایەنـی روانـدز و هەولێـر زیاتـر لـە ١٠٠٠ سـەر مـەڕ و یـەك رەوە ئەسـپ و کەلوپەلـی بازرگانـی لـە لایەن هەرکیەکانـەوە بـە تـاڵان بـردراوە، بـەم راگەیاندنـەوە هەمـوو فرقەکـە لـە قـەزای شـەمدینان و سـنووری ئێران کۆبوونەتـەوە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کـراوەکان پێویسـت دەکات هێزێکـی سـەربازی رەوانە بکرێت، هەروەهـا بـۆ جێبەجـێ کردنیشـی ئامادەباشـی کـراوە، بـۆ گەرانـەوەی کەلوپەلـە تـاڵان کراوەکـەش شـێخ محەمـەد سـدیق ئەفەنـدی جێـگای ئومێـدە، بـە تەلەگرافنامە گفتوگۆی نێـوان سـەر عەسـکەر و ویلایەتی وان هاتـووە، سـەرەتا ٢٠٠٠ سـەر مـەڕ هێنراوەتـەوە و رادەسـتی ئـەم فەرمانبـەرە کـراوە، کە لـە روانـدزەوە هاتووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی فەرمانبەرەکـەش بـۆ گەرانـەوە پەلـەی کـردووە، لێکۆڵینـەوە نەکـراوە، کـە ئایـا کەلوپەلی تاڵانکـراوی تـر هەیـە یاخـود نییـە؟، لەلایەن شـێخ سـدیق راگەیەنـدراوە و ئاشـکرای کـردووە هەموو مـەڕەکان گەرێندراوەتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نووسراو بۆ ویلایەت کراوە، بە ووتەی قۆمیسـیۆن لێپرسـینەوە دەکرێت.


- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
لە ویلایەتی وان بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
تەلەگرافنامەهاتووە
تەواوکـەری تەلەگرافنامـەی بەنـدەم، لـە مێـژووی ٢٣ ئۆغسـتۆس ١٣١٤، ئـەم کەلوپەلـە تـاڵان کراوانـەی کـە عەشـیرەتی هەرکـی ئەنجامـی دابـوون، ٣٨٨٠ سـەر مـەڕ و ١٥٧ سـەر ئـاژەڵ گەرێندراوەتـەوە و رادەسـتی خاوەنەکانیـان کـراوە، بـە گوێـرەی وەڵامـی ئـەم تەلەگرافنامەیـەی کـە لەلایـەن شـێخ سـدیق ئەفەنـدی هاتـووە، روون کراوەتـەوە، فەرمـان لـە ١٠ ئەیلـوول ١٣١٤.
تاهیر


- بۆ ویلایەتی موسڵی جەلیلە/ تەلەگرافنامە/ ٢٣ ئەیلوول ١٣١٤
لـە تەلەگرافنامـەی مێـژووی ٢٤ تەممـوز ١٣١٤ روون کراوەتـەوە، لـەم کەلوپەلـە تـاڵان کراوانـە، کـە لەلایـەن عەشـیرەتی هەرکیـەوە ئەنجـام درا، ٣٨٨٠ سـەر مـەڕ و ١٥٧ سـەر ئـاژەڵ گەرێندراوەتـەوە و رادەسـتی خاوەنەکانیـان کـراوە، بـە گوێـرەی دوا ئاگادارکردنـەوەی ویلایەتـی وان بـە ووتـەی قۆمیسـیۆن رادەگەیەنرێت.

















DH.MKT	02131.00022	24 جەمادی کۆتایی 1316 (٩ تشرینی دووەم ١٨٩٨)

بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٢٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٦
٢٨ تشرینی یەکەم ١٣١٤


ئەم دانەوێڵەیەی ئەم ساڵە لە ویلایەتی موسڵ دێت، بە گوێرەی پێویستی زەخیرە هەژمار کراوە و داواکراوە، لە ١٠٠ هەزار قیەدا ٦٠٠ هەزار قیە گەنم بۆ ویلایەتەکانی دیاربەکر و مەعمورەتولعەزیزە، هەروەها ٣٠٠ هەزار قیە جۆ لە ویلایەتی بەغداد یەکسەر بفرۆشرێت، جگە لەمە پێش ئەوەی وەرزی کشتوکاڵ بەسەر بچێت بگاتە موسڵ، شوێنگرەوەکانی کە لەم ناوچانە دەفرۆشرێت پارەکانیان بدرێت، ئەوەی لە ئەنجومەنی تایبەتی دێت، لەگەڵ نووسراوی سەدری ئەعزەم نووسراو بکرێت. لە لایەنی هەولێریش ئەم زەخیرەیە بە رەوە ئەسپێك دەگوازرێتەوە، ئەمەش دوای پەیدا کردنی بریار و فەرمان دراوە، تا بۆ گواستنەوەی رێگەچارەیەك بدۆزرێتەوە، بە تەلەگرافیش ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە، ئەم وەڵامەی لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە وەرگیراوە، بری زەخیرەی داواکراو بە رەچاوکردنی خەزینەی جەلیلە، بە گوێرەی توانا بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێت، ئەگەر برێکی کەمتر دابەش بکرێت، بە گوێرەی پر کردنەوەی پێداویستی نابێت، لە ویلایەتی ناوهاتوو ٩٠٠ هەزار قیە زەخیرە رێکخراوە، جگە لەمەش ١٠٠ هەزار قیە جۆی تریش رێکخراوە و بە پێویست زانراوە بنێردرێت، لە ویلایەتی بەغدادی جەلیلە تەلەگرافنامە وەرگیراوە، دەرکەوتووە ویلایەت پێویستی بە زیاترە، بۆیە دەبێ زەخیرە لە موسڵەوە بێت، هەر خۆشی ساڵی رابردوو کەموکوریەکانی زەخیرەی، لە موسڵ و لایەنەکانی تر پر کردۆتەوە، ئەم ساڵە لەم شوێنانە هەروەك دیارە زەخیرە نەهاتووە، لە لایەنەکانی تر عەشیرەتەکانی عەنەزە و شەمەر لەگەڵ ئەم عەشیرەتانەی کە بەستراونەتەوە بە ویلایەت بە هاتنیان زەخیرە دەفرۆشرێت، ئەم زەخیرانەی کە دێنە ئەوێ نرخی زەخیرەکان بە پارەیەکی زیاتر دەفرۆشن، هەروەها ئەم زەخیرانەی کە لە دەرەوەی وڵات واتە لە وڵاتی بێگانەوە دێت، لە گومرگ خۆش بن، تا خەڵك سوودی لێ وەربگرێت. جگە لەمە ئەم زەخیرانەی کە لە ناو ویلایەت بوونیان هەیە و لە دەرەوە نەهاتوون، دەرکەوتووە بەش ناکات، بۆیە بری نرخەکەی لەسەر خەڵك گران دەبێت و نرخی زەخیرەکان بەرز دەبێتەوە، لەم بارەیەوە ئەم زەخیرەی بۆ ویلایەتی موس دابینکراوە، دەرکەوتووە لە فرۆشتن و ناردنی لە دەرەوەی توانای ئەو دایە، ئەم زەخیرەش شتێکی ئاوا نییە، ئەوەی پێك هاتووە لە ٣٠٠ هەزار قیە جۆ، خەڵکی موسڵیش لە رووی زەخیرەوە تووشی کێشە بوونە و ئەمەش باش نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و ناردنی زەخیرە، پێویستە ئامادەکاری بە پەلە ئەنجام بدرێت، ئەم زانیاریانەش بۆ ویلایەتی بەغدادی جەلیلە نووسراوەتەوە، هێشتا وەڵام وەرنەگیراوە، بەڵام هێنانی زەخیرە لە خاکی ئێران ئاسایی بووە، کەچی ناردنە دەرەوەی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەکرا، بۆ رێزگرتن لە راگەیەندراوی باڵیۆزی تەهران، لە نەزارەتی دەرەوەی جەلیلە ئاگادارکردنەوە هاتووە، لەبەر ئەم هۆکارانە ئەگەر لە نێوچەوانی زەخیرەوە تووشی بێزاری بێت و نەبێت، هەموو ساڵ ئەوەی دەدرێتە موسڵ لەم لایەنانەوە دێت، ئەم زەخیرانەش کە قەدەغەکراون دیار و ئاشکران، لە قەدەغەکراوەکانی ناو ویلایەت بۆ نموونە زەخیرەی خورما قەدەغەکراوە بنێردرێت، بۆ سوود وەرگرتن لە نرخەکەی لەلایەن بازرگانەکانەوە بهێنرێت، ئەم زەخیرانەی لە لایەنی هیندستان لە رێگەی بەسراوە دێن، بە گوێرەی پێداویستی دانیشتووان، تا چەند پێویستیان پێیەتی بەم رادەیە لە رسوماتی گومرگ خۆش بن، ئەم کارەش پێویستە، بۆیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە راگەیاندن نێردراوە، لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە ئەم تەلەگرافنامەیەی کە هاتووە، ئەم ساڵە بەردەوام دەبێت و ئەم دانەوێڵەی قورغ دەکرێت و دەستی بەسەر دادەگیرێت بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری بەسەر سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانی دەبێت، ئەگەر بێتو قەدەغەکراوەکانی سەر ئێران بەردەوام بێت و ئەم زەخیرانەی لە سنووری ئێرانەوە دێنە ناو قەزاکانەوە بوەستێت، ئەوا پێداویستیەکان زۆر زیاد دەکەن، جگە لەمە لە مەرکەزی سانجەق بۆ پرکردنەوەی پێداویستی کەرکووك و سلێمانی ناردنی زەخیرە دەوەستێت، ئەگەر بێتو هێنانی زەخیرەش لە ئێرانەوە بوەستێت، ئەوا لە هەردوو لا رێگای هاتنە ژوورەوە دادەخرێت، بەم جۆرەش قاتوقری دروست دەبێت، بۆیە نووسراو هاتووە ماوەیەك بە شێوەیەکی کاتی ئەم زەخیرانەی کە لە ئێرانەوە دێن بۆ ئاسانکاری و خێراتر کردنی کارەکان رسوماتی گومرگ وەرنەگیرێت، بە هەمان شێوە رێنماییەکان لەسەر قەدەغەکراوەکانیش بەردەوام بێت، بۆ دابینکردن و ئاسانکاری ئەوەی پێویستە بهێنرێن، بۆ ئەمەش ئامادەکاریەکان راگەیەندراوە، تێگەیشتوون کە چارەی تر نییە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەی کە باسکراوە، پێویستی بە مۆڵەتی سەرووی جەنابی وەکالەتپەناهییە.







<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02164.00042</td><td>19 ڕەمەزان 1316 (١٣ کانوونی دووەم ١٨٩٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ سەدارەتپەناهی
١٩ ڕەمەزان ١٣١٦
١٩ کانوونی دووەم ١٣١٤
هەر چەندە حاجی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی ئەرتوش دووره، بەڵام ئەمجارە گەڕاوەتەوە سەر مەرەکانی مار یەعقوب رەهبانی کاسۆلێکی دزیوە، لەگەڵ هاوکارەکەی شێخ محەمەد نوری لە گوندەکە فیشەکی تەقاندووە، بۆیە بە پەلە لەگەڵ باڵیۆزخانەی فەرەنسا پەیوەندی ببەسترێت و لە نەزارەتی دەرەوە ئاماژە نێردراوە، نووسراوی سەدارەت لە مێژووی ٥ کانوونی یەکەم ١٣١٤ ژمارە ٣٢٦٠ بە فەرمان ناچار کراوەتەوە، بە پێی تەلەگرافنامەی ١٠ کانوونی دووەم ١٣١٤ لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە لە وەڵامەکەدا هاتووە و ئاماژەی پێکراوە، حاجی بەگ مامەڵەی بۆ کراوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە، شێخ نوریش ماڵەکەی لە دهۆك گواستۆتەوە بۆ قەزای هەولێر، بۆیە ئێستا پێویست ناکات مامەڵەی تر ئەنجام بدرێت.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>2180.16</td><td>8 زیلقەعدە 1316 (٢٠ مارت ١٨٩٩)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی دەریایی
٨ زیلقەعدە ١٣١٦
٨ مارت ١٣١٥
شێخ ئەحمەد لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی خەلیفە و زانای هەولێر، بۆ چوونە حیجاز هاتۆتە دەرسەعادەت، داوای کەشتی بە خۆرایی دەکات، تا بچێتە حیجاز، بۆ ئەم مەبەستە داواکاری بە واژووی پێشکەشی جەنابی سەدارەتپەناهی کردووە، هەروەها داواکراوە دەست بەکار بن بۆ جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>


10 جەمادی یەکەم 1317 (١٦ ئەیلوول ١٨٩٩)	00078.49	DH. MKT


- فەرمانگەی ئەرکانی پاسەوانی گشتی
هۆبەی چوارەم
١٠٦٦
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێز جەنابی دەوڵەت
شێخی دهـۆك بەهۆی ئـەم تاوانانەی لە نێـوان هەولێر و فیشـخابور کردوویەتی، ئەگەر بەرامبـەر تاوانەکانی دەسـتەوئەژنۆ بوەسـتن، ئـەوا وێرانکاریەکانـی زیاتـر دەبێـت، لـە باڵیۆزخانـەی فەرەنسـا ووتـەی خـۆی داوە، هەروەهـا شـێخی ناوبـراو لـە رابـردوو زیانـی نەبـووە، ئـەوەی کاری چەتەی دەکات سـەلیم ئاغا لەگەڵ شـێخ نـوری، کـە لـە چیاکانـی مزوری خـۆی حەشـارداوە، هەروەهـا دەرکەوتووە کـە پەیوەندییان بە یەکـەوە هەیە، بـۆ دەسـتگیرکردن و سـزادانی ئەمانـە مەفـرەزەی سـەربازی دەرچـووە، لـە مێـژووی ٢٥ تەممـوز ١٣١٥ ژمـارە ٢٥٢ نـووسراوی هاتـوو، لـە سـەر هاتنـی هـەواڵ ئـەم تابـورەی لـە رواندزە، لـە داهاتی بـاج و خەراجـی زێبار ٦٠ تـاك و ٨٠ پیـادە، هەروەهـا لـە موسـڵ ٥٥ کـەس داوا کـراوە، کەچی نەنێردراوە، بەم شـێوە ناردنی سـەرباز لـە مابەینـی بـاش کیتابەتـی هومایۆن بـە فەرمانی سـەروو لەگـەڵ فەرمانی هومایۆنـی ملوکانە، تایبـەت بەم بابەتـە نـووسراوی ئـاگادار کردنەوە نێـردراوە، تەنانەت بریـار و فەرمانی هومایۆنی ملوکانە بۆ ناوبـرا نێردراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، ١٠ جەمـادی یەکـەم ١٣١٧ و ٤ ئەیلـوول ١٣١٥.
رزا سەر عەسکەر


- قەڵەمی تۆماری ناوەخۆ
شیفرە
بۆ ویلایەتی موسڵ
٥ ئەیلوول ١٣١٥
لـە ١٢ تەممـوز ١٣١٥ شـێخ نـور لـە چیاکانـی مـزوری خـۆی حەشـارداوە و لەگـەڵ سـەلیم ئاغـا بـە کاری چەتەییـەوە خەریکـە، بـۆ دەسـتگیرکردن و دەستبەسـەرکردنیان، ئـەم مەفرەزەیـەی سـەر بـە تابـوری رواندزە، لـە داهاتـی بـاج و خەراجـی زێبـار ٦٠ تـاك و ٨٠ پیـادە، هەروەهـا لـە موسـڵ ٥٥ کـەس لـە سـەر گواسـتنەوەیان رەزامەنـدی دراوە، لـە مابەینـی هومایۆنـی ملوکانـە بـاش کیتابـەت بـە بریـار و فەرمانـی هومایـۆن بـە نـووسراوی تایبـەت ناچـار کـراوە و ئاگادارکراونەتـەوە، کـە لایەنـی والای سـەر عەسـکەر ئـاگادار بکرێتـەوە، بـە گوێـرەی فەرمانـی پاشـا جێبەجـێ دەکرێـت.

- بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی تۆمار
لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە
لـە ١٠ تشرینـی دووەم ١٣١٥ موختـاری گونـدی بابیـرە سـکاڵای تۆمـار کـردووە، شـیفرەی مێـژووی ١٢ تەمموز ١٣١٥ لەگەڵ شیفرەی تەلەگرافنامـەی مێژووی ٥ ئەیلـوول ١٣١٥، شـێخ نـوری لەگەڵ سـەلیم وەکو چەتەکانـی مـزوری، بۆتـە چەتـە و مـاوەی سـێ چـوار سـاڵ دەبێـت نەتوانـراوە بـە هێـزی پۆلیـس دەسـتگیر بکرێـت، لەبـەر ئـەوەی تـا ئێسـتا ئەوانـە دەسـتگیر نەکـراون، کاتێکـی گونجـاو بەرچـاو بگیرێـت و ئامادە باشـی بکرێـت، گرنگـە لەسـەرخۆ وورد وورد چارەسـەر بکرێت، لـە تەلەگرافنامەی مێژووی ٧ تشرینـی دووەم ١٣١٥ نیشـان دراوە، لەمانـە حوسـێن عەربـان لەگـەڵ لایەنگرانـی کـە ١١ کەسـن دەسـتگیر کـراون، ئەوانـی تریـش هـەروەك دەبینرێـت کار دەکرێـت بـۆ دەسـتگیرکردنیان، لەگـەڵ ئەمـەش ئـەم کەلوپەلانـەی، کـە لـە گونـدی بابیـرە بـردراون بگەرێندرێنـەوە، ئەمـەش کاری لـە سـەر کـراوە، فەرمـان، ٢٠ تشرینـی دووەم ١٣١٥.
حازم










DH.MKT	02224.31	14 ڕەبیعی یەکەم 1317 (٢٣ تەمموز ١٨٩٩)


بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
١٤ ڕەبیعی یەکەم ١٣١٧
١٠ تەمموز ١٣١٥
نووسراو


بەهۆی ئەم تاوانانەی شێخی دهۆك لە نێوان هەولێر و فیشخابور ئەنجامی داون، تەمبێ بکرێت و ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکان بگیرێت و لەسەر دووبارە نەبوونەوەی بڕیاری دووپاتکەرەوە دەربچێت، ئەم وێرانکاریەی شێخی ناوبراو کردوویەتی، لە باڵیۆزخانەی فەرەنسا باسکراوە و پێشکەشی نەزارەتی دەرەوەش کراوە، ئەوەی لە نووسراوەکە باسکراوە، لەلایەن شێخ محەمەد کوڕ ئەم جۆرە تاوانانە ئەنجام نەدراون، ئەم سکاڵایانەی کە لە باڵیۆزخانە هاتوون، هەمان بابەت نەبووە، لە نەزارەتی ناوبراو بە مێژووی ٢٣ حوزەیران ١٣١٥ ڕوون کراوەتەوە و ئاگادارکراوەتەوە، لەم ڕووەوە لە ویلایەتی موسڵ پرسیاری لە سەر کراوە، لە وەڵامدا هاوپێچ هاتووە، لە تەلەگرافنامەکانی ٢٩ حوزەیران ١٣١٥ و ٣ تەمموز ١٣١٥ هاتووە، شێخ نور محەمەد بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە ویستویەتی بچێتە سەر عەشیرەتی ئەتروش، بەڵام ڕێگری لێ کراوە، جگە لەم جموجوڵە، تا ئێستا چالاکی نەگونجاوی نەبووە، بە پێچەوانەوە خزمەتی باشی حکوومەتی کردووە، هەروەها شێخ نور کەسێکی ترە بە هەمان ناوی شێخ بوونی هەیە، ئەمڕۆ لەگەڵ هاووەڵانی بەیەکەوە خەریکی چەتەیین، بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوەیان، مەفرەزەیەک لە پۆلیسی پارێزگاری بنێردرێت، بۆ ئەمەش لەشکری شەشەمی همایۆن گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت، نووسراو کراوە، لە کۆتاییدا لە مێژووی ٢٧ حوزەیران ١٣١٥ ژمارە ١٢٩٨، بە فەرمانی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهی، شێخی ناوبراو لەگەڵ پیاوەکانی سەلیم ئاغا یەك دەست و یەك تاقم مامەڵەی نابەجێیان کردووە، لەگەڵ ئەم ڕوون کردنەوەیەی کراوە، لە باڵیۆزخانەی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە و لە نەزارەتی ناوهاتووش ئاگادارکراوەتەوە، پشت بەستن بە ئاماژەکان، هەردوو شێخ هەمان کەسن، لە کاتی لێکۆڵینەوە پێویستە چاودێریەکی باش بکرێت و لەگەڵ هاووەڵانی بەیەکەوە دەستگیر بکرێن، بۆ تەواوکردنیشی بۆ ویلایەتی ناوهاتوو نێردراوە.

DH.MKT	02230.00059	29 رەبیعی یەکەم 1317 (٧ ئۆغستۆس ١٨٩٩)

بۆ نەزارەتی دەرەوە و جەنابی سەر عەسکەری والا
٢٩ رەبیعی یەکەم ١٣١٧
٢٥ تەمموز ١٣١٥
شێخی دهۆك لە نێوان هەولێر و فیشخابور خیانەتی کردووە، بۆ تەمبێ کردنی، بریار دراوە لە ناو قەزا هاتووچۆ کردنی قەدەغە بکرێت، هەروەها ئەم نووسراوەی لە نەزارەتی دەرەوە بۆ پلەوپایەی سەرووی سەدارەتپەناهی نێردراوە، لە کاتی گفتوگۆدا ئەم تەلەگرافنامانەی لە ویلایەت وەرگیراون، شێخی دهۆك نور محەمەد، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، لە کاتی چوونە سەر عەشیرەتی ئەتروش ڕێگەی لێ گیراوە، جگە لەم جموجۆڵانە، تا ئێستا هیچ جموجۆڵێکی نەشیاوی نەبووە و گوندەکانیش وێران نەبوونە، بە پێچەوانەوە خزمەتی باشی حکوومەتی سەرووی کردووە، جگە بە ناوی شێخ نور، شێخی تریش هەیە، ئەمڕۆ لەگەڵ هاووەڵانی بەیەکەوە خەریکی چەتەگەرییە، بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوەیان، مەفرەزەیەکی پۆلیسی پاراستن ڕەوان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەشکری شەشەمی هومایۆن و موشیرەتی جەلیلە لە گفتوگۆدان، بەم دواییەش نووسراوی سەدارەتپەناهی هاتووە، شێخی ناوبراو لەگەڵ پیاوەکانی سەلیم ئاغا بەیەك دەست تاقمێک کاری نەگونجاویان کردووە، ناوبراو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە هەولێر فەرمانی باڵیۆزخانەی فەرەنسای پێیە، بەم دواییەش سکاڵا کراوە، کە شێخەکەی تر هەمان شێخ نورییە، یاخود خودی ئەو نییە، پێویستە دەست بە لێکۆڵینەوە و چاودێری بکرێت، بۆ دەستگیرکردن و دوورخستنەوەیان لە ویلایەتی ناوهاتوو نووسراو کراوە، شێخ نوری لەگەڵ سەلیم ئاغا خەریکی چەتەیین، شێخ نوری لە چیاکانی مزوری خۆی شاردۆتەوە، ئەمانە هەر لە کۆنەوە لە گوندی یەزیدییەکان و گوندی تر کەلوپەل و پارەوپول تاڵان دەکەن، بەم دواییەش ٨ کەسیان کوشتووە و هێرشیان کردۆتە سەر گوندێکی زۆریش، بەڵام زانیاری نەبووە، عەلی پاشا لە میرەکانی یەزیدی هێنراوەتە ئەوێ، هەروەها بۆ سکاڵانامە دەیانەوێت بچنە موسڵ، بەڵام ووتوویەتی هیچ شتێك رووی نەداوە، ڕاگەیەندراوە کە لەلایەن شێخی ناوبراو هەرەشەی لێکراوە، بۆیە ناچار بوونە بگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان، ئەگەر بەم دەستەواژەوە لێکۆڵینەوەکە نەکراوە، ئەوا بە دوورخستنەوەیان کۆتایی بە چەتەگەریان بهێنرێت، خراپەکاریان زۆرە و بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسەکان و دەستگیرکردنیان، پۆلیسی پاراستن کە بە هێزی پشت بەستن ناودەبردرێت بنێردرێت، بەڵام ٥٠ تا ٦٠ سەرباز پلەیان بەرز بکرێتەوە، ئەمانە لەم شوێنانە کە بوونیان دەبێت لە دوو بلۆکی پیادە کەمتر نەبێت، هەروەها یەك بلۆك ئەسپ سوار و یەك مەفرەزە سەرباز پێویستە، لەگەڵ ئەم ئاماژە پێکردنە بۆ مەفرەزەی ناوبراو لەلایەن موشیر فەرمان دراوە، بە پەلە چۆنیەتی کارکردنی دراوەتە سەر عەسکەر، لەم ناوەش چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکە بۆ والای سەر عەسکەر نێردراوە.







DH.MKT	02269.00087	9 رەجەب 1317 (١٣ تشرینی دووەم ١٨٩٩)
بۆ نەزارەتی زەبتیەی سەروو، ئەم ناوانەیە، کە لە ویلایەت و موتەسەرفەکانەوە نووسراوەتەوە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٥ ٩ رەجەب ١٣١٧ ئەم ساڵە لە مەکتەبی مولکیەی شاهانە ٢٣ پزیشك خوێندنیان تەواو کردووە، لەم قەزایانە دامەزرێن، کە شوێنەکانیان بەتاڵە، لەمانە هارون ئەفەندی بۆ هەولێر بنێردرێت، لە بەرێوەبەرایەتی مەکتەبی ناوبراویش ئاگاداری نێردراوە، دەبێ ئەمانە بە ماوەی ١٥ رۆژ بچنە ئەم شوێنانەی کە تێدا ناویان هاتۆتەوە، لە مێژووی ٢١ ئەیلوول ١٣١٥ نووسراوی نەزارەتی مەکتەبەکانی سەربازی شاهانە ناردراوە، جێبەجێ بکرێت.		


DH.TMIK.M	00057.00026	25 ڕەبیعی کۆتایی 1318 (٢٢ ئۆغستۆس ١٩٠٠)


- ٢٥ ڕەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٨ ئۆغستۆس ١٣١٦
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٦ کانوونی یەکەم ١٣١٥ مێژووی نووسراوی کەڵەکە بووە، مستەفا پاشا سەرۆکی عەشیرەتی میران لەگەڵ حاجی سەرۆکی عەشیرەتی ئەتروش و ١٠٠ سوار هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە مەرکەزی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، چەکداریان ناردۆتە سەر ئەم گوندانە، بە شێوەیەکی چروپڕ تفەنگیان تەقاندووە، نزیکەی ٥٠٠ سەر مەڕوماڵاتیان تاڵان کردووە، هەروەها دوو قازییان کوشتووە، بۆ ئەوەی دەست بەکار بکرێت، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، بۆ بە پەلە دەست بەکاربوون، ئەم مامەڵەیە لە قۆمیسیۆن نێردراوەتە سەدارەتپەناهی و بە تێروانین لە ئاگاداری پێشوو، بۆ دەست بەکاربوون فەرمان و هەواڵی سەروو پێویستە.

بۆ لایەنی سەر عەسکەری واڵا
٤ کانوونی یەکەم ١٣١٥ مێژووی نووسراوی کەڵەکە بووە، مستەفا پاشا سەرۆکی عەشیرەتی میران لەگەڵ حاجی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی ئەتروش بە ١٠٠ سوار هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە مەرکەزی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، چەکداریان ناردۆتە سەر ئەم گوندانە، بە شێوەیەکی چروپڕ تفەنگیان تەقاندووە، نزیکەی ٥٠٠ سەر مەڕوماڵاتیان تاڵان کردووە، هەروەها دوو قازییان کوشتووە، بۆ ئەوەی دەست بەکار بکرێت لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە هاتووە، بۆ بە پەلە دەست بەکاربوونی ئەم مامەڵەیە لە قۆمیسیۆن نێردراوەتە سەدارەتپەناهی و بە تێروانین لە ئاگاداری پێشوو، بۆ دەست بەکاربوون، فەرمان و هەواڵی سەروو پێویستە.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
مستەفا پاشا سەرۆکی عەشیرەتی میران لەگەڵ حاجی بەگ سەرۆکی عەشیرەتی ئەتروش بە ١٠٠ سوار هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی چمشکو و رینکە، کە لە ناوەندی قەزای زاخۆ کاتژمێرێك و نیو دوورە، ئەم چەکدارانەی کە نێردراونەتە ئەم دوو گوندە بە شێوەیەکی چروپڕ تەقەیان کردووە، زیاتر لە ٥٠٠ سەر مەڕوماڵان تاڵان کردووە، دوو قازیشیان کوشتووە، بە پێی ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە قائیمقامیەتی زاخۆ وەرگیراوە، زانیاریەکانی لایەنی سەروو ئەم جۆرە توندوتیژی و کاری چەتەگەریەی قەدەغە کردووە، ئەوانەی بەم تاوانە هەستاون دەبێ دەستگیر بکرێن و بە پێی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها ئەم ئاژەڵانەی کە بردوویانە بە تەواوەتی بگەڕێندرێنەوە، فەرمانی بەپەلەی بۆ دەرچووە، لە ٧ حوزەیران ١٣١٦.
حازم والی موسڵ


- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
ئەم فەرمانبەرانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە سنوور بەزاندنی نێوان پیاوەکانی شێخ سدیق ئەفەندی شەمدینان و بەگزادەکانی برادۆست نێردراون، لەگەڵ ئەم فەرمانبەرانە یەکبگرن کە لە ویلایەتی وان دەنێردرێن و دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن، پیاوەکانی شێخ دەستدرێژیان کردۆتە چەند برادۆستێك و لەتیف بەگیان بریندار کردووە، هەروەها سێ لە پیاوەکانی شێخ کوژراوە، لە چەند گوندێك کەلوپەل و مەڕوماڵاتیان تاڵان کردووە و برینداری ناوبراویان بردۆتە پێش شێخ، بۆیە خەڵکی برادۆست هاتوونەتە قەزای ڕواندز داوایان کردووە پارێزگاریان لێ بکرێت، ئەم تەلەگرافنامانەی لە موتەسەرفی کەرکووك بە وەکالەتی قائیمقامی ڕواندز وەرگیراوە، باسکراوە، کە ئەگەر شێخی ناوبراو ئەم سنوور بەزاندنانە دووبارە بکاتەوە، پێویستە بە پێی یاسا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت، لەم حاڵەتەشدا پێویست دەکات فەرمانبەری داد بۆ ئەم شوێنە بنێردرێت، موتەسەرفی کەرکووك ئاگادار کراوەتەوە، ئەم کۆمەڵەیەی شێخ ناردوویەتی پێویستە پەرشوبڵاو بکرێتەوە و ڕێگری بکرێت، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی وان ئاگاداری نێردراوە، لە ١٩ تشرینی یەکەم ١٣١٥.
حازم والی موسڵ







- بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەتی بەرز
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٢١٦٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
جەنابی دەوڵەت

عەشـیرەتی ئەتـروش لـە دەوروبـەری جەزیـرە هاتووچـۆ دەکات، عەشـیرەتی میرانیـش لـە لایەنـی جەزیـرە بوونـی هەیـە و ٢٠٠ هـەزار سـەر مـەڕی هەیـە، کۆبوونـەوەی تاکـەکان و مەڕوماڵاتـی ئـەم دوو عەشـیرەتە لـە یـەک شـوێن، جۆرەهـا کێشـە و گرفـت دروسـت دەکات، هەروەهـا عەشـیرەتی ئەتـروش شـوێنی کۆنـی نزیکـی موسڵ بـووە، ئێسـتا کۆکردنـەوەی ئـەم دوو عەشیرەتە لـە یـەك شـوێن، موسـڵ تووشـی کێشـە دەکات، ئاژەڵەکانیشـیان تووشـی لەناوچـوون دەبێـت. خەڵکەکـەش تووشـی پەرێشـانی دەبێـت، بـۆ ڕێگـە گرتـن لـە کێشـە و ڕووداو، عەشـیرەتی ئەتـروش پێویسـتە بگەڕێتـەوە شـوێنی ڕەسـەنی خـۆی، بـە ئـاگاداری مێـژووی ٢٨ جەمـادی یەکـەم ١٣١٧ ژمـارە ٦٣٢ نـووسراوی سـەر عەسـکەر و ئامـاژەی لەشـکری چوارەمـی هومایـۆن نێـردراوە، چاوخشـاندن بـە بڕیـاری پێشـووش گفتوگـۆ بکرێـت و دەسـت بکرێـت بـە جێبەجێکردنـی، لـە ٤ جەمـادی کۆتایـی ١٣١٧و ٢٨ ئەیلـوول ١٣١٥.
سەدری ئەعزەم


تلغرافنامه
داخلیه نظارت جلیله سنه


داخلیه نظارت جلیله سنه
دائره صدارت عظمی
عدد
٢١٦٧
صدر اعظم




DH.ŞFR	00256.00087	16 زیلقەعدە 1318 (٧ مارت ١٩٠١)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

ئەم کاروانەی بۆ هەولێر دەچوو، لە دووری ٢ کاتژمێر لە کەرکووك، لەلایەن چەتەی هەمەوەند، ..... کوڕی ڕەشید و ٢٠ لە پیاوەکانی هێرشیان کراوەتە سەر، چەند کەسێکیان کوژراوە و پارەوپوڵ و کەلوپەلیان تاڵان کراوە، بۆ چاودێری کردنیان و دەستگیرکردنیان بڕێکی تەواو هێزی نیزامی و پاراستن ڕۆیشتووە، موتەسەرفیەتی کەرکووك و قۆماندانی هێزی چاکسازی ئاگادارکراونەتەوە، پێویستە زۆر بە پەلە چاودێری بکرێن و دەستگیر بکرێن، بەڵام ڕەشید شایەنی چی بێت، بە گوێرەی ئەمە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەسەر ئەم زانیاریانەی کە هەیە، خۆی بە چەتەکانی تاڵەبانی بەستۆتەوە، ٨ بۆ ١٠ ڕۆژ پێش ئێستا، لەلای شێخ نوری بینراوە، جگە لەمەش لە کاروانێکی تردا یەك ڕەوە ئەسپ کەلوپەل تاڵان کراوە و بردراوە، ئەوانەی ڕایان کردووە دەستگیرنەکراون، بە دەستگیرنەکردنی ئەمانە، وەکو ڕەشید، دیسان ڕووداوی ئاوا ڕوو دەداتەوە، ئاگاداری بۆ زۆربەی ناوچەکان نێردراوە، بە تێروانین لە ڕووداوەکانی پێشوو پێویستە پەلە لە مامەڵەی دەستگیرکردنیان بکرێت، ٢٢ شوبات ١٣١٦.

حازم والی موسڵ


٩

موصل ولایت علیه سنه


ضبطیه نظارتی

مکتوبی قلمی

عدد ٩

٦٩٢

ZB	00450.00070	22 موحەررەم 1318 (٢٢ مایس ١٩٠٠)
نەزارەتی زەبتییە قەڵەمی تۆمار ژمارە ٩ بۆ ویلایەتی موسڵ جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم محەمەد سەعید ئەفەندی دانیشتووی قەزای هەولێر، پێش ئێستا هاتۆتە دەرسەعادەت، هەروەها ساڵی رابردوو لە دەورووبەری تۆپقاپی وەکو شێخی تەریقەتی کەلامی دامەزراوە، بەڵام ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی بە بێ وەرگرتنی مۆڵەت چۆتەوە هەولێر و نەگەراوەتەوە دەرسەعادەت، بە هۆی بەرزنرخاندنی کارە باشەکانی، بە پێی فەرمانی پاشا لەلایەن پۆلیسەوە بە هاوبەشی کەسێکی تر رێگە دراوە ناوبراو لەگەڵ خێزانەکەی بچنە ئەوبەر، هەروەها زانیاری گەیشتنەوەی بە ئاگاداری ویلایەتپەناهی راگەیەندراوە، بریار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ موحەررەم ١٣١٨ و ٨ مایس ١٣١٦. ئەحمەد شەفیق نازری زەبتییە		




ZB	00450.00078	9 زیلقەعدە 1318 (٢٨ شوبات ١٩٠١)


١٥ شوبات ١٣١٦
بۆ ویلایەتی موسڵ
دانیشتووی قەزای هەولێر سەر بە ویلایەت، حاجی ئەحمەد تووشی نەخۆشی ورێنەی کروزاندن بووە، زانراوە نەخۆشیەکەی بەهۆی خەم و خەفەتەوە بووە، بۆیە بە مەبەستی خۆکوشتن خۆی خستۆتە ناو دەریاوە، لە دەرسەعادەت ڕێگەی پێ دراوە بگەڕێتەوە وولاتەکەی خۆی، بە پێی ووتەی بەرێوەبەری پۆلیس و رۆڵی قائیمقامی قەزای ئەسکەندەرۆنە دەگەرێندرێتەوە مەملەکەتی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە لە گەیشتنەوەی ئاگادارکردنەوە بنێردرێت.


قائیمقامی ئەسکەندەرۆنە بۆ جێبەجێ کردن
ئەمجارە بۆ ناردنەوەی ئەحمەد، نووسراوی هاوپێچ کراوە و بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە، هەروەها وێنەی گەیشتنی ئاماژەی پێ بکرێت.

24 رەبیعی یەکەم 1318 (٢٢ تەمموز ١٩٠٠)	2377.00100	DH.MKT

بۆ ویلایەتی موسڵ
٢٤ رەبیعی یەکەم ١٣١٨
٨ تەمموز ١٣١٦
لە ساڵی ١٣٠٥، بە فەرمانی پاشا، ئاغای قۆڵ ئەحمەد جەودەت ئەفەندی فەرمانبەری چاودێری و پشکنینی ئەرکانی جەنگی، ئەنجامی پکشنینەکانی لە لیستێك رێك خستووە و ناردوویەتیە فرقەی رەدیفی کەرکووك، تابورەکانی کەرکووك لە فەرمانگەکانی ئاڵتون کۆپری، شەقڵاوە، هەولێر، کۆی سانجەق، رانیە، سلێمانی، پێنچوین، گوڵعەنبەر، قەرەتەپە، سەڵاحیە، تۆزخورماتو، داقوق، چەمچەماڵ، مامەڵەی ناسنامەیان ئەنجام نەداوە، زۆر گوند هەیە ناسنامەی تۆمار نەکراوە و تۆمارەکانی پشکنینیان بۆ نەکراوە، هەروەها لەلایەن حکوومەت لەدایکبوون و مارەبڕین هەژمار نەکراوە. خەڵکی ناوچەکانیش بۆ تۆمار کردنی ناویان سەردانی حکوومەتیان نەکردووە، ناسنامەکانیشیان مامەڵەی تۆمار و نووسینی بۆ نەکراوە، بەڵام بە ووتەی موختار مردووەکانیان تۆمار کراوە، گواستنەوەش بە هیچ شێوەیەك لە دەفتەر جێگیر نەکراوە، هەروەها زۆربەی گوندەکانیش لە رووی ناسنامەکانیانەوە کەموکوری تێدایە، هەندێکی تریش زیادەرۆیی تێدایە. ئەم فەرمانبەرانەی کە لە فەرمانگەی ناسنامە بوونیان هەیە، سەردانی گوندەکانیان نەکردووە، بە هەر حاڵ لە بارەی ناسنامەی خەڵکەکە ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت، لە بابەتی راگەیاندن و یەدەگەوە ئەم دانیشتووانەی کە بوونیان هەیە، بە پێی بەرژەوەندی بۆ ناوچەیەکی تر دەرۆن، بە یاسانامەی یەدەگی هومایۆن و بە پشت بەستن بە یاسای تایبەتی بلۆی پۆلیس، تا حکوومەتی ناوەخۆ دڵنیایی نەدات، لەلایەن فەرمانبەرانی ناسنامە نووسراوی تێپەراندن نادرێت، ئەگەرچی لە تابورەکانی هەولێر و چەمچەماڵ و کۆی سانجەق گواستنەوەی قۆمیسیۆنی سەربازی دامەزراوە، پشت بەستن بە یاسانامەی هومایۆن، ماددەی یاسایی مامەڵەکان جێبەجێ ناکرێت، هێشتا قۆمیسیۆنەکانی پشکنین لە سانجەقەکانی کەرکووك و سلێمانی لەگەڵ قەزاکانی شەهربازار، گوڵعەنبەر، سەڵاحیە، رانیە و مەعمورەی حەمیدیە دانەمەزراوە، لەمەودوا پشت بەستن بەم رژێمە یاساییەی کە هەیە، مامەڵەکان جێبەجێ دەکرێن، بۆ ئەم مەبەستە لە مێژووی ١٠ مایس ١٣١٦ ژمارە ١٨٠ نووسراو کراوە، ئەم ناوچانەی کە ناسنامەیان تۆمار دەکرێت، نابێ زانیاری مامەڵەکانیان دەربچێت، لە بارەی فەرمانبەرەکانیش بەرپرسیارێتی توندیان لە سەرە، هەرچی زووە مامەڵەی ناوبراو لەگەڵ چاکسازی بکرێت، لە بارەی گواستنەوەی سەربازی ئەم رژێمانەی کە بوونیان هەیە، پشت بەستن بە یاساکان مامەڵەی نووسراوی تۆماری ناسنامەی فەرمانگەی گشتی جێبەجێ بکرێت، بە ووتەی تۆماری ناسنامەی فەرمانگەی گشتی راگەیەندراوە پەلەی تێدا بکرێت.


داخلیه مکتوبی قلمی






DH.MKT	02391.00104	23 رەبیعی کۆتایی 1318 (٢٠ ئۆغستۆس ١٩٠٠)


بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
٢٣ رەبیعی کۆتایی ١٣١٨
٣ ئۆغستۆس ١٣١٦

بـۆ گۆڕینـەوەی شـوێنی مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی قائیمقامـی خانەقیـن لەگـەڵ عەبدوڵـڵا بـەگ قائیمقامـی هەولێـر، نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ٢١ مایس ١٣١٦ نێـردراوە، بـەڵام وەڵامی جەنابی پاشا کە پێشـتر هاتـووە، مسـتەفا سالم ئەفەنـدی لـە پلـە یەکـە، جگە لەمـە قائیمقامـی هەولێـر لەگەڵ کەشـوهەوای خانەقیـن ناگونجێـت، تاوەکـو لـە ڕووی چینـەوە پلەکـەی نەیەتـە خـوارەوە و نەبێتـە سـتەم لێکـردن، بگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی دەلیـم، ئەدیـب ئەفەندی قائیمقامی دەلیمیـش، کە لەگەڵ دانیشـتوان، جگە لەمـەش لـە ئەرکەکـەی ناگونجێـت و لـە ڕووی کارگێڕییـەوە هیـچ کارێکـی نەبیـنراوە، بۆیە مانـەوەی دەبێتە سـتەم، بـە خۆشـی داوای کـردووە بـۆ قەزایەکـی تـر بگوازرێتـەوە یاخـود لـە ئەرکەکـەی ببوردرێـت، هـەردوو قـەزاش لەبـەر ئـەوەی لـە یەکـەم چیـن نیـن، بۆیـە گواسـتنەوەی قائیمقامـەکان هیچ کێشـەیەکی تێدا نییە، عەبدوڵـڵا بەگیـش لـە هەولێـر بمێنێتەوە، بەم جـۆرە قائیمقامی دەلیـم بۆ خانەقیـن و قائیمقامی خانەقینیش بـۆ دەلیـم بگوازرێتـەوە، لـە سـەر گواسـتنەوەی ناوبـراوان و گەیشـتنیان بـۆ شـوێنی خۆیـان، لـە ویلایەتـی بەغـداد تەلەگرافنامـەی وەرگیـراو لەگـەڵ داواکاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەت دەرچووە، مسـتەفا سالم ئەفەنـدی لەگـەڵ عەبدوڵـڵا بـەگ بڕیـاری گۆڕینەوەیـان پەسـەند کـراوە، عەبدوڵـڵا بـەگ نابـێ لـە هەولێـر بمێنێتـەوە، ئەدیـب ئەفەنـدی قائیمقامـی دەلیـم بـە نـزم بوونـەوەی چینەکـەی بـە قائیمقامیەتـی هەولێـر ڕازی بـووە، گۆڕینـەوەی لەگـەڵ سـالم ئەفەنـدی پێشـوەختە بـە پێـی ئـەم ڕاپرسـییەی کـراوە، ڕاسـخ ئەفەنـدی قائیمقامـی هندیـە، بەهـۆی کەشـوهەوای شـێداری هندیـە، داوای کـردووە بـۆ ناوچەیەکـی تـر بگوازرێتـەوە، ڕازی بـووە چینەکـەی نـزم بێتـەوە و بگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامـی هەولێـر، ناوبـراو لـە هەولێـر و مسـتەفا سـالم ئەفەنـدی لـە هندیـە و عەبدوڵـڵا بـەگ لـە دەلیـم و ئەدیـب ئەفەندیـش لـە خانەقیـن دەسـت بـەکار بـن، داواکاری پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنیشـی لـە سـەر فەرمانـی سـەرووی وەکالەتپەناهـی وەسـتاوە.




BEO	001886.141411	10 رەبیعی کۆتایی 1320 (١٧ تەمموز ١٩٠٢)


١٠ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠
٣ تەمموز ١٣١٨
بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
قەزاکانی سنجار و هەولێر لەگەڵ ئەم ناوچانەی جموجۆڵیان تێدایە، رەدیفەکان کاری نابەجێ و دزیان کردووە، ئەم رەدیفانەی لە موسڵن لەگەڵ هەندێك کەس یەکیان گرتووە، ١٠ کەلەکیان تاڵان کردووە، بەشێکیشی خراوەتە ناو ئاو، هەروەها کەلەکچیەکانیان بریندار کردووە، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ هاتووە، بۆ تەمبێ کردنی لە رێگە لادراوان و بۆ ئەوەی رێگە لەم جۆرە کارە نەشیاوانە بگیرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوبراو بە مێژووی ٩ رەبیعی کۆتایی ١٣٢٠ ژمارە ٢٣٧٤ ئاماژەی پێ کردووە، کە پێویستە بەپەلە جێبەجێ بکرێت.




A.MKT.MHM	00587.00011	13 جەمادی یەکەم 1322 (٢٦ تەمموز ١٩٠٤)

تەلەگرافنامە
جەنابی سەدارەت
لە سلێمانی نەخۆشی کۆلیرا زۆر بە قورسی بڵاوبۆتەوە، هەر خۆشی لە خاکی ئێران بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبۆتەوە، لە ماوەی سێ ساڵیش دەبێت پزیشکێکی گونجاو بۆ بەغداد نەدۆزراوەتەوە، بۆیە فەرمان دراوە لە بەسراش کەسێك بدۆزرێتەوە و بنێردرێت، ئەگەرچی نەزارەتی تەندروستی ئاگادارکراوەتەوە، لە کەرکووك پزیشکێك دۆزراوەتەوە، جگە لەمە پزیشکی ئاسایی نییە و تا رادەیەك پزیشکی سەربازی کێشەیە، هەروەها لە قەزای هەولێر بەپەلە پزیشکێکی شارەوانی بنێردرێت، بریار و فەرمان، لە ١٣ تەمموز ١٣٢٠.
نوری والی موسڵ









DH.ŞFR	00617.00045	2 رەبیعی یەکەم 1323 (٧ مایس ١٩٠٥)

فەرەیدون بەگ قائیمقامی بیرەجیك ،بەهۆی بارودۆخی خراپی تەندروستیەوە دەستی لە کارکێشاوەتەوە، ئەمرۆ بە تێروتەسەلی بە تەلەگراف راگەیەندراوە، لەبەر گرنگی بیرەجیك و تێروانین لە بارودۆخی ئەم دواییەی، لەم ماوەیەدا گونجاو نییە قائیمقامیەتەکەی بە وەکالەت بەڕێوەببردرێت، لەم کاتەوە فەرەیدون بەگ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، .... بەگ قائیمقامی هەولێر، هەوڵ و کۆششەکانی بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و کارە باشیەکانی شایەنی ئەوەیە، لە شوێن ناوبراو دابمەزرێت، لە ٢٤ نیسان ١٣٢١.
نوسرەت موتەسەرف






<table>
<tr><th>BEO</th><th>002551.191311</th><th>4 سەفەر 1323 (١٠ نیسان ١٩٠٥)</th></tr>
<tr><td colspan="3">

- واژووی نووسراوەکـە پەیوەسـتە بـە تەلەگرافەکـە، پشـت بەسـتن بـە ژمـارەی زانیاریـەکان، لەگـەڵ دەرچوونـی ئـەم تەلەگرافنامەیـە، بـۆ لێکۆڵینـەوە نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوەخـۆ کـراوە.

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٤ سەفەر ١٣٢٣
٢٨ مارت ١٣٢١
موتەسـەرفی عەمـارە لـە خزمەتـی گواسـتنەوەی فەرمانـی موقاتەعـە، مامەڵـەی نەشـیاوی کـردووە، هەروەهـا لـە نێوان عەشیرەتەکان شەڕ و دەمەقاڵی روویـداوە، بۆیـە بـەردەوام بوونـی لـە کارەکـەی بـە هیـچ شـێوەیەك ڕێگـە پێـدراو نییـە، ئـەم تەلەگرافنامەیـەی لـە ویلایەتـی بـەسرا وەرگیـراوە، بـە تێروانیـن لـە وێنـەی ئـاگادار کردنـەوە، خزمەتەکـەی ڕێگـە پێـدراو نییـە، بـۆ دوورخسـتنەوەی لـە کارەکـەی لـە ویلایـەت هـەواڵ نێـردراوە، کـە لـە شوێنی موتەسـەرفی ناوبـراو کەسێکی گونجاو هەڵبژێردرێـت، چەنـد جـار بـۆ نـەزارەت نـووسراو نووسراوەتـەوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە بـە مێـژووی ٢٧ مـارت ١٣٢١ هاتـووە، موتەسـەرفیش لـە ڕێگـەی برادەرەکـەی هێـور بۆتـەوە، گوایـە بـە پشـت بەسـتن بـە تەلەگـراف لـە خزمەتەکـەی بـەردەوام دەبێـت، ئـەم هەواڵـە نادروسـتانەی کـە لـە بـارەی کـراوە، ئەنجامـی کاریگـەی خراپـی بـووە، هـەواڵ دراوە کـە عەشـیرەتە ناکۆکـەکان دووبـارە کۆدەبنـەوە و شـەڕێکی قـورس روو دەدات، بـۆ گەڕانـەوەی هێمـن و ئاسـایش، هەرچـی زووە تابورێـك لـە هەولێـر بنێردرێتـە عەمـارە، بـۆ ناردنـی ئـەم تابـورەش، بـۆ لایەنـی سـەر عەسـکەر ئـاگاداری نێـردراوە، لـەم حاڵەتـە بـۆ موتەسـەرفی لیـوای ناوبـراو کەسـێکی تـر دابمەزرێـت، لـە سـەر هەواڵـی پێشـوو هەرچـی زووە جێبەجـێ بکرێـت.

</td></tr>
</table>



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2658/199287
2 vrk
(2 shf boş)


28 جەمادی كۆتایی 1323 (٣٠ ئۆغستۆس ١٩٠٥)	002658.199287	BEO

٢٨ جەمادی كۆتایی ١٣٢٣
١٦ ئۆغستۆس ١٣٢١
بۆ ئەندامی یەكەمی قۆمیسیۆنی دارایی
رەدیفی تابوری هەولێر چەكدار كراون و مووچەی سێ مانگیان هەیە، لە سەر ئاگاداری سەر عەسكەری، پارەكە خراوەتە سەر پارەی ویلایەتی بەغداد، لە موازەنەی گشتی ئەم ساڵ بە دابینكردنی ٤٧١٩٦ قوروش زیادی كردووە و بە ئاقچە تۆمارنەكراوە، هەروەك پێشوو بە نیزامی زیادكراو، ئەم ساڵە لە موازەنەی گشتی لەگەڵ زیادكردنەكە، نووسراوی نەزارەتی دارایی لە مێژووی ٢٤ جەمادی كۆتایی ١٣٢٣ ژمارە ١٩٩٧ بۆ دەوڵەت نێردراوە، قۆمیسیۆنیش ووردبینی بۆ بكات و بیگەڕێنێتەوە.


DH.SAID	00138.00032	8 زیلحیجه 1324 (٢٣ کانوونی دووەم ١٩٠٧)

لاپەرە ١
تۆماری گشتی
حاجی محەمەد تاهیر ئەفەندی کوری کورەچی زادە عەبدوڵلا ئاغایە.
ساڵی ١٢٧٧، واتە ١٢٧٦ لە شارۆچکەی هەلێر لە دایك بووە، وێنەیەکی پەسەند کراوی، لە تۆماری ناسنامە نووسراوەتەوە.
لە مەکتەبی سبیانی شارۆچکەی ناوهاتوو زانستی خوێندووە، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، هەروەها بە زمانی کوردی قسە دەکات، لە کاغەزی وەرگێردراودا هەمووی نووسراوەتەوە.
ساڵی ١٢٩٩ سەرەتایی موحەررەم، واتە ١٠ تشرینی دووەم ١٢٩٧ لە تۆماری قەزای عەقرە و قەڵەمی دارایی ویلایەتی موسڵ، لە زیلحیجەی ٢٣، واتە ٢٤ تشرینی یەکەم ١٢٩٨ بە مووچەی ١٥٠ قوروش لە تۆماری فرقەی سێی پیادەی قەزای ناوبراو دامەزراوە، لە ساڵی ١٣٠٠ سەفەری ٨، واتە ٧ کانوونی یەکەم ١٢٩٨ دەستی لە کێشاوەتەوە، لە ٤ رەبیعی یەکەم، واتە ١ کانوونی دووەم ١٢٩٨ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش لە فرقەی ناوبراو دامەزراوەتەوە، هەروەها لە ١٣٠١ زیلحیجەی ٢٣، واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٠٠ بە مووچەی دیاریکراوی سەروو، لە فرقەی یەکەم گوازراوەتەوە، لە ١٣٠٢ جەمادی یەکەم ٢٦، واتە ١ مارت ١٣٠١ بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە فرقەی سێیەم پلەی بەرز بۆتەوە، هەروەها لە ١٣٠٦ رەجەبی ٢٠، واتە ١٠ مارت ١٣٠٥ بە مووچەی ٣٦٠ قوروش لە ئەمانەتی سندوقی قەزای زاخۆ ، لە ١٣٠٧ جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ٢٤ کانوونی دووەم ١٣٠٥ بە مووچەی ٢٧٣ قوروش و نیو لە قەزای ناوهاتوو، لە ١٣١٠ جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ٢١ تشرینی یەکەم ١٣١١ بە مووچەی دیاریکراوی سەروو گوازراوەتەوە بۆ قەزای دهۆك و لە نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت) دەست بە کار بووە، لە ٨ رەمەزان، واتە ١٠ شوبات ١٣١١ دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ١٣٠٤ موحەررەم ١١، واتە ١٠ حوزەیران ١٣١٢ بە مووچەی ٢٧٣ قوروش و نیو دووبارە لە نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت) ی قەزای دهۆك دامەزراوەتەوە، لە ١٣١٥ زیلحیجە ٢١، واتە ١ مایس ١٣١٤ بە مووچەی دیاریکراوی باسکراو گوازراوەتەوە بۆ نووسینی نووسراو (تحریرات کتابت)ی قەزای عەقرە، لە ١٣١٧ رەجەب ٩، واتە ٣١ تشرینی یەکەم ١٣١٥ دەستی لە کار کێشاوەتەوە.
١٣١٨ زیلقەعدەی ٩، واتە ١٥ شوبات ١٣١٦ بە کرێی ١١٥٠ قوروش بە فەرمانبەری مەڕوماڵاتی حەوت عەشیرەتەکە دامەزراوە، لە سەرەتای زیلحیجەش کۆتایی بە ئەرکەکەی هاتووە و دەستی لە کارکێشاوەتەوە، لە ١٣١٩ رەبیعی یەکەم ١٧، واتە ٢١ حوزەیران ١٣١٧ بە کرێی ١٢٥٠ قوروش لە ئەمانەتی دە یەك (اعشار امانت)ی ناحیەی تەلەعفەر سەر بە قەزای سنجار دامەزراوە، لە ١٠ رەجەب، واتە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣١٧ بە کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی دەستی لە کار کێشاوەتەوە، لە ١٣٢٠ جەمادی کۆتایی ٢٥، واتە ١٥ ئەیلوول ١٣١٨ مانگانە بە ٤٠٠ قوروش بە مەرجی سنوورنەبەزاندن لە داهاتی قەزای هەولێر دامەزراوە، لە زیلحیجەی ١٥، واتە ١ مارت ١٣١٩ لە داهاتی ناوهاتوودا بە هەمان ئەرك گوازراوەتەوە لیوای سەڵاحییەی کەرکووك، لە ١٣٢١ زیلحیجەی ٢٦، واتە ١ مارت ١٣٢٠ بە هەمان داهاتی پێشوو، بە چاودێری داهات گوازراوەتەوە بۆ قەزاکانی رانیە و کۆی سانجەق.
ئەم تێبینیانە لە دەفتەردار و خەزینەی جەلیلە بەرێوەبەرابەتی فەرمانگەی داهاتی ویلایەتی موسڵ، بە هاوبەشی نووسراوەتەوە، بە میهرەبانیەوە تێبینیەکان لە نەزارەتی دارایی جەلیلە لەگەڵ گرنگی ئەرکەکەی بە گونجاو نیشان دراوە و راگەیەندراوە.
لە تۆماری ناسنامەی عوسمانی لە خزمەتی پێشووی و ماوەی بەکارهاتووی و بری مووچەکەی و کرێیەکەی لەگەڵ هۆکاری دەست لە کێشانەوەکانی نووسراوەتەوە و لە ویلایەتی موسڵ پاکانەی ئەستۆی لە ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری بە مێژووی ٦ مایس ١٣١٨ ژمارە ٥٢ لەگەڵ وێنەی پەسەند کراوی بەکار هاتووە، لە چاودێری داهاتەکاندا مێژووی دامەزراندن و بری داهاتەکەی و فەرمانی راگەیاندنی بە ناوچەکان راگەیەندراوە، نووسراوی فەرمانگەی داهات لە مێژووی ٢٩ ئەیلول ١٣٢٠ ژمارە ٢٤٥٠ لەگەڵ کاغەزی وەرگێردراوی رەسەنی لە هۆبە هەڵگیراوە، لە ٨ زیلحیجە ١٣٢٤ و ١٧ حوزەیران ١٣٢٢.



صحیفه ٢
سجل عمومی
صحیفه ١
سجل عمومی
DH.SAİD_0138



<table>
<tr><td>BEO</td><td>002773.207933</td><td>9 موحەررەم 1324 (٥ مارت ١٩٠٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٠ شوبات ١٣٢١
ویلایەتی موسڵ
شیفرە
١١ شوبات ١٣٢١، لە بارەی ئەوانەی هێرشیان کردۆتە سەر قۆناغی حکوومەتی سلێمانی، بۆ لێکۆڵینەوە تەلەگرافنامە نێردراوەتە هەولێر، بۆ ئەوەی موفەتیشی داد بە پەلە بگاتە سلێمانی و سەرپێچی کاران بهێنرێن و لێکۆڵینەوە لە گرفتەکانیان بکرێت، لە فەرمانگەی یاساش هۆکارەکانی دەست نیشان بکرێت، رێگە نەدرێت بۆ یەك رۆژیش بێت گرفت و کاری بەد بکرێت، لە سەر وەڵامی نەزارەتی داد ئاگادار کراونەتەوە.</td></tr>
</table>



BEO	002773.207934	9 موحەررەم 1324 (٥ مارت ١٩٠٦)
٩ موحەررەم ١٣٢٤ ٢٠ شوبات ١٣٢١ بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نووسراوی مێژووی ٢٩ زیلحیجە ١٣٢٣ هاوپێچە، لەلایەن هەندێك كەس لە قۆناغی حكوومەتی سلێمانی، سنووری تاوانیان بەزاندووە و تاوانەكانیان زیادی كردووە، بابەتەكەش گوازراوەتەوە دادگا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی تەواو و بە بوێریەوە لێكۆڵینەوەی لە سەر بكرێت، لە رووی یاساوە چاودێری بكرێت، بە پەلە ساڵح ئەفەندی پشكێنەری دادی هەولێر بنێردرێتە سلێمانی، لە ویلایەت ئاگاداری نێردراوە، تا فەرمان بدرێتە ناوبراو، ئەم وەڵامەی لە نەزارەتی دادەوە هاتووە، بە پەلە پشكێنەری داد بۆ سلێمانی بچێت و لێكۆڵینەوەی پێویست بكات، بۆ سەلامەت بوونیشی، ناوبراو بە تەلەگراف ئاگادار كراوەتەوە، تاوەكو لێكۆڵینەوەی ناوبراو ئەنجامی هەبێت و ئەم كەسانە رادەستی لایەنی داد بكرێن، بڕیارەكانی یاسا بە تەواوەتی جێبەجێ بكرێت، بەڵام ئەفسەرانی ناوچەكە بە جوانی ئەركەكانیان جێبەجێ نەكردووە، بۆیە چوونی پشكێنەری ناوبراو هیچ سوودێكی نابێت، بە تێروانین فەرمانبەری دادی ناوچەكە سنوور بەزێنن، بۆیە كەسانی سنوور بەزێن ببردرێن و لێكۆڵینەوە لە كێشەكانیان بكرێت و لە فەرمانگەی یاسا دادگایی بكرێن و دادگاییەكە بە سەلامەتی بەڕێوە بچێت، لە بارەی جێبەجێ كردن نووسراو بۆ ناوچەكە و تەلەگراف لە ویلایەتی موسڵ نێردراوە، لە نەزارەتەكان هیممەت بكرێت.		



BEO	002858.214337	4 جەمادی یەکەم 1324 (٢٦ حوزەیران ١٩٠٦)


بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەر
٤ جەمادی یەکەم ١٣٢٤
١٣ حوزەیران ١٣٢٢
تا کۆتایی مایس ٢٣٩٠٠٠ قیە گەنم و ٤٩٠٠٠ قیە جۆ لە هەولێرەوە رەوانی رواندز کراوە، ئەوەی خەرج کراوە ٦٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠ قیە بووە، ئەوەی تر نێردراوەتە شوێنی هەڵگرتن، هەروەها لەلایەنی سەربازیەوە جگە لەم ئاژەڵانەی لەناوچوون، ٦٧٥ بارگیر لە گواستنەوەیان بەکاردێت، ئەم حوشترانەی یارمەتیدەر دەبن لە رێگەی مەعمورە، جگە لەمە کاروانی حوشترەکان بە رێك خستنیان بۆ رواندز و مەعمورە زەخیرە نێردراوە، گواستنەوەی دە یەك (اعشار)یش بۆ گوندەکانی چواردەوری قەزاکانی رواندز و کۆی سانجەق و رانیە و مەعمورەی حەمیدیە، بەم مەرجە دەبێت کە رادەستی ئەنبارەکانی میری بکرێت، لەم بارەیەوە ئاگادار کراونەتەوە، تا ئێستاش ئەم ئاژەڵانەی رادەستی لایەنی سەربازی کراوە تەواو بووە، دووبارە ناردنی ئەم بارگیرانە نەوەستاوە و لە کاتی گواستنەوە فەرمانبەرانی سەربازی تووشی هێرش بوونەتەوە، ئەمجارە ئەم ئاژەڵە بارگیرانەی لە رواندز بۆ هەولێر نێردراوە، ٣٠٠ سەر بارگیر لەلایەن مولازمی یەکەم عەبدوللەتیف جەبار ئەفەندی وەرگیراوە، تاوەکو کەلوپەلی بازرگانی و زەخیرەکان بگوازیتەوە، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٢ حوزەیران ١٣٢٢ هاتووە و نێردراوەتە والآی سەر عەسکەر.


BEO	002886.216412	15 جەمادی کۆتایی 1324 (٦ ئۆغستۆس ١٩٠٦)


- بۆ لایەنی والآی سەر عەسکەر
١٥ جەمادی کۆتایی ١٣٢٤
٢٤ تەمموز١٣٢٢
ئەم ئاژەڵە بارگیرە بەکرێ گیراوەنەی کە رادەستی لایەنی سەربازی کراونەتەوە، هیچ یەکێکی هێرشی نەکراوەتە سەر، نووسراوی قوماندانی لەشکری شەشەمی هومایۆن لە مێژووی ١٣ جەمادی کۆتایی ١٣٢٤ ژمارە ١٦٧١ لەگەڵ هاوپێچی تەلەگرافنامەی سەر عەسکەر، لە مێژووی ٤ جەمادی کۆتایی ١٣٢٤ بۆ لایەنی سیپاهی سەروو نێردراوە، لە ویلایەتی موسڵ ئەم ئاژەڵانەی رادەستی لایەنی سەربازی کراون، تەواو کراوە و لە بارەی ئامادەکاری بارگیرەکان و ئەم سەربازانەی ئاژەڵەکان لە رواندوز بۆ هەولێر دەگوازنەوە، ٣٠٠ سەر بارگیر دراوەتە مولازم عەبدوللەتیف جەبار ئەفەندی، کە لە گواستنەوەی کەلوپەلی بازرگانی بەکاری دەهێنێت، بۆ گواستنەوەی زەخیرەکانیش ویلایەتی ناوبراو ئاگادار کراوەتەوە.

- فەرمانگەی گشتی ئەرکانی جەنگ
هۆبەی چوارەم
١٣ تەمموز ١٣٢٢ شیفرەی ئەم تەلەگرافنامەیە، کە لەلایەن سلێمان پاشا قوماندانی فرقەی یەکەمی لەشکری هومایۆنی بەغداد نێردراوە.

بە گوێرەی هەواڵ و زانیاری، تا ئێستا ئەم حوشتر و ئێستر و بارگیرانەی بە کرێ گیراوە، رادەستی لایەنی سەربازی کراوە، بڕی ئاژەڵە بارگیرە بەکرێ گیراوەکانیش لە ٢٠٠٠ زیاترە، لە بارەی کۆکردنەوە و گواستنەوەیان پێویستە ئامادەکارییەکان تەواو بکرێن، ئەم فەرمانبەرە سەربازانەی کە ئاژەڵەکان دەگوازنەوە، فەرمان دراوە و داواکراوە کارەکە جێبەجێ بکەن، لە بارەی گەیاندنی ئاژەڵەکان، لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنی پێویستە، جگە لەمە زانیاری بنێردرێت کە ئەم ئاژەڵانە رادەستی کێ دەکرێن؟، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ ویلایەتی ناوبراو کراوە، ئەم ئاگاداریەی لە قوماندانە ناوبراوەکانیش هاتووە، بە تێروانین لە وەڵامەکەی، لە ویلایەت ئامادەکاری کراوە و ئەم ئاژەڵانەی رادەست کراون، هیچ یەکێك هێرشی نەکراوەتە سەر، هەروەها لە گواستنەوەی ئەرزاقدا ١٥٥٠ ئێستری رەشی بارهەڵگر هەیە، لە سەر ئاگاداری پێشووش ٢٠٠٠ ئاژەڵی بارگیری بەکرێ گیراو رادەست کراوە، هەواڵ و زانیاری بۆ ویلایەتی ناوبراو نێردراوە.



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2886 216412 1
2 vrk
(2 shf boş)


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
2886 216412 3



BEO	003051.228757	24 رەبیعی یەکەم 1325 (٧ مایس ١٩٠٧)


٢٤ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥
٢٤ نیسان ١٣٢٣
بۆ لایەنی والای سەر عەسکەر
نووسراوی هاوپێچ لە مێژووی ١٣ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥ دەرچووە، سەبارەت بە جێبەجێ کردنی لێکۆڵینەوە لەگەڵ عوسمان پاشا قائیمقامی گولعەنبەر و دانانی قائیمقامێك بە وەکالەت، قەدەغەیە پاشای ناوبراو خزم و پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی بباتە سەر سنوور، بۆ ئەم کارەش قوماندانی سلێمانی و میری لیوا مستەفا پاشا ئەم دەسەڵاتەی نییە، بۆیە لە هەولێر میری لیوا عیزەت پاشا بچێتە ناوچەکە، لە ویلایەتی موسڵیش جێبەجێ کردنی دووپاتکراوەتەوە، ئەمجارە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆ لە مێژووی ٢٢ رەبیعی یەکەم ١٣٢٥ ژمارە ٧٦٦ هاتووە، دواتر بۆ سەر عەسکەر نێردراوە، بە پەلە جێبەجێ بکرێت.


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MUİ
1-11 | 30 | 2

DH.MUI	00001.11.00030	17 شەعبان 1328 (٢٨ ئۆغستۆس ١٩١٠)

نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی دادگاییەکان
٣٩١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: لە هاوەڵی هەمەوەندەکان، کەریم کوڕی ساڵح بە ماددەی کوشتن، بە ماوەی ١٥ ساڵ بە سزای سەوڵ لێدان سزا دراوە.

جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
گوندنشینی قەزای هەولێر، کەریم کوڕی ساڵح لەگەڵ هەمەوەندەکان کاری نەشیاو و بەدکاری کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ کاهیەی قەرەچەناق کوخە حوسێن بەیەکەوە ٦ کەسیان کوشتووە، هاوکاری و بەشداری کردنی ناوبراو پەسەند کراوە، بە گوێرەی یاسانامەی ماددەی ١٧٥ لە مێژووی دەستگیرکردنەکەی، ١٥ ساڵ بە سەوڵ لێدان سزا دەدرێت، بڕیاری لەسەر دراوە و لە دیوانی جەنگی عورفیەی بارزان ڕێکخراوە و نووسراوەتەوە، وێنەی پەسەند کراوی ئەم داواکاریە لەگەڵ ئاماژەی پێشوو راگەیەندراوە، لە مێژووی ٣ ئۆغستۆس ١٣٢٦ نووسراوی سەدری ئەعزەمی سەدارەتپەناهیش نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردنی بە قوماندانیەتی لەشکری شەشەمی هومایۆن راگەیەندراوە، ووتەکانی فەرمانگەی دادگاییەکان جێبەجێ دەکرێت، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٧ شەعبان ١٣٢٨ و لە ١٠ ئۆغستۆس ١٣٢٦.
نازری جەنگی


دائرهٔ صدارت تحریرات قلمی
شعبه
اوراق نومروسی
مسودی
مبیضی
قلمه ورودی تاریخی
تاریخ تسوید
تاریخ تبیض
لاجل التبیض قلمه ورودی
مقابله ایدنلر

11 سەفەر 1328 (٢٢ شوبات ١٩١٠)	003707.278006	**BEO**

نەزارەتی جەنگی
١١ سەفەر ١٣٢٨
٩ شوبات ١٣٢٥
بە سەیرکردن لە میژووی تۆماری ویلایەتەکان، بە گوێرەی ساڵەکان مووچەکانیان بە گۆرانکارییەوە جێبەجێ کراوە، لە مێژووی ١ شوبات ١٣٢٥ ژمارە ١٠٦٦ داود ئەفەندی مولازمی یەکەم، لە بلۆکی چوارەمی تابوری دووەمی موسڵ سەر بە ئاڵای سێیەمی لەشکری شەشەمی هومایۆن، مانگانە ٤٤٣، هەروەها محەمەد بەکتاش ئەفەندی مولازمی دووەم، لە بلۆکی چوارەمی تابوری چوارەمی هەولێر سەر بە ئاڵای نۆهەتەمین، ٢٥٤ قوروش مووچەی خانەنشینی پێ دەدرێت، راپۆرتی سەروو لە مێژووی ٧ شوبات ١٣٢٥ بە فەرمانی پاشای سەدارەتپەناهی جێبەجێ دەکرێت.


DH.H	00053.00036	7 شەوال 1330 (١٩ ئەیلوول ١٩١٢)


- نەزارەتی جەنگی
فەرمانگەی دادگا
٣٦٤
بۆ بریکاری نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: ئەم ژاندارمانەی کە لە هەولێر پەلاماری خانووی مەریم خاتوونیان داوە، بە پەلە چاودێری یاسایی بەرامبەر ئەم ژاندارمانە جێبەجێ بکرێت.


جەنابی دەوڵەت
خورشید چاوش ژاندارمەی سوارە و نزیکەی ٢٠ ژاندارمەی تر، لە گوندی قورشاقلو سەر بە قەزای هەولێر پەلاماری خانووەکەیان داوە و کەلوپەلیان تاڵان کردووە، هەروەها هەندێك کەلوپەلی گرانبەهای ئافرەتانیان تاڵان کردووە، جگە لەمە بە تفەنگ دارکاری کراون، تەلەگرافنامە بە واژووی مریەم خاتوون خێزانی ئەحمەد پاشا وەرگیراوە و راگەیەندراوە، بە گوێرەی ئەم ئاماژەیەی کە پێشووتر هاتووە، لێکۆڵینەوە کراوە، لە ئەنجامدا کاری یاسایی جێبەجێ کراوە، لە قوماندانیەتی لەشکری ١٢ی قۆڵی موسڵ نووسراو نێردراوە، بە تێروانین لەم لێکۆڵینەوانەی کراوە، دەرکەوتووە ژاندارمەکان رەفتاری نەشیاویان ئەنجام داوە و ئەوەی ئەوان کردوویانە هیچ پەیوەندی بە ئەرکی سەربازیەوە نییە، لە دیوانی جەنگی چاودێری یاسایی جێبەجێ ناکرێت، کاغەزی ناوبراوان و لیستەکانیان، هەروەها ووتەی فەرمانگەی دادگایی هاوپێچ بۆ نەزارەتپەناهی نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٧ شەعبان ١٣٣٠ و لە ٩ تەمموز ١٣٢٨.
راوێژکاری بریکاری نازری جەنگی

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٣٧
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە بارەی دەرکردنی ژاندارمەی سوارە خورشید چاوش و ژاندارمەکانی تر، نووسراو بۆ دادگا نێردراوە.

جەنابی دەوڵەت
بە ووتەی هەواڵگری گشتی هۆبەی دووەم، نووسراو لە مێژووی ١٥ تەمموز ١٣٢٨ ژمارە ٦٢٨٦٢ گشتی و ١٩٦ تایبەتی بۆ نەزارەتپەناهی نێردراوە، خورشید چاوش ژاندارمەی سوارە لە گوندی قورشاخلو بوێری کاری نەشیاوی کردووە، لە قوماندانیەتی ئاڵای ژاندارمە سکاڵا تۆمار کراوە، بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوە و ووردبینیانەی کراوە، خورشید چاوش و سێ کەسی تر کارەکەیان سەلمێنراوە، هەواڵ دراوە کە ناوبراو و ژاندارمەکانی تر تۆماریان دەسرێتەوە، لەم بارەیەوە کاغەزەکانیان بۆ دادوەر نێردراوە، لە قوماندانیەتی ناوهاتووش باسکراوە، نووسراوی لێکۆڵینەوەی دادگا لەگەڵ کاغەزەکانی تر بۆ موتەسەرفی کەرکوك نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٩ رەمەزان ١٣٣٠ و لە ٩ ئۆغستۆس ١٣٢٨.
والی موسڵ


٢٦٤
OSMANLI ARŞİVİ
DH.H
53 36 2


١٤٧
OSMANLI ARŞİVİ
DH.H
53 36 4


هو

اراده سنيه

باب فتوى پناهى

دائره مشيخت

٢٤٦٠

بلاد خمسه پايه لولرندن واربيل علماسندن كوچوك ملا زاده ابوبكر افندى يه مجدداً اوچنجى رتبه دن بر قطعه عثمانلى نشان ذيشانى اعطا اولنشدر

محمد رشاد

اشبو اراده سنيه نك اجراسنه مقام مشيخت مأموردر

شيخ الاسلام موسى كاظم


صدر اعظم سعيد

477/6

İ.TAL.1330/M-6


2

I.TAL	00477.00006	13 موحەڕەم 1330 (٣ كانوونی دووەم ١٩١٢)
بابی فەتوا فەرمانگەی شێخایەتی ٢٤٦٠ فەرمانی پاشا لە پلەی بیلادی خەمسە و زاناکانی هەولێر، کوچك مەلا زادە ئەبوبەکر ئەفەندی سەر لە نوێ، لە پلەی سێیەم یەك پارچە نیشانی عوسمانی پێدراوە. موسا کازم شێخولئیسلام و سەعدوڵلا سەدری ئەعزەم		




ML.EEM	01128.00020	17 جەمادی یەکەم 1330 (٤ مایس ١٩١٢)

١٧ جەمادی یەکەم ١٣٣٠
٢١ نیسان ١٣٢٨
بۆ دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ
جەنابی سوڵتان سەلیم خانی خوالێخۆشبوو لە یەکەم هەنگاو بەغدادی فەتح کرد و دەستی بەسەر داگرت، باپیرە گەورەی کورەجی رەسەن حەسەن پاشا بەهۆی کارەکانیەوە، بووە جێگای رەزامەندی جەنابی سوڵتان، بۆیە وەکو پاداشت گوندەکانی دووگردکان و قورشاقلۆ و میراوە سوریش سیران ترپە سپیان دووی ناحیەی دزەیی سەر بە قەزای هەولێر، کە بە فەرمانی عالی و بە رێگەی پشتاوپشت دراوەتە ناوبراو، ئەم گوندانە لەلای باپیرە گەورە و دوای خۆشی کورەکەی ئەحمەد ئاغا، دواتریش بە رێگەی گواستنەوە، لەلایەن باپیری عەبدوڵلا ئاغا، بە فەرمان و بەبێ کێشە بەکاری هێناوە، بریارنامەکەی دەستی پەسەند کراو بوو، بە گوێرەی ئەم ووتانەی باسکراوە، بە فەرمانی ناوهاتووی تۆمارکراو هاتووە، یەکێك لە نەوەکانی حەسەن پاشای کورەجی خوالێخۆشبوو، بە ناوی خالید ئاغا کوری دەروێش ئاغا لە گەرەکی سەرای قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکوك نیشتەجێیە، تکای کردووە ئەم مولکەی کە لە قەزای هەولێر، پشتاو پشت بۆی ماوەتەوە رادەستی بکرێت، داواکاری ٢٩ مارت ١٣٢٨ نووسراوەتەوە و نێردراوە، بە تێروانین لە داراییەکەی بە لێکۆڵینەوە و ووردبینی داواکراوە پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی.




I.DH	01493.00001	28 ڕەبیعی کۆتایی 1330 (١٦ نیسان ١٩١٢)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٢٩٥
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
محەمەد عەلی بەگ قائیمقامی قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ، ماوەی مۆڵەتی تێپەڕاندووە و تا ئەمڕۆش نەچۆتە سەر کارەکەی، بە تێڕوانین لە ئاماژەی ویلایەت و سەبارەت بە گواستنەوەی ئیبراهیم بەگ قائیمقامی قەزای ڕانیە، لە ئەنجوومەنی هەڵبژاردن بڕیاری لەسەر دراوە، بۆ پەسەند کردنیشی لیستی فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
٢٨ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٠ و لە ٣ نیسان ١٣٢٨
بریکاری نازری ناوەخۆ




BEO	004028.302073	1 جەمادی یەکەم 1330 (١٨ نیسان ١٩١٢)

١ جەمادی یەکەم ١٣٣٠
٥ نیسان ١٣٢٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی وەکالەتی جەلیلە
ئیبراهیم بەگ قائیمقامی رانیە بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر دەگوازرێتەوە و دادەمەزرێت، بە نووسراوی سەروو لە مێژووی ٣ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٢٩٥ نووسراوەتەوە، لیستی فەرمانی پاشا بە واژووی جەنابی پاشا پەسەند کراوە، وێنەی پەسەند کراویشی بۆ سەروو نێردراوە.


مابين همايون ملوكانه
باش كتابتى
عدد
١٢٢
I.MBH 12/90 2

<table>
<tr><td>I.MBH</td><td>00012.00090</td><td>16 شەعبان 1331 (٢١ تەمموز ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە مابەینی هومایۆنی ملوکانە
باش کیتابەت
ژمارە ١٢٢
دوو پارچە تەلەگرافنامە لە مەرکەزەکانی جەبەلە و هەولێر بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٦ شەعبان ١٣٣١ لە ٨ تەمموز ١٣٢٩.
سەرکاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>


مابين همايون ملوكانه

باش كتابتى

عدد


٢٤٦

I.MBH 13/89

2

I.MBH	00013.00089	18 زیلحیجە 1331 (١٨ تشرینی دووەم ١٩١٣)

مابەینی هومایۆنی ملوکانە
باش کیتابەت
ژمارە ٢٤٦
دوو پارچە داواکاری بە واژووی شێخ عەبدوڵڵا عاسفی دانیشتووی هەولێر و تەیمور عەلی خانەنشینی سەربازی، پێشکەشی شاهانە کراوە، لەوێشەوە بۆ سەدارەتپەناهی نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٨ زیلحیجە ١٣٣١ و ٤ تشرینی دووەم ١٣٢٩
سەرکاتیبی جەنابی شەهریار


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

داخلیه نظارتنه

اربل وجوارنده تعدد وقوعاتنه مدخلدار اولوب فرارده بولنان حربه تمو قریه‌لی حسین حاجی عبدالرحمن و اربل قریه‌لی اسماعیل بن عثمان بالمقابله مع الاسلحه دردست ایتدیریلدکلری جهت عدلیه‌یه تسلیم ایتدیرلدیکی ماردین متصرفلغنك اشعاری اوزرینه معروضدر


۲ حزیران ۳۲۹ والی وکیلی قومندان سعید

OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. EMN
27 12

13 رەجەب 1331 (١٨ حوزەیران ١٩١٣)	00027.00012	DH.EUM.EMN


بۆ نەزارەتی ناوەخۆ

هەولێر تێکەڵی رووداوەکە بووە، حوسێن حاجی عەبدولرەحمان گوندنشینی حەربە تەمو، هەروەها ئیسماعیل کوڕی عوسمان گوندنشینی هەولێر، لە کاتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەکەکانیان دەستگیرکراون و رادەستی دادوەر کراون، لەسەر ئاماژەی موتەسەرفی ماردین راگەیەندراوە.
٢ حوزەیران ١٣٢٩
بریکاری والی قوماندان سەعید



DH.ID	00034.00085	28 رەمەزان 1331 (٣١ ئۆغستۆس ١٩١٣)

بۆ ئەعیانەکانی جەنابی شێخ عەبدولقادر ئەفەندی
لە باوباپیرانمانەوە بە شێوەی مەشروت (مشروط) لە قەڵای هەولێر وانە بە قوتابیان دەڵێینەوە، بۆیە بازرگان بارئاباد یوسف بە هیچ شێوەیەك دەست لەم کارە وەرنەدات، بە فەرمانی سەروو لە مێژووی ١٧ شەوال ١٣٢١ بۆ ئێمە گوازراوەتەوە، کە فەرمانبەرانی دارایی تێکەڵی ئەم کارە نەبن، کەچی دەفتەرداری موسڵ ئەمڕۆ لە هەولێرە و بە تەلەگرافنامە داوای پارێزگاریم کردووە، بە تکاوە مەدرەسەکەمان رێکخراوە، رێگە نەدرێت کەس لێی نزیك بێتەوە و هۆکاری داخستن نەدرێتە دەست.
مەلا


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

TELEGRAMME

تلغرافنامه

دولت عليهٔ عثمانيه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


OSMANLI ARŞİVİ

DH.H

53 54 2


DH.H.00053.00054.002

<table>
<tr><td>DH.H</td><td>00053.00054</td><td>12 شەوال 1331 (١٤ ئەیلوول ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سەروو بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لە زەویەکانی گەردی هەولێر بریکاری من، شێخ محەمەد ئەفەندی، کە بە سەنەدی خاقانی خاوەنی زەوییەکانە، دە یەك (عشر) و تاپۆکەی لە یاسا دژی یەکترن، واتە دراوەتە کەسێکی تر، باجەکەشی بە یەکسانی ڕێکخراوە، بۆ زیادکردنەکەش یاسا بەرقەرار دەبێت، لە ڕووی کارگێریەکەی لە مەشروتیەتەکەی (مشروطیت) بەڵێنیان بەیەکتر داوە هاوکاری یەکتر بکەن، لەم ڕووەوە فەرمانبەرانی دارایی حکوومەتی خۆچێی لەگەڵ یاسا نین، بەم شێوەیە جۆرەها زوڵم ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بەهانەی نایاسایی ئەنجام بدرێت، ئەوا بە گوێرەی یاسا و پشت بەستن بە یاسا باجەکەی هەر وەکو جاران بە ئاشکرا و بێ ئەوەی ڕێگە بدرێت کەسێك مافی بخورێت، جێبەجێ بکرێت.
ئیسماعیل بریکاری داواکە</td></tr>
</table>



HR.ID	00062.00013	7 رەجەب 1331 (١٢ حوزەیران ١٩١٣)


پلەی پایەبەرز
دەوڵەتی عوسمانی پایەبەرز
لە شەهبەندەری ساوچبولاق وێنەی نووسراوی مێژووی ٢٣ مایس ١٩١٣ ژمارە ٧٤ هاتووە.
زیاتر هاووڵاتیانی عوسمانی لە کەرکووك و رواندز و کۆی سانجەق و هەولێر و سلێمانی و موسڵ و دەورووبەری ویلایەت روو دەکەنە ساوچبۆلاق، لە دەستیشیان پەساپۆرتی عوسمانی نییە، بەم شێوەیە حکوومەتی خۆچێی و شەهبەندەر سەرقاڵ دەکەن، هەروەها لە بارەی هاووڵاتی بوونیان حکوومەت گومانی هەیە، بە تێروانین لەم خاڵە زیاتر لە ١٠٠ هەزار قوروش زیان بە خەزینە دەگەیەنن، هەروەها لەلایەن فەرمانبەرانی سنووری ئێران زیادەرۆیی دەکەن و بۆ ڤیزە دووقاتی پارە وەردەگرن، بەمەش لایەنگرانی عوسمانی زیانێکی زۆریان پێ دەگات، بۆیە ئەوانەی لە دەورووبەری ویلایەتەوە دەچنە ناو خاکی ئێران، پێویستە پەساپۆرتیان هەبێت، گرنگی ئەم کارە بەرچاو بگیرێت، بەبێ هودە زیان بە داهاتی دەوڵەت نەگەیەندرێت و هۆکار نەدرێتە دەست، تا زیان بە داهاتی دەوڵەت بگەیەنن، پێویستە کاری پێویست جێبەجێ بکرێت، بە سەفارەتپەناهی رابگەیەندرێت و ئاگادار بکرێتەوە، بۆ ئەم کارەش بوێری کراوە.



DH.MTV.00064.00004.006

DH.MTV	00064.00004	26 رەبیعی یەکەم 1331 (٥ مارت ١٩١٣)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەم شیفرەپەیە، کە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە
دوای لێکۆڵینـەوە لـە نـووسراوی ١٥ کانوونـی دووەم ١٣٢٨ ژمـارە ٤٦٨، دەرکەوتـووە خەلیـل رەفعـەت ئەفەنـدی باجگـری تایبـەت، لەوەتـەی هاتۆتـە ئێـرە هیـچ خـۆی نەگونجانـدووە و سـکاڵای لەسـەر هـەق و ناهـەق هەیـە، تەنانـەت کەسـێکی بـۆ لای خـۆی رانەکێشـاوە، بۆیـە ئەرکەکـەی لێـرە بـە تەواوەتـی سـەرکەوتوو نابێـت و بـەردەوام نابێـت، لەگـەڵ زۆربوونـی سـکاڵاکاران و حاڵـی حـازر سـکاڵاکارێکی زۆر سـەردانمان دەکـەن، کـە لـە هەژمـار نایـەت، بـۆ بەدواداچـوون پێویسـتی بـە بەڵگەیـە، سەرپەرشـتیاری دارایـی ویلایـەت ٦ مانگـە لـە دەرەوەیـە، ئێسـتاش لـە قـەزای هەولێـرە، وای لێهاتـووە کەوتووینەتـە بارودۆخێکـەوە راستییەکان وون بوونـە، پێویسـتمان بـە کەسـێکە کـە ناوبـراو بـە پاکـی لـەم بابەتـە دەربهێنێـت، هـەر خۆشـی چۆتـە سـەردانی دەفتـەردار و داوای کـردووە پلـەی ئەرکەکـەی بـەرز بکرێتـەوە، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بـۆ نەزارەتـی دارایـی کـراوە، بـە تێروانیـن لـە وەرگرتنـی هـەواڵ، لـە ئەنجوومەنـی ویلایـەت بریـار لەسـەر گواسـتنەوەی ناوبـراو دەدرێـت، لـە ٢٠ شـوبات ١٣٢٨.
والی



باب عالی حقوق مشاورلکی

نومرو	تاریخ	نوع مسوده	معاون	مدیر	مشاور	مشاور
		تذکره				

HR.HMŞ.IŞO 99/7 2 vrk (1 shf boş)

HR.HMŞ.IŞO	00099.00007	20 ڕەبیعی یەکەم 1331 (٢٧ شوبات ١٩١٣)


١٤ شوبات ١٣٢٨
عەبدوڵڵا خەڵکی ئورمیە لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لە دادگای شەرعی دەفتەری پەسەند کراوە، ئەوەی لە دوای خۆی بەجێی هێشتووە، دەبێ میراتگرەکانی بێنە ئێرە، تا بیبەنەوە، ئەمەش لە موتەسەرفی کەرکوك ئاماژەی پێکراوە، لە نەزارەتی جەلیلە و باڵیۆزخانەی ئێران بریاری لەسەر دراوە، بە گوێرەی ئەم نووسراوەی لە مێژووی ٢١ زیلقەعدە ١٢٩٢ بۆ ووردبینی کردن و پرسین لە ویلایەتی موسڵ هاتووە و حەواڵە کراوە، لە ٧ کانوونی دووەم ١٣٢٨ ژمارە ١٣٧ نووسراوەکە خوێندراوەتەوە.


I,HB 130/42

2

I.HB	00130.00042	2 جەمادی یەکەم 1331 (٩ نیسان ١٩١٣)


نەزارەتی جەنگی
٢٥
بە پێی نووسراوێک کە موتەسەرفی موسڵ بۆ ئەنجوومەنی باڵا ناردوویەتی، یەکێک لە بەگزادەکانی فەرەنسی لە چواردەوری موسڵ و بەغداد گەڕاوە، دوای گەڕانی لە موسڵ، چۆتە کەرکووک و موسڵ، بە چاوی خۆی کانزای زێڕی تیراق و تاسی بینیوە، هەروەها ئەم جۆرە کانزایە لە ئەمەریکاش دەردەهێنرێت و یەک شتە، بە خەرجیەکی کەمیش دەردەهێنرێت، بە نووسراوێک ئەم زانیارییانەی بۆ فەرەنسای ناردووە، لە نووسراوەکەش هاتووە، لە رووباری قەزای هەولێر هەندێک کات بەدوای ئەم زێرە دەگەڕێن، کە بە قەت تەنکی کاغەز وایە، لەم ناوچەیە قسە و باسی راست هەیە. کە کانزای زێر دۆزراوەتەوە و بە خەرجیەکی کەم دەتوانرێت دەربهێنرێت، لە ئەنجامی ئەم ئاماژە پێکردنە، ئەم کانزایە گران بەهایە و خەرجی دەرهێنانیشی کەمە، بۆ ئەم مەبەستە بە زانیاری نەزارەتی خەزینەی تایبەت، ئەندازیار مۆسیۆ دویانی بەلجیکی ئەم کارەی پێ بسپێردرێت، ئەگەر نا کەسێکی شارەزا و لێهاتوو هەڵبژێردرێت و بۆ خەرجی رێگا بڕێک پارەی گونجاوی پێ بدرێت، تا بێتە ناوچەکە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کانزایانە بکات، نموونەشی ببات، ئەگەر دەرکەوت ئەم شتانە گران بەهایە، ئەوا کاری گونجاو ئەنجام دەدەین، بڕیار و فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ١٨ زیلقەعدە ١٢٧٢.


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
139. 8 3

DH.ID	00139.00008	4 سەفەر 1331 (١٣ کانوونی دووەم ١٩١٣)


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
ئەم شیفرەیە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

نزیکەی چوار ساڵ دەبێت، لە عێراق چاودێری لەسەر بەرووبوومەکانی کشتوکاڵی هەیە، لە رووی دەوڵەتەوە ئەوەی گرنگ بووە، هەژمار کردنی برەکەی بووە، بۆیە لە مامەڵەی دەرهێنانی زەخیرەی شاراوە، خۆی کردۆتە خاوەنی و خزمەتی حکوومەتی کردووە، لەم جۆرە کارانەشدا پێویستی بە خەرجیە، بە دابین کردنی ئەم پێداویستیانە بیر لە دەوڵەت دەکاتەوە، بۆیە جێبەجێ کردنەکەی بە ئامادەکاریەوە دەکرێت، لەلایەن ئیبراهیم بەگ قائیمقامی هەولێر راگەیەندراوە، لە دەرخستەکەشی رایگەیاندووە، خەرجی کۆگاکانیشی دەست نیشان کردووە، وەڵامەکەی لەلایەن قائیمقامی ناوبراوەوە هاتووە، هیوای خواستووە ئەوەی بوونی هەیە پارێزگاری لێ بکرێت، کە دێتە سەر خەرجیەکەشی بری چوار مووچە بە شێوەی پێشەکی بدرێتە حکوومەت، لە ئەنجامیش نرخی پێشەکیەکە بە هەژماری سەدا سەد دەدرێتە خودی خۆی، لەم پاداشتەش داوای کردووە بوەستێت، مۆڵەت رادەگەیەندرێت، لە ٣١ کانوونی یەکەم ١٣٢٨.
ئەسعەد بریکاری والی


OSMANLI ARŞİVİ
HR.UHM
141 | 40 | 1


HR.UHM.	00141.00040	12 سەفەر 1331 (٢١ کانوونی دووەم ١٩١٣)

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
١٣٧
بۆ جەنابی دەوڵەت
عیبادەڵڵای ئورمیەیی لە کاتی گەڕانەوە لە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان، لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ئەوەی لە دوای بەجێ ماوە لە دادگای شەرعی کراوەتە دەفتەر و پەسەند کراوە، لە موتەسەرفی کەرکووك ئاماژەی پێکراوە، لە کاتی سەردانی میراتگرەکانی و حەواڵەکەش لە نێوان باڵیۆزی ئێران و نەزارەتی جەلیلە بۆتە بڕیار، بە ناردن ئاماژەی پێکراوە، لە مێژووی ٢١ زیلقەعدە ١٢٩٢ و ٨ کانوونی یەکەم ١٢٩١ ڕاپۆرتنامەی ماددەی ٤، ئەم هاووڵاتیانەی ئێران کە لە دەوڵەتی عوسمانی کۆچی دوایی دەکەن، ئەوەی بەجێیان هێشتووە دەستی بەسەر دادەگیرێت، هەموو شتێکیش پەیوەست دەبێت بە شەهبەندەری ئێران و بریکارەکانیان، لەبەر ئەوەی لەم ویلایەتە شەهبەندەر نییە، چۆنیەتی کارەکەش لە نووسراوی مەرکەزی نائیبی شەرعی بە نەزارەتی جەلیلە ڕاگەیەندراوە و نوسراوی بۆ کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٢ سەفەر ١٣٣١ و لە کانوونی دووەم ١٣٢٨.
بریکاری والی موسڵ میری لیوا




DH.İD.00181.00016.002

<table>
<tr><td>DH.ID</td><td>00181.00016</td><td>4 شەوال 1331 (٦ ئەیلوول ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
بە تاپۆ دە یەکی گوندی گەردی قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ، هەموو ساڵ بە زیادکردن ٣٠٠٠-٤٠٠٠ قوروش لەگەڵ شوێنگرەوە حەواڵە دەکرێت، دە یەکی ئەم ساڵە ١٩١ لیرە لەگەڵ شوێنگرەوە حەواڵەی ئەمین ئاغا بووە، جیاوازی نێوان ئەم دوو دە یەکەی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ دوژمنایەتی ئاژاوەچی و پەلامارکەر مەحموود کاکە خان لەگەڵ برادەرەکانی، دانیشتووانی گوندی ناوهاتوو تووشی پەرێشانی بوونەتەوە و ناچاربوونە بۆ شوێنێکی تر هیجرەت بکەن و نیشتەجێ بن، بەم شێوەیە ژیانیان لە تۆڵەسەندنەوە پێکهاتووە، ئەگەر مامەڵەی حەواڵەکە هەڵناوەشێتەوە، بە ناچاری ماڵەکانیان بەجێ دەهێڵن، بە گوێرەی بەرژەوەندی ئەم تەلەگرافنامانەی کە لە دەرسەعادەت بینیومە داواکراوە بەندە سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات. بە داخەوە هەر لە کۆنەوە لە نێوان عەشیرەتەکاندا ناکۆکی و پەلامار و هێرشکردن و کوشتن هەبووە، بەرقەراربوونی ئاسایش شکستی هێناوە، بۆیە بە شێوەیەکی گونجاو سوود لە باجەکەی وەرنەگیراوە، زۆربەی ناوچەکان وێران و پەرێشان بووە، ئەگەر بێتو ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ بێت ئەوا بۆ بەرژەوەندی خەزینەی جەلیلە و هەم بە سوودی دانیشتووان کۆتایی پێ دێت، ئەگینا هەر ئاوا حەواڵەکردنی شوێنگرەوە و دە یەك لە نێوان دوو عەشیرەت بەردەوام دەبێت، هەروەك دیاریشە فەرمانبەرانی خۆچێی ئەم ناکۆکیە زیاتر گەرم دەکەن و هانیان دەدەن، بەمەش کوشتن و هیجرەت و زیاتر دەبێت، بۆیە ئەگەر خەڵکەکەی بری چەند قوروشێك تەخمین بکەن، بە ناوی دانیشتووانی گوندەکە شوێنگرەوە و دە یەکەکە بدرێت، بەم شێوەیە ناکۆکی نێوان ئەم دوو گوندە و شەڕیان بوەستێنرێت و ڕێگە نەدرێت ڕوو بدات، ئەم گرنگیە بە تەلەگراف لە ویلایەتی ناوهاتوو بە ئاماژە و فەرمان داوا دەکەم، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
٢٤ ئۆغستۆس ١٣٢٩
لە دەرسەعادەت شێخ محەمەد ئەسعەد ئەفەندی زادە پۆست نشینی تەکیەی کەلامی</td></tr>
</table>




DH.İD.00183.2.00006.002

<table>
<tr><td>DH.ID</td><td>00183.2.00006</td><td>6 زیلقەعدە 1331 (٧ تشرینی یەکەم ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٣٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
لە کۆن سەر بە ناحیەی مەلحە بووە و لەلایەن میریەوە بەڕێوەبردراوە، بەم دواییە بە فەرمانی نەزارەتی دارایی جەلیلە دراوەتەوە سەید ئەحمەد ئەفەندی و سەید عومەر ئەفەندی، بۆ بەڕێوەبردنی کارگێری گوندی شەمل و تەلهیلالە و بەستنەوەی بە ناحیەی مەلحە، هیچ کێشەیەك نەبینراوە، لە موتەسەرفی خۆچێی گفتوگۆی لەسەر کراوە و لە مامەڵەکەی دەرکەوتووە، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گشتیش ووردبینی بۆ کراوە، لەسەر ئاماژەی خۆچێی، هەردوو گوندی ناوبراو وەکو جاران بە ناحیەی مەلحە بەستراوەتەوە و لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت پەسەند کراوە، هەروەها چۆنیەتیشی بە موتەسەرفیەتی کەرکوك راگەیەندراوە، زانیاری راگەیەندراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەرردەکات، لە ٦ زیلقەعدە ١٣٣١ و ٢٣ ئەیلوول ١٣٢٩.
میری لیوا ئەسعەد بریکاری والی موسڵ</td></tr>
</table>


موصل دفتردارلغی
املاك اميرى قلمى
نومرو
عمومى
خصوصى

OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
997 | 23 | 1


<table>
<tr><td>ML.EEM</td><td>00997.00023</td><td>13 رەجەب 1331 (١٨ حوزەیران ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی خاوەنداریەتی میری
٤٠١٦ گشتی
٣٣٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
رسوماتی بەلەمی رووباری زاب، لە ئیلتیزاماتی ساڵی ١٣٢٥، موختار ئاغای هەولێری، لەلایەنی داراپیەوە قەرزارە، لە بەرامبەر ئەم برە پارەیە بە ناوی خەزینەی دارایی جەلیلە ئەم زەویە کشتوکاڵیەی، کە هەیەتی، سەنەدەکەی لە مێژووی ٢٠ مارت ١٣٢٩ ژمارە ٤١ بردراوە و پێشکەش کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٣ رەجەب ١٣٣١ و لە ٥ حوزەیران ١٣٢٩.
بەرێوەبەری خاوەندارێتی میریە و دەفتەرداری موسڵ</td></tr>
</table>




29 موحەررەم 1331 (٨ کانوونی دووەم ١٩١٣)	01497.000041	I.DH.

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران
٦٩٠٢ گشتی
٣٠٩٠ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە


ئیبراهیم بەگ قائیمقامی قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ، ناتوانێ کارگێریەکەی بەڕێوەی ببات، سەبارەت بە قەزای کۆی سانجەق بەڕێوەبردنی کارگێریەکەی ئاسانە، بۆیە لەگەڵ حەسەن ئەفەندی قائیمقامی کۆی سانجەق بگۆردرێنەوە، ئەمەش لە ویلایەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێکراوە و لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریاری لەسەر دراوە، لەسەر ئەم بریارە جێگیرکراوە و لیستی فەرمانی پاشا بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٢٩ موحەررەم ١٣٣١ و لە ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٨.
نازری ناوەخۆ






<table dir="rtl">
<tr><td>ŞD</td><td>02208.00029</td><td>3 زیلقەعدە 1331 (٤ تشرینی یەکەم ١٩١٣)</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی ئەم بریارەیە، کە لە مێژووی ٢١ ئەیلوول ١٣٢٩ ژمارە ٢٠٤٨ لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت دەرچووە.

تەلەگرافنامەی قائیمقامیەتی هەولێر لە مێژووی ٢٩ ئۆغستۆس ١٣٢٩ ژمارە ٤٨١ لەگەڵ پەراوێزی بەرێوەبەرایەتی ئەملاك خوێندراوەتەوە، لە کۆن سەر بە ناحیەی مەلحە و مولکی میری بووە، لە کۆتاییدا بە فەرمانی نەزارەتی دارایی گوندەکانی شەمل و تەلهیلال دراوەتە سەید ئەحمەد ئەفەندی و سەید عومەر ئەفەندی، بۆ ئەوەی دووبارە بە مەلحە ببەسترێتەوە، هیچ بەربەستێك نەبینراوە، لەم مامەڵەیەی کە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ووردبینی کردن لە کۆبوونەوە و رێکخستنی ئەنجوومەنی گشتی نێردراوەتە خۆچێی، کە هەردوو گوندی ناوهاتوو ئێستا گونجاوە هەروەکو خۆی سەر بە ناحیەی مەلحە بمێنێتەوە، لە وەڵام بۆ موتەسەرفی کەرکووك راگەیاندن نێردراوە، ئەمجارە حەواڵەی بەرێوەبەرایەتی مولکداریەتی کراوە، چۆنیەتیەکەشی بە نەزارەتی ناوخۆی جەلیلە راگەیەندراوە لەگەڵ ئەمەش بۆ پێشکەش کردنی زانیاری نووسراو کراوە.</td></tr>
</table>




BEO	004133.309955	4 سەفەر 1331 (١٣ کانوونی دووەم ١٩١٣)

٤ سەفەر ١٣٣١
٣١ کانوونی یەکەم ١٣٢٨
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ گۆڕینەوەی قائیمقامەکانی هەولێر و کۆی سانجەق، ئیبراهیم بەگ وحەسەن بەگ ئەفەندی، ئامادەکاری کراوە و لە مێژووی ٢٦ کانوونی یەکەم ١٣٢٨ ژمارە٣٠٩٠ لەگەڵ نووسراوی پایەبەرز و لیستی فەرمانی پاشا، بە واژووی جەنابی پاشا پەسەند کراوە، وێنەی پەسەندکراوی بۆ سەروو نێردراوە، ئەم نووسراوە لە جێبەجێ کردنیەتی.


دائرۀ صدارت تحریرات قلمی
شعبه
اوراق نومروسی
مسودی
مبیضی
قلمه ورودی تاریخی
تاریخ تسوید
تاریخ تبییض
لاجل التبییض قلمه ورودی
مقابله ایدنلر
OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4162 312109

3 جەمادی یەکەم 1331 (١٠ نیسان ١٩١٣)	004162.312109	BEO


٣ جەمادی یەکەم ١٣٣١
٢٨ مارت ١٣٢٩
بۆ نەزارەتی جەنگی و نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە تابوری کەرکووك سەر بە ئاڵای ژاندارمەی ویلایەتی موسڵ، مولازمی دووەم ئەمین بەگ، قوماندانی تاقمی رانیە سەر بە بلۆکی هەولێر، مانگانە ٤٢٥ قوروش مووچەی خانەنشینی بۆ رێکخراوە و لە مێژووی ٢٤ مارت ١٣٢٩ ژمارە ٢٥ راپۆرتی پایەبەرز نێردراوە، لەگەڵ لیستی فەرمانی پاشا بە مۆری هومایۆنی جەنابی پاشا داوای پەسەندکردنی کراوە، وێنەی پەسەند کردنی بۆ سەروو نێردراوە، هەروەها بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە ئاگاداری نێردراوە، بۆ جێبەجێ کردن.


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1004 | 23 | 5

ML.EEM	010004.00023	شەعبان 1331 (تەمموز ١٩١٣)

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی مولکی میریە
قەڵەمی یەکەم
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
پوختە: وونبوونی تۆماری فەرمانی سەروو، داواکراوە دەربهێنرێتەوە
ڕاگەیەندراوی بەندە


جەنابی سوڵتان سەلیم خان شوێنی بەهەشت بێت، لە کاتی فەتح کردنی بەغداد و دەستبەسەرکردنی، بەهۆی کاریگەری بەناوبانگی و توانا و تێروانینی باپیرە گەورەیان حەسەن پاشا لە بنەچەکی کورەچی پاداشت کراوە، هەشت گوندی ناحیەی دزەیی سەر بە قەزای هەولێر، بە ناوی دوگردکان و قوشاقلو بە فەرمانی عالیشانی بە ڕێگەی میرات و پشت لە دوای پشت دراوەتە ناوبراو، دوای خۆشی دراوەتە ئەحمەد ئاغای کوڕی، لە دوای ئەویش بە ڕێگەی گواستنەوە لەلایەن باپیری، عەبدوڵڵا ئاغا بە فەرمان و بە بێ ڕووبەڕووبوونەوە وەریگرتووە، لە دەستی بڕیارنامەی دارایی پەسەند کراوە، بەڵام ناوبراو فەرمانی عالیشانەکەی لێ وون بووە، هەروەها باوکی لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی سەربازی مردووە، ناوبراو وێنەی فەرمانەکەی وەرگرتووە، بە مۆری خالید کە لە گەرەکی عەرەبان نیشتەجێیە، دراوەتە نەزارەتی جەنگی جەلیلە، نەزارەتی ناوبراویش بە نووسراوی مێژووی ٢١ مایس ١٣٢٩ ژمارە ٣٣٠ ناردوویەتی و لە داواکاری ٢٥ نیسان ١٣٢٩ داواکراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە خەزینە لێکۆڵینەوە کراوە، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە تۆماری ئاوا نەدۆزراوەتەوە، لە دوای مێژووی ١١١٠ پێیان دراوە، ئەوەی ئاشکرایە فەرمانی هومایۆن بە قەڵەمی دیوانی هومایۆن تۆمار کراوە، لە کاتی ناردنی وێنەیەکی داواکاری بۆ جەنابی پایەبەرز پێشکەش کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە شەعبان ١٣٣١ لە ١٣٢٩.
نازری دارایی



DH.MB.HPS	00007.00045	19 رەجەب 1332 (١٣ حوزەیران ١٩١٤)

نەزارەتی دادوەری و مەزهەبی
قەڵەمی تایبەتی
ژمارە ٢٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت

لە لیستی یاریدەدەری سەرپەرشتیاری دادوەری موسڵ دەرکەوتووە، لە قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ، ڕێنماییەکانی تەندروستی گرتووخانەکان بە باشی جێبەجێ ناکرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەیەك بوونی نییە، پێویستە سەر جێگاکانی گرتووخانە بە گوێرەی پێویست بن، جگە لەمە زۆربەی زیندانیەکان بێ نانن، بۆ دەستگیرکراوەکان بە بێ ساسا و ڕێسا هەروەها دەستبەسەرەکانیش دیاری نانیان پێ بدرێت، ئەمەش بە گوێرەی نیزامی گرتووخانەکان دەکرێت جێبەجێ بکرێت، لە قەزای ناوهاتوو دەبێ گرتووخانەیەکی ڕێکوپێك و تەواو ئامادە بکرێت، بە گوێرەی توانا مەرجەکانی تەندروستی تێدا ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن ئاگادار بکرێنەوە، لەم بارەشەوە داوا بکرێت نەزارەتپەناهی هاوکار بێت، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٩ ڕەجەب ١٣٣٢ و لە ٣١ مایس ١٣٣٠.
راوێژکار بە ناوی نازری دادوەری



OSMANLI ARŞİ
DH.MB.HI
24 1 2

[۱] بو خلاصەنك يازيلەجق جوابنامە بالاسنە عيناً نقلى و قلم مخصوصى و تاريخ و نومرولرك ذكر و تصريحى تمنى اولنور


DH.MB.HPS	00024.00001	15 رەجەب 1332 (۹ حوزەیران ۱۹۱٤)

نەزارەتی دادوەری و مەزهەب
قەڵەمی تایبەت
ژمارە ۲۳۲
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
سەبارەت بە دابەشکردن و دەست نیشان کردنی بینایەی فەرمانگەی حکوومەتی قەزای هەولێر، ئەم فەرمانبەرانەی کە بوونیان هەیە، بە زیادەوە بەشیان دەکات، فەرمانگەکە یەك بەشی لەلایەن قائیمقامی قەزا وەکو حەرەم بردوویەتی و بەکاری دەهێنێت، ئەم سێ ژوورە بچووکەش کە بۆ فەرمانبەرانی بەجێ هێشتووە، بۆ پێویستی ئەوان بەس نییە، لە مێژووی ۲٦ نیسان ۱۳۳۰ ژمارە ۲۷۳ یاریدەدەری سەرپەرشتیاری دادوەری ویلایەتی موسڵ لیستێکی بەدواداچوونی راگەیاندووە، فەرمانگەی دەوڵەت، لە بارەی فەرمان و ئاماژە پێکردنیەوە هاوکاری نەزارەتپەناهی پێویستە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ۱۵ رەجەب ۱۳۳۲ و لە ۲۷ مایس ۱۳۳۰.
راوێژکار بەناوی نازری دادوەری




13 زیلقەعدە 1332 (٣ تشرینی یەکەم ١٩١٤)	00035.00012	DH.EUM.MTK

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
هاوپێچ حوزەیران ١٣٣٠، ماوەی ٣٠ ساڵە دەستدرێژی دەکەنە سەر هێمنی و ئارامی قەزای هەولێر، بەهۆی چاودێری توند و ئامادەکاری پێویست، رۆژانی رابردوو لە چەتەکانی دزەیی دووانیان دەستگیر کران، بۆ دەستگیرکردنی ئەوانی تریش چاودێری کردن بەردەوامە، ئەم توندرەوانە لە تاوان بەردەوامن ، بوونەتە چەتەی بەناوبانگ، عومەر........ برادەرزادەی ئیبراهیم بایزی سەرۆك، ئەمجارە بە مردووی هەروەها لە هاوەڵانی مستەفا و ئەحمەد جەلەبی بە زیندووی دەستگیرکراون، یەکیان....... ئەوی تریش ٢ تفەنگ و ١٨٥ فیشەك و ئەسپێك و ٢ .... دەست بەسەر کراوە، خالید ئەفەندی بریکاری موتەسەرفی کەرکووك و بەرێوەبەری پۆلیسی ویلایەت، کە ئەرکی چاودێریەکەی پێ سپێردراوە، لە سەر ئەسپ کەوتۆتە خوارەوە و سەری بریندار بووە، بەڵام سوپاس بۆ خوا برینەکەی سووکە و مەفرزەکەی بەردەوامە لە چاودێری کردن، لە ٢٠ ئەیلول ١٣٣٠.
والی سلێمان نەزیف



<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00045.00019</td><td>24 شەوال 1332 (١٥ ئەيلوول ١٩١٤)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ ویلایەتی موسڵ
شیفرە
لـە عەشـیرەتی دیزەیـی پیـرداود ئاغـا، لـە ترسـی حکوومـەت لـە هەولێـر بـۆ ئێـران رایکردبـوو، دوای گەرانـەوەی بـۆ لای حکوومـەت، بـە جەسـتە و پـارە خزمـەت دەکات و داوای لێخۆشـبوون دەکات، لـەم لایەنـەوە ئـەم هەواڵـەی کـە لـە ویلایـەت هەیـە، ئامـاژە بـە لێخۆشـبوونی کـراوە، لـە ٢ ئەیلـوول ١٣٣٠.
بە ناوی نازر</td></tr>
</table>


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

OSMANLI ARŞİVİ

DH.EUM.

1 شەعبان 1332 (٢٥ حوزەیران ١٩١٤)	00070.00014	DH.EUM.EMN


لە موسڵ دەرچووە
ژمارە ١٠٩
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە ناو یەکەی زاب موڵکی میری هەیە، چەتەکان ماوەی ٣٠ساڵە هێمنی و ئاسایشی قەزای هەولێریان خستۆتە مەترسیەوە، سەبارەت بە دوورخستنەوەی چەتەکانی دزەیی، چوومەتە ناوچەکە، بەڵام بەهۆی ئەم ئامادەکاریانەی بۆ جموجۆڵی بارزانەوە کراوە، بە ناچاری کارەکە دواکەوتووە، بۆ دەستگیرکردنی توندرەوەکان، ئەمجارە هێزی پێویست بهێنرێت و خالید ئەفەندی قائیمقامی هەولێر بە وەکالەت و بەڕێوەبەری پۆلیسی ویلایەت بە فیداکاریەوە بوێری نواندووە، لەگەڵ دامەزراندنی و ناردنی ئامادەکاریەکان تەواو دەبن، لە ئەنجامی ئەم چاودێری توند، لە توندرەوەکان عەزیز و ئیسماعیل بە مردووی دەستگیر کراون، جگە لەمانەش ئەوانی تر هەر یەکە بە ١٠ ساڵ زیندانی کراون، ئەمانە بە چەکەوە دەستگیرکراون، چاودێریەکان بەردەوام دەبن، بە هیواوە داوا دەکرێت ئەم توندرەوانەی کە ماون دەستگیر بکرێن، ١٢ حوزەیران ١٣٣٠.
والی سلێمان نەزیف


DH.ID	00081.3.00016	22 سەفەر 1332 (٢٠ کانوونی دووەم ١٩١٤)


- نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافنامە و تەلەفۆن
بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ
بۆ ژمێریاری کەرکووك
ئەم رووبەرەی حاجی حەسەن ئەفەندی قائیمقامی هەولێر تۆماری کردووە، بۆ هەر کاتژمێرێك ١٢ قوروش و نیو بە گوێرەی نیزامی خەرجی رێگا بۆ ١٦ کاتژمێر دەکاتە ٢٠٠ قوروش، بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی ٨٠ قوروش دەدرێت، هەڵەی تێدا کراوە، بۆیە چاك کراوەتەوە و فەرمانەکە دراوەتە بەڕێوەبەری دارایی، لە ١ مایس ١٣٢٩.
موتەسەرف ئەلکازمی


- نەزارەتی پۆستە و تەلەگراقنامە و تەلەفۆن
بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ
٨٣٥٥ گشتی
٢٦٠٨ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
لەم وێنەیەی پێشکەش کراوە دەردەکەوێت، موتەسەرفی کەرکووك لە هەولێرەوە بە ژمارە ٧٢٤ مێژووی ١ مایس ١٣٢٩ تەلەگرافنامەی دەرکردووە، دەرکەوتووە هیچ لایەنێك پەیوەندی بە هەژمارەکەوە نییە، بە گوێرەی ئاگاداری سەرووش کرێی تەلەگرافنامەکە ١٣ قوروش و نیو بدرێتە تەلەگرافنامەی هەولێر، دەبێ موتەسەرف لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکاتەوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٥ حوزەیران ١٣٢٩.
بە ناوی نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ

- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە
٢٣٧ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی دەوڵەت
بە ووتەی بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ نووسراوی ژمارە ٨٥٧٨٧ و ٤٣١ لە مێژووی ١٠ تشرینی دووەم ١٣٢٩، لە نەزارەتپەناهی بابەتەکە خوێندراوەتەوە، ١٣ قوروش کرێی تەلەگرافنامە رادەستی تەلەگرافنامەی هەولێر کراوە، لە موتەسەرفی کەرکووك ئاگاداری نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، ٧ سەفەر ١٣٣٢ و لە ٢٢ کانوونی یەکەم ١٣٢٩.
والی موسڵ


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 3



OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 2



OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
81-3 | 16 | 9


باب عالی
داخلیه نظارتی
امنیت عمومیه مدیریتی
قلمی
عمومی
خصوصی
خلاصه
۲۱ حزیران ۳۳۰

10 شەعبان 1332 (٤ تەمموز ١٩١٤)	00084.00029	DH.EUM.EMN


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
پوختە
٢١ حوزەیران ١٣٣٠
لە قەزای هەولێر، چەتەی دزەیی عومەر بە مردووی و مستەفا و ئەحمەد جەلەبی بە زیندوویی دەستگیر کراون، لە مێژووی ٢٠ حوزەیران ١٣٣٠ لە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە.


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارهسی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM.EMN


TELEGRAMME
تلغرافنامه
دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارهسی
ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN
OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM.EMN

DH.EUM.EMN	00103.00017	16 ڕەبیعی کۆتایی 1332 (١٤ مارت ١٩١٤)

لە هەولێر دەرچووە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
هاوپێچ ٢٠ شوبات ١٣٢٩ لە ویلایەتی موسڵ جەنابی خاقانی بە گوێرەی حەز و هەژماری خۆی بۆ دوو بەش دابەشی کردوون، لە ڕووی کارگێڕیەوە بەشێکی وەکو خاوەنداریێتی و بەشەکەی تریش بە موڵکی پاشا دانراوە، لەم دوو پارچەیەش ئەوەی بە هێزی دەسەڵات لێی دانیشتووە، شێوەی دەستبەسەرداگرتنی پێوە دیارە، ئەم بەشەی موڵکی میری کە عەشیرەتەکان تێدا نیشتەجێن، بە هەست و بەرژەوەندی بەش بوونە، لە موڵکی سوراوەی قەزای هەولێر، هەر لە کۆن و وەکو خۆ لەسەر زەوی کشتوکاڵی لە نێوان عەشیرەتی دزەیی و عەشیرەتەکانی تەی و لەهیب ناکۆکی هەیە، ئەم ناکۆکیە سەرنجی حکوومەتی موسڵی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، گوندی شەراعولحەمید کە دیزەییەکان بەکاری دەهێنن، عەشیرەتی لەهیب بۆ ئەوەی دیزەییەکان لەم گوندە دەربهێنن، وەکو کرێ ٣٤٥ لیری داوەتە هەندێك کەسی دیزەیی، لە ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بۆتە ڕاپۆرت، بڕی پارەی ناوبراو و وەرگرتنی لەلایەن دزەییەکانەوە قەبوڵ کراوە و ڕادەست کردنی ئەم زەوییانە بە دەستدرێژیکەر ئاماژەی پێکردووە و لەگەڵ عەشیرەتی تەی هێرشی کردۆتە سەر ئەم گوندە، ئافرەتێک و ٨ کەسی تریشیان کوشتووە و ٩ نەفەریشیان بریندار کردووە، هەر زوو هێزی پێویست نێردراوە، بێ دەسەڵاتەکانیش بۆ هۆبەی زاب ڕۆیشتوون، لەوێشەوە بۆ هەولێر هاتم، سەرۆکەکانی دزەیی ئەوانەی لە ڕووداوەکە نزیکم بوون، هەندێکیان دەستبەسەر کراون، ئەوانەی تریش بە توندی لە ژێر چاودێرین، بە چاوچنۆکی بریندارکردنی فەرمانبەرانی موڵکی میری لووتیان بەرز بووە و چارەگە سەدەیەکە لەم ناوە دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموسی خەڵك، بۆ متمانە کردن بەم مەسەلەیە لە دادگای هەولێر متمانەدار نییە، ئەم ڕووداوە ڕاستەوخۆ و ئەوەی پەیوەندیدارە بە چەتەکانی دزەیی مامەڵەی یاساییان بۆ فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی موسڵ بگوازرێتەوە، بۆ ئەمەش لە نەزارەتی دادوەری قسەی لەسەر کراوە.
نەزیف والی موسڵ



DH.SAID	00144.00196	8 جەمادی یەکەم 1332 (٤ نیسان ١٩١٤)

لاپەرە ٣٨٩

تۆماری گشتی

محەمەد هاشم لە کاری فەرمانبەرایەتی بەکارهێنراوە کوڕی ئەبوبەکر ئەفەندییە

ساڵی ١٢٩٧ واتە ١٢٩٦ لە هەولێر لە دایك بووە، لە نووسراوی عوسمانی پەسەندکراوە و نووسراوەتەوە.

دوای چوار ساڵ خوێندن لە مەکتەبی سەرەتایی ناوەخۆ و مەکتەبی روشدییەی عەمارە و لە روشدییەی مولکیە بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت.


ساڵی ١٣١٥ موحەررەمی حەرام ٢٩، واتە ١٨ حوزەیران ١٣١٤، تا جەمادی کۆتایی ١٤، واتە ١٩ ئەیلوول ١٣١٤ مانگانە ٢٠٠ قوروش لە ژێر خاوەنداریەتی قۆمیسیۆنی هومایۆنی موسڵ، لە نووسراوی دە یەك و گواستنەوەی هۆبەی شەمامك، هەروەها ١٣١٦ رەبیعی کۆتایی ١١، واتە ١٧ ئۆغستۆس ١٣١٤ تا شەوالی ٢٩ واتە .... شوبات ١٣١٥ بە مووچەی ٢٠٠ قوروش تا کۆتایی ئەم ساڵە..... هەروەها ساڵی ١٣١٨ شەعبانی ٥، واتە ١٢ تشرینی دووەم ١٣١٦ بە مووچەی ٣٠٠ قوروش بۆ نووسراوی هاوکاری بەردەوام گواستراوەتەوە، هەروەها ١٣٢٨ زیلقەعدە ٢٦، واتە ١١ شوبات ١٣١٨ دەستی لە کار کێشاوەتەوە. لە ساڵی ١٣٢٣ رەجەبی شەریفەی ٤، واتە ٢٢ ئۆغستۆس ١٣٢١ بە مووچەی ٥٠٠ قوروش لە کارگێری..... مولکی هومایۆن لە نووسینی تاپۆ دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٤ زیلقەعدەی ٢٢، واتە ٢٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٢ بە مووچەی ٥٢٦ قوروش و نیو لە کارگێری نووسین (ضبط کتابت)ی قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی دەرسەعادەت دامەزراوە، ساڵی ١٣٢٥ رەجەبی شەریفە بۆ پلەی سێیەم رێزی لێگیراوە.


ئەم تێبینیەی بۆ رێزلێنانی ناوبراو لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی نۆژەنکردنەوە و زەوی و زاری پاشا نووسراوە، بە خەتی شاهانە لە نەزارەتی سەروو پەسەند کراوە.

لەم خزمەتانەی کە بینیویەتی مێژوو و برەکەی لە قۆمیسیۆنی مولکی هومایۆنی عەمارە و موسڵ، هەروەها قۆمیسیۆنی عەمارە وێنەیەکی ئەم نووسراوە و ناسنامەی عوسمانی لەگەڵ بروانامەی مەکتەبی روشدییەی مولکیە پەسەند کراوە، بە وەرگێرانی کاغەزی ئێستا پارێزراوە.

مێژووی خزمەتی و بری مووچەکەی لە خەزینەی شاهانە پەسەند کراوە، بە گوێرەی مێژووی وەرگرتنی پلەی سێیەم، لە نێوان هومایۆنی جەنابی ملوکانەی باش کیتابەتی جەلیلە روون کردنەوە دراوەتە داهاتی باجی شاهانە، فەرمانی پاشاشی تێدا بووە، ٣٠ زیلقەعدە ١٣٢٥ و ٢٢ کانوون ١٣٢٣.

ناوبراو بەهۆی گۆرینی سەڵتەنەت خزمەتی بۆ خەزینە گەراوەتەوە، قۆمیسیۆنی ناوهاتوو بەناوی قۆمیسیۆنی قەڵەمی ماڵوموڵکی گوازراوە بە خەزینەی دارایی لکێنراوە، بۆیە ناونیشانی خزمەتەکەی نووسراو بۆ قۆمیسیۆنی ماڵوموڵکی دارایی گوازراوە/ قەڵەمی تۆمار گوازراوەتەوە، ساڵی ١٣٢٧ شەعبانی ٢٨، واتە ١٠ مایس ١٣٢٥ بە گوێرەی رێکخستن بە مووچەی ٨٠٠ قوروش پلەکەی بەرز بۆتەوە، لە هۆبەی ماڵومولك/ چینی نووسینی نووسراو، بە مووچەکە و بە چینی ئێستادا بۆ بەرێوەبەرایەتی ماڵومولك/ قەڵەمی ماڵومولك گوازراوەتەوە، بەمەش هۆبەی دارایی لە ٢٢ مارت ١٣٢٧ لێی ئاگادار کراوەتەوە.






DH.ID	00162.2.00023	22 ڕەبیعی کۆتایی 1332 (٢٠ مارت ١٩١٤)


- ٧ مارت ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی دەرسەعادەت
ئێمە لە شارۆچکەی هەولێر سەر بە میللەتی بە توانای موسەوین، حکوومەت دەیەوێت لەسەر گۆرستانەکەمان مەکتەبێکی دواناوەندی و تەلەگرافخانەیەك دروست بکەن، ئەم گۆرستانە بە گشتی بۆ ئێمە تەرخان کراوە، ئەمەش نابێت وەکو ڕێگاکان و کێڵگەکان ببەسترێتەوە بە تاپۆ و لەسەر جێبەجێ کردنی نیزام لە بیرۆکەی ئەوەدان گۆرستانی ناوبراوی ئێمە بە تاپۆ ببەستنەوە، ئەوە هەقی ئێمەیە، ئەگەر ئەم کارە جێبەجێ بکرێت زوڵمان لێ دەکرێت، لەم سەرپێچیە تکایە دادوەری پەیرەو بکرێت.
عەبدوڵلا هاوڵاتی عوسمانی بە ناوی هەموو میللەتی موسەوی

- بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
٩ مارت ١٣٣٠، لەلایەن باش وەکیلی خاخامی هەولێر پروپاگەندەی ئەوە کراوە، گوایە گۆرستانەکە هی یەهودیەکانە، لەوانەیە ئەوەی پروپاگەندەی بۆ دەکات ڕاست نەبێت، هیچ بەڵگەیەکیان لە دەست نییە، کە کاتی خۆی ئەم شوێنەیان کردبێتە گۆرستان، خودی خۆی وەکیلی باش خاخامی ئەوەی ڕاگەیاندووە، لە ڕاگەیەندراوێکی ئاوا بە نرخ هەروەها شارۆچکەکە بە زیادەوە پێویستی بە مەکتەبێکی دواناوەندی و تەلەگرافخانەیە، ئەمانە دەیانەوێت زیان بە بیناسازی بگەیەنن، داوایەك کە هیچ بەڵگەیەکی نەبووبێت و لەلایەن تاکە کەسێکەوە ووترابێت، ئەگەر لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکیش باس بکرێت و ڕێگە نەدرێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر لە هەقی خۆیان دڵنیان دەتوانن سەردانی دادگا بکەن.
لە ١١ مارت ١٣٣٠
نەزیف والی موسڵ


باب عالی
داخلیه نظارتی
عدد ۳۹۷
OSMANLI ARŞİVİ
DH.İD
154 35 2

DH.ID	00194.00035	27 رەجەب 1332 (٢١ حوزەیران ١٩١٤)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
دەستەی سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مولکیە
ژمارە ٣٩٧
بۆ جەنابی نەزارەتپەناهی پایەبەرز
جانتای پۆستە دزراوە، ئەوەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەبووە، ٢١ لیرەی عوسمانی دۆزیوەتەوە، بە گوێرەی نیزام دەبێ لە کۆتایی ٩١ ڕۆژدا بیگەڕێنێتەوە، کەچی ئێستا ٦ مانگ تێپەڕیوە نەگەڕاوەتەوە، بۆ داواکردنەوەی بە واژووی ساعەتچی نادر لە هەولێر داواکاری دراوەتە سەرپەرشتیاری مولکیەی موسڵ، بە حەواڵەش لە نەزارەتی پۆستە فەرمان نەدراوەتە بەڕێوەبەرایەتی تەلەگراف، بۆیە مەحاڵە پارەی باسکراو بگەڕێندرێتەوە، لە پەراوێزی داواکاریەکە نووسراوە و پێشکەش کراوە، لە بارەی گەڕانەوەی پارەی دزراو بۆ خاوەنەکانیان فەرمان دراوەتە شوێنی خۆی، بۆ جێبەجێ کردنەکەش ئاماژە بۆ نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف نێردراوە، هاوکاری لە نەزارەتپەناهیەوەیە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٨ حوزەیران ١٣٣٠.
بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی سەرپەرشتیاری


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

DH.ŞFR 427/16

DH.ŞFR	00427.00016	23 جەمادی کۆتایی 1332 (١٩ مایس ١٩١٤)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بە نووسراوی تێروتەسەل راگەیەندراوە، نەدیم بەگ قائیمقامی هەولێر لە هەموو روویەکدا بێ هێزی و سەرنەکەوتووی خۆی نیشان داوە و کارگێری قەزاکەی تێکداوە، لەبەر بێ دەسەڵاتی ناوبراو، چەتەکان پەیتا پەیتا سەریان دەرهێناوە، بۆ دەستگیرکردنیان و تەمێ کردنیان پاراوەتەوە، ئەگەر لەوێ ماوەیەکی تریش لە ئەرکەکەی بەردەوام بێت، ئەوا تەنگوچەڵمە دروست دەبێت، بۆیە گونجاو نییە، بگوازرێتەوە قەزایەك کە بەرێوەبردنی کارگێریەکەی ئاسان بێت، لە شوێن ئەویش بە پەلە کەسێکی بە توانا و بەهێز دابمەزرێت، رادەگەیەندرێت، لە ٦ مایس ١٣٣٠.
والی نەزیف



TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie

1 رەجەب 1332 (٢٦ مایس ١٩١٤)	00428.00003	**DH.ŞFR**
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ شیفرەی ئەم تەلەگرافەیە، کە لە هەولێر دەرچووە، لە ١٣ مایس ١٣٣٠. حەلیم سەرپەرشتیاری مولکیە		


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


DH.ŞFR. 428/8

1 رەجەب 1332 (٢٦ مایس ١٩١٤)	00428.00008	DH. ŞFR

لە هەولێر دەرچووە
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
لە ساڵی نۆیدا ساڵح بەرێوەبەری دزەیی لە هەولێر و کاتیبەکەی لێرە دانیشتووە، هیچ کارێکی نەبینراوە، بۆیە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە و خانەنشین کراوە.
لە ١٣ مایس ١٣٣٠
حیلمی سەرپەرشتیاری مولکیە



DH.ŞFR	00428.00045	4 رەجەب 1332 (٢٩ مایس ١٩١٤)
لە هەولێر تەلەگراف دەرچووە بۆ نەزارەتی ناوەخۆ پێویستە یەك فەرمانبەری حەواڵەکردنی دە یەك (اعشار) بنێردرێت، پێویسە ویلایەت بەمە بزانێت، لەم کارە بەڕێوەبەری دارایی و قائیمقام بێ دەسەڵاتن، راگەیەندراوە. حیلمی سەرپەرشتیاری مولکیە		


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف ادارهسی

ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'Etat n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


DH ŞFR 435/121

DH.ŞFR	00435.00121	15 رەمەزان 1332 (٧ ئۆغستۆس ١٩١٤)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە

بـۆ خەرجـی کەلوپـەل و ئامـادەکاری سـەربازی شـاهانەی سـەفەربەرلیك، ئـەشراف و دانیشـتووانی هەولێـر، وەکـو هـاوکاری ٩٠٠٠ و هەندێـك لیرەیـان کۆکردۆتـەوە، ئـەم فیداکاریـە بـە وەکالەتـی قائیمقامیـەت ووتـراوە و بـە نـاوی ویلایەتیـش سوپاسـنامە راگەیەنـدراوە، لـە ٢٥ تەممـوز ١٣٣٠.

نەزیف والی موسڵ


TELEGRAMME تلغرافنامه

دولت علیهٔ عثمانیه تلغراف اداره‌سی


ADMINISTRATION DES TELEGRAPHES DE L'EMPIRE OTTOMAN

L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie


DH.ŞFR 437/45

DH.ŞFR	00437.00045	24 رەمەزان 1332 (١٦ ئۆغستۆس ١٩١٤)

بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
ماوەیەکـە قائیمقامیەتـی هەولێـر بـە وەکالـەت بەڕێوەدەبردرێـت، حەسـەن فائیـق بـەگ نوێنـەری پێشـووی موسـڵ، بـۆ سـەفەر بەرلیك خەرجـی کاروبـاری جەنگـی بـە زیادەوە خـەرج کـردووە و ئەوپـەری سـەربەرزی نیشـان داوە، بۆیـە تـا ئـەم شـەڕە کۆتایـی پـێ دێـت لـە وەکالەتەکـەی خـۆی بمێنێتـەوە.
لە ٣ ئۆغستۆس ١٣٣٠
سلێمان نەزیف والی موسڵ


باب عالی
داخلیه نظارتی
مأمورین قلمی مدیریتی
عدد
١٦٥٤
حضور عالی حضرت صدارتپناهیه
داخلیه ناظری
i.DH 1504/1332.M/24
23

<table>
<tr><th>22 موحەررەم 1332 (٢١ کانوونی یەکەم ١٩١٣)</th><th>01504.000023</th><th>I.DH</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ١٦٥٤
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندەتانە
بە پێویست زانراوە ئەرکەکەیان نەدیم قائیمقامی مەرکەزی ویلایەتی موسڵ و حەسەن بەگ قائیمقامی هەولێر بگۆردرێتەوە، بە گوێرەی نووسراوی ویلایەتی ناوهاتوو پەسەند کراوە و لیستی فەرمانی پاشاش پێشکەش کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ موحەررەم ١٣٣٢ و لە ٩ کانوونی یەکەم ١٣٢٩.
نازری ناوەخۆ</td></tr>
</table>


باب عالی
داخلیه نظارتی
قانون مدیریتی
عدد
۹۴۸

اراده سنیه

شهربازار قائممقاملغنه اربیل قائممقامی ندیم بگ و عقره قائممقاملغنه اوچنجی صنف معاشیله خداوندگار ولایتی معیتنده اکمال مدت تجربه ایدن فخری بگ نقل وتعیینلری قلنمشدر

اشبو اراده سنیه نك اجراسنه داخلیه ناظری مأموردر ۱۹ رجب ۱۳۳۲ و ۱ حزیران ۱۳۳۰

داخلیه ناظری وکیلی


صدر اعظم

I.DH 1508/1332.B/28
75

19 رەجەب 1332 (١٣ حوزەیران ١٩١٤)	01508.000075	I.DH


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران
ژمارە ٩٤٨
فەرمانی پاشا
بۆ قائیمقامیەتی شەهربازار نەدیم بەگ قائیمقامی هەولێر، هەروەها بۆ قائیمقامیەتی عەقرەش بە مووچەی چینی سێیەم، لە ویلایەتی خوداوەندکار فەخری بەگ، کە ماوەی نیزامیەی خۆی تەواو کردووە، گۆرینەوەی و دامەزراندنیان بۆ کراوە.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە، بە فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە، لە ١٩ رەجەب ١٣٣٢ لە ١ حوزەیران ١٣٣٠.
بریکاری نازری ناوەخۆ و سەدری ئەعزەم



I.DH	01509.000073	16 رەمەزان 1332 (٨ ئۆغستۆس ١٩١٤)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران
١٢٨٦٩ گشتی
٩٥٢ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
راگەیەندراوی بەندەتانە
قائیمقامیەتی هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ بەتاڵە، لە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران بریاری دامەزراندنی سوعاد فەهیم بەگ قائیمقامی پێشووی قەزای داری دەرە دراوە، بۆ ئەم مەبەستە لیستی فەرمانی پاشا پێشکەش کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٦ رەمەزان ١٣٣٢ و لە ٢٦ تەمموز ١٣٣٠
نازری ناوەخۆ


OSMANLI ARŞİVİ
ŞD
2208 | 29 | 3

ŞD.	02208.00029	5 رەبیعی یەکەم 1332 (١ شوبات ١٩١٤)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری ناوەخۆی گشتی
١٨٦٤ تایبەتی
بۆ جەنابی سەدارەتپەناهی
پوختە: لە بارەی گواستنەوە و بەستنەوەی هەردوو گوندی شەمل و تەلهیلالە، لە شورای دەوڵەت ووردبینی بۆ کراوە.


ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لە ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بڕیاری دراوە،گوندەکانی شەمل و تەلهیلال لە قەزای هەولێر جیا بکرێنەوە و ببەسترێنەوە بە ناحیەی مەلحە، جگە لەمە زمل گوندانەی هەولێر کە مولکی میرین، لە ناوەراست ماونەتەوە، لەگەڵ ناحیەی مەلحە ڕووباری زاب بۆتە سنوور، ئەگەر تەنیا ئەم گوندە جیا بکرێتەوە، ئەوا لەگەڵ خاوەنی گوندەکانی دەورووبەر، کە بەستراونەتەوە بە مولکی میری، ناکۆکێ سەرهەڵدەدات، بۆیە لە نێوان دانیشتووانەکەی قسە کراوە، لەبەر سنوور بەزاندن ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویداوە یەکێکیان بۆ کەرکووك و ئەوی تریان بۆ هەولێر ناچاربوونە بڕۆن، یەك تاقم ڕێنمایی کارگێری و مولکی جێبەجێ کراوە، خاوەنی ئەم دوو گوندە لە کەرکووك نیشتەجێن خاوەن دەسەڵات و کەسی خاترگرتەن، ئەم زەویانەی کە مولکی میرین دەکەونە چواردەوری ئەم گوندانەی ناویان هاتووە، بۆ چارەسەرکردن و کۆتایی هێنان، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا حەواڵەی کەرکووك بووە، هێشتا سەرپێچیەکانی بە ئەنجام نەگەیەندراون، بەهەر جۆرێك بێت داواکراو بێبەشە، بە یاسای کارگێری گشتی ویلایەت، پشت بەستن بە ماددەی تایبەت، لە شورای دەوڵەت ووردبینی بۆ دەکرێت، ویلایەتی موسڵ ئەمەی بە پێویست زانیوە، هەروەها کاغەزەکانی بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٥ رەبیعی یەکەم ١٣٣٢ و لە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٩.
نازری ناوەخۆ


BEO	004273.320427	28 رەبیعی کۆتایی 1332 (٢٦ مارت ١٩١٤)


- شورای دەوڵەت
ژمارە ١٣
سەبارەت بە بەستنەوەی گوندەکانی شەمەل و تەلهیلال بە قەزای هەولێر یا بە ناحیەی مەلحە، لە ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بریاری لەسەر دراوە، بەڵام لە ویلایەتی موسڵ رەخنەی لێگیراوە، بۆیە لە شورای دەوڵەت پێویست کراوە ووردبینی بۆ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو لە نەزارەتی ناوەخۆ مێژووی ١٨ کانوونی دووەم ١٣٢٩ حەواڵە کراوە، لە مێژووی ١٥ کانوونی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٨٦٤ نووسراو و کاغەزی پەیوەست لە فەرمانگەی مولکیە و مەعاریف خوێندنەوەی بۆ کرا. کاغەزەکانی ئەنجوومەنی گشتی ویلایەت بە بریاری ٥ کانوونی یەکەم ١٣٢٩، گوندەکانی شەمەل و تەلهیلال بە ناحیەی مەلحە بەسترابوونەوە، ماوەیەك لەلایەن یەکەی موڵکەکانی شەمامك بەرێوەبردراوە و بە ئاشکرا بەستراوەتەوە بە قەزای هەولێر، بەڵام لە کۆتاییدا گەرانەوەی زەوییەکانی هەردوو گوندی ناوهاتوو بۆ خاوەنی یەکەم، پێویست ناکرێت ببەسترێنەوە بە هەولێر، وا نیشان دراوە کە سوودی هەیە لە رووی کارگێریەوە ببەسترێتەوە بە ناحیەی مەلحە، بۆیە جێگیر کراوە دووبارە بگەرێتەوە سەر ناحیەی مەلحە، لە دژی ئەم بریارەش خوێندنەوە و سکاڵای ویلایەتی موسڵ هاتووە، جگە لەمە لە موڵکی میری زۆر گوندی تریش هەیە، لە ناوەرست ماونەتەوە و لەگەڵ ناحیەی مەلحە وەکو رووباری زاب سنوورێك لە نێوانیان هەیە، لە ناو هەموو گوندەکان تەنیا ئەم دووانە بەستنەوەیان بگۆردرێت و گوندەکانی بەستراو بە خاوەنەکانیان و موڵکی میری لە نێوان دانیشتووانی گوندەکانی تر قسەوباس دەکرێت، لەبەر دووبەرەکی سەرپێچی سەر سنوور ناچارن یەکێکیان سەردانی کەرکووك و ئەوی تر سەردانی هەولێر بکات، یەك تاقم کۆسپ و تەگەرەی کارگێری و خاوەنداریەتیان هەیە، خاوەنی ئەم دوو گوندە لە کەرکووك نیشتەجێنە و خاوەن دەسەڵات و کەسانی دیارن، بە دۆزینەوەی ئەوانە و زەوییەکانی موڵکی میری دەورووبەر چارەسەر بکرێت یەکلایی بکرێتەوە، جاران سەر بە کەرکووك بوو، دەبێ ئێستا سەرپێچیەکان بگەن بە ئەنجام، ئەم گوندانە سەر بە قەزای هەولێر بمێننەوە و وەکو خۆی بێت، پاراستنیشی وەکو پێشوتر پێویستە، بۆ ئاگاداربوونەوە لە ویلایەتی موسڵ نووسراو بۆ نەزارەتی ناوەخۆ نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ رەبیعی یەکەم ١٣٣٢ و لە ٣ شوبات ١٣٢٩.

- ئەم پەیوەندیەی گوندەکانی شەمل و تەلهیلال کە بە قەزای هەولێرەوە هەیانە، پێویستە وەکو خۆی بپارێزرێن.
٢ مارت ١٣٣٠، بریاری شورای دەوڵەت

- ٢٨ رەبیعی کۆتایی ١٣٣٢
١٣ مارت ١٣٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
بە داواکاریەکانی شورای دەوڵەت و فەرمانگەی مەعاریف لەگەڵ هاوپێچی نووسراوی دەستەی گشتی، داوا لە نەزارەتی ناوەخۆ کراوە، هیممەت بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی.



OSMANLI ARŞİVİ
BEO
6273 320427 1


OSMANLI ARŞİVİ
BEO
6273 320427 2



BEO	004294.322034	1 شەعبان 1332 (٢٥ حوزەیران ١٩١٤)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
یەکەی ئەنجوومەنی ئەیالەت
ژمارە ٦٤٥
جەنابی سەدارەتپەناهی
ڕاگەیەندراوی بەندە
بۆ وەکالەتەکانی موتەسەرفیەتی سانجەقی ئەرزنجان لەگەڵ قائیمقامیەتی قەزای هەولێر، ئەبوسورەیا سامی مەکتوپچی ئەرزروم و خالید بەگ بەڕێوەبەری پۆلیسی ویلایەتی موسڵ دادەمەزرێن، بۆ خەرجی پێویستی ناوبراوان دەگەڕێتەوە سەر مووچەکانیان، مووچەی وەکالەت بە هەژماری سێ یەك ڕێك دەخرێت، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ویلایەتەکانی ئەرزروم و موسڵ ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بڕیارنامەی خەرجی ڕێگا، بە گوێرەی ماددەی ٨ بە شوێن و بەرژەوەندی جێ بەجێ دەکرێت و دادەمەزرێن، بە گوێرەی حاڵ و پیشە وەکیل پێنجە، ئاقچەی زیاتر دوای ڕەزامەندی مووچەی ڕاستەقینەی، چوار یەکی یاخود سێ یەکی ئاقچەی پێ دەدرێت، نووسراو کراوە، بە تێروانین لە ئاماژە و بڕیار بری سێ یەکەکە جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە کۆتایی ڕەجەب ١٣٣٢ و لە ١١ حوزەیران ١٣٣٠.
بە ناوی نازری ناوەخۆ ڕاوێژکار عەلی خضر


دائرۀ صدارت امور مهمه قلمی

اوراق نومروسی ١٥٢٨

مسودی

مبیضی

قلمه ورودی تاریخی

تاریخ تسوید

تاریخ تبییض

قلم نومروسی


مقابله ایدنلر

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4305 322817

2 Vrk
(2 Shf boş)

BEO	004305.322817	20 رەمەزان 1332 (١ ئۆغستۆس ١٩١٥)

٣٠ تەمموز ١٣٣٠
٢٠ رەمەزان ١٣٣٢
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
وەڵامی نووسراوی ٢٦ تەمموز ١٣٣٠ ژمارەی تایبەتی ...٩٥ی دەوڵەتە، بۆ قائیمقامیەتی هەولێر، سوعاد فەهیم بەگ قائیمقامی پێشووی داری دەرە دادەمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە دوای رەزامەندی بە فەرمانی پاشا، وێنەی پەسەندکراوی بۆ لایەنی سەروو نێردراوە.




30 جەمادی یەکەم 1333 (١٥ نیسان ١٩١٥)	00007.00055	**DH.IUM.EK**

بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بۆ لەشکری سەفەرەکە، بە ماوەی سێ رۆژ ٦٠٠ یوك زەخیرە دەنێرم، لە دێر حەریر و باباچیمەن ٢٠٠ هەزار و لە هەولێر ٤٠٠ هەزار جۆ و ٦٠٠ هەزار گەنم دەبێت، کە یەك ملیۆن قیە زەخیرە کۆ دەکەمەوە، بۆ گواستنەوەشی لەسەر جۆری هاوکاریەکە بەردەوام دەبین، پێویستە بری گەنمەکە بگەیەنمە یەك ملیۆن، جگە لەمە بەردەوام دەبم لە ناردنی رون و برنجیش، سبەی دەگەڕێمەوە مەرکەز.
حەیدر بریکاری والی موسڵ لە هەولێر



DH.İ.UM.EK.00009.00073.001


<table>
<tr><td>DH.I.UM.EK</td><td>00009.00073</td><td>7 شەوال 1333 (١٨ ئۆغستۆس ١٩١٥)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە کۆپری دەرچووە
لە قەزای هەولێر ١٥ هەزار خانە هەیە، لەگەڵ عەشیرەتەکەمان بریاری سەفەربەرلیکی داوە، تا ئەم کاتەی ئێستا ئەم پارەوپولەی داومانە لە پێشەسازی شەری ئازەربیجان خەرج کراوە، هیممەتی ئێمە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، هەر لە کۆنەوە ئاغاکان بە جوتیاریەوە سەرقاڵن، زەوییە کشتوکاڵیەکانی عەشیرەتەکەمان هەمووی بە نەفرەتی ئاسمانی کەوتوون، بۆیە بە زیادەوە تووشی تەنگانە و پەرێشانی بوونەتەوە، تەنانەت زۆربەیان پێویستیان بە پارەیە، ئەمساڵ بە گشتی کشتوکاڵەکەمان لە ٧٠٪ تا ٨٠٪ فەوتاوە، لێرە خودی حکوومەت دەزانێ، لەم جۆرە دەردوبەلایانە سێ یەکی ئەم داهاتانە وەرناگیرێت، بەڵام حکوومەتی ئێرە گوێ بەم قسانە ناگرن و مامەڵەکە جێبەجێ دەکەن، ئەم هەموو خەڵکە تووشی پەرێشانی دەکەن، تا کشتوکاڵی خەڵك تووشی زەرەروزیان نەبێت، فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەران چاوپۆشی لێ بکرێت و بە شێوەی ئیلتیزام یاخود بە ئەمانەتەوە بەرێوەببردرێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە پشت بە دادپەروەری دەبەسترێت، لەم ماوەیەشدا عەشیرەتەکەمان دەیەوێت بۆ سنووری ئێران کۆچ بکات، بۆ ئەوەی رێگە بەم کۆچ کردن و پەرێشانیە نەدرێت، ئەوا ئەم سێ یەکە جێبەجێ نەکرێت، ئەگەر هەموو بەروبوومی کشتوکاڵی و پارەوپول و مەرومالآت بدرێت، برەکەی تەواو نابێت، بۆیە بە ناچاری کۆچ دەکەن، ئەمە راگەیەندراوە و بە تکاوە داوا کراوە.
ئیبراهیم سەرۆکی دزەیی</td></tr>
</table>




DH.MB.HPS	00045.00028	5 شەوال 1333 (١٦ ئۆغستۆس ١٩١٥)

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
١٤٤
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی نازر بەگ
لەبەر ئەوەی گرتووخانەی ئافرەتان لە قەزای هەولێر نییە، لە سەرەتای مایسی ئەم ساڵەوە، ئەم خانەیەی بۆ گرتووخانە دانراوە، کرێی ١٢ مانگی بنێردرێت، بە ووتەی ژمێریاری ویلایەت رادەگەیەندرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە فەرمان دەردەکات.
لە ٥ شەوال ١٣٣٣ و لە ٢ ئۆغستۆس ١٣٣١
حەیدەر بریکاری والی موسڵ

بۆ ئەم گرتووخانەی ئافرەتان کە لە مایسی ١٣٣١، لە قەزای هەولێر دەکرێتەوە، لە موازەنەی ئەم ساڵەوە، لە بەشی ١٢ ماددەی یەکەم، مانگانە ١٩ قوروش وەکو شوێنگرەوەی کرێ (بدل ایجار) رێکخراوە، بۆ ١٢ مانگ بری ١٩٠ قوروش رێکخراوە، لە بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری فەرمانی لەسەر دراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٩ تشرینی یەکەم ١٣٣١



DH-ŞFR 494/113

DH. ŞFR	00494.00113	17 زیلحیجە 1333 (٢٦ تشرینی یەکەم ١٩١٥)
١٣ تشرینی یەکەم ١٣٣١ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە ١٠ تشرینی یەکەم ١٣٣١، سەروەر ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی ئۆرامار سەر بە قەزای گەوار، ٣ مانگ پێش ئێستا، لە مەرکەزی قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ کۆچی دوای کردووە. ١٣ تشرینی یەکەم ١٣٣١ مەمدوح بریکاری والی		



MF.MKT	01203.00011	5 موحەررەم 1333 (٢٣ تشرینی دووەم ١٩١٤)

١٠ تشرینی دووەم ١٣٣٠
بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی کەسێتی بابی فەتوا
لە مێژووی ٥ تشرینی دووەم ١٣٣٠ ژمارە ٦٠٥ وەڵامی نووسراوی سەرووە، عەبدوڵڵا ئەدیب ئەفەندی هەولێری، بە بریارنامەی مێژووی ١٦ تشرینی دووەم ١٣٢٩ ژمارە ١٨٠٦، بە مووچەی ٢٥٠ قوروش لە سوڵتانیەی ئوسکودار بە موعەللیمی فارسی دامەزراوە، راگەیەندراوی ژمارە ٤ بە ستراو بە بریارنامەی مێژووی ٩ ئەیلوول ١٣٣٠ ژمارە ٧١١، مووچەکەی بە ٥٠٠ قوروش راگەیەندراوە، ئەمرۆش ناوبراو لە مامۆستایەتی بەردەوامە، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەی وانەبێژی باسکراوە و راگەیەندراوە، لەگەڵ رێزم ئەفەندم.


دولت عثمانیه

OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM.EK
20 | 51 | 2


DH.I.UM.EK	00020.00051	22 زیلقەعدە 1334 (٢٠ ئەیلوول ١٩١٦)
ئەم پارەیەی کە لە قائیمقامیەتی کۆی سانجەق بۆ نەخۆشخانەی هەولێر کۆکراوەتەوە، بۆ سەربازانی بێ توانا نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێلەیی دروست کراوە. ٤ ئەیلوول ١٣٣٢ حەیدەر والی موسڵ		




DH.İ.UM.EK.00022.00055.002

DH.I.UM.EK	00022.00055	25 زیلحیجه 1334 (٢٣ تشرینی یەکەم ١٩١٦)

لە هەولێر دەرچووە
وەڵامێکە لە ٢٠ ووشە پێك هاتووە
لەبەر پێویستیمان بە لیرە مولکمان لە بارمتە داناوە، بۆ کۆتایی هێنان بەم بارمتەیە، بۆ دانەوەی قەرزەکە بە لیرەی عوسمانی و کاغەزی نەقدی سەردانمان کردووە، بەڵام قەبوڵ نەکراوە، بە گوێرەی یاسای یەکبوویی سکەکان (توحید مسکوکات)، لە ماددەی حەوتەم تۆمار کراوە، بۆ ئەوەی بە هەژماری لیرە ١٠٢ قوروش نیو زەرەر نەکەن، میهرەبانی نواندراوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە دیسان رەزامەندی نیشان نەدراوە، خەریکە بێ ماڵوحاڵ دەمێنینەوە، ئەم کاغەزە نەقدیانەی کە زێری پێ دەوترێت بە گشتی فەرمانگەکان و دامودەزگاکان وەکو بانقی زراعەت حاڵی منیان قەبوڵ کردووە، بەڵام بارمتەچییەکان قەبوڵی ناکەن، بۆیە بە کەمکردنەوەی بەهاکەی تووشی دەردوبەڵا دەبم، لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەم بە نیازی ئەوەم لە ویلایەتی موسڵ فەرمانی پێویست بدرێت و چاوەرێی دادپەروەریم.
بە ناوی شێخ عەبدوڵڵا و هاوەڵانی عەبدوڵڵا


OSMANLI ARŞİVİ
DH.İ.UM
41 | 1 | 3

<table>
<tr><th>DH.I.UM</th><th>00041.00001</th><th>ڕەبیعی دووەم 1334 (شوبات ١٩١٦)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٣٤٠ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی نازر بەگ
بینایـەی مەکتەبـی سـەرەتای و تەلەگرافخانـەی قـەزای هەولێـر، بـە یەکـەوە خراوەتـە زیـادەوە، حەواڵـەی عەتائەڵـڵا ئەفەنـدی ئەندامـی ئەنجوومەنی کارگێری بـووە، دوای حەواڵـە کردنەکەش ناوبـراو بەرامبەر ئەوە شـوێنگرەوەکەی (بـدل) نـەداوە، ئـەم بریارنامەیـەی کـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری هاتـووە لەگـەڵ کاغەزی پەیوەنـد بـەم بابەتـە، لـە کاتـی خوێندنـەوەی لـە ویلایـەت، بـە گوێرەی یاسـا کرینـی پارەوپولـی گـوازراوە و نەگوازراوەی میری لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی هەمان دەسـتە سـەرپێچیە، عەتائەڵلا ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێـری قـەزا قەبولـی نەکـردووە، هەروەهـا کرێیەتی و پارەکـەی نـەدراوە و نکۆڵی لە کرینی کـردووە، بەم شـێویە قەبـوڵ ناکرێـت و پێـی نادرێـت، نابـێ شـتێکی ئـاوا رووبداتـەوە و زیادکردنێکـی تـر ئەنجـام بدرێت، بـەم شـێوەیە بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی نـووسراو و کاغەزاکانی ناوهاتوو پێشکەشـی نەزارەتپەناهی کـراوە، بۆ جێبەجـێ کردنـی داوای هـاوکاری کـراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ڕەبیعی دووەم ١٣٣٤ و لە ١٤ شوبات ١٣٣١
نامەی بریکاری والی موسڵ</td></tr>
</table>



DH.EUM.ADL	00049.00013	20 ره‌بیعی یه‌که‌م 1334 (٥ شوبات ١٩١٦)

هەر قەزایەك سێ مانگ جارێك، خشتەی ئاماری خۆی ڕێکدەخات.


ئیسلام

تۆماری نوێ	ناوەخۆ: ٣٨ نێر/ ٤٣ مێ	بێگانە: ١٠ نێر/ ٥ مێ
لەدایك بوو	ناوەخۆ: ٣٧ نێر/ ٧٢ مێ	بێگانە: ٤ نێر/ ١٢ مێ
کەمکردنەوە	ناوەخۆ: ٢ مێ	بێگانە: ١ مێ
مردوو	ناوەخۆ: ٦٩ نێر/ ١٦ مێ	

یەهودی

تۆماری نوێ	ناوەخۆ: ٥ نێر/ ١٧ مێ
لەدایك بوو	ناوەخۆ: ١٥ نێر/ ٣٠ مێ
مردوو	ناوەخۆ: ٧

لە قەزای هەولێر، خشتەی تۆماری مانگەکانی ئەیلوول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٣١، پەسەند کراوە، لە ٥ کانوونی دووەم ١٣٣١.


حربیه نظارتی
معاملات ذاتیه مدیریتی
١٦٤٥
اراده سنیه


DUİT 60/98

I.DUIT	00060.00098	25 زیلقەعدە 1334 (٢٣ ئەیلوول ١٩١٦)

نەزارەتی جەنگی
بەڕێوەبەرایەتی مامەڵەی خۆیەتی
١٦٤٥
فەرمانی پاشا


لەگەڵ دەست پێکردنی سەفەربەر، بۆ دۆزینەوەی خۆبەخش، لە ئەشرافەکانی هەولێر، دۆغرەمەچی زادە عەلی ئاغا، خزمەتێکی گەورەی کردووە، لە سەفەری رواندز شوێن پەنجەی دیارە، بۆیە پلەی میری میرانی پێ بەخشراوە.


بە فەرمانی پاشا، جێبەجێ کردنی کارەکە دراوەتە نازری جەنگی.
لە ٢٥ زیلقەعدە ١٣٣٤ لە ١٠ ئەیلوول ١٣٣٢
بریکاری نازری جەنگی و سەدری ئەعزەم



16 شەوال 1334 (١٦ ئۆغستۆس ١٩١٦)	00067.00022	**DH.ŞFR**

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی
٥٢٠ تایبەتی
بۆ ویلایەتی موسڵ (شیفرە)
لـە مەرکـەزی هەولێـر بە واژووی حاجی سـەید بان شـێخ تەلەگرافنامە لە مێژووی ٢٧ تەممـوز ١٣٣٢ نێردراوە، دانەیەکـی بـە خوێندنـەوەی ناسـنامەی ناوبـراو لەگەڵ خوێندنەوەتـان ڕاگەیەنـدراوە، لە ٣ ئۆغسـتۆس ١٣٣٢.
نازر






22 زیلقەعدە 1334 (٢٠ ئەیلوول ١٩١٦)	00089.00066	DH.UMVM

- بۆ ویلایەتی موسڵ
لەسەر سکاڵای عەبدوڵڵا ئاغا سەرۆکی شارەوانی هەولێر، بە واژووی حاجی سلێمان تەلەگرافنامە هاتووە، وێنەیەکی هاوپێچ بە مێژووی ٢ نیسان ١٣٣٢ ژمارە ٢٨٥١ نووسراوەتەوە، هێشتا وەڵامێك وەرنەگیراوە، ئەمجارە لەسەر کارە خراپەکانی عەبدوڵلا ئاغا و هەندێك فەرمانبەرانی شارەوانی، لە هەولێرەوە داواکاری بە واژوو نێردراوە، پێویستە هەرچی زووە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.


- ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
١٥٧ تایبەت
نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
پوختە: هیچ کارێکی خراپی سەرۆکی شارەوانی هەولێر نەبینراوە.
بۆ جەنابی نازر بەگ
لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناوەخۆی ویلایەت، ژمارە ٢٨٠١ و ٣١ مێژووی ٢ نیسان ١٣٣٢ نووسراوەکانی نەزارەتپەناهییە، بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوانەی لە ناوەخۆ کراوە، لە ئەنجامەکەی دا دەرکەوتووە سەرۆکی شارەوانی هەولێر هیچ کارێکی خراپی نەبینراوە، لە وەڵامی ئاماژەی موتەسەرفیەتی کەرکووك روون بۆتەوە، لەگەڵ ئەمەش بە مەبەستیووردبینی، کاغەزەکان نێردراونەتە ئەنجوومەنی دەستەی ئاسایی.
بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٢ زیلقەعدە ١٣٣٤ و لە ٦ ئەیلوول ١٣٣٢.
والی موسڵ


داخلیه نظارتی

مبانیٔ امیریه وحبسخانه‌لر اداره‌سی مدیریتی

اوراق نومروسی	مسودی	مبیضی				لاجل التبییض قلمه ورودی
قلمه ورودی تاریخی	تاریخ تسوید	تاریخ تبییض				مقابله ایدنلر

DH.MB.HPS	00115.00024	28 رەبیعی یەکەم 1334 (٣ شوبات ١٩١٦)
٢٤ کانوونی یەکەم ١٣٣١ لە قەزای هەولێر گرتووخانەی ئافرەتان ئامادە کراوە، خەرجی رێکخستنی قەرەقۆڵخانەکەی لە ٣٤٩٦ قوروش و ٩٥ سانتیم پێک دێت، کاغەزی دەرخستەی قەبوڵ کراوە.		


داخلیه نظارتی

مبانئ امیریه و حبسخانه‌لر مدیریتی

اوراق نومروسی | مسودی | مبیضی

قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض

لاجل التبییض قلمه ورودی


مقابله ایدنلر

OSMANLI ARŞİVİ
DH.MB.HPS
115 | 38 | 1

BAŞBAKANLIK OSMANLI ARŞİVİ

DH.MB.HPS	00115.00038	29 ڕەبیعی کۆتایی 1334 (٥ مارت ١٩١٦)

٣١ کانوونی دووەم ١٣٣١
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی بینایەی میری و گرتووخانەکان
خەرجی نۆژەن کردنەوەی گرتووخانەی هەولێر ٦٤٩ قوروش و ٦٠ سانتیم، هەروەها نۆژەنکردنەوەی ژووری ژاندارمە خەرجیەکەی لە ٥٣٢ قوروش و ٢٠ پارە پێك دێت، لکێنراوە بە کاغەزی دەرخستە، شایەتی قەبوڵ کردنە.



موصل ولايتي كركوك سنجاغي اربيل قضاسنك حبسخانه سنك درت آيلق بوقلمه جدوليدر

نوع جرم	محكومينك مقداري ذكور	اناث	مجموع	ملاحظات	موقوفينك مقداري ذكور	اناث	مجموع
جنايت	..	..	..		١١	..	١١
جنحه	٨	..	٨		١٨	..	١٨
قباحت	٦	..	٦		..	..	..
يكون	١٤		١٤		٢٩	..	٢٩

اربيل قضاسنك تموزدن تشرين اول غايه سنه قدر درت آيلق حبسخانه [illegible]

٥ تشرين ثاني ١٣٣١

اربيل حبسخانه [illegible]


DH.MB.HPS	00156.00073	16 رەبیعی یەکەم 1334 (٢٢ کانوونی دووەم ١٩١٦)

لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکوکی ویلایەتی موسڵ خشتەی چوار مانگی گرتووخانە:

دەست بەسەر — تاوان: ١١ نێر — ئاژاوە: ١٨ نێر

سزادراو — ئاژاوە: ٨ نێر — کاری نەشیاو: ٦ نێر


لە تەمموز تا کۆتایی تشرینی یەکەم، خشتەی چوار مانگی گرتووخانەی قەزای هەولێر ڕێکخراوە و مۆر کرا.
لە ٥ تشرینی دووەم ١٣٣١
فەرمانبەری گرتووخانەی هەولێر



20 سەفەر 1334 (٢٨ کانوونی یەکەم ١٩١٥)	00156.00104	DH.MB.HPS

ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە
٢٨٥ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
جەنابی نازر بەگی ئەفەندی
گرتووخانەی هەولێر پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، لە شوێن خۆی دەرخستەی بۆ کراوە و نێردراوە، دەرخستنامەکە لە ژمێریاری ویلایەت بە هاوپێچ پێشکەش کراوە، ناوەرۆکەکەی بە حەواڵە نامە نێردراوە و داوای هاوکاری کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ سەفەر ١٣٣٤ و لە ١٣ کانوونی یەکەم ١٣٣١.
نووسەری بریکاری والی موسڵ


خەرجی نۆژەنکردنەوەی گرتووخانەی هەولێر ٦٤٩ قوروش و ٦٠ سانتیم، نۆژەنکردنەوەی ژووری ژاندارمەش خەرجیەکەی ٥٣٢ قوروش و ٢٠ پارە دەبێت، لکێنراو بە کاغەزی دەرخستە شایەنی قەبوڵ کردنە، لە ٢١ شوبات ١٣٣١.



I.HB	00177.00035	23 موحەررەم 1334 (١ کانوونی یەکەم ١٩١٥)
نەزارەتی جەنگی فەرمانگەی نووسراوەکان قەڵەمی تۆمار ١٨٩٥ فەرمانی پاشا حاجی ئیسماعیل کوڕی محەمەد دانیشتووی قەزای هەولێر، لەگەڵ ئەم سەربازانە تێکەڵ بووە، کە لە ئەنتاڵیا بۆ دەرسەعادەت ڕەوانە کراون، لە ڕێگا سەربازەکانی هان داوە، ملکەچ نەبن، ئەم کارەشی لە دادگا سەلمێنراوە و بە گوێرەی یاسانامەی سزای هومایۆن، ماددەی شەستەمین بە ماوەی ٥ ساڵ قەڵا بەند دەکرێت، ئەم بریارە دراوەتە دیوانی جەنگی عورفی و لەوێ پەسەند کراوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە بە فەرمانی پاشا، نازری جەنگی سپێردراوە، لە ٢٣ موحەررەم ١٣٣٤ لە ١٨ تشرینی دووەم ١٣٣١. بریکاری باش قوماندان و نازری جەنگی و سەدری ئەعزەم		




DH.ŞFR.00498.00018.001




DH.ŞFR.00498.00018.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00498.00018</td><td>11 موحەررەم 1334 (١٩ تشرینی دووەم ١٩١٥)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
قائیمقامیەتی قەزای حمس بەتاڵە و کاروباری کارگێریەکەی زیاد لە پێویستی خۆی گرنگە، بۆ ئەوێ نوێنەرێکی حکوومەت دابنرێت کە نوێنەرایەتی حکوومەت بکات، ئەم قائیمقامە بە هەموو مانایەکەوە لێهاتوو بێت، بۆیە سوعاد بەگ قائیمقامی قەزای هەولێر بۆ قائیمقامیەتی ناوهاتوو بگوازرێتەوە، چونکە ئەو خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە، ئەگەر ناوبراو نەبوو کەسێکی گونجاو دابمەزرێت و بگوازرێتەوە، لە ٦ تشرینی دووەم ١٣٣١.
عەزمی والی سوریا</td></tr>
</table>




28 جەمادی کۆتایی 1334 (٢ مایس ١٩١٦)	00518.00056	DH.ŞFR

دەوڵەتی عوسمانی
نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
لە ١٦ و ١٨ نیسان ١٣٣٢، سوعاد بەگ قائیمقامی قەزای هەولێر ئێستا ماوەی ئەرکەکەی تەواو بووە، هەروەها خزمەتی بینراوە، بۆیە داوای مانەوەی کراوە.
حەیدەر والی موسڵ




DH.ŞFR.00525.00071.001




DH.ŞFR.00525.00071.001

<table>
<tr><td>DH. ŞFR</td><td>00525.00071</td><td>15 ڕەمەزان 1334 (١٦ تەمموز ١٩١٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ نەزارەتی ناوەخۆ
خەلیل پاشا لە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم لەسەر گواستنەوەی کەلوپەلی سەربازی لە گفتوگۆکردن دایە و خەریکن دێنە کەرکووك، بۆ سوود وەرگرتن لەم کارە، بە ڕێگەی هەولێر چوومە کەرکووك، سەرەتا ئەم نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەوێلەیەی کە لە هەولێر کردوومەتەوە و زیاتر لە ٢٠٠ قەرەوێلە بۆ نەخۆشخانەی کەرکووك و ١٥٠ قەرەوێلەش بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی ڕۆیشتووە، بۆ دیر حەریر و بابا چیمەنیش هەر یەکە ٣٠ خێمە ڕۆیشتووە، بە هەمان شێوەش بۆ نەخۆشخانەی ڕانیە دەگوازرێتەوە، لە موسڵیش نەخۆشخانەی مانگی سوری ١٠٠ قەرەوێلەییم دروست کردووە و ٢٠٠ قەرەوێلەش زیاد دەکەم.
٣ تەمموز ١٣٣٢
والی موسڵ</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1198 5 2


<table dir="rtl">
<tr><td>ML.EEM</td><td>01198.00005</td><td>2 ره‌جه‌ب 1334 (٥ مایس ١٩١٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">
بۆ نه‌زاره‌تی دارایی جه‌لیله
٧٧
به‌ ئاشكرا و به‌ هاوپێچ پێشكه‌ش كراوه‌، بۆ په‌سه‌ند كردنی داواكاری قۆمیسیۆنی جه‌نگی له‌ كاغه‌زی په‌سه‌ند كراو نووسراوه‌ته‌وه‌، له‌ یه‌كه‌ی ئه‌نباری مولكیه‌تی شه‌مامكی میری سه‌ر به‌ قه‌زای هه‌ولێر، له‌ كاتی گواستنه‌وه‌ی ١٧١١٢٤ قیه‌ گه‌نمی گونده‌كان بۆ كۆگای گشتی سامه‌را، له‌ ئه‌نباری ته‌لشه‌عیر به‌ نارێكی له‌ گونیه‌ كراوه‌ و له‌ كاتی خستنه‌ سه‌ر كه‌له‌كه‌وه‌، بێ كه‌ڵك بوونه‌ و كه‌موكوری تێدا ده‌ركه‌وتووه‌، له‌ كاتی لێكۆڵینه‌وه‌، ٣٦٠٠ كیلۆ گه‌نم فه‌رمانی تۆماریان دراوه‌، داواكاری قۆمیسیۆنی جه‌نگی موسڵ و وته‌كانی ژمێریاری ویلایه‌ت راگه‌یه‌ندراوه‌، بڕیار و فه‌رمان بۆ جه‌نابی ئه‌م كه‌سه‌یه‌ كه‌ فه‌رمان ده‌رده‌كات، له‌ ٢ ره‌جه‌ب ١٣٣٤ و ٢١ نیسان ١٣٣٢.

به‌ڕێوه‌به‌ری كشتوكاڵ/ سه‌ر موهه‌ندیس/ به‌ڕێوه‌به‌ری
مه‌عاریف/ موفتی/ نووسه‌ر/ ده‌فته‌ردار/ قازی/ والی موسڵ
</td></tr>
</table>




ML.EEM	01198.00010	18 شەعبان 1334 (٢٠ حوزەیران ١٩١٦)

نەزارەتی دارایی
نووسراو
٧ حوزەیران ١٣٣٢
لە قەزاکانی کەرکووك و هەولێر، سێ پارچە پەیوەستە بە تەلەگرافخانە، لەلایەن حکوومەتی عوسمانی ڕێکخراوە و لەگەڵ نووسراو دەفتەری خاقانی لە مێژووی ٢٤ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٢٧٢ نێردراوە، کە چوار پارچە سەنەدی خاقانی پێوەی لکاوە لە مێژووی ٢٨ نیسان ١٣٢٨ فەرمانی پاشا دەرچووە، ئەم سەنەدە باسکراوانە لە خەزینەی دارایی ڕێکخراوە، سەنەدەکانی تەلەگرافخانەی هەمان ساڵی تەلەگرافخانەی ناحیەی کۆپری سەر بە قەزای کەرکووك تۆمار کراوە، لە تەلەگرافخانەی ناوهاتوو بری ٢١٠٨ قوروش نیشان دراوە، ئەوەی لە تۆمارەکان نیشان دراون، ٢١٢٠٨ قوروش نووسراوەتەوە، ئەگەر بە هەڵە نووسرابێتەوە، بە گوێرەی تۆماری سەنەدەکان ڕاست بکرێتەوە دواتر بنێردرێتەوە.


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1213 16 8


<table>
<tr><td>17 جەمادی کۆتایی 1334 (٢١ نیسان ١٩١٦)</td><td>01213.00016</td><td>ML.EEM</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ
قەلەمی تۆمار
ژمارە
٣٢ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی نازر بەگ
کاغەزی دەرخستەی ئەم شوێنانەی فەرمانگەی دادوەری قەزای هەولێر، کە پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە، لە موتەسەرفی کەرکووك نێردراوە، لەگەڵ هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەوەی لە ناوەرۆکەکەی باس کراوە، ٣٢٩٠ قوروش پێویستە حەواڵە بکرێت، بە ووتەی ژمێریاری ویلایەت راگەیەندراوە کە هاوکاری پێویستە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ١٧ جەمادی کۆتایی ١٣٣٤ و لە ٧ نیسان ١٣٣٢
حەیدەر والی موسڵ</td></tr>
</table>




ML.EEM	01222.00018	29 جەمادی یەکەم 1334 (٣ نیسان ١٩١٦)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری گشتی ناوەخۆ
٦٠٢٤ گشتی
٨٩ تایبەتی
بۆ وەکالەتی نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت

بە ڕێگەی زیادکردن، لە قەزای هەولێر مەکتەبێکی سەرەتایی و تەلەگرافخانەیەك حەواڵەی عەتائەڵلا ئەفەندی ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێری قەزا کرا، بەڵام ناوبراو خۆی نەکردۆتە خاوەنی و شوێنگرەوەی موزایدەکەی نەداوە و نکۆڵی لێ کردووە، لە ویلایەتی موسڵ پرسیاری مامەڵەکە کراوە، هەروەها بە تێروانین لە بریارەکانی نەزارەتی جەلیلە لە مێژووی ٢ تشرینی یەکەم ١٣٢٦، بەشداری عەتائەڵلا ئەفەندی لە موزایدەکە گونجاو نییە، هەروەها هەر خۆی حەواڵەکە بەتاڵکراوەتەوە، ڕێگە نەدرێت ئەم جۆرە لێبووردنانە و مامەڵە نایاساییانە ئەنجام بدرێت، ئەوانەی پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە ئاگادار بکرێنەوە، لە ئەنجامی ئەم زیادەیەدا خەزینە زیانی پێگەیشتووە و لێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازی ئاقچە کراوە، لە وەڵامدا ڕاگەیەندراو بۆ ویلایەتی ناوهاتوو نێردراوە، بە ڕاگەیاندنی زانیاری پەلە لە کارەکە کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٩ جەمادی یەکەم ١٣٣٤ و لە ٢١ مارت ١٣٣٢
بریکاری ڕاوێژکار بە ناوی نازر


دولت عثمانیه
پوسته و تلغراف و تلفون نظارتی


HR.SYS	02163.00004	**9 رەجەب 1334 (١٢ مایس ١٩١٦)**
بۆ چاودێری کردنی جەنگ، بە فەرمانی تایبەتی بۆ دارولئەمان جولەم کرد، لە ٢٥ نیسان ١٣٣٢ چوومە ناو شەڕەوە، لە ٢٩ نیسان ١٣٣٢ لە رواندز جولەم کرد، بۆ تیمار کردنی برینەکەم، ئەمڕۆ لە هەولێرم. موختار شەهبەندەری ساوچبۆلاق و قوماندانی سوارەی گشتی عەشیرەتەکان		


دائرهٔ صدارت امور مهمه قلمی


اوراق نومروسی ١٦٤٥ | مسودی | مبیضی | قلم نومروسی ١٢٨٠

قلمه ورودی تاریخی | تاریخ تسوید | تاریخ تبییض | مقابله ایدنلر


<table>
<tr><td>BEO</td><td>004432.332353</td><td>26 زیلقەعدە 1334 (٢٤ ئەیلوول ١٩١٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">٢٦ زیلقەعدە ١٣٣٤
١١ ئەیلوول ١٣٣٢
بۆ وەکالەتی نەزارەتی جەنگی جەلیلە
نووسراوی مێژووی ٧ ئەیلوول ژمارە ٥٤٤٠/٨ وەڵامی سەرووە: لە ئەشرافەکانی هەولێر دۆغرامەچی زادە عەلی ئاغا، پلەی میری میرانی پێ دراوە، بە فەرمانی پاشا رەزامەندی دراوە، وێنەی پەسەندکراوی بۆ دەوڵەت نێردراوە.</td></tr>
</table>


موصل ولايتي
مكتوبي قلمي
عدد ٨٦
خلاصه :
لف

<table>
<tr><td>DH.EUM.6. b</td><td>00016.00003</td><td>2 شەعبان 1335 (٢٤ مايس ١٩١٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ٨٦ تایبەتی
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
قەرەقۆڵی تەلشەعیری قەزای هەولێر، بۆ ژاندارمە مەجید کوڕی حەمدی و شەریف کوڕی وەهاب ئامادە کراوە، تا دەست بە ئەرکەکانیان بکەن، لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ ئەوێ، لەلایەن چوار لە کوڕەکانی دانیشتووی گوندی زەرایتە کوژراون، بکوژەکانیش بۆ ناو عەشیرەتی بەیات رایانکردووە.</td></tr>
</table>




DH.EUM.6.Şb	00016.00059	20 شەعبان 1335 (١١ حوزەیران ١٩١٧)
ویلایەتی موسڵ قەڵەمی تۆمار ١٠٩ تایبەتی بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە راگەیەنراوی بەندەمانە ٣ دەستگیرکراو لە زیندانی هەولێر رایکردووە، یەکێکیان بە زیندووی و دووەکەی تریش بە کوژراوی دەستگیرکراوە، لە تەلەگرافنامەی موتەسەرفیەتی کەرکووک راگەیەندراوە، لە ٢٠ شەعبان ١٣٣٥ و لە ١٠ حوزەیران ١٣٣٣. والی موسڵ		


OSMANLI ARŞİVİ
DH.EUM. 6.ŞB.
18 10 7


DH.EUM.6.Şb	00018.00010	6 شەوال 1335 (٢٦ تەمموز ١٩١٧)

مەحمود کاکە خان خەڵکی گوندی گرد مەلایە، تاکی ژاندارمە محەمەد عەلی ناوبراوی بۆ هەولێر بردووە، لە جیاتی ئەوەی بە پارێزراوی رادەستی هەولێری بکات، بە پێچەوانەوە ناوبراوی ئازاد کردووە و ئەرکەکەی بە خراپی جێبەجێ کردووە، بۆ ئەم مەبەستە کاغەزی لێکۆڵینەوەی نێردراوە و ووردبینی و خوێندنەوەی بۆ کراوە.

بە تێروانین لە کاغەزەکانی ناوهاتوو دەردەکەوێت، مەحمود کاکە خان کەلوپەلی لە بازار بووە، بۆ هێنانەوەی، کەسێك بە ناوی عەبود یوسفی کردۆتە کەفیل، دوای ئەوەی ئازاد کراوە، جارێکی تر نەگەراوەتەوە لای ژاندارمە محەمەد عەلی، ئینجا ناوبراو لە موسڵ راستەوخۆ چۆتە زیندانی هەولێر و خۆی رادەست کردووە، لەبەر ئەوە هیچی لێ نەبینراوە، بریار دراوە دادگایی نەکرێت، لە ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣.
دەفتەردار بریکاری والی موسڵ




<table>
<tr><td>DH.MB.HPS.M</td><td>00030.00025</td><td>30 ڕەمەزان 1335 (٢٠ تەمموز ١٩١٧)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
ژمارە ١٤١
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
ڕاگەیەندراوی بەندە
هاوپێچی داواکاری مێژووی ١٤ تەمموز ١٣٣٣ ژمارە ١٣٧، لە مارتی ئەم ساڵەوە، تا کۆتایی مانگی حوزەیران، لە زیندانخانەی هەولێر، خشتەی زانیاری ڕێکخراوە و نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٣٠ ڕەمەزان ١٣٣٥ لە ١٩ تەمموز ١٣٣٣
دەفتەردار بریکاری والی موسڵ</td></tr>
</table>


باب عالی
داخلیه نظارتی
شیفره قلمی
مخرجی
اربیل
تاریخ کشیده سی
قلمه ورودی
صباح
اقشام


DH.EUM.5.Şb	00035.00003	1 جەمادی کۆتایی 1335 (٢٥ مارت ١٩١٧)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی شیفرە
بـۆ رووسـەکان سـیخوری دەکـەن و پروپاگەنـدەی ناراسـت دەدۆزنـەوە و کوردەکانـی پـێ هـان دەدەن، سـەریان بـە قوماشـی سـەوز دەبەسـتن، هەروەهـا لـە نـاو ویلایـەت دەسـتدرێژی دەکەنـە سـەر خەڵـك، لـە کاتـی دەسـتگیرکردنی ئـەم ٣ سـیخورە، فیشـەك بـاران کـران، لـە ٢٥ مـارت ١٣٣٣.
لە هەولێر حەیدر والی موسڵ



DH.I.UM.EK	00037.00051	9 شەوال 1335 (٢٩ تەمموز ١٩١٧)


نەزارەتی جەنگی
هۆبەی ئاسایش
ژمارە ١٠٩٣٠
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
بەهـۆی خزمەتـی فیداکارانـەی حەسـەن پاشـا، وەکـو پاداشـت لـە وەزارەتـی جەنابـی سـوڵتان سـەلیم خـان هەندێـك گونـدی قـەزای هەولێـری پـێ دراوە، نـەوە دوای نـەوە گوازراوەتـەوە، بـەڵام لەبـەر داواکاری دەستبەسـەر کـراوە، تـا ئێسـتا هیـچ ئەنجامێکـی داواکراو بەدەسـت نەکەوتـووە، دەرویـش ئاغـا زادە خەلیل بـەگ نـەوەی حەسـەن پاشـا لە گەرەکـی عەرەبی قـەزای هەولێر نیشـتەجێ، داواکاری بە واژووی پێشکەشـی نەزارەتپەناهـی کـردووە و نێـردراوە، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
لە ٩ شەوال ١٣٣٥ و لە ٢٩ تەمموز ١٣٣٣
بە ناوی نازری جەنگی


باب عالی
داخلیه نظارتی
DUIT 45 /98
1

I.DUIT	00045.000098	28 رەمەزان 1335 (١٨ تەمموز ١٩١٧)


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی تۆماری گشتی و فەرمانبەران
١٠٢٦ تایبەتی
فەرمانی پاشا
سوعاد فەهیم بەگ قائیمقامی هەولێر بۆ قائیمقامیەتی قەزای وادی عەجەم، بۆ قائیمقامی هەولێریش شەوکەت بەگ قائیمقامی عەزیزیە، بە مووچەکانیان دامەزراون و گوازراونەتەوە.

بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی پاشا، نازری ناوەخۆ ئەم ئەرکەی پێ سپێردراوە، لە ٢٨ رەمەزان ١٣٣٥ لە ١٨ تەمموز ١٣٣٣.
سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ


باب عالی
داخلیه نظارتی
مأمورین و سجل احوال مدیریتی
عمومی ٥٨٧٨٠
خصوصی ٥٨
سوریه ولایتنه
شیفره تلغراف
مسحیه قائمقامی سزائی بک ولایت داخلنده ایکی بیك غروش معاشله ناحیه مدیرلکلرندن برینه نقلیله یرینه اربل قائمقامی سعاد
فهیم بک تحویل مقرر اولدیغنک تبلیغی ... ٢٦ حزیران ٣٣
ناظر نامنه

DH.ŞFR	00077.00199	6 ڕەمەزان 1335 (٢٦ حوزەیران ١٩١٧)


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بۆ ویلایەتی سوریە/ شیفرەی تەلەگراف
لە ناو ویلایەت سەزائی بەگ قائیمقامی مەسحیە، بە مووچەی ٢٠٠٠ قوروش بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەیەك بگوازرێتەوە، لە شوێنی ئەویش سوعاد فەهیم بەگ قائیمقامی هەولێر بگوازرێتەوە، بۆ خوێندنەوە، لە ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣.
بە ناوی نازر




باب عالی
داخلیه نظارتی

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
77 | 228

<table dir="rtl">
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00077.00228</th><th>10 رەمەزان 1335 (١٠ حوزەیران ١٩١٧)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەرێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٢٨٤١٧
بۆ ویلایەتی سوریا/ شیفرە
هاوپێچ شیفرەی ٢٦ حوزەیران ١٣٣٣، فەرید بەگ بەهۆی هەندێك هۆكار ناتوانێ بچێتە وادی عەجەم، هەر لە گەبزە دەمێنێتەوە، لە بارەی دامەزراندنی سوعاد فەهیم بەگ قائیمقامی هەولێر، یاخود ئەوی تر، خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، لە ٣٠ حوزەیران ١٣٣٣.
بە ناوی نازر</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>ML.EEM</td><td>01198.00009</td><td>رەبیعی یەکەم 1335 (کانوونی یەکەم ۱۹۱٦)</td></tr>
<tr><td colspan="3">دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی ژمێریاری
۹۲۱۳ گشتی
٤۹۷ تایبەتی
بۆ جەنابی پەیەبەرزی نەزارەتی دارایی
بۆ جەنابی دەوڵەت
بە ووتەی بەرێوەبەرایەتی موڵك، ئەم فەرمانە وەڵامی ئەم داواکاریەیە، کە لە مێژووی ۷ حوزەیران ۱۳۳۲ ژمارە ۳۳/۱٤۱ نێردراوە. ساڵی ۱۳۲۵ لەسەر رسوماتی ئیلتیزامی بەلەموچکەی رووباری زاب، لە بەرامبەر ئەم قەرزەی موختار ئاغا کوری سەلیم هەیەتی، سەنەدی زەوییە کشتوکاڵیەکەی کە لە هەولێرە داوەتە حکوومەت، واتە وەکو شوێنگرەوە (بدل) پێشکەشی کردووە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە رەبیعی یەکەم ۱۳۳۵ لە ۱۸ کانوونی یەکەم ۱۳۳۲
دەفتەرداری موسڵ</td></tr>
</table>


موصل املاك اميريه ادارهسی
عدد عمومی ٨٩٨٥ خصوصی ٤٧٩
ماليه نظارت جليلهسنه
OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
1219 | 15 | 1


ML.EEM	01219.00015	27 سەفەر 1335 (٢٣ کانوونی یەکەم ١٩١٦)

فەرمانگەی مولکەکانی میری موسڵ
ژمارە ٨٩٨٥ گشتی
٤٧٩ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
بۆ جەنابی دەوڵەت
لە ساڵی ١٣٢٩ لە کارگێری گشتی قەرزی موسڵ حەواڵە کراوە، لەم ساڵە حاجی عەبدوڵڵا لە دە یەك (اعشار)ی هەولێر ١٠ هەزار قوروش قەرزاری حکوومەتە، بەرامبەر بە قەرزەکەی، لەلایەن خەزینەوە دەست بەسەر پارەوپولی نەگوازراوەی داگیراوە، لە سەنەداتی خاقانی کە ٣٧ پارچەیە، لە مێژووی ٣٠ حوزەیران ١٣٣١ ژمارە ٢٣٧/١٤٧ پێشکەشی سەروو کراوە، ئەمجارە ناوبراو ١٠ هەزار قوروش و خەرجی واز هێنانی بەیەکەوە رادەستی حکوومەت کردووە، لە مێژووی ٥ مارت ١٣٣٢ بە هاوپێچی سەروو ئاگاداری نێردراوە، بە پشت بەستن بە بریاری یاسای مێژووی ٢٨ شوبات ١٣٣١ ماددەی دووەم، رەتکراوەتەوە زەوییە دەستبەسەرکراوەکانی بدرێتەوە، بۆ رەتکردنەوەی مامەڵەکەش سەرەتا ٣٧ پارچە سەنەدەکە بگەڕێندرێتەوە ئێرە، ئینجا بەتاڵ بکرێتەوە و بدرێتەوە خاوەنەکەی، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ١٠ کانوونی یەکەم ١٣٣٢.
دەفتەرداری موسڵ/ بەڕێوەبەری مولکەکانی میری



OSMANLI ARŞİVİ
ML. EEM
1237 | 22 | 1

ML.EEM	01237.00022	2 رەجەب 1335 (٢٤ نیسان ١٩١٧)

دەفتەرداری موسڵ
قەڵەمی ژمێریاری
١٦٤١ گشتی
٩٤ تایبەتی
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە قەزای هەولێر، دوکانێك بە ناوی موهتەدی بەقالە، ئەم داوایەی لە نێوان خوێ و خەزینەدا هەیە، لە دادگای سەرەتایی هەولێر دوای دادگاییکردن ئەنجامەکەی دەرچووە، لە خەزینەش بریارەکە راگەیەندراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوای بە بریارەکە نییە، دووبارە چۆتە دادگای لیوا، کەچی لە لیواش بریارەکە پەسەند کراوە، هەروەها لە ماوەی یاساییدا، لەبەر ئەوەی لەلایەن بریکاری خەزینەی لیوا داوای پێداچوونەوەی داواکە نەکراوە، بۆیە داوای پێداچوونەوەکەش رەت کراوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە دووبارە دەست پێکردنەوەی پەسەند کراوە، بۆ دوکانی ناوهاتوو بۆ رووخان و تێکەڵکردنی بە رێگاوبان، لەلایەن دەستەوە بە شوێنگرەوە کاری بۆ کراوە، حەواڵنامە نێردراوە لە ژمێریاری کەرکوك نووسراو وەرگیراو و راگەیەندراوە، هەروەها ئەم داوایانەی پەیوەندی بە خەزینەوە هەیە، بە ووریای و لە کاتی خۆیدا چاودێری ناکرێت، بەم شێوەیە خەزینە لە رووی یاساییەوە مافی خۆی لەدەست دەدات، بەم دواییە دەرکەوتووە دوورخراوەتەوە، لەبارەی داوای بریکاری خەزینە چاودێریکردنی یاسایی جێبەجێ کراوە، بە گوێرەی یاسای کرین و فرۆشتن، لە جیاتی شوێنگرەوەی دوکانی ناوبراو کە دەروخێت و دەخرێتە سەر رێگا، لە سندوقی شارەوانی زیانەکەی وەردەگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە حەواڵەنامە نێردراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٤ نیسان ١٣٣٣
دەفتەرداری موسڵ




BEO	004478.335787	29 رەمەزان 1335 (١٩ تەمموز ١٩١٧)
٢٩ رەمەزان ١٣٣٥ ١٩ تەمموز ١٣٣٣ بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە مێژووی ١٥ تەمموز ١٣٣٣ ژمارە ٣٨٩، تایبەتە بە وەڵامی نووسراوی سەرووە: بۆ قائیمقامی قەزای وادی عەجەم، سوعاد فەهیم قائیمقامی قەزای هەولێر و بۆ قائیمقامیەتی قەزای هەولێریش، شەوکەت بەگ قائیمقامی قەزای عەزیزیە دادەمەزرێن، بۆ ئەم مەبەستە رەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پاشا فەرموویەتی، وێنەی پەسەند کراویشی بۆ سەروو بەرز کراوەتەوە.		




DH.I.UM	00002.00059	17 زیلحیجە 1336 (٢٣ ئەیلوول ١٩١٨)

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بە گوێرەی بارودۆخەکە ئەمڕۆ کەرکووك و دەوروبەری بۆتە ناوچەی جەنگ، دەبێ لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی سەربەست پارێزگاری لێ بکرێت، بۆ پارێزگاری کردن لە کەرکووك ئەم شتانەی کە نەگونجاون نابێ بگوازرێنەوە، هەروەها نابێ ئەم جموجوڵانە سەربەست بکرێت، کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە حکوومەت، جگە لەمە دەبێ حکومەت لەمە سەربەستتر کار بکات، ئەگەر پێویست بکات بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پارێزگاری لە جموجۆڵی سەربەستی خۆی بکات، مەرکەزی لیوای بگوازێتەوە هەولێر، ئەمەش بە قوماندانیەتی لەشکری شەشەم ووتراوە، دواتر کەرکووك یەك مەفرزەی تێدایە، لەوانەیە لە کاتی هەر ڕووداوێك کەرکووك بەجێ بهێڵێ، حکوومەت لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر بگوازرێتەوە، لەوێ کاروباری لیوا بەڕێوەببردرێت، قائیمقامی سەلاحیە و هەندێك فەرمانبەرانی دارایی حکوومەت و دەستەی فەرمانڕەواش لە هەولێر نیشتەجێ بن و کاری حکوومەت جێبەجێ بکەن، هەرچی زووە داوای هاوکاری بکرێت، ١٥ ئەیلوول ١٣٣٤.
مەمدوح والی موسڵ



OSMANLI ARŞİVİ
DH.SN.THR
80 | 92 | 1

<table>
<tr><td>DH.SN.THR</td><td>00080.00092</td><td>23 شەوال 1336 (١ ئۆغستۆس ١٩١٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ
قەڵەمی تۆمار
١٣٤ تایبەت
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی جەلیلە
لەبەر مردنی فەرمانبەرەوە، مۆری فەرمی ناسنامەی فەرمانبەرێتی هەولێر وون بووە، بۆیە لە موتەسەرفیەتی کەرکووك نووسراوە، لەبەر دواکەوتنی مامەڵەکان، هەر ئێستا لە خۆچێیی مۆرێك دروست بکرێت، لە کارگێری گشتی مۆری فەرمی جێبەجێ بکرێت و بنێردرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات.
لە ٢٣ شەوال ١٣٣٦ و لە ١ ئۆغستۆس ١٣٣٤
والی موسڵ</td></tr>
</table>


موصل ولايتنه
١٢٣
ج ١٥ شفره لواء مركزی اربيله نقلی موافقدر عليه
نظارتنه ده يازلدی ١٨ ايلول ١٣٣٤
ناظر
اسماعيل

OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR
91 | 184

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00091.00184</td><td>12 زیلحیجە 1336 (١٨ ئەیلوول ١٩١٨)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ ویلایەتی موسڵ
١٢٣
شیفرەی ١٥، گواستنەوەی لیوای مەرکەز بۆ هەولێر گونجاوە، بۆ نەزارەتی دادوەریش نووسراو کراوە، لە ١٨ ئەیلوول ١٣٣٤.
نازر ئیسماعیل</td></tr>
</table>


mvxl 1108 5 grvb 35 rr

= dahlye nttartne = j nvmrv drt 4829 4543 4255 4526 3661 3818 4 hzyran 34 de

5608 9503 3868 8816 3908 3908 7869 aytmc aydy 4589 3749 7573 9282 4583 olvb


9651 3769 4668 3779 3769 3897 tkdym 3569 4471 3759 3529 1218 ayldyqnq 9555


3828 8875 3809 4451 4509 arbyl kaimmkamlgy afadesyle marvzdr


= 7/6 mvxl valysy mmdvh +

DH. SFR 586/99

DH.ŞFR	00586.00099	27 شەعبان 1336 (٧ حوزەیران ١٩١٨)
لە ٤ حوزەیران ١٣٣٤ مەجدولسەڵتەنەت لە ڕێگای هەولێرەوە بۆ رومیە جولەی کردووە، ئەمەش راگەیەندراوی قائیمقامی هەولێرە، لە ٧ حوزەیران ١٣٣٤. مەمدوح والی موسڵ		









DH.ŞFR	00595.00121	9 زیلحیجە 1336 (١٥ ئەیلوول ١٩١٨)

ژمارە چوار، چواردەوری هەولێر بۆتە شوێنی جەنگ، لە رووی دەوڵەت پێویستە پارێزگاری لە هەموو جۆرە جموجوڵێکی سەربەست بکرێت، بۆ پاراستنی کەرکووك هەر شتێکی نەگونجاو بدۆزرێتەوە و هەست بە هەر جموجوڵێکی نەشیاو بکرێت بە پەلە کۆتایی پێ بهێنرێت، ئەگەر پێویست بکات حکومەت جموجوڵی سەربەست ئەنجام بدات، یاخود رێگە بدرێت و پارێزگاری لە جموجوڵی سەربەستی هێزی سەربازی بکرێت، بۆ ئەوەی هێزی سەربازی سەربەستانە کاری خۆی بکات، مەرکەزی لیوا بگوازرێتەوە هەولێر، بۆ ئەمەش قوماندانیەتی لەشکری شەشەم ئاگادار کراوەتەوە، لە داهاتوو مەفرەزەیەك کەرکووك بەجێ بهێڵێت، بەمەش حکومەت بگوازرێتەوە هەولێر، لەوێ کاروباری لیواکە بەرێوەببردرێت، لەگەڵ قائیمقامی سەلاحیە، یەك والی و فەرمانبەری مولکیە و دارایی لە کەرکووك نیشتەجێ بکرێن و دەستەی دادوەریش لە هەولێر کارەکانی خۆی بکات، ئەم فەرمانە بە پەلە رابگەیەندرێت و هاوکاری بکرێن، لە ١٥ ئەیلوول ١٣٣٤.
مەمدوح والی موسڵ




6 زیلحیجە 1336 (١٢ ئەیلوول ١٩١٨)	03151.00049	ŞD

بۆ بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران/ لە ٢١ زیلقەعدە ١٣٣٦
٧٠١
ئـەم سـکاڵایانەی لەسـەر داواکـراو عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی موفتـی پێشـووی قـەزای هەولێـر تۆمـار کـراوە، لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـراوە، کاغەزەکانـی لێکۆڵینـەوە لـە بنکـەی قـازی ویلایەتـی موسـڵ بـە مێـژووی ٣٠ تشرینـی دووەم ١٣٣١ ژمـارە ٣٧ هاتـووە، لەگـەڵ ژمارەیـەك داواکاری، کـە ناوبـراو چەندیـن زەوی داگیـر کـردووە، لـەم بارەیـەوە گەواهیـدەر زۆرە و بـۆ شـاهێدی دان ئامادەن، کەچی لەلایـەن ناوبراوەوە دەمکوت کـراون، خۆشـی بـۆ موفتیایەتـی هەڵبژێردرا و دامـەزرا، هەروەهـا لەلایـەن خۆیـەوە بـە گشـتی ئاشـتەوایی ئەمنیەتـی نەمـاوە، بۆیـە ناوبـراو هێشـتنەوەی لـە موفتیایەتـی گونجـاو نییـە، لـە پایـەی شـێخایەتی نـووسراو لـە مێـژووی ٤ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٣٤ دەرچـووە و ئاماژەی کراوە، کـە لە کارەکـەی دوورخراوەتەوە، لە شـوێن ئەویـش بـە مێـژووی ٢٩ جەمـادی یەکـەم ١٣٣٤ بـە هەڵبژاردن مـودەرس محەمەد ئەفەنـدی دامـەزراوە، ئەم لێکۆڵینەوانـەی کـراوە، بـە دادگا دەردەکەوێـت، بـە گوێـرەی ئـەم حاڵەتـە بـە جێبەجـێ کردنـی ئـەم مامەڵـە، هاوپێـچ لەگـەڵ داواکاری، نـووسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ بـە مێـژووی ٢٣ تشرینـی دووەم ١٣٣٣ ژمـارە ٨٠ نـووسراوە، وەڵام لـە پایـەی شـێخایەتی هاتـووە، لـە ویلایەتـی ناوبـراو نـووسراو لـە ٥ کانوونـی دووەم ژمارە ١ لـە بابەتەکـە هیـچ وردبینـی نەکـراوە، لەسـەر ئەمـەش لـە بەرپرسیارێتی ناوبـراو هیـچ حاڵەتێك نەبینـراوە، لـە مێژووی ١ تشرینـی یەکـەم ١٣٣٣ لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری قەدەغەکـراوە دادگایی بکرێت، لەسـەر ئەم ئاماژەپێکردنـە، لـە ئەنجوومەنـی هەڵبژاردنـی فەرمانبەرانـی سـەروو بـە مێژووی ٢٧ تەممـوز ١٣٣٤ ژمـارە ٩ بـە یاسـا بـەردەوام بوونـی لـە ئەرکەکـەی بـە گونجـاو زانـراوە، کەچـی بـە دەنگـدان لـە پلـەی شـێخایەتی بەهـۆی بەجـێ هێشـتنی کارەکـەی گەرانـەوەی گونجـاو نەبینراوە، لەسـەر سـەردانە بەردەوامەکـەی تکایەکانی گونجـاو نییـە، لـە نـاو ویلایەتـی ناوهاتـوو بـە پێشـنیار موفتیایەتـی قـەزای زاخـۆ و قـەزای هەولێـری پـێ دراوە، بـەڵام قەبوڵـی نەکـردووە، سـەبارەت بـە گەڕانـەوەی لـە پلـەی سـەدارەتپەناهی فەرمـان دراوە، بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە ٦ زیلحیجـە ١٣٣٦ و ٧ ئەیلـوول ١٣٣٤.


باب عالی
صدارت عظمی
آمدی دیوان همایون
٥٣
DUIT 60/102


<table>
<tr><th>I.DUIT</th><th>00060.000102</th><th>12 ڕەبیعی یەکەم 1337 (١٦ کانوونی یەکەم ١٩١٨)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی
سەدارەتی پایەبەرز
٥٣
فەرمانی پاشا
سەید محەمەد ئاغازادە سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی لە ئەشرافەکانی هەولێر و سەیدەکانی ئەحمەدییە، لە جەنگدا بە پارە و بە جەستە هەوڵ و کۆششی داوە، بۆیە پلەکەی بۆ میری میران بەرز بۆتوە.


بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا، سەدارەت سەرپشکە، لە ١٢ ڕەبیعی یەکەم ١٣٣٧ لە ١٥ کانوونی دووەم ١٣٣٥.
سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



MV	00260.00003	29 رەبیعی کۆتایی 1337 (۱ شوبات ۱۹۱۹)


فەرمانی پاشا
رەبیعی یەکەم ۱۳۳۷
کانوونی دووەم ۱۳۳۵
لە ئەشرافەکانی هەولێر و سەیدەکانی ئەحمەدییە، سەید محەمەد ئاغا زادە سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، جگە لە هاوکارییە پێشووەکانی، بەهۆی ئەم جەنگانەی کە بە پارە و بە جەستە بەشداری تێدا کردووە، پلەکەی بۆ میری میران بەرز بۆتەوە.
بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە پاشاییە، سەدارەت بەرپرسە.
سەدری ئەعزەم






DH.ŞFR	00599.00113	12 موحەررەم 1337 (١٨ تشرینی یەکەم ١٩١٨)

لە ١٨ تشرینی یەکەم ١٣٣٤ داقوقیان داگیرکردووە و نزیکەی ٢٠ سوارەی بلۆك لەناو چوونە، یەکێك لە ژاندارمەکان بەدیل گیراوە و دووانیان لەگەڵ ژاندارمە هاتوونەتە کەرکوك، ٦ کەس لە تەیارەکان هێرشیان کردۆتە سەر کەرکوك، ئەم بۆمبانەی کە هاوێشتوویانە، بەهۆیەوە ١٠ کەس لە سەربازەکانمان بریندار بووە، ئەمرۆ بەشێك لەمانە نێردراونەتە هەولێر، ئەمەش بە نوری بەگ موتەسەرفی کەرکووك راگەیەندراوە.
مەمدوح والی موسڵ



DH.ŞFR	00635.00055	26 رەمەزان 1337 (٢٥ حوزەیران ١٩١٩)
سەرۆك هۆزەكانی هەولێر دڵسۆزی خۆیان دووپاتكردەوە، هاتمە مەركەزی ویلایەت، لە ٢٥ حوزەیران ١٣٣٥.		




BEO	004546.340949	21 سەفەر 1337 (٢٦ تشرینی دووەم ١٩١٨)

شورای دەوڵەت
مولکیە و مەعاریف
ژمارە ٣٦٧١١
٥١٦

موفتی پێشووی هەولێر عەبدوڵڵا فازڵ بەسەرپێچی کردن لە یاسا دوورخراوەتەوە، بۆیە داوای کردووە دووبارە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، داواکاری ناوبراو حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، ئەم داواکاریە لەگەڵ هاوپێچ، لە فەرمانگەی مولکیەی مەعاریف خوێندرایەوە.

ئەم داواکاریەی لە بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران نووسراوەتەوە، پەراوێزەکەشی لە مێژووی ٧ ئەیلوول ١٣٣٤ نووسراوەتەوە، ناوبراو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، زەوی و زاری خەڵکی زەوت کردووە، لەم بارەیەوە خەڵکێکی زۆر گەواهیدەری و شاهیدی ئەوەن، لە کۆتاییدا بە لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردنەکەدا دەرکەوتووە، بەم ڕەفتارە سەروو لەکەدار دەکات، بە گشتی ئەمنیەتی تێکداوە، ئەم نووسراوانەی کە لە ویلایەتی موسڵ لە مەرکەزی قازیەتی وەرگیراوە، ڕاگەیەندراوە مانەوەی ناوبراو لە شوێنەکەی خۆی گونجاو نییە و ئاماژەی پێکردووە لە شێخایەتی و موفتیەتی دوور خراوەتەوە، هەروەها لە شوێن ئەم بە هەڵبژاردن و زۆرینەی دەنگ مودەرس محەمەد ئەفەندی دامەزراوە، بە تۆمار دیاری کراوە، سەبارەت بە مانەوەی نووسراو لە ویلایەتی ناوبراو وەرگیراوە، لەم بابەتانە هیچ کەسێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ نەکراوە و بە بەرپرسیاریەتی ناوبراو هیچ شتێکی نەبینراوە، بۆیە لە مێژووی ١ تشرینی یەکەم ١٣٣٣ لە کارگێری ئەنجوومەنی کەرکووك بڕیار درا دادگایی کردنەکەی قەدەغە بکرێت، جگە لەمەش لە هەڵبژاردنی فەرمانبەراندا بۆ وەرگرتنەوەی ئەرکەکەی، لە شێخایەتی بڕیاری لەسەر دراوە. بەم شێوەیە عەبدوڵڵا ئەفەندی بە بڕیار دووبارە ئەرکەکەی وەردەگرێتەوە، لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەی کە ئەنجام دراوە، ڕوون نییە و ڕەزامەندی لەسەر دوورخستنەوەشی نادرێت، ئەمەش کرا بە نووسراو، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردکات.


٢١ سەفەر ١٣٣٧ و ٢٦ تشرینی دووەم ١٣٣٤


صدارت عظمی مکتوبی قلمی

OSMANLI ARŞİVİ
BEO
4585 343867

BEO	004585.343867	9 زیلقەعدە 1337 (٦ ئۆغستۆس ١٩١٩)

٩ زیلقەعدە ١٣٣٧
٧ ئۆغستۆس ١٣٣٥
بۆ نەزارەتی ناوەخۆی پایەبەرز
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٤ ئۆغستۆس ١٣٣٥ ژمارە ١٣١٠، بە هۆی دەست لە کارکێشانەوەی فەرەیدون بەگ قائیمقامی بیرەجیك، بۆ شوینی ناوبراو مونیر قائیمقامی هەولێر، بۆ قائیمقامی حەرانیش مەسعود بەگ قائیمقامی پێشووی بیرەجیك دادەمەزرێن، مۆڵەت دراوە و وێنەیەکی پەسەند کراوی فەرمانی پاشا بۆ سەروو نێردراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.



DH.SN.THR	00087.00028	16 موحەررەم 1339 (٣٠ ئەیلوول ١٩٢٠)

بۆ قائیمقامیەتی قەزای سومە
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٣٠ ئەیلوول ١٣٣٦ ژمارە ١٥٢/٢٦١، عەبدوڵڵا کوڕی بەگ لە قەزای هەولێر سەر بە ویلایەتی موسڵ نیشتەجێ بووە، بەڵام ناسنامەی عوسمانی وون کردووە، بۆیە داوای کردۆتەوە، مستەفا کوڕی مستەفا لە قەزای جەرمیك لەگەڵ ناوبراو، بە گوێرەی کات نەتوانراوە واز لە ڕەچەڵەکی خۆی بهێنێت، ئەمڕۆ ئەم گەڕەکانەی تێدا نشتەجێن، بە گوێرەی زانیاری و هەواڵ، وەرگرتنی تۆماری عوسمانیەکانی زۆر پێویستە، دوو پارچە مامەڵەی داواکاری بە هاوپێچەوە دووبارە نێردراوەتەوە.